ج: گوش‌ها و چشم‌های عالم به شهادت کتب مختلفه همواره گـواه بـر هـزاران هزار کرامت بوده‌اند که از اولیای حق ظاهر شده است علیرغم تمامی این دلایل اگر باز هم کسی یافت شود که به مانند انکار خدا و قیامت و برزخ کرامت را نیز انکار کند هیچ جوابی جز خاموشی نمیتوان و نبایست به او داد.

«کلام آخر»

با توجه به محدودیت زمانی از نگرش به سایر ابعاد اعتقادی مولوی و تجزیه

و تحلیل آنها و توجه و غَور در جزئیات و نِکات بدیع نهفته در آن خودداری کرده و بحث خود را به پایان می‌برم و امیدوارم که همهٔ ما از کم و کیف عقاید گرانمایه و حقایق نهفته در کلام این شاگرد آراسته و وارسته مکتب و شریعت و طریقت و حقیقت محمدی ﷺ بهرهٔ کافی و نتیجهٔ وافی گرفته باشیم.

برگزاری این کنگره امری بس خطیر و سنگین بود که تقدیر از برگزار کنندگان و هیئت محترم اجرایی آن را از توان زبان و قلم خارج میسازد از طرف دیگر برگزاری آن در شهرستان سقز علیرغم وجود مناطق و شهرهایی چون پاوه و روانسر و مریوان و سنندج و ... که مسقط الراس و اقامتگاه اصلی مولوی و تجلی افکار و اندیشه‌ها و شعور شعری او در طول عمر پربارش بوده‌اند افتخار عظیمی بود که نصیب این دیار شد «تقدیر از مسبّبان آن را سزاوار است.» در خاتمه از خداوند می‌خواهم به فضل و رحمت بیکران خود و به شفاعت نبی عدنان ﷺ و دعای خیر اولیا و فرشتگان مسببان این امر خیر را در جوار لطف و کرم خویش قرار دهد. و این کنگره مقدمه‌ای باشد بر شناخت دیگر مشاهیر علم و ادب و عرفان این مملکت اسلامی. جهت شادی روح حضرت سید عبدالرّحیم مولوی تاوه گوزی کُرد الفاتحه.

پانزدهم خرداد ماه ۱۳۷۱ هجری شمسی

« تحلیلی دربارهٔ اعتقادات و اندیشه‌های کلامی مولوی »

حاج ملا حسن ادیبی

الحمد لله ربّ العالمین و الصلوة و السّلام علی سیّدنا محمد و علی آله و اصحابه الطیبین الطاّهرین اجمعین.

ضمن قدردانی از مساعی ستاد محترم برگزاری کنگره. بهمه مدعوین ارجمند به خصوص استادان و دانشمندان عالیقدری که از دور رنج سفر را به خود هموار و مشعل پرفروغ این محفل معنوی و روحانی و علمی گردیده‌اند مراتب خیرمقدم را به یاد مولوی بشعری از خود مولوی می‌گویم:

مەنزڵگەی دیدەم ئاوپاشی‌یکەردەن　　چەشمئەنداز بەرز، بێ‌تۆزو گەردەن

محور عرض بنده امروز تحلیلی است از مولوی در دو اصلِ اصیلِ اصولی. اول عینیت صفات و یا زیادت آنها نسبت به ذاتِ واجب‌الوجود. دوّم استحسان و استقباح شرعی و یا عقلی که قریب یازده قرن است معرکه بین محققین متکلمین اسلامی از تسنن و تشیع و اعتزال بوده و هست. که بعد از ترسیم خط ذوقی مولوی و تحلیل اجمالی مطالب ضروری آن به توجیه آن دو اصل می‌پردازد.

اعتقادات و اندیشه‌های کلامی مولوی به‌خصوص در الهیات و اثبات مبدإ و

توحید بر دو نوع است. یکی اندیشهِ مماشاتی با محققین متکلمین که توجه از اثر بسوی مؤثر است. و آن را با معیار منطقی استدلال «انّی» می‌نامند. دیگری که خود به آن مؤمن و معتقد بوده و رمز و راز خلقت را می‌داند «ولیعبدون» را قالب «لیعرفون» می‌شمارد و از این طریق لکّه تعارض کلام اعجازی و قدسی خدا را در حکمتِ سرشت برطرف می‌نماید بینش عرفانی و اوج از حجاب ظاهری و ناسوتی بسوی شهود غیبی و معنوی و بعد توجه از عالم مشاهده و امر به سوی عالم خلق که این نوع توجه را با منطقِ منطقی برهان (لمّی) می‌نامند. اینجا است که در قسمت فارسی از عقیده مرضیه می‌فرماید:

میان اهل دل ای دلِ خود آرا　　خودآرا دان تو مدلول خدا را
پس آنگه گو خدای گر نبودی　　بشو پس شد بماکی رخ نمودی

حال کدام دل و کدام اهل دل معشوق مولوی بوده؟! آری آن دل همان دلی است که گوهر خارج از صدف کون و مکان را در خود جا داده و می‌دهد و آن دل همان دلی است که عرش خدا و محیط بر نظام هستی و تک‌تک موجودات محتوای نظام را در نوع خود أبدع مایمکن می‌داند و می‌گوید که خطا بر قلم صنع نرفته و نخواهد رفت و این اهل همان اهلی است که سعدی می‌گوید:

رسد آدمی به جایی که به جز خدا نبیند
بنگر که تا چه حد است مقام آدمیت

آری، این اهل همان اهلی است که گوید:

کعبه هر چندی که خانه برِّ او است　　خلقت من نیز خانه سِّر او است
تا بکرد آن خانه را در وی نرفت　　وان در این خانه بجز آن حَیّ نرفت
کعبه را یکبار بیتی گفت یار　　گفت یا عبدی مرا هفتاد بار

خلاصه آن قوم همان قومی است که سیدقطب که جان داد و جان را به اسلام راستین داد، در تفسیر فسوف یأتی الله بقوم یُحِبهم و یحبونهُ در سوره مائده می‌فرماید: حب خدا نسبت به این قوم و حب متبادل قوم لامتناهی، و در حد تعبیر متناهی نبوده و نخواهد بود. و این یک باب ذوقی و عرفانی است که بعضی از اربابِ راستین متصوفه بدان مقام اوج نموده‌اند و اضافه می‌کند که در تلاوت کلام‌الله مجید هر بار به این آیه کریمه می‌رسیم ابیاتِ حضرت رابعه عدوی را که خود یکی از ارباب صادق آن ذوق بوده در نظرم خودنمایی می‌کند که گفته:

ولیتك تحلُوا و الحیواةُ مریرةٌ ولیتك ترضٰی والانٰامُ غضاب
ولیت اللّذی بینی و بینك عامرٌ بینی و بین العالَمین خراب
اِذٰا صَحَّ مِنك الوُدُّ فالْکُلّ هَینِ و کلُّ ما فی‌التُّرابِ تراب

فامّا نظر مولوی نسبت به اصل اول (یعنی ذات و صفات) هم‌صدا با مرحوم علامه شیخ عبدالقادر مهاجر کردستانی شارح تهذیب‌الکلام تفتازانی و علامه جلال‌الدّین محلّی شارح جمع‌الجوامع سبکی برخلاف نظر همه محققین کلامی از هر سه فرقه اسلامی در شرح تجوید طوسی و شرح مواقف به شرح مقاصد و حواشی آنان یک نظر تحلیلی تقریبی است بین مذاهب ثلاثه تسنن و تشیع و اعتزال که بدین طریق معرکه یازده قرنی را بحث لفظی و مآل را یکی می‌دانند و می‌گویند که هر یک از محققین فوق‌التوصیف بدور از شائبه استرواح و غیره به عمق مقصود دیگری توجه می‌کرد بحثی جز طلب تحریر مُراد پیش نمی‌آمد. اینجا است که در قسمت کُردی عقیدةالمرضیه می‌گوید:

ئەو کەس وا قەولی هەس بە زیادە لە سیفات، خەواس دەکا ئیرادە
خاسە وەسفی عیلم دانستەن شعور خاسە ئیرادە قەسدێکی مەشهور
بۆ وەسفی قودرەت خاسە ئامادە تەئسیری عەلا وێفقی ئیرادە

چ حاجەت قەڵەم تووڵی پێ بدات — فقس علیها سائر الصفات
ئەو کەس کە دەڵێ سیفات عەینییە — قەسدی بە سیفات پێ موبادییە
لکن کام مەعنای لێ دەکا تەما — قُل هذا المعنی و هو انّما
مع تلك الصفات یصدُر عن الذات — یصدُر عنه بدون الصفات
انّ المال واحدٌ فی الکلّ — والله اعلم بالدِقّ وَ الجلّ

و اما نظر مولوی در اصل استحسان و استقباح شرعی و یا عقلی همصدا با همه محققین اشاعره جهة محسنه و مقبحه را در حد امکان بعنوان حکمت تشریعی و احکام الهی قبول دارند. نه بعنوان مثبت حکم عندالله. زیرا اثبات و الزام حق را عین ناحق دانسته و شناخت احکام فقهی را توقیفی و بحق موکول به ورود شرع و وحی و بعثت می‌دانند. اینجا است که در قسمت فارسی از عقیدةالمرضیه می‌فرماید:

جهان جز بهر او محکوم کس نیست
جز او حاکم کجا، کس چیست کس کیست
خدائی و حکم بروی کذب مطلق
وجوب و فرض بر حق عین ناحق
کرا آن وسعت علم فسیح است
که گوید آن حُسن و آن یک قبیح است
اگر مدح و ثواب است او است داند
وگر ذَمّ و عِقاب است او است داند
اگر داده ثوابت، فضل او را است
وگر کرده عِقابت، عدل او را است

در اینجا ضروری است تحلیلی بیشتر و متناسب با زمان نیز از سیدقطب

بشنویم. سید در کتاب تصورات‌الاسلام و مقوّماته در رد نظر شیخ محمد عبده می‌گوید: قال رحمةالله فی رساله التوحید. فالوحی بالرسالة الالهیة اثر من اثارالله. والعقل الانسانی اثر ایضا من اثارالله فی‌الوجود. و اثارالله یجب ان ینسجم بعضها مع بعض و لایعارض بعضها بعضاً و هذا صحیح فی عمومه. و لکن یبقی ان الوحیّ والعقل لیساندّین فاحدهما اکبر من الآخر واشمل واحدهما جاء لیکون هوالاصل الذی یرجع الیه الآخر. والمیزان الّذی یختبر الآخر عنده مقرراته و مفهوماته و تصوراته و یصحح به اختلالاته و انحرافاته فبینهما و لاشک توافق و انسجام ولکن علیٰ هذا الاساس لاعلی اساس انهما ندان متعادلان و کفو احدهما تماماً للآخر فضلا علی ان العقل المبرء من النقص و الهوی لا وجود له فی دنیا الواقع و انما هو مثال. و اطلاق کلمة العقل مبدء الخطر.

سید در تفسیر چهارمین مرحله تحریم نهایی خمر و میسر و غیره در سوره مائده می‌فرماید:

و لانرید ان ندخل بهذه المناسبة فی الجدل الذّی اثاره المعتزله حول الحکم بانّ الخمر رجمس هل هو ناشی عن امر الشارع سبحانه بِتحریمها ام انه ناشی عن صفة ملازمة للخمر فی ذاتها و هل المحرّمات محرّمات لصفة ملازمة لها. ام ان هذه الصفة تلزمها مِن التحریم. فهو جدل عقیم فی نظرنا و غریب علیٰ الحس الاسلامی. والله حین یحرّم شیئا یعلم. سبحانه لم حرمة سوء ذکر سبب التحریم او لم یذکر. و سواءٍ کان التحریم لصفة ثابتة فی المحرّم او لعلة تتعلق بمن یتناوله من ناحیة ذاته او من ناحیة مصلحة الجماعة فالله سبحانه هو الذّی یعلم الامر کله والطاعه لأمره واجبة والجدل بعد ذالک لایمثل حاجة واقعیة و الواقعیته هی طابع هذا المنهج الرّبانی و لا یقولن احد. اذا کان التحریم لصفة ثابته فی الحرّم فکیف ابیح اذاً قبل تحریمه فلابدان لله سبحانه. حکمة فی ترکه فترة بلا تحریم و مردالامر کلّه الی الله و هذا مقتضی الوهیّته سبحانه. و استحسان الانسان او

استقباحه لیس هو الحکم فی الأمر و ما یرا. علة قد لایکون هو العلة و الأدب مع‌الله یقتضی تلقی احکامه بالقبول والتنفیذ. سواء عرفت حکمتها او علتها ام ظلت خافیته. والله یعلم و انتم لاتعلمون ان العمل بشریعة الله یحب ان یقوم ابتداء علی العبودیة.

علی الطاعة لله اظهاراً للعبودیة له سبحانه فهذا هو الاسلام. بمعنی الاستسلام و بعد الطاعة یجوز للعقل البشری ان یتلمس حکمةالله بقدر مایستطیع. فیما امرالله به او نهی عند. سواء بین الله حکمته ام لم یبینها. و سواء ادرکها العقل البشری ام لم یدرکها. فالحکم فی استحسان شریعة الله فی امر من‌الامور لیس هو الانسان. انما الحکم هو الله. فاذا امر الله او نهی فقد انتهی الجدل و لزم الأمر او النّهی. فأمّا اذا ترک الحکم للعقل البشری فمعنی ذلک ان الناس هو المرجع الاخیر فی شرع الله. فاین مکان الالوهیة حقیة اذن و این مکان العبودیة.

حضار محترم با عنایت به تحلیل معروض تصدیق می‌فرمایند که تهمت شرک در اصل اول و تحجّر در اصل دوم شیخ ابی‌الحسن اشعری واقعاً بی‌مورد و ناشی از استرواح در تعقل عمیق کلام شیخ است و بس.

والسلام علیکم و رحمة الله و برکاته و آخر اعوانا ان الحمدلله رب العالمین.

در پایان بنام یك روحانی ایرانی اسلامی از مقام معظم رهبری حضرت آیةالله خامنه‌ای مدظله‌العالی استدعا دارد که مقرر فرمایند شورای مجتهدین از همه کشورهای اسلامی تشکیل بشود و تقریب مذاهب را جایگزین تفرقهٔ وارداتی مذلت‌بار بنمایند که در پرتو توحید و وحدة کلمه بتوان با عرضهٔ تمدن پرمحتوای اسلامی جهان بشریت را از این شرارت شیطانی و درندگی در عنوان زیبا و فریبای فتوحات فرهنگی و صنعتی رهایی بخشند و خود پرچمدار اشراقات و ثمرات علمی امروز شده و مجد و عظمت تاریخی مسلمین راستین را بازیابند.

۷۱/۴/۲۰

مەولەوی

علی اردلان

بەحری عیلموو عارفی شیرین زبانە مەولەوی
ڕێنمونی ڕێ ژیانو خۆشبەیانە مەولەوی
بولبولی عەشقی دەروونی هەرچریکەو نالەیە
ڕێبەری ڕێبازی بەزمی عارفانە مەولەوی
بۆ دڵی سوتاوو ناسۆری برینی عاشقان
مەڵهەمی زامی دڵو ئاوی ڕەوانە مەولەوی
بۆ ئەوانەی سەر لە ڕێگەی ئەم ژیان دائەنێن
ڕۆشنی شەمعی دڵەو ڕێگەی ژیانە مەولەوی
سەد هەزارانی وەکوو من خاکی بەر پێی شێعرەکەی
تاجی ڕازاوەی جوانی شاعیرانە مەولەوی
کوردەواری جێی هەزاران عالمی ڕازاوەیە
باشترین زاناو ئەدیبی نێو ئەوانە مەولەوی
زەحمەتی کێشا لە ڕێگەی نیشتمانی جوانی خۆی
چاوەڕێ بەرزی ولاتوو نیشتمانە مەولەوی
شێعرەکانی هۆی ئومێدە بۆ دڵی ناسک خەیاڵ
کاریە بۆ هەرکەسێ تێغی دەبانە مەولەوی

ڕۆژو شەو بۆ هۆزەکەی ڕەنجی ئەکێشا تا ژیا
گەرچی ئارامی نەبوو ئارامی گیانە مەولەوی
هەڵمەتی داو ڕۆژو شەو بەرزی گەلی هێنایە چاو
بۆ شەقامی ناوی کورد شێری ژیانە مەولەوی
شاخوو هەردی جێی ژیانی شاهێدی ڕەنجی ئەوە
تاقە شاهۆی چاوە دێری شاخەکانە مەولەوی
عێلمی عێرفانو و حەدیثە پێش کەشی ئێمەی ئەکا
هەر ولاّمێکی نیشانەی ڕەنجی گیانە مەولەوی
یادی ئەو شیرینە دائیم لای دڵی خاوەن دەلیل
صاحێبی سەدها دەلیلی دوو جیهانە مەولەوی
ئەی (لەکوڵ) ڕێی بەرنەدەی تاکوو لە دنیا دائەژی
چون ڕفێقی یەکدڵی ڕێگەی نەمانە مەولەوی

سقز ـ «لەکوڵ»

کەرەسەی کەلەپوری وە دابونەرێتی کوردی لە شێعری مەولەوی‌دا

محەممەد رەشیدی نەمینی «سمکو»

جێگای بڕوای هەمو زانایەکی کوردە کە مامۆستا سید عبدالرحیمی تاوەگۆزی ناسراو بە مەولەوی یەکێ لە شاعیران وە ئەدیبانی پایێ بەرزوە بێ هاوتایێ کە ئالو گوڕێکی تایبەتی لە شێعری کوردیدا بەدی هێناوە وە لە ئەو پەڕی نازک خەیالی‌دا وەها ڕچەو ڕێبازێکی داناوە کە نە تنها نوسەرو ئەدیبو زاناو هونەرمەند بەڵکو تەنانەت زۆربەی نەخوێندەوارانیش لە شێعری تەڕو پاراوی ئەو زاتە کەڵکیان وەر گرتوە:

هەر ئەوەێ کە دەبینین زۆربەی قاموسەکانی زمانی کوردی زۆرتر لە شێعرەکانی مامۆستای ناوبراو کەڵکیان وەر گرتووە وە بە سەرچاوەیەکی بە باوەڕ هەڵیان بژاردووە، وە یا سەرێ لە شەقامی تەسەوف وە عێرفان بدەین چێ دەبینین؟ بەڵێ، شێعرەکانی مامۆستای نەمر ئاوپژێنی کەری دڵی هەر ئەویندارێکی دڵ سوتاوی راستەقینەی ڕێبازی عیرفانین.

وە یان چاوێ بگێڕین بە نێوی وڵاتەکەمانا بە روناکی بۆمان دەر ئەکەوێ کە هەر هونەرمەند وە یان دەنگ خۆشێ بە تایبەت وێژەرانی فولکلۆری ئاوازی خۆیان بە شێعرکانی مامۆستا مەولەوی رازاندوەتەوە وە شادی هێنەری دڵی گەورەو بچوک وە پیرو لاوی کوردەواری بوون.

ئەوا ئێمەیش لێرەدا بەرەو پیری عێرفان دەچینو دەستەو داوێنی ئەبین هەتا کە

جیاواز له وانه‌ی که وتمان له قوڵێکی که‌وه خۆی به‌دەر خاو ناونیشانی دابونه‌ڕێت وه یان که‌ره‌سه‌و ئه‌سپابه جۆر به جۆره‌کانی که‌له‌پوریمان پێ بدا.

به‌شی یه‌که‌م «له‌گه‌ڵ کوچه‌ره‌کاندا»

پێش هه‌مو وه‌ک کوردێکی ره‌سه‌نی کۆچه‌ر ناونیشانی کۆچه‌ڵ کۆچو چێخو ده‌وارو سه‌رخێل‌و قافڵه‌و قه‌تاره‌مان پێ ئه‌دا وه هۆبه به هۆبه‌و دۆڵ بـه دۆڵ بـه شوێنی خۆیا ڕامان ئه‌کێشی و ده‌ڵێ:

سه‌نگێ بار هۆش، پـێش بـار فـامت ده‌وار شادی، چێخ ئارامت: ل ـ ۵۴۰

له‌کاتی خویا ده‌وار وه چێخ دو که‌ره‌سه‌ی زور پێویستی کوچه‌ره‌کان بوون له له هه‌ر شوێنك‌دائه‌وه‌زین جێگای ژیانی ڕۆژانه‌یان به ئاسانی لێ ساز ئه‌کرد، وه له بڕێ شوێنی‌که‌دا له باتی ده‌وار خیمه‌یش به‌کار هێناوه وه‌ک

پـــه‌ژاره‌ت شـــادیم جـــه بـــێغ ئـــاوه‌رده‌ن

دوریت ریشه‌ی دڵ خه‌یمه‌که‌ن که‌رده‌ن: ل ـ ۱۰۸

هه‌ر چه‌ند که وشه‌ی خه‌یمه عه‌ره‌بی‌یه به‌ڵام له نێو زمانی کوردیدا جێ‌ی خۆی کردوه‌ته‌وه وه ئه‌مڕۆ له زۆربه‌ی شوینه‌کانی کوردستانا به کار ده‌هێنرێ، که ئـه‌و ئه‌رکه‌ی به زمان ناسه‌کان ئه‌سپێرین، و، هه‌روه‌ها به سیاماڵ یـان ره‌ش‌ده‌واریش ناوی بردووه وه‌ک

هـــه‌وای ســـیاماڵ وێـــته‌ی جـــارانـــه‌ن

په‌ی سه‌مت زه‌هاو زه‌رده‌و یارانـه‌ن: ل‌ـ۳۰۷

وه له پێچو دوڵی هه‌وارانا هاوارێ له سه‌ر خێڵ ئه‌کاکه وریای خێڵ خانه‌کانی بێ سه‌رعێڵ عـه‌رزم هـه‌ن لایـێ کـه‌ره‌وه خێڵ خانه‌ی دڵان ها له‌و به‌ره‌وه: ل۴۱۷

لێرەدا دو وشەی سەرخێڵ یان «سەرعێل» وە خێڵخانە بە کار ئەبا کە هەردوکیان پێوەندییکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە، لە کاتی خۆیا هەر خێڵێ وە یان هۆزێ لە چەن ماڵ پێک ئەهات کە بە هەر ماڵێ ئەوترا خێڵخانە و، مرۆڤێ دەبو بە سەرپەرست وە چاودێری هەمویان کە پێی ئەوترا سەرخێڵ، جار بە جاریش خێڵ خانەێ لە بەر پشت گوێ خستنی یاسایێ دامەزراوی خۆیان ئەکەوتە بەر توڕەبۆنی سەرخێڵ وە لە شوێنێکەدا بە جێی دەهێڵان هەتا کە گەراونەتەوە

جەوورەکەی سەرئێڵ، خەم بێ شومارەن

خێڵ خانم بەر پێچ تا خێڵ ئەوخوارەن: ل ـ ۴۲۰

مامۆستا مەولەوی خەمی بێ حەساوی خۆی وەک جەوری سەرخێڵ پیشان ئەداکە لە پێچو دۆڵی هەوارانا لە بەر توڕەبۆنی چاودێریکەر بە جێیان هێشتووە، وە چاوەروانە هەتا کە سەرخێڵ یان «سەرئێڵ» هەڵ گەڕێتەوە وە لە تاوانەکەی خۆش بێو لەگەڵ خۆیا بیباتەوە هەتا کە دەنگی سەر قەتارەی کۆچەرەکان دێتە گوێیو خۆشحاڵیِ خۆی بەم لەونە دەر ئەبڕێ

نەوایێ کەژاوەی لەیلی نازانەن

سەرەتای تەڵمیت شیرین رازانەن:ـ ل ۴۱۶

کەژاوە وە تەڵمیت دوو کەرەسەی کۆنن وە لە سەر پشتی وڵاخ بۆ دانیشتن هەر کام بە جۆرێ ساز ئەکرێن کە پێویستیان بە لێکوڵینەوەی تایبەتی هەیە. ئەو جار مامۆستای نەمر بارو بنەی خۆی بەم لەونە ئەپێچێتەوە

وە بەند دوباڵ مەێنەت جگەر بۆ رازە تاتای جوڵانان یەکسەر

قەیاسەی قایش پۆسەکەیجەستەم حەڵقەی چەڵەمە پێشەی شکستەم: ل ـ ۵۰۱

لەم دو بەیتەدا باسی چەن کەرەسەی دیکەمان بۆ ئەکا وەک «بەند دو باڵ» کە ئەو

دو تاڵه بەنەێ پیکەوە با ئەدرێ بۆ دورینەوە وەیان «جولاڵنە» یا جواڵە وە یان هۆڕ ئەو کەرەسەیە کە ئەسپابی تێ ئەخرێ و بۆ جێبەجێ کردن لە سەر پشتی ولاخ کەڵکی لێ وەرئەگیرا «قەیاسە وە هەڵقەی چەڵەمە» بەو گوریسەی دەوترا کە چەڵەمەی چێوین وە یان هەڵقەێ ئاسنینی بە سەرەوەیە کە بۆ بەستنی بار کەڵکی لێ وەرئەگیرا.

بەشی دۆم زەماوند

با ئەوەیش بزانین کە مامۆستای نەمر ئەویندارێکی ڕاستەقینەی کە لە پوری کوردەواریە کە دابونەرێتی ئەو گەلەی لا زۆر گرنگ بووە وە ئەو کاتە خۆی بە بەختەوەر زانیوە کە لە نێو شادیو زەماوەندی هۆزەکەیا بەشداری کردووە وە هەر وەکو لاوێکی تازەپێ گەیشتو بەڵام لە ڕوانگایەکی کەوە تەواشا ئەکاو کە چاوی ئەکەوێ بە لارەی قەتارەی لاوانو شریخەی خشڵو ترپەی پەنجەی کەوشو کرێشمەی عێشوەی شەدەلاران وەشاباش کردنو سەمای دەسمالاڵن ئەدا بە پاڵی سۆزی دەرون پڕئێشاناو دەڵێ:

سەمای دەسمالاڵن رەمایەنەوەهالاڵن
نەمای مەلالاڵن نمای وەش حالاڵن: ل ـ ۴۱۴
لارەی قەتاران لاو شەدە لاران
ئیشارەی کەمکەم پەنجەو شاران: ل ـ ۴۱۲
سەدای لاوهەیلاو زرەی زەڕ زەنجیر
سڵسڵەو بانیسەر بەند زرێو لاگیر: ۴۱۱

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەو شتانەن کە مامۆستا مەولەوی ناوی بردوون کە هەرکام لەکاتی خۆیا نمونەیەکی جوانی بوون وەک سڵسڵەو بانی سەر ـ بەندزرێو لاگیر ـ زەڕ زەنجیر وە یان قەتارەی لاوانو سەمای دەسمالێ

سەرچۆپی کێش وە زۆرها شتی کەی وەک ـ گوارەو زەرکلاو ـ پامورەو خرخاڵ ـ خشڵی نیمە رەنگ ـ شەدەو فۆتەی شورو زەنگڵەی زەزمان بۆ ناو ئەبا کە ئەگەر بمانەوێ بۆ هەرکام لەوانە وێنەێ لە شێرەکانی بڵێین بە واتەی مەولەوی. مەسنەوی ٧٠ مەنە وە لە کاتی گەرمەی هەڵپەڕکێدا ئەو شتانەمان ئەخاتە بەر چاو کە خەم رەۆنینو دەبنە هۆی شادی لە نێو زەماوندا.

زرنگـــەی ســـەدای ســـازجـــە ریشـــەی ئازام

کـــەمانچە دەســـتور مـاوەرو مـەقام: ل ـ ٢٤٣

گـــــرمەی نـــــقارەو لرفـــــەی شـــــەروالان

خشپەی پامورەو زرنگەی خرخـالان: ل ـ ٣٩٤

وەلە کاتی بوک هێنانا هاوارێ لە دەنگ خۆشان ئەکا وە داوای گورانی دیلانەیان لێ ئەکا کە یەکێ لە مقامە کۆنەکانە لە ناوچەی هەورامانا وە لە کاتی بوک هێنانا دەوترا

جـــە تـــەنخوای نـــەی بـەزم خـەمووەیلانەوە

هۆردە ئەی چەند فەرد وە دیلانەوە: ل ـ ٢٧٦

بەشی سی‌هەم ـ شیوەن وگریان:

پاش دیتنی ئەوانە بە ئاورێ وریامان ئەکاتەوە کە هۆشمان لە سەر خۆبێ هەر شادیو زەماوەندێ شیوەنی وا بە دوایەوە وە لەگەڵ خۆیا بەرەو چەمەریانەێ ڕامان ئەکێشێ.

داخـــۆم دوی دوری کـــێش هـا نـە ســەردا

دیسان من مەدّو وە ڕوی چەمەردا: ل ـ ٢٠٠

چەمەری یان چەمەریانە جۆرە شینو زاریێ بووە کە لە برێ شوێنی کوردستانا بۆ گەورە پیاوان وە یان ناوداران ئەگێڕا، وە لە نێو گەرمەی چەمەریانەدا ڕوئەکاتە نیشتمان پەروەرانو ـ دەڵێ:

تۆ پەی نیشتمان من پەی سەودای تـۆ

هەر دو بنالّین وە گریەو ڕۆ ڕۆ: ـ ل ۴۱۰

ڕۆ ڕۆیان هەی‌ڕۆ ئەویش جۆرە شیوەنێک بووە لە کاتی خۆیا: وە هەر لەو کاتەدا چاوێ ئەگێڕێ بە نێو سپای شوڕش گێڕانا وە تاس‌کلاوی سەرکەردەی بە بەرچاو ناکەوێ ـ دەڵێ:

مەیدان نەدیدەی سوپایی تارەن شۆڵەی تاس‌کلاو تۆ نە پـێوارەن

تاس‌کلاو: ئەو کلاوەی کە لە کاتی شەڕدا لە سەریان ئەکرد.

وە لە شوێنێ کی دیکەدا دەڵێ:

بـــــێ‌نازەن ئـــــەسپاب‌ئەسب‌وسواریت

بێ کەییفەن ئەساس خاسەی شکاریت: ل ـ ۸۰

پـــــەنهانەن ســـــێمای ســـــیمین وارەکـــەت

شـــــێوی کـــــۆتەڵەن یـــــادگارەکـــەت: ۸۰

لەو دو بەیتەدا باسی ئەسب‌و سواریو کۆتەڵەمان بۆ ئەکا کە پـێوەندییکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە، لە ڕابردو وە لەو کاتەدا کە چاودێری کەری هۆزو خێڵی وە یان سوارچاک وە ناوداریّ دەمرد وە یان دەکـوژرا کـەرەسەو جـلوبەرگەکـەیان دەخستە سەر زینی ئەسپێ وە دەیان گێڕا بە نێوی هۆزەکەیا وە چەمەریانەیان بۆ ئەگرت کە شێوەی گێڕانەکە پێی دەوترا کوتەڵە یان ئالایۆ کۆتەڵ گێڕان وە هاوارو شیوەنو گریانەکەیش پێی ئەوترا چەمەریانە وە لە نێو گەرمەی چەمەریانەدا دەڵێ:

کـــورەی دڵ گـــەرمەی جـــوش‌سەختشەن

پەی فێنکی دڵ شیوەن وەختشەن: ل ـ ۴۴۳

شێوەنیش جۆرە گریانێکە لە کاتی چەمەریانەدا کە ئەبێتە هۆی خاڵی بونی دڵ. وە لەو کاتەدا شیوەن دەس پێ ئەکا بەیتو بـالۆرە بـێژان دەنگـی خـۆیان بـەرز

ئەکەنەوە وە هاوار ئەکەن.

تـــەڵمیت ســیاپۆش بـێ تـۆڕۆ ڵـەڕۆ

خاتوونان بێ هوش بێتۆ ڕۆڵەڕۆ: ل ـ ١٠١

پاش گێڕانی چەمەریو شیوەنو هەی‌ڕۆ بەهاوارێ وریامان ئەکاتەوە کە هۆشمان لە سەر خۆبێ، مردن بە ڕوالّت ڕێی لە ناو چۆنی هەموانە، ئەوانەی هەرگیز نامرن کە روناکی‌یە بۆ خۆیان وە یا پاش خۆیان بە جێ ئەهێڵن، بۆیە دەڵێ:

چـــوڵەچراوی پـــەرێ وێت ســاز دەر

وە قەد تەوانای وێت باربەندی‌کەر: ل ـ ٢١٤

لەم بەیتەدا باسی چوڵەچرامان بۆ ئەکا، لەکاتی خۆیا داری‌کی تەڕیان ئەهێنا وە باش ئەیان کوتا هەتاکە ڕیشوڵ ڕیشوڵ ئەبو پاشان بۆ روناکی شەوان کەڵکیان لێ وەر ئەگرت کە پێی ئەوارا چێوەچرا یان چوڵەچرا وە یان چراوکە.

(بەشی چوارەم سازو مەی)

پاش ئەوەی مامۆستای ناو براو ئاوڕێ لە خۆێ ئەداتەوە وە شنانێکی تایبەتیش بۆ ئیمە ناو ئەبا

مـــەعدومی غـــەفڵەت تـــا چـــەندوپەی‌چی

گوش دەر وە نالّەی سەحەری نەی‌چی: ل ـ ٤٧٥

لێرەدا مامۆستا ناوی یەکێ لە مقامەکانی شمشاڵ بە نێوی سەحەری لەگـەڵ نەی‌چی وە یان شمشاڵژەن دەخاتە بەر چاوکە لەکۆنترین مقامەکانی شمشاڵە وە ئەمرویش دەوڕێکی باش لە نێو شمشاڵژەنەکاندا ئەگێڕێ وە هەر لەوکاتەدا کە بە نەوای سەحەری سەرخۆشمان ئەکا وە بەرەو پیری مەیخانەیش‌مان ئەباو دەڵێ:

ســاقی ســا دەخـیل جـامێ مـەی وە کـەف

دەرۆیش ئامانەن کەفێ‌نەروی دەف :ل‌ـ١٨١

دەف و نەی و مەی ئەگەر لە روانگایەکی عارفانەوە تەواشایان بکرێ پێوەندیێکی نزیکیان پێکەوە هەیە وە هەرۆها لە نێو شێعرەکانی مامۆستا مەولەویش‌دا دەوریکی تایبەتی ئەگێڕن بۆ وێنە.

بێ ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی

ها دەرویش نەی‌چی مەی‌چی دەف مەی‌نەی: ل-۳۱۹

کە نەوای نەی‌و دەنگی دەف‌و گەرمی مەی تێکەڵ ئەبێ وەها ئاگرێ لە نێو دەرونی بەر ئەداکە هاوار ئەکاتە میرئاوی سەرجۆی بادەو دەڵێ:

حەیفەن تۆ میرئاو سەر جۆی بادە بێ

وە هەر کەس بە قەد کەفاف دادە بێ: ل ـ ۱۸۱

میرئاو ئەوکەسەیە کە ئاو دابەش ئەکا بە سەرکشت‌وکاڵ وە یان باخو باخات‌دا پاش ئەوەی کە دڵو دەرونی بە ئاوی میرئاو دائەمرکێ ناونیشانی کۆشکو عەمارەتێکمان پێ ئەداکە لە بەرا بەری ڕوداوەکانی مێژودا هەرگیز نارۆخێ.

عەمارەتێوەن بێناش باقی بۆ

ئاو مەی خاک دوردی بەناش‌ساقی بۆ: ل ـ ۲۹۳

پاش دیتنی ئەو کۆشکە بەرەولایێ‌کی کەمان ڕا ئەکێشێ وە ناونیشانی کەلاوە کۆنەیەکمان پێ ئەداکە لە سوچی چۆم وەیان جۆگەیێکدا جاربەجار هاواریکی لێ هەڵ ئەسێ.

سەدای ئاسیاوچی مەیو پەیا پەی

ئاساو خاڵیەن نۆبەتەن سادەی: ل ـ۱۷۹

لێرەدا باسی ئاشی ئاوی‌و ئاشەوانمان بۆ ئەکاکە یەکێ لەکۆنترین کەرەسەکانی هارینی دانەوێڵە.بووە لە،کوردستانا وە هاواری ئاشەوانی گەردونیشمان ئەخاتەوە بیرکە نۆبەی ئێمەش کەوتووە.

بەشی پێنجەم. چەن وێنەی تایبەتی

وەک شـــەماڵەی نـــور گـــرگ ڕانـــەمەن

پەی پاس ماران زەنگ زڕانەمەن:ل ـ ۱۸۷

زەنگزڕران کە یەکێ لە داب‌و ڕەوشتە کۆنەکانی نێو کوردەوارێە وە لەو کاتەدا کەسێ مار ئەیگەست تەروالەیان لە لوێکیان بۆ ئەبەست وە چەن دانە زنگولەیان لێ هەڵ دەواسی هەتاکە مار نەیگەسیەتەوە وە ئەو جۆرە فرمانەیش پێی ئەوترا پاسیماران یان زەنگزڕان وەیان دەڵێ:

هـــەرچـــی بـــوینۆن شـــێوەی تـــۆ پـــێشەن

دڵ وە هەتیتەی حەسرەت تاکێشەن: ل ـ ۲۳۵

هەتیتە ئەو تەختەو دارەی کە دەیبەسن بە شکیامانەوە وە توند دای‌ئـەپێچن هەتاکە ئێسقانی شکیامان خۆی بگرێتەوە وە ئەم ڕەوشتە ئەمڕویش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانا لە بەر نەبۆنی دوکتور وە دەرمانگە هەر بەو شێوەی شکیامان تەداوی ئەکرێ وە یان لە شوێنێکی کەدا دەڵێ:

ڕەوان جە هـەرس وە سـەد قـەترەودەو

تاوە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو: ل ـ ۱۵۳

مەکۆگە ئەو شوێنەی کە جۆڵا داری کەرەسەی دروس کردنی مەوجو جاجمو مازڵوخو جوالەی لێ هەڵدەباسێ وە خەریکی ئیش کردن ئەبێ. وە هەروەها ناوی شتانیتری زۆر وەک ساج ـ سەماوەر ـ تەزبێح ـ دیك یان قازان ـ فتیلە ـ لەتەر یان تەشی ـ قەاڵو بورجی ئاگاداری و چەنها شتیکەمان بۆ ئـاو ئـەبا کـە هـەمویان جێگای سرنج وە لێکوڵینەوەی تایبەتین جێی خۆیەتی بە تێیهەڵکێشێ لە سەر پارچە شێعرەکی مامۆستا مەولەوی کۆتاهی بە وتارەکەم بهێنم

جە شـەوق بـاڵاش دیـدەی نـم دیـدە بـاێ خـەمش وەردا مـوژەیچەسپیدە

پەی وەسڵت هەردەم واجو نازدیدە وەش ئامای وە خەیّر هەی بەرگوزیدە
بۆ نەجای مەردوم جاگیرنە دیدە
هیّجران کەردە بیّ دڵ یانەیخەمان شفای دەردزار وە لای تۆن ئەمان
باوەرە پەی چەم سۆما بەردەمان خەیّلیّن بینایی جە دیدەم ڕەمان
بەڵ سوڵمشان بۆ بینایی و چەمان

بە ئامات شادی باروەستەن جەدڵ کەیف وەشەن دەمیّ گاهیّ بۆ کسڵ
ئەر واچۆ وەلات ئەی راز موشکڵ ساقی تەرس دەرد دوری جەمینگوڵ
وەسڵم جی کەردەن وەژار قاتڵ
جامیّ جە ئەو مەی بیّدار کەرۆ مەست دەخیل باوەرە جەو پیاڵەی ئەلەست
بەڵ ئارام کۆ بۆ دڵەی مارانگست هەر کاتیّت زانا فەڵەک کەڵەک بەست
دامنەیکەی وەسڵم بەرداوە جە دەست
نەی بەزمو ساڵهای ساقی فریاد هانە کەمیندا فەسڵش چون سیاد
وەو بادەی پڕ مەیل باوەرەم وە یاد سادەی وە جامیّ دڵم بکەر شاد
بەڵکۆ بۆ یارو بەزمی وەی ئازاد
جەو تاریکە شەو تا کو تەنیایی بیّگانە جە یار «سمکۆ»ی جییایی
چەمەڕای شەفەق ئاسۆی بینایی جە دەس بیّگانان یاون ڕەهایی
مەسبون وە شنۆی مەی ئاشنایی

والسلام علیکم و رحمةالله و برکاته

پاوە ـ ۷۱/۱/۳۱

ادب استقبال از چند شعر مولوی

محمد انصافجویی

گەر زەڕەی شعور هەیە پێتەوە کە وتیان خودا ئەبڕێتەوە
دەیسا خوداوەند کەرەم کەردەوە تەفرەقەی یاران جەم ئاوەردەوە.

ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی مەولەوی کورد لە سنە بە بۆنەی ئەم یادە پیرۆزە گەرمترین سلاوی دڵسوزانەمان پێشکەش ئەکەین بە گیانی نەمری پسپۆڕ و زاناو شاعیرو عارفی پایە بەرزی کورد مامۆستا سەید عەبدو ڕەحیمی مەولەوی و پیرۆزبای ئەڵێین بە گەلی ئەدەب دۆس‌و ئەدەب پەروەری کوردستان بە تایبەت دانیشتوانی خۆشەویستی شاری سەقزو ماندو نەبی وە دەس مەڕێزا ئەکەین لە ئەو بەڕێزانە کە بە هەر هۆێ تێکۆشەرانەوە بێ‌و چان بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆنگەرەو مێهرەجانە پڕ شکۆیە هەوڵیان داوە.

بۆ شەکەتی دەرکردنیان شێعرێکی کورت پێشەکی پێشکەش ئەکەم بە ناوی ئەدەب:

« ئەدەب »

جێگە بەرزن خوێندەوارانی قوتابخانەی ئەدەب
سیس‌و ژاکاو نابێ هەرگیز گوڵ لە گوڵخانەی ئەدەب
ڕێ مەدەن سۆفی کە بێتە بەزمی یارانی سەفا
تا نەخواتەو بادەی سافی لە مەیخانەی ئەدەب

کـــەس نـــەڵێ بـــەولاوە جـــوانـــمێرو دلێـــرو پـــاڵەوان
تـــا بـــەپاکـــی پـــا نـــەنێتە گـــەودی زۆرخـــانەی ئـەدەب
من کچێکم خۆش دەوێ وێـڕای جـوانـیو شـۆخو شـەنگ
خـــۆی بـــڕازێـــنێ بـــە گـێڵ گـێڵەو بـە لەرزانـەی ئـەدەب
ڕێـــز ئـــەدیب پـــێویستە کـــوردە ئـەرکی سـەرشانی گـەلە
(ئەهوەن)م کـڕنۆش ئـەبەم بـۆ خـاکـی ئـاسانەی ئـەدەب.

« بانگەوازێ »

شـــــەماڵ ئـــــامانە فـــــرسەتەن ســـــادەی
کـــرژیو چـــالاکـــی تـــۆ ئـاخر پـەی کـەی
بشـــــۆ نـــەخزمەت شـــای شـــاهۆ نـــەسەب
پـــەی عـــەرز دەعـوەت چـۆک دەوە ئـەدەب
واچـــــە بـــە زانـــای دەرون جـــەخەم کـــەێڵ
پـــــەرێ مـــــولاقات یـــــاران کـــەرۆ مـــەیل
نـــە هـــەر گـوڵزارێ مـەشهور بـۆ یـەک گـوڵ
خـــــەیاڵی روی تـــــۆ ئـــــاوەردەن نـــــەدڵ
ئـــــارەزوی وەگـــــەرم دیـــــدار تـــــۆشەن
پـــــەی دیـــــدارتـــــان فـــەرداو ئـــارۆشەن
جـــــە شـــــاری ســـــەقز[1] بـــەزم شـــادیەن
وادەی وەســـــڵ دۆس خـــــەم وە بـــــادیەن

١ـ سەقز = شارێکی کوردستان، کە کونگرەی مەولەوی تێدا بەڕێوە چوو.

مـــەولام هـــورێزە بـــەرەو ئـــەم خـــێڵە
ســـەرشاتەو[١] ئـــەسحاو[٢] بـــەجێ بـــهێڵە
بـــە ســـەر ســـیروانـــا[٣] بـــەرماڵت راخـــە
نـــێرینە روبـــار پـــەی تـــۆ قـــەراخـــە
پـــیری ســـەرحـــەڵقەی شـــیرین کـــەڵامان
هـــەڵبەزە لە بـــۆ بـــەرزی هـــەورامـــان
وە پـــــیرشالیار[٤] ســـــڵام بکـــیانە
روکـــــــەرە لوتکـــــەی کـــورەمیانە[٥]
لە کـــێو چـــڵچەمە[٦] بســـرە گـــەردو تـــۆز
جـــێ بگـــرە لە ســـەر چـــیای نـــەکـــەۆز
گـــــرد ئـــینتزارەن شـــاعێرو نـــوسەر
وادەی دیـــــدارەن پـــا بـــنێ وە بـــەر
حـــەزرەت شـــێخ حـــەسەن[٧] جـــەمەولاناوا
پـــــەی وەش ئـــامایی هـــەر ئـــیسە یـــاوا
نـــــەواچـــی مـــن پـــیر ئـــوفتادەی دڵـــرێش
ئـــیسە چـــەنی مـــەیل ئـــازیزانـــم چـــێش
تـــــەشریف بـــاوەرە جـــەرگەمان جـــەم بـــۆ
بـــەڵ وەی جـــەم خـــەمێ جـــەلامان کـــەم بـــۆ

١ـ سەرشاتە = گوندێکە کە مەولەوی تێا هاتووە دنیا و کوچی دووایی کردووە.
٢ـ ئەسحاو = ناو گورستانێکە مەولەوی لەوێ نێژراوە
٣ـ سیروان = ڕوبارێکی گەورەیە لە کوردستان
٤ـ پیرشالیار = لە گەورە پیاوە ئایینیە کانی هەورامانە.
٥ـ کورەمیانە = کێوێکە بەرز نزیک بە مەریوان لە پاڵ گوندی (میانە).
٦ـ چڵچەمە = کێوێکی بەرزە لە خورخورە.
٧ـ شێخ حەسەن = پیرێکی گەورەی ناوچەی سەقز بووە.

ســـــاقی له بـــڕێز کـــەر جـــام مـــەیەکـــەت
نـــەیچی بـــا بـــەرز بـــۆ نـــاڵەی نـــەیەکـــەت
بـــا ئـــێمەیچ جـــە لوتـــف ئـــەو پـــیر ســـەروەر
جـــــامێ جـــــەوشەراو بکـــــێشین وەســـــەر
بـــەڵ (ئـــەهوەن) بـــەی تـــەور خـــەم بـــدا وەبـــاد
چـــــەنی هـــــام فـــەردان بـــنیشۆ وە شـــاد.

" ئێستقبال لەچەند شێعری مەولەوی "

ســـــازو مـــۆسیقاو نـــەوای هـــەست بـــزوێن
نـــــەسیم بـــەربەیان هـــەوارگـــەی گـــەرمێن
ئـــەشعاری شـــیرین نـــاسک چـــون خـــەیاڵ
بـــــۆ فـــێنکایی دڵ ســـروەی بـــای شـــەماڵ
نـــــاسک نـــــازداران وەک پـــەێکەر ڤـــنوس
خـــــۆ پـــیشان دانو کـــیف کـــردن تـــاووس
چـــــریکەی مـــــورغان لارو لەنـــجەی کـــەو
ئـــــاواز دەنگ خـــــۆشان کـــــوڕ نـــیوەشەو
قـــــرمەی قـــــەڵبەزەو گـــــرمەی ســـەراوان
ســـــڵ کـــــردن ئـــاسكو کـــەڵی ســـەرکاوان
پشکـــــۆتن خـــــونچە کـــــەنینی گـــــوڵان
لالەی ســـــورو گـــــەش نـــــاڵەی بـــوڵبوڵان
لافـــــــاوی تـــــورە شـــــەپۆلی ئـــــاڵوز
تـــــۆفو کـــــڕیوەو کـــزەو ســـەرماو ســـۆز

ئاویدەر[1] خاڵ خاڵ بەفرو سەهۆڵی
هاژەی کانیو ئاو نێو چەمو دۆڵی
ئینە گرد گوڵچین جە دیوان تۆن
مەولەوی پیرم خاوەن شەرتو شۆن
شێعرت زا خاوەر دڵو دەرونەن
شەفا بەخشی دەرد جەستەی زەبونەن
شەراب و ساقیو جامو پەیمانە
پەی دیدار دۆس کردی بەهانە

(ئەی گرد مەوجودی جە تۆ گرت مایە
مەوجود هەر تۆنی ماسیوا سایە)
(ئەهوەن) بێ شەرمیت جە حەد ویەردەن
وێت بە هاو شانی مەولەوی کەردەن.
سنە - ئەهوەن

١ - ئاویدەر = کیوێکی بەرزە لە پاڵی شاری سنە.

مـولـوی را بشناسیـم

« مەولەوی بناسین »

سید نجم الدین انیسی

راپەڕە ئـەی خـامە بـە نـاوی خـووا ناوی کـەسی دیکـە بـەدەرد نـاخووا
ئەو هەمو نـاو چـاوە لە دەرگـایی‌کێ سواوەتـەوە وەك لە دەری تـۆ سـووا
هەرچی سەرە بـیهەوێ یـا نـەیهەوێ پـاکـی بـە کـرنوش لە ئـەتۆدا نـەوا
ئـەهریمەنی دڵ ڕەشـی نـەبراوەوە دژ بـە ڕونـاکـێ لە مـەدەس نـاشووا
هـەر لەوە نـەفرینو لەتـۆ ئـافەرێن تا ئەوە ئـەهریمەنو تـا تـۆی خـووا
تۆی هەمو رونـاکـی زەویو ئـاسمان تۆی بەدی‌هێنی هـەمو ئـەرزو سـەما
هەرچی سـرشتن لە جـیهاندا هـەمو خوایە لە سەر خوایەتی تۆ هەن گـەوا
بو هەمو (ڕێبوار)ی ئـەتۆی ڕێـنوێن هەم لە زەوی، هەم لە بەحر، هەم هەوا

بە ناوی ئەو خوایەی کە بێ‌وێنەو هاوتایەو بەدی هێنەری زەمینو سەمایەو هەتا دنیا دنیایە، هەر ئەو شایانی سوپاس‌و ستایش‌و سەنایە، سڵاو لەو پێغەمبەرەی کە خۆشەویستی خوایەو پـەیام هـێنەری نـورو ڕونـاکـی‌و سـەفایەو لە پـاش ئـەو پێغەمبەرێ نابێتو نایە، وە درود لە سەر ئاڵو یارانی بۆ هەتا هەتایە.

پێشەکی لە قوڵایی دڵمەوە ڕێزو سڵاوو سوپاسی بێ سنوری خۆم پێش‌کەش دەکەم بە بەڕێوەبەرانۆ پێك هێنەرانی دڵسۆزی کۆڕی بـیرەوەری و مـێهرەجانو یادکردنی زانای خواناس‌و هۆنەری پایەبەرزو لاهوتی کورد خوا لێ خـوش بـو

مامۆستا مەولەوی هەورامی بەناو بانگ بە مەولەوی تاوەگۆزی کە بە یادکردنەوەو ناساندنی ئەو هۆنەرە بلیمەتو هەڵکەوتووەی کورد ئەرکی نەتەوایەتیو ئیسلامیو ئینسانی خۆیان بە جێ دێنن و لاوانی ئێستاو گەنجانی داهاتو شارەزای بیرو ئەندێشەو خەیاڵی بەرزو ناسکی ئەم هۆنەرە خواناس و لاهوتی یەی کورد دەکەن، لە خودای گەورە داوا دەکەم کە هەمیشە بەختەوەرو کامەران و سەرکەوتو بن لەو رێبازەداو درەختی تەمەنو ژییانیان هەمیشە بە بەرو بە سێبەرو شەکاوەوە و گەشاوە بێت.

دیارە پێك هاتنی ئەم کۆڕی بیرەوری و مێهرەجانە بۆتە هۆی ئەوە زانایانو هۆنەرانو هەستیارانو نوسەرانو ئەدیبان لە زۆر شوێنی وڵاتەوە بێنو لە کۆڕێکی وا جوانو ڕازاوەو سەرنج ڕاکێش دا لە دەوری یەك کۆ ببنەوەو ڕێز لە یاد کردنو بیرەوەری مەولەوی شای شاعیرانی لاهوت لە چەرخی نوزدەهەمدا بگرنو ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەرانبەر بەو هۆنەرە ئایین پەروەرو ئاسمانی یەی کورد بە جێ بێنن. ئەوا منیش لە بەجێ هێنانی ئەرکی نەتەوایەتی گول گەشتێك دەکەم.

لە دیوانو بەرهەمەکانی مەولەوی دا و باسشی درەوشانەوی (تێل نیشان) واتە «تەلمیح» لە هۆنراوەکانی دا دەکەمو لە چەند چەمك و لایەنی جوانکاریو ڕەوانبێژی دەدوێمو بیرو ڕای ئەدەبیو هونەری خۆمیان لە سەر دەر دەبڕم.

بەلای منەوە ئەوەش ئەو ڕاستی یە دەسەڵمێنێ کە جیهانی مەولەوی جیهانێکی بەر بەڵاوو فراوانە، هۆنراوەو مەسنەویەکانی وەك دەریایەکی قوڵو بێ سنور پڕە لە دوڕو گەوهەری شەو چرای ئەدەبیو دەتوانین هەمو چەشنە گەوهەریکی بە نرخی بیرو خەیاڵو ئەندێشەی تێدا بدۆزینەوە.

دیارە هونەری ڕەوانبێژی واتە بەلاغەت بە سێ بەش دابەش دەکرێت ڕەوانبێژی، جوانکاری، واتا ناسی، وەبۆ هەر بەشەش لقێکی تایبەتی دەگرێتەوەو ئەو بەشەی کە مەبەستی ئێمەیەو دەمانەوێ باسی لێوە بکەینو لێی بدوێین هونەری

«جوانکاری»یه، کەلقی «تێل نیشان» یانی «تەلمیح» یەکیکە لە لقەکانی.

تێل‌نیشان لقێکە لە هونەری جوانکاری‌و ئەم هونەرە ئەوەیە کە هۆنەر لە هۆنراوەکەی‌دا بە تیلی چاو، واتە بە گۆشەی چاو ئیشارەو هێما دەکا بۆ ئایەتیکی قورئانی پیرۆز، یا بۆ داستانێك، یاکارە ساتێك، یا رووداوێکی مێژویی، یا پەندێکی پێشینیان، یا یەکێك لە قسەو فەرموودەکانی پێغەمبەران‌و ناودارانی مێژویی، وەکو خوا لێ خوش بو مەلا سالحی حەریق مامۆستای مەدرەسەی شیعرو ئەدیبی فێرگەی عیشق‌و سوتاو بە ئاگری ئەوین‌و خۆشەویستی لە غەزەلیك‌دا گوتویەتی:

بولبولێکی خۆش نەوا بوم بۆ نەوای دەوری گوڵت
کێ وەکو «هود هود» حکایاتی «سەبا» گێڕایەوە

شەمعی خوبان پڕتەوێکی «شەمس»ی ڕوی تۆی لێ کەوت
هێند حەیاو شەرمی بە خۆی‌دا هات بە جارێ توایەوە

کە هۆنراوەی یەکەم هێمایە بۆ چیرۆك‌و داستانی «پەپوسلێمانە» و «سولەیمان پێغەمبەر» و پەپو سلێمانە چو بو شاری «سەبا» و «بەڵکیس»ی دۆزیەوەو هەواڵەکەی هێنایەوە بۆ سولەیمان پێغەمبەرو هۆنراوەی دەهەمیش لێرەدا مەبەستی بە «شەمس» جیناس‌و تەلمحێك دروست دەکا کە «یۆسف» شەمسەددین شێخی بورهانە.

بۆ داستان‌و کارەساتیش وەکو ئەم هۆنراوەی مەلای «جەباری» کە لەم وێنەدا دەڵێ:

خەم چەشمەی حەیات کەس نە نۆشا کرد
چەند کەس چون «یۆسف» خەریکی چا کرد

هێمایە بۆ داستانی ئاوی حەیات کە هەرکەس بیخواتەوە نامرێ‌و یەکێك لەو کەسانەی کە ویستویەتی بیخواتەوە «ئەسکەندەر» بووەو بۆشی ڕێك نەکەوتووە یا:

«هـود هـود»ی دڵ حـەبسی بـەڵقیسی سـەبای دیـوە بـەقین
خـۆی کـە دامـەن گـیری شـاهی ئـاسەفی سـانی دەکـا؟

که دیسانیش هێمایە بۆ داستانی حەزرەتی «سـولەیمان» و «پـەپوسڵیمانە» و «بەڵقیس»ی شاژنی یەمەن کە لە شاری «سەبا» ژیاوەو شاهی «ئاسەف»ی یەکەم حەزرەتی سولەیمان پیغەمبەر بووە کە وەزیرەکـەی نـاوی «ئـاسەف»ی کـوری «بەرخییا» بووە و مەبەستی لەشای دووهەمی ئاسەفیش «سولەیمان پاشای بابانە».

«ئیقتیباس» واتە: وەرگرتنی شتێك لە ئایەتی قورئانی پیرۆز، یـا فـەرمودەی پێغەمبەر یا سەرچاوەیەکی ئەدەبی و بەکار هێنانی لە رستەدا، وەك «سیحری بەیان» و «حیکمەتی شیعر» لەم شیعرەی «نالی»دا:

«نـالی» نـییەتی سـیحری بـەیان، حـیکمەتی شـیعرە
ئـەمما نـییەتی قـووەتی دڵ، قـودرەتی ئـینشا

کە لە حەدیسی «إِنَّ مِنَ الشِعْرِ لَحِکْمَةً وَ إِنَّ مَنِ الْبَیانِ لَسِحْراً» وەرگیراوە.

وەك ئاشکرایە هونەری «رەوانبێژی» بە پێی چەشنی شارەزا بون لەو هونەرەو پێویستی هۆنراوە بە شێوەیەکی گشتی لە هۆنراوەی زوربەی هۆنەران دەردەکەوێ، بێگومان هۆنەریکی وەك مەولەویش کە زاناو شارەزای زوربەی لایەنە ئەدەبی و هونەری یەکانەو بە تایبەتی لە زانستی «کەلام»دا دەستێکی بالای بووە، دیارە لەم لایەنە هونەریەشدا هەر سوار چاکو خاوەن دەستەڵات بووە وەک هۆنەرێکی زاناو لێهاتوی کورد ئەسپی خۆی لەو مەیدانەدا تاو داوەو لەم بوارەشدا هونەری خۆی بە تاقی کردۆتەوەو توانیویەتی بە چاکی جێ پەنجەی دەستی بە هێزی لەو سوچەدا دیاری بکا.

ئایەتەکانی قورئانی پیروزو زمان پاراوی، شکۆیەکی تری داوە بە هۆنراوەکانی مەولەویو هۆنەر لە هۆنراوەکـانیدا بـەهرەیەکـی زوری لە ئـایەتو حـەدیسو

بابەتەکانی ئیسلامی وەرگرتووە، لای مەولەوی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر وەك کەرەسەیەکی شیعری، چاکتر دەبی کە ئەگەر مەسەلەی بە کونی دەرزیدا چونی وشتر لە جیاتی جارێك سەد جاریش بێ، پێیدا دەرواو ئیتر لە دەشتی مەحشەردا جیاوازی نامێنێ لە نێوان کافرو موسولمانەکاندا بۆ ئەوەی بچنە ناو بەهەشتی خوش‌و گیانپەروەرو دڵ رفێنی خوداوە.

مەرحەبای لیباس تاعەت پۆشانەن
ئەلوەدای کاس کاس بادە نۆشانەن
ساقی سا، سەد جار وە نازت نازو
هۆردەر وە گوڵ بانگ سەدای وَٱمْتازوا

واتە: کاتی مەرحەبا لێ کردنو بەخێر هاتنی ئەو کەسانەیە کە جل‌و بەرگی تاعەت‌و بەندەگی کردنی خودا لە بەر دەکەنو کاتی مالاّوایی کردنە لە پیاڵەی مەی، بۆمەی خۆرە وەکان، وشەی «مەرحەبا» هێمایە بۆ ئەوەی کە لە نیوەی یەکەمی مانگی رەمەزاندا لە کاتی نوێژی تەراویح دالە لایەن نوێژکەرانو رۆژوە وانانەوە مەرحەباو بەخێر هاتنی ئەو مانگە پیرۆزە دەکرێ‌و دەڵێن: مەرحەبا مەرحەبا یا شَهْرَ رَمضانْ، وە وشەی «ئەلوەدا»ش ئیشارەیە بۆ ئەوەی کە لە نیوەی دوهەمی مانگی رەمەزان دا خوداحافیزی‌و مالاّوایی پێ لەو مانگە دەکرێ‌و دەڵێن: «أَلْوِداع، أَلْوِداع یا شَهْرَ رَمضانْ» بە هیوای ئەوەی هەمو ساڵێك بەخێرو خۆشی بێتەوەو بگەڕێتەوە، لە تاقە دێڕی دوهەم دا وشەی «وَٱمْتازوا» بە شێکە لە ئایەتی ژمارە پەنجاونۆ (٥٩) لە سورەی یاسین کە خودای گەورە بە تاوانباران دەڵێ:

«وَٱمْتازُوا الْیَوْمَ اَیُّها الْمُجْرِمُونْ» کە لە رۆژی پەسلاّن‌و قیامەت‌دا بە تاوانباران دەگوترێ، واتە: ئەی تاوانباران ئەمرۆ ئێوە لە موسوڵمانەکان جوێ ببنەوەو بکەونە لاوە، یانی ئەی مەی گێر سەد جار بنازم بەو نازەی کە پێت داوم

هاوارو بانگی «وَامْتازُوا الْيَوْمَ اَيُّهَا الْمُجرِمُونْ» بەرز کەوە تا ئەوانەی رۆژویان گرتووەو ئەوانەی نەیان گرتووە لە یەك جوێ ببنەوە، مەبەستی مەولەوی ئەوەیە دەڵێ: ڕەمەزان دوایی بینە، چونکە بە هاتنی جەژن دیاری دەدا کە کێ خودا پەرستو کێ تاوانبار بووە، هێما بۆ کردنی ئەو ئایەتە لە لایەن مەولەوی یەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بێ رۆژوەکانو ئەوانەی رۆژو ناگرن لە رۆژوە وانەکانیان جودا بکاتەوەو رۆژی جەژنیش دەکا بەو رۆژەی کە لە یەکیان جودا دەکاتەوە، هەر وەك چۆن لە رۆژی دوایی‌دا تاوانبارەکان لە بێ تاوانانو خاوەن باوەڕان جودا دەکرێنەوە.

ستارەی ڕجات هەر دەم دارۆ سو دەماخ شادوە بۆی «وَ لاٰ تَيْأَسُوا»
وەکردە وەفام ئەرگا ناوەر دەن باك نییەن وەفام وە باوەر کەردەن

مەولەوی ئەم هۆنەرە هەستیارو خودا ناسە مەلەکوتی‌یە لە سەرەتای ئەو تاقە هۆنراوەیەدا لەگەڵ دڵی خۆی‌دا دەدوێو دەڵێ: ئەی دڵ دەستم بە داوێنت نەکەی بێ باوەڕ بی‌و باوەڕت گرێی تێ کەوێ، چونکە نیشانەی جوان چاکان بە پێی بێرو باوەڕی دڵدارەکانیانە بەوان، ئەوان چ شك‌وگومانێکیان لێ بکەن، ئەوانیش هەر بەو جورە دەبن، ئەگەر چاوە ڕێی سزاو ئازار بن لێیان، ئەوا سزاو ئازاریان دەدەن‌و ئەگەر چاوە ڕێو بە تەمای خۆشەویستیش بن، ئەوا خۆشیان دەوێن.

مەولەوی وەك شاعیرو سوفی‌یەکی خاوەن باوەڕو لە خودا ترس پەنای بردۆتە بەر وشەی «وَ لاٰ تَيْأَسُوا» کە بەشێکە لە ئایەتی ژمارە هەشتاو حەوت (٨٧) لە سورەی «یۆسف» کە خودای گەورەو پەروەردگار تێیدا فەرمویەتی:

«يا بُنَيَّ اذْهَبُوا فَتَحسسوا مِنْ يُوسُفَ وَ أَخيهِ وَ لاٰ تَيْأَسُوا مِن رَوْحِ اللهِ، واتە: نابێ ئینسان لە بەخشیش‌و بەزەیی خودا دڵ ساردو ناهومێدو بێ هیوا بێ، وە لە سەرەتای ئایەتەکەدا دەڵێ: حەزرەتی (یەعقوب) ئەوە دوپات دەکاتەوە کە

«یۆسف» لەگەڵ براکەی ماوەو نابێ بڵێین لەبەین چونو ئیتر دەست ناکەونەوە، بەڵکو پێویستە ئێمە لە بەر ڕەحمی خودا ناهومێد نەبین چونکە بەخشش و بەزەیی خودا هێندە زۆرە کە هەمو دەریاکانیش دەوریان گێڕاوە و باشتر کەوتونە ناو بیرو لێکدانەوەی هۆنەرو خەڵك و، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر چاوەی خوێندنو ڕۆشنبیری هۆنەر، کە بەگشتی هەر لە حوجرەی مزگەوتەکانو لە ڕێگەی خوێندنی ئایینی و ژییانی ناو مەلاو فەقێ و شێخ و سۆفیەکان بووە.

هەر وەکو گوتمان «تێل نیشان» و هێندی لایەنی ڕەوانبێژی و جوانکاری مەبەستی لێ دوانی ئێمەیەو مەولەوی کاتێ ئاماژەو هێما بۆ ئایەتێکی قورئانی، یان داستانێك، یا ڕوداوێکی میژویی دەکاو بەستنەوە تێکەڵاو کردنی فەلسەفەو حیکمەتی ئەو شتانە بە بیرو ژیریەتی خۆیەوەو داڕشتنی لە چوار چێوەی هۆنراوەدا، شاکاری بلیمەتی و زانایی و ڕەوانبێژی و جوانکاریە، لەو پەڕی بەرزی و جوانی و دڵ ڕفێنی دایە، ئەوە دەگەیەنێ کە مەولەوی لە دەربڕینی مەبەستەکانی هۆنراوەدا بە هۆش و ئاگادارو شارەزا بووەو ئەوا چەند هۆنراوەیەك لە هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە هونەرمەندو خوا ناسەو ئەم سۆفیە دڵ سافەو ئەم شاعیرە مەلەکوتی و ئاسمانیە لە بەر تیشکی ڕوناکی و لێکوڵینەوەی باسەکەمان دا دەخەینە ڕو.

«ئێبتیدا مەعروض» پەی نەزەر وە خەو
ئەرو نێو گەردێ دەرد سەختی ئەو
ئەو سەد جارێ بۆ نەو نەمام نەو دەشت
فەرقێ نەمە بۆ پەی لیوای بەهەشت

مەولەوی خوا ناس و سۆفی لەم دو دێڕە شیعرەدا هێمای کردووە بۆ دو ئایەت، یەکەمیان ئایەتی ژوماره حەفده (۱۷) لە سورەی «غاشییه» کە خوای گەورە تێیدا دەفەرمۆیت:

«اَفَلاٰ یَنْظُرُوْنَ اِلَی الْاِبلِ کَیْفَ خُلِقَتْ»؟

واته: ئەوە بۆ ئەوکافرانە بیر ناکەنەوە لە جیهان‌دا تا دەستەلآت‌و توانایی خوایان بۆ دەر بکەوێ‌و باوەڕ بکەن کە خوا دەتوانێ بیان مرێنێ‌و زیندوشیان بکاتەوە، کاتێك کە سواری وشترەکانیان دەبن‌و بە دەشت‌و سارا دا دەڕۆن؟ بۆ بە چاوی عەقل‌و ژیری بیر ناکەنەوەو سەیری وشترەکانیان ناکەن کە چۆن دروست کراون؟

چەمك‌و مانای ئەم ئایەتە قورئانی‌یە ئەو شتانەمان دینێتە بەر چاو کە خوا دروستی کردون‌و ورد بونەوە لێیان، بون‌و شکۆ‌و گەورەیی خوامان بۆ دەسەلمێنن. هەروەها خوای گەورە لە ئایەتی ژومارە چلی (۴۰) سورەی «ئەعراف»دا دەفەرموێ:

«إِنَّ الَّذِینَ کَذَّبوا بآیاتِنا واسْتَکْبرُ وَ اَعنْها لاٰ تَفتَّحُ لَهُمْ اَبْوٰابُ السَّماءِ وَ لاٰ یَدْخُلونَ الْجَنَّةَ حَتَّی یَلِجَ الْجَمَلُ فِی سَّمِ الْخِیاطِ»

واته: ئەوانەی بەرانبەر بە نیشانەو قورئانەکەمان سەرپێچی دەکەن، ئەوە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێنەوەو ناچنە ناو بەهەشت تا وشتر بە کونی دەرزی دا نەڕوات.

خۆ ئەگەر لەو وێنەیە ورد بینەوە شتێکی سەر سورهێنەرمان دێتە بەر چاو، کە وشتر بەو لەشە گەورەیەوە چۆن بە کونی بچوکی دەرزی دا دەروا؟ دیارە شتی‌وا هەرگیز ناگونجێ‌و نابێ‌و ناشکرێ، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە دەرگای ڕەحم‌و بەزەیی خودا لە بەرانبەر ئەو بێ باوەڕانەدا داخراوەو هیچ هومێدو هیوایەکیان نییە، بۆیە خوای گەورە شەرت‌و مەرجێکی بەو جۆرەی بۆ داناون کە هەرگیز بەخشین‌و بەزەیی بەرانبەریان نییە.

مەبەستی مەولەوی تەنیا ئەوەندەیە کە بێنێتەوە یادی خۆشەویستەکەی کە «وشتر» یەکەم گیاندارە نیشان دراوە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە بیر لە گەورەیی‌و هێزو دەستەلآتی خودا بکرێتەوە، خۆ تۆش ئەگەر بێت‌و لە خەودا بە ئاستەم لەو غەم‌و

مەینەتی‌یەی من ببینی ئەوەندە کزو لاواز زیاترو فراوانترەو ئەوەی باوەری بە خودا هەبێ قەت دڵ ساردو ناهومێد نابێ، بە پێچەوانەی بێ باوەڕانەوە کە لە رەحـمو بەزەیی خودا ناهومێدن، مەولەوی بە هۆی ئەو ئایاتەوە لۆمەو سەرزەنشتی دڵـی خۆی دەکاو پێی دەڵێ: خۆ تۆ باوەڕت هەیە، چۆن دەبێ لە بەزەو بەخششی خودا ناهومێدو بێهیوا بی؟

بارێ دڵ وەخشت وێـرانـی ئـاوان　　حـەقت وە دەسـەن نـەداری تـاوان
دل تیفڵو ئازیز هـەر ڕۆ «نـەشانێ»　　هەر لادێ تەرزێ، هەر سات‌نیشانێ
گا چون ستارەی تـاریکە سـەحەر　　گا قەمەر، گا خۆر، مـەیو وە نـەزەر

مـەولەوی لە هـۆنراوەی یـەکـەمدا داوای بـەخشینو لێ بـوردن لە «خـاڵوی کۆماسی» دەکاو پێی دەڵێ: واتۆ گوناحو تاوانت نییە چونکە کۆشکو خانوی دڵی ئێمە بەخشتی وێرانەو کۆنو پەڕیوت دروست کراوە، لە بەر ئەوە هـیچ نـاهەقت نییەو بە تاوانبارت نازانم، چونکە دڵ وەک منالّی ساوا وایەو مەودای تێگەیشتنی تەسکە، دوستی خوشەویستیش هەر روژە خەریکی کارێکە و هەر ساتە خۆی بە جورێك دەنوێنێو نیشان دەدا «كُلَّ يَـوْم هـوَ فـی شَـأْنْ» واتـە: جـارێک وەک ئەستێرەو کەڕەتێ وەک مانگو دەمێ وەک خۆر دێتە بەر چاو، جا خۆشەویستەکەی مەولەوی‌و «خاڵوی کۆماسی» کە خودایە بە ئاشکرا دیارە کە پـەنجە بـۆ ئـایەتی ژمارە بیستو نۆی (۲۹) سورەی «الرحمن» ڕادە کێشێتو هـێمای بـۆ دەکـاو وشەی «شَأْنْ» هیما کە دیاری دەکا کە دەفەرموێ: «كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فی شَأْنْ»، یانی خودا هەمیشە لە جێبەجێ کردنی کارێك لەو کـارانـە دایـەو ئـاگـاداری هـەمو جوڵانەوەیەکو چاوە دێری هەمو گیاندارێکە کە دروست بـونو دروست دەبـن، مەبەستە ئەوەیە کە خودا هەر لە سەرەتاوە هەرچی ویستویەتی ئیرادەی کردووە.

بۆ زیاتر ڕون کردنەوە چاکتر وایە کەمێك لە سورەتەکە بدوێین کەلە بارەی هێزو

دەستەڵاتی خودای پەروەردگارە وە تا چکۆڵەترین مێروی سەر زەوی هەر کام بە جورێك ئاگاداری‌و پارێزگاری کراوە، وە بۆ ئەوەی بە تەواوی هێزو دەستەڵاتی خودای گەورەمان بۆ ڕوون بێتەوە، لە ئەنجامدا خودا خۆی ئەو کارانەی بە شتێکی ئاسایی دیاری دەکا، چونکە کارێکی بەر دەوامو هەمیشەیی‌یە هەر وەك لە ئایەتەکەدا دەر دەکەوێ.

بۆیە مەولەوی دەڵێ: دڵی ئیمە لە خشتی وێرانە دروست کراوە، چونکە تا ئێستا بە هۆی بێ فکری‌و بێهۆشی خۆمانەوە لە خودا نەگەیشتوین‌و چاوی دڵ نابینا بووە بۆ ئەوەی خودای پێ ببینین‌و بزانین چ دەکاو فەرمانەکانی چی‌یەو بۆچی هەر تاوەی بە جۆرێك خۆی پێشان دەداو مەبەستی چی‌یە؟

هەروەها مەولەوی ئەو سۆفی‌یە بلیمەت‌و هەڵکەوتووە لە دێری سێهەم‌دا هێما بۆ مەسەلەکەی حەزرەتی ئیبراهیم دەکا کە بیری لە بەدی هێنەرو دروست کەری جیهان‌و کایینات‌و بونەوەر دەکردەوە، یەکەم جار کە ئەستێرەی ورشەدارو تریفەداری شەوی تاریکی دی، بە خودای خۆی دانا، دوای ئەو کە مانگی جوان‌و تریفەدارو روناکی دی لەو جوانترو تریفەدارتر بو، پەشیمان بۆوەو ئەوی کرد بە خودا، لە پاش مانگیش خۆری دی، دەستی لە مانگ هەڵگرت‌و ئەوی بە خودای خۆی هەڵبژاردو لە دوایی دا خودای خۆی دۆزیەوە، هەروەك چۆن لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە.

پشیمانم هەوەس زانوش جازمەن تەعزیم جەناب پیری لازمەن
بالا کەردەوە، مەیل ئەولای پەستی وردیکلانەن دەروازەی هەستی

واتە: نێو چاوانم بە ئارەزوی ڕێز گرتنی جەنابی پیری‌یەوە تا ئاستی ئەژنۆم چەماوەتەوە، پیری بەژن‌و بالامی چەماندۆتەوەو ئارەزوی سەردا نەواندنی هەیە، چونکە تەمەن بەرەو تەواو بون دەڕواو ملی ڕێگای گۆڕی گرتۆتە بەرو دەرگای گۆڕ

هێنده چکۆڵەیە کە دەبێ ئینسان ملی بۆکە چ بکا تا لەو دەرگا بچوکەوە بچێت، هەروەك لە سەر دەمی منداڵیمان دا چۆن چکۆڵە بوین کە هاتینە دنیاوە، ئاواش دەبێ لە دوایی تەمەنمان دا چکۆڵە بینەوەو باڵامان بچەمێتەوە تا بتوانین بە ئاسانی لە دەرگای ژیانی دنیاکەی تردە بچین.

مەولەوی مەبەستی ئەوەیە بۆیە باڵام ئارەزوی پەستی‌و نزمی دەکا، چونکە دەروازەی چونە دەرەوەی دنیا زۆر بچوکە، شاعیر بۆ ئەوەی زیاتر فەلسەفەی مەبەستەکەی ڕون بکاتەوە لە دێڕی دوهەم دا هێما بۆ ئایەتی ژمارە شەست‌و هەشتی (۶۸) سورەی «یاسین» دەکا کە خودای گەورە تێیدا دەفەرمۆیت:

«وَ مَنْ نُّعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِی الْخَلْقِ اَفَلاٰ یَعْقِلُوْنْ»

واتە: هەر کەس تەمەنی زۆر بکەین‌و بگاتە سەر دەمی پیری‌و بە سالاّ چویی هەڵی دەگێڕینەوە، هۆنەر لە سەرەتای سوڕەتەکەدا باسی ئەوگوناحکارو تاوانبارانە دەکا کە چۆن لە ڕۆژی پەسلاّن‌و دوایی دا لە خاوەن باوەڕان‌و بە ئیمانان جودا دەکرێنەوە، هەروەها چەشنێکی سزادانیان پێشان دەدرێ بەوەی کە تەمەنیان درێژ دەکەن‌و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کات‌و سەردەمی منداڵی‌یان دەگێڕنەوە، بەڵام بە پێچەوانەی منداڵەوە، چونکە منداڵ هەر کارێك بکا ئامانج‌و مەبەستێکی دیاری‌و ئاشکرای تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەو کەسانەی تەمەنی درێژیان هەیەو تاونبارن هەر چەند کاری منداڵانەش بە هۆی ئەو کارەوە دەبنە جێی گاڵتەو تانەو تەشەری خەڵك‌و هەست‌و هۆش‌و ژیری‌یان لە جێی خۆی‌دا نامێنێ‌و دڵیان تەنگ دەبێ‌و بیرو زەینیان بەرەو کز بون دەڕوا.

ئەم شیعرەی مەولەوی پڕە لە داهێنان‌و جوانی‌و وردەکاری‌و زادەی هەست‌و هۆش‌و بیری وردو خەیاڵی ناسکی خۆیەتی‌و هۆنەر هۆی ڕاستە قانی ئەم دانەواندنەی کە پیری‌یە بە شێوەی «جوانی بایس» واتە «حوسنی تەعلیل» گوێستۆتەوە بۆ شێوەو بەڵگەیەکی‌تر کە بریتی‌یە لە ڕێز گرتن‌و مەزنایەتی پیری،

یانی پیری هێنده گەورەو مەزنو بەڕێزە، شایانی ئەوەیە کە تەعزیمو کڕنوشی بۆ ببرد ڕێت.

مەولەوی ورد بینو ناسك خەیاڵی هەمولایەنێکی ئایینی لە تاقە هۆنراوەی دوای ئەو دێرەدا دەڵێ:

سفیدیت قەڵغان پەی ڕوی سیات بۆ کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ

واتە: هیوام وایە کە سپیەتی موی سەرو ڕیشم ببێ بە قەڵغانو نەهێڵێ لە ڕۆژی دوایی دا ڕو ڕەش بمو پیریو چەمانەوەی باڵام وەك کەوان ببێت بە تکاکار بۆ ئەوەی توشی سزای گوناحو تاوانباری نەبم.

هونەر لەو هۆنراوەدا بە پێی زانستی جوانکاری هونەری «تیباق»ی بەکار هێناوەو چەند وشەیەکی وەك سپیو ڕەشیو تیرو کەوانو قەڵغانی تێدا کۆ کردۆتەوە وە هەروەهاماژەو هێماشی کردووە بۆ ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی موحەممەد «ص» کە فەرمویەتی:

«اَلنَّظرُ سَهْمٌ مسموم مِنْ سَهٰامِ الشَّیْطانِ»

واتە: ڕوانینی شتی حەرام تیرێکی ژاراویە لە تیرەکانی شەیتان، شایانی باسە مەولەوی بۆیە ئەوانەی لێرەدا کۆ کردۆتە کە بە هۆی ئەوانەوە بتوانێ تا خۆی نەخاتە ریزی ئەو پیرە پاشە ڕۆژ تاریکو چارە ڕەشو خراپانەی کە خودای گەورەیان لێ تۆراوەو هەمیشە چاوەڕێی بەخشینو بەزەیی خودان «تلوع» و «غروب» سوب، ئیوارانەن «مەعاش» و «سەبات» دەردەدارانەن.

واتە: دەرکەوتنی ئەو دۆستە ئازیزو خۆشەویستە لە کاتی بەیانیاندا مایەی خۆشیو ژیانی دۆستە دەردە دارەکانیەتیو ئاوا بونی لە ئێواراندا هۆی هێمنایەتیو ئارام بونو حەسانەوە یانە، مەولەوی بەدو وشەی (سەبات)و «مەعاش» هێما بۆ دو ئایەتی ژمارە نۆ (٩) و یازدە (١١) لە سورەی «نەبأ» دەکاکە

خودای بێ‌وێنه تێیدا دەفەرمۆیت: «وَجَعَلْنا نَومَكُمْ سُباتاً، وَ جَعَلْنا النَّهارَ مَعاشاً» دیاره رێك‌و پێكی كارو كردەوەی ئینسان نیشانەی شكۆو گەورەیی خودایەو هوونەر لەو رێك‌و پێكی كارو كردەوەیە ئەوەیەكە یەزدانی مەزن خەوتن‌و نوستنی ئینسانی كردووە بە ماوەو سەردەمێكی حەسانەوەو پشودان‌و ڕاەوستان، چونكە لە كاتی خەوتن‌دا هەمو ئەندامەكانی هەست دەپچڕێن‌و هیچ جۆرە جۆلانەوەیەكیان نامینێ‌و ئینسان‌و گیان لەبەران‌و زیندەوەران لەو كاتەدا بە تێكرایی دەكەونە باریێكی واوە كە نە، مردون‌و نە، زیندون‌و مەبەستیش لەو كارە تەنیا پشودانی ئینسان‌و گیان لە بەران‌و حەسانەوەی گیان‌و بیرو هەست‌و هۆشیانە لەو ماندۆیتی‌یەی كە لە سەردەمی بێداری‌و وشیاری‌دا كێشاویانە، یان بە جێ‌یان هێناوە.

هەروەها خودای گەورەو شەوی تاریك‌و تنوكی كردووە بە بەرگێكی داپۆشەر بۆ ئەوەی ئەو كات‌و بارەی تێدا بێتە دی‌و رۆژی روناكیشی كردووە بە بازارو شانۆیەك بۆ بەدی هێنانی كارو فەرمان‌و تێكۆشان‌و چالاكی‌یەكانی ژیان، لەوانەوە رێك‌و پێكی كارو هێزو دەستەلاتی بێ‌سنورو بێ‌برانەوەی خودای گەورە دەر دەكەوێت‌و بێجگە لەوەش شێوەو دروستكردنی ئینسانیش لەگەڵ هەستان‌و دانیشتن‌و جۆلانەوەو پێویستی‌یەكانی دا رێك بكەوێ‌و لەگەڵ چۆنیەتی دروست كردنی بونەوەرو جیهان‌و سروشت‌دا بگونجێت.

های ساقی بازاڕ جیلوەی دڵدارەن　　سەودای خڕیدار، دانەی دیدارەن
یەكێ وە مایەی گەنج كەیەوە　　چون منیچ وەتای فەرتوت نەیەوە

واتە: ئەی مەیگێڕ ئێستا بازاڕی دەركەوتنی دڵداران گەرمەوكاتی سەودا كردنی كڕیارانە بۆ گەوهەری ڕوی یارو هیندێ كەس لەو سەودایە دا سامان‌و سەرمایەی دەستیان گەنجی كەیخەسرەوەو منیش دەس مایەكەم تاڵە دەزوی كۆن‌و پەڕپوت‌و

لێك هەڵوەشاوەیە، هۆنەر لەو هونراوەیەدا هێما دەکا بۆ داستانی فرۆشتنی حەزرەتی «یۆسف»

دەگێڕنەوەو دەڵێن کاتێ حەزرەتی یۆسفیان دەفرۆشت کڕیارێکی زۆر هاتن بە سەرمایەوگەنجێکی زۆرەوە، لە ناوکریارەکان دا پیرە ژنێك دەیەویست «یۆسف» بکرێ، بەڵام جگە لەگڵۆلەیەكوکەڵافە دەزویەکی بێ نرخ سەرمایەوگەنجێکی تری نەبو، شاعیر بەو پەڕی هەستو سۆزەوە ئیشارە بۆ ئەو چێروكو داستانە دەکا، چونکە هەروەك لە هۆنراوەکەدا ڕونی دەکاتەوە چاوە ڕێی ئازیزو خۆشەویستەکەیەتی تا بگەڕێتەوە بۆ ولاتو نیشتمانەکەی کە گڵێنەی چاوی مەولەوییەو داوای گەڕانەوەی بۆ کڕینی ڕوی وەك گەوهەر جوانو تروسکەداری یار، دۆستانو هاوەڵانی کە چواندویەتی بە گەنجەکەی «کەیخەسرەو» ئامادەن بۆ کڕینی ڕوی درەوشاوەوەو پڕتەوداری ئازیزو خوشەویست.

ئەگەرچی مەولەویش هەر لە زیری ئەو کڕیارانە دایە، بەڵام سامانو سەرمایەکەی لە چاو سامانی دۆستانی وەك سەرمایەی پیرەژنەکە بێنرخو بێبەهایە، لێرەدا ئەو هۆنراوەی هۆنەری دڵ سوتاوی کورد خوا لێ خۆش بو مامۆستا مەلا سالحی «حەریق»مان دەکەوێتەوە بیر کە گوتویەتی:

کتێبی عیشقی مەجنون ئایەتی ڕوخساری لەیلایە
لە سورەی «یۆسف» ادەرسی جنونی ئێمە نوسراوە
کەسێ فیترەت بڵند بێ بۆ ڕەواجی سکەیی دینی
خەڕاجی «میسر»ی قەلبی خۆیبە حوسنی «یۆسف»ی داوە

ئەوە لە ڕواڵەت دا سادەو ئاسایییە، بەڵام بە پێی بۆ چونی شاعیر مەبەستێکی گەورەو گران بە دەستەوە دەدا، چونکە سەرمایەو سامان لای شاعیرێکی وەك مەولەوی سامانێکی ماددی نییە، بەڵکو ئەو سامانە ڕوحیو مەعنەوییە کە

قازانج‌و به‌هره‌ی بۆ دنیای هه‌میشه‌یی هه‌یه‌ ـ ئینسان له ئه‌نجامی تێکۆشانی خودا په‌رستی‌دا به ده‌ستی دینێ‌و چاکترین خودا ناسیش ئه‌و ئینسانه‌یه که شانازی به پله‌و پایه‌ی ئایینی‌و دینی خۆیه‌وه نه‌کا، بۆیه مه‌وله‌وی سۆفی‌و خودا ناس دۆستان به ساماندارتر داده‌نێ له خۆی به شاد بونه‌وه‌و نزیك بونه‌وه له خۆشه‌ویسته‌که‌یان.

مه‌وله‌وی که‌یخه‌سره‌وی هێناوه‌و گه‌نج‌و سامانه‌که‌ی کردووه به ده‌رخه‌ری سه‌رمایه‌ی خودا په‌رستی دۆستانی‌و له‌م ڕووه‌وه ئه‌وان له چاو ئه‌ودا پادشان‌و شادبونه‌وه به ڕوی یاری خوشه‌ویست له‌وانه زیاتر نزیکه تا له مه‌وله‌وی که له ڕوی سامانه بێ نرخ‌و بێ بایه‌خه‌که‌وه وه‌ك پیره‌ژنه‌که وایه.

لێره‌دا ده‌بێ ئه‌وه‌ش بڵێین که خۆشه‌ویسته‌که‌ی مه‌وله‌وی‌و دۆستانی خۆشه‌ویستی‌یه‌کی مه‌عنه‌وی‌یه‌و ئه‌وینێکی مه‌عنه‌وی‌و حه‌قیقی‌و ڕاسته‌قانی کۆیان ده‌کاته‌وه.

یا وا پێم نامه‌ی «شیرین خیتامه‌ت» /ده‌ك ده‌ك نه‌ریزۆ سه‌ر په‌نجه‌ی خامه‌ت/ واته: نامه دواییه خۆشه‌که‌تم پێ گه‌یشت، یا خودا هه‌رگیز ئه‌و په‌نجانه‌ت که قه‌ڵه‌مه‌که‌یان به ده‌سته‌وه گرتبو نه‌ڕزێن‌و هه‌میشه هه‌ر له کاردا بن، مه‌وله‌وی ئه‌و شیعره‌ی بۆ شیخ به‌ها ئه‌دین نوسیوه له وه‌ڵامی ئه‌و نامه‌یه‌دا که به بۆنه‌ی هاتنه‌وه‌ی شێخ زیبائه‌د دینی برای بۆی ناردووه‌و له‌و تاقه شیعره‌دا ده‌ڵێ: نامه جوان‌و به نرخ‌و ڕازاوه‌که‌تم پێ گه‌یشت‌و له خودا ده‌پاڕێمه‌وه که په‌نجه‌کانت نه‌ڕزێن‌و هه‌میشه پێنوس‌و خامه‌که‌ت له‌کار دا بێت، وشه‌ی «شیرین خیتامه‌ت» هێما بۆ ئایه‌تی ژماره بیست‌و پێنجی (۲۵) سوڕه‌ی «اَلْمُطَفِّفِینْ» ده‌کا که خودای بێ‌هاوتا تێیدا ده‌فه‌رمۆیت:

«یَسْقَوْنَ مِنْ رَحیقٍ مَخْتُومٍ خِتٰامُهُ مِسْك»

واته: ئینسانه چاکه‌کان له ناو به‌هه‌شت‌دان‌و ئاو دێری ده‌کرێن له شه‌رابێك که له ناو بلورێکی مۆرکراو داو مۆره‌که‌ی مسکی بۆن خۆشه‌و ڕه‌حیق به‌و شه‌رابه ڕون‌و

بێ گەردو خاوێنە دەگوترێ کە هیچ چەشنە لێڵی و خڵتەیەکی پێوە دیار نییەو مەبەست ئەوەیە ئەو شەڕابە جوانە لە قاپ و پەرداخی تایبەتی دا ئامادە کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە هۆی خودا پەرستی یەوە لێی نزیك دەبنەوەو ئەو قاپ و پەرداخانەش جورێکن کە لە کاتی شەڕاب خواردنەوەودا زۆر بە جوانی دەدرەو شێنەوە، هەر وەها چواندنی ئەو نەخش و نیگارانەش بە مسك، دیسان ناسکی و ڕازاندنەوەیەکی جوانتری تێدایە، مەولەوی بە نامەو وشەکانی شێخ بەهائەد دین ئەوەندە مەست و شەیدا بووە، وای لێکردووە پەنا بەرێتە بەر ئەو ئایەتە قورئانی یەو هەمو هەست و سۆزی دڵی خۆی بەرانبەر بە شێخ و دەست و پەنجەو قەڵەمەکەی دەربڕێت.

نمانای بەهەشت پیشانی «نوری» ئازیز وەی سفتەی دۆزەخ دوری

واتە: مەولەوی تا ئێستا لە دۆزەخی دوری دا بو، بەڵام کە بەهەشتی ڕوخسارو ناو چاوی شێخی دی کەوتە بەهەشتەوە، هۆنەر لەو تاقە هۆنراوەیەدا بە وشەی «نور» هێما دەکا بۆ ئایەتی ژمارە دوازدەی «١٢»، سورەی «حەدید» کە خودای گەورە تێیدا دەفەرمویت:

«یَوْمَ تَرَی الْمُؤْمِنینَ وَ الْمُؤْمِناتِ یَسْعٰی نُورُهُمْ بَیْنَ اَیْدِیهِمْ وَ بِأَیمانِهِمْ»

واتە: ئەو پاداشە بە نرخە بۆ موسوڵمانەکان هەیە لەو ڕۆژەداکە موسوڵمانەکان لە حاڵێك دا دەبینی ڕوناکی یان وەکو چرا لە بەر دەمیانەوە، یا لە لای ڕاستیانەوە لەگەڵیان دا دەگەڕێت.

ئاهوی خوتەنی فەیز ئیلاهی نافەی ناف ڕاهی جەمەھ تا ماهی
شکۆفەی وەش بۆی ڕەیحانەی ڕەسول نەو باوەی «نەمام» «طیبە»ی بەتول

واتە: ئەی ئاسکی خۆتەنو ئەی فەیزو بەرەکەتی خوداکە ناو بانگی بۆن خۆشی میسکی ژێر ناوکت لە ئاسمانەوە تا بنی عەرزی دا گرتووەو ئەی خونچەو

شکۆفەی بۆن خۆشی ریحانەی پێغەمبەرو ئەی تازە خەڵفی درەختی پاکی حەزرەتی فاتیمە، مەولەوی دانانی سیفاتی «تەیبە»ی بۆ «نەمام» لە ئایەتێ ژمارە بیستو چواری (٢٤) سورەی «ئیبراهیم» وەرگرتووە کە بەدیهێنەرو پەروەردگاری هەر دو جیهان تێیدا دەفەرمویت:

«كَلِمَةً طَيِّبَةً شَجَرَةً طَيِّبَةً أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَ فَرْعُهَا فِي السَّماءِ»

شمس قیس رازی صاحب المعجم فی معاییر اشعار العجم در قرن ششم هجری، تعجب کرده است از اینکه عامهٔ مردم عراق یعنی ناحیهٔ مرکزی و غربی ایران به شعرهای شیوا و دلاویز دری توجهی ندارند و از سروده‌ها و شعرهایی که به زبان محلی ایشان ساخته شده است بیشتر لذت می‌برند. اینکه شاعران بزرگی مانند بندار رازی، سعدی، حافظ، اوحدی، همام تبریزی، جمال الدین اصفهانی و دیگر شاعران، غزل‌ها و ابیاتی به زبان محلی خود سروده‌اند، خود دلیل آنست که این گونه سروده‌ها در زبان ایشان مقبول عام بوده و خواهان داشته است. سرهنگ اوژن بختیاری در مقدمهٔ تذکره، شعرای چهارمحال و بختیاری می‌نویسد: «همهٔ شعرای این مناطق علاوه بر سرودن اشعار به فارسی، به زبان بختیاری اشعار فراوان سروده‌اند و اکثر این شاعران دیوان‌هایی بزبان محلی و لری دارند».

بنابر همهٔ این مدارک و شواهد کافی و متقن باید اذعان داشت همهٔ نقاط ایران کردستان است و همهٔ مردمش از یک نژاد و ریشه بوده، یکسانی و برابری از کلیهٔ مزایای این آب و خاک برای همه مساوی است، همه ملت واحدی

هستند کرد یا لری که زبان و آداب و رسوم و قومیت خود را در طول زمان از دستخوش عواملی محفوظ داشته، نشانگر یکرنگی و ثبات و استقامت در اصالت ایرانی بودن خود است، نه بقصد فاصله و جدایی از هم میهنان خود است و نه در فکر انفصال پذیری و پشت پا زدن به همهٔ عواطف انسانی و اخلاقی. پس از ته دل همه با هم یکصدا بر زبان میآوریم:

همه جای ایران سرای من است که نیک و بدش از برای من است

سنندج ـ ۷۱/۲/۳۰

جلوه‌هایی از صور خیال در شعر مولوی کرد

از علی رخزادی

به نام خداوند جان آفرین حکیم سخن در زبان آفرین

دوران سپری گردد و خورشید بماند،
گویند هنرمند دو تاریخ ندارد،
کی آمد و کی رفت ز دنیا؟
زیرا که هنرمند توانا،
یکدم به جهان آید و جاوید بماند.

به انسان "گفتن" آموختند و بیان اوج تجلی شعور انسان شد و این موهبتی شگفت است.

بیان یعنی، پژواک ذهن پویای انسان در برابر پدیده‌ها، یعنی فرار انسان از ظلمت تنهایی، و یعنی زیستن با دیگران.

انسانهای عادی تنها از شیوهٔ غریزی بیان، برای انتقال اندیشه‌های خود بهره می‌گیرند ولی هنرمند به ابداع و نوآوری در بیان ایده‌های خویش می‌پردازد زیرا هنرمند می‌داند که: تنها غریزی باقی ماندن خشکیدن است. می‌گویند جوجهٔ بی‌منقار در پوست خواهد مرد همان گونه که انسان بی‌اندیشه و بیان در خفقان گنگی خواهد پوسید و انسان متفکر نمی‌پوسد بلکه حیات می‌بخشد و این ممیزهٔ هنرمند و غیر هنرمند است، یکی غریزی باقی می‌ماند و صرفاً حیوانی و دیگری

پویا و اندیشمند و در نتیجه انسانی.

پویای اندیشمند از محسوسات و مدرکات خود مایه می‌گیرد و به ترکیب‌سازی و ابداع می‌پردازد و زندگی را رنگ و جلاء می‌بخشد.

- "**جان راسکین**" نقاد انگلیسی می‌گوید: غروبهای انگلستان بعد از نقاشیهای "تورنر" زیبا شده است. و این حقیقت عمیقی است.

- "**بورودین**" آهنگ‌ساز روس، سکوت بیابان را در یکی از آثارش به نحو بارزی منتقل می‌کند.

- "**حافظ**" به طلوع ماه هلال و جلوهٔ آن بر آسمان لاجوردی تصویری جاودانه بخشید منظره‌ای که دیگران نیز دیده بودند ولی در نیافته بودند:

مزرع سبز فلک دیدم و داس مه‌نو یادم از کشته خویش آمد و هنگام درو

شاعران توانا هنرمندانی خلاق‌اند که از اشخاصی گمنام و عادی نظیر ما، چهره‌های جاودانه و باعظمتی چون رستم، هاملت، و اتللو و ...به وجود آورده‌اند و آنان را در تاریخ زندگی، ماندنی ساختند.

یکی از شعرای چین به نام "**لوچی**" می‌گوید: ما شاعران با عدم می‌جنگیم تا بدان هستی دهیم. مشت بر دروازه سکوت می‌کوبیم تا موسیقی پاسخگویی بشنویم.

ما فضای بیکران را در یک وجب کاغذ می‌فشریم.

و از فضای دو انگشتی قلب، سیلابی بیرون می‌ریزیم.

و می‌افزاید: شاعر کسی است که آسمان و زمین را در قفس قالب می‌اندازد.

در نتیجه شعر، حرکت اندیشه است، هیجان است، شور و خیال‌انگیزی است، و شعر صرفاً خبر نیست بلکه رسالتش بالاتر از خبر است. زیرا اگر شعر فقط خبر بشود دیگر شعر نیست، بلکه نظم است.

شعر باید در روح و احساس دیگران چنگ بزند و آنان را دگرگون سازد، و

بدین سان "شعر" بیان هنرمندی است که با حواس خود، احساس یافته است و محصول احساس خویش را به افراد هم زمان و غیر هم زمان خود تقدیم می‌دارد.

شعر پژواک روح شاعر و انعکاس روزگار وی است. شاعری که با زبان غیر زمان خود سخن می‌گوید و در حال و هوایی غیر از روزگار خویش نفس می‌کشد، در حقیقت او شاعر نیست و سخن او نیز شعر به حساب نمی‌آید، بلکه او ناظمی است که صرفاً به بازیگری با الفاظ می‌پردازد و چه بسا سخن او قبل از وی و یا هم‌زمان با مرگ وی، خواهد مرد، اینان کسانی هستند که قبل از اینکه بخواهند مردم را فریب دهند، خود را می‌فریبند و ما را با این افراد و سخن آنان در این مقوله بیش از آنچه گفتیم کاری نیست.

شاعران و هنرمندان واقعی، همواره ایام در جهت اعتلای انسانها و رشد و شکوفایی ذهنها و روشن ساختن راههای تاریک هستی انسانها، گام زده‌اند و نسبت به ادای وظیفه انسانی خود در قبال جوامع بشری کوتاهی نورزیده و پیش رفته‌اند و در نتیجه نامشان جاودانه تاریخ گشته است.

ماکسیم گورکی می‌گوید: هر اثر هنری که از روی درستی، عشق به انسان و سلامت نفس به وجود آمده باشد، اگر دشمن معتقدات شما هم باشد، قابل پرستش است.

و هم او می‌گوید: شاعر اصیل و هنرمند اصیل در خارج از چارچوب زمان و مکان خود نمی‌تواند وجود داشته باشد و اگر به زمان و مکان خود وفادار بماند و نمایندهٔ صمیمی نسل خود و انسانهایی که در کنارش زندگی می‌کنند، باشد، بدون تردید به زمانها و مکانهای دیگر نیز تعلق خواهد داشت.

شاعران راستین تجربه‌های عاشقانه و فردی خود را کلیت می‌بخشند و به ما انتقال می‌دهند تا ما نیز از این تجربه‌های آنان سهمی بیابیم.

"شلی" شاعر انگلیسی می‌گوید: "شاعران، قانون‌گذاران به رسمیت شناخته‌نشدهٔ جهانند". به قول "ادوارد مورگان فوستر" کدام قانون است که شاعر پیشنهاد می‌کند؟ جز اینکه بگوییم، هنرمند و شاعر قانونی را پیشنهاد می‌کنند که آیندگان به آن پی خواهند برد وگرنه در عصر خود شاعر شناخته شده نیست و تحت ضابطه درنمی‌آید. ای بسا شاعر که بعد از مرگ زاد / چشم خود بربست و چشم ما گشاد هنرمند با آفرینندگی خود، قانونگذاری می‌کند، و با حساسیت خود و نیروی وصع کردن "فرم" (صورت، قالب) می‌آفریند، زیرا بدون "فرم"، حساسیت نابود می‌شود.

گفتیم که غریزی ماندن خشکیدن است. و شاعر آن انسانی که غریزی نمی‌ماند و فراتر می‌رود او قدرت ترکیب‌سازی دارد و از ماده‌های خام و خشک، ترکیبهای پخته و جان دار می‌سازد.

"شلی" می‌گوید: شعر، همه چیز را به زیبایی تبدیل می‌کند. زیباییِ آنچه را زیباترین است، اعتلا می‌بخشد و به چیزی که هر چه بدنماترست زیبایی می‌دهد.

شادی و ترس، غم و سرور، ابدیت و دگرگونی را با هم تلفیق می‌دهد، و با قیدی سبک همهٔ چیزهای آشتی‌ناپذیر را به حال وحدت درمی‌آورد.

شعر گزارش بهترین و سعادت آمیزترین لحظات سعادتمندترین و بهترین ذهنهاست، هنرمند خوب، قوامِ یک ملت است، رکن نگهدارنده یک قوم است.

یک سیاستمدار انگلیسی می‌گوید: اگر از انگلیس بخواهند، هندوستان را بگیرند یا شکسپیر را، صلاح این است که انگلیس هندوستان را بدهد و شکسپیر را نگاه دارد.

هنرمند خوب جزئی از اجزای بدن افراد یک ملّت می‌شود، و پاره‌ای از شخصیت همهٔ آحاد آن جامعه خواهد بود. مولانا، حافظ، سعدی، در تار و پود همهٔ افراد ملت ایران جای دارند، و هیچکس آنان را از خود و خانوادهٔ خویش

جدا نمی‌داند، شکسپیر نیز در انگلستان چنین حکمی را دارد و دیگرانی که نام آوران تاریخ ادب و هنر ملتها هستند نیز به همین منوال.

به قول **وردس ورث** : The poet is a man speaking to men شاعر انسانی است که با انسانهای دیگر صحبت می‌کند.

مک لیش می‌گوید: در شعر کوشش تو بر این است که چیزی را که همه از پیش می‌دانند، چنان بگویی که هیچ کس آن را نفهمیده بوده است، و اگر در این راه توفیق حاصل کنی، اهمیت کار تو از کشف یک قانون علمی کمتر نیست.

کلام شاعر، عصاره و چکیده‌ای خالص از یک اندیشه است که در قالب واژه‌هایی محدود و دقیق انتخاب شده، قرار گرفته است. سخن شاعر، ترجمان احساس انسانهایی است که می‌دانند و درک می‌کنند اما نگفته‌اند یا نتوانسته‌اند بگویند.

محفل و حرف شاعر، پناهگاه و آرام بخش دردمندان است.

هائو سمن (housman) در کتاب "نام و ماهیت شعر" می‌گوید:

-اگر مجبور بودم که تعریفی از شعر ندهم، بلکه اسامی گروه چیزهایی را که شعر به آنها تعلق دارد، نام ببرم، شعر را نوعی "ترشح" می‌نامیدم، خواه ترشحی طبیعی مثل ترشح صمغ از کاج و خواه ترشحی غیر طبیعی و مرضی، مثل تشکیل شدن مروارید در صدف.

پس ما که در برابر پدیده‌ای به نام شعر قرار می‌گیریم، انتظار داریم که از این پدیدهٔ نوظهور نتیجه‌ای دریافت کنیم و به جایی برسیم. اما انتظار اینکه سخن شاعر، به سهولت نوشیدن آب، در کام ما فرو رود، انتظاری ابتدایی و خام است. زیرا این امر وظیفهٔ شاعر نیست بلکه او، ما را به میدان "اندیشیدن" می‌کشاند و به ما فرصت می‌دهد تا رابطه‌ها را با تلاش اندیشه خود دریابیم. او تجربه‌های حسی خود را در شعرش برای ما به نمایش می‌گذارد و کشف رابطه‌های ذهنی او

به عهده ماست و هنگامی که مای خواننده یا شنونده به این کشفهای بدیع برسیم، احساس لذت می‌کنیم. در حالی که کلام بی‌ابهام هیچگونه جاذبه‌ای ندارد و شوری در دل و لذتی در خاطر به وجود نمی‌آورد.

مالارمه می‌گوید: اگر چیزی را به همان نام که هست یعنی به نام اصلی خودش، بنامیم، سه چهارم لذت و زیبایی بیان را از میان برده‌ایم زیرا کوششی که ذهن برای ایجاد پیوند میان معانی و ارتباط اجزای سازندهٔ خیال دارد بدینگونه از میان می‌رود و آن لذت که حاصل جستجو است به صورت ناچیزی در می‌آید.

عبدالقاهر جرجانی می‌گوید: معنی در کلام باید به مانند مرواریدی باشد، در صدف، تا صدف را نشکافی آشکار نشود و یا به مانند دلبری پردگی، که تا اجازت و دستوری نداشته باشی، حجاب از چهره برنمی‌دارد و هر کسی را توانایی شکستن صدف نیست. و او می‌افزاید البته این شیوهٔ گفتار را نباید با تعقیدات کلام اشتباه کرد که از عیوب سخن به شمار می‌روند.

بنابراین ورود به حریم مقدّس شعر اهلیّت می‌طلبد.

به قول استاد **خاقانی**:

بلی، هر زری را عیاراست و وزنی　　محک داند آن و ترازو شناسد
بیانی که نغز است، فرزانه داند　　کمانی که سخت است، بازوشناسد

و بی‌مناسبت نمی‌دانم سخن **بهار** را نیز ذکر نمایم:

شعر دانی چیست؟ مرواریدی از دریای عقل
شاعر آن افسونگری کاین طرفه مروارید سُفت
صنعت و سجع و قوافی هست نظم و نیست شعر
ای بسا ناظم که شعرش نیست اِلاّ حرف مُفت

شعرآن باشد که خیزد از دل و جوشد ز لب
لاجرم در دل نشیند هر کجا گوشی شنفت
ای بسا شاعر که او در عمر خود نظمی نساخت
وی بسا ناظم که او در عمر خود شعری نگفت،

دریای پربار اندیشه‌های توانمند قوم ایرانی در پهنهٔ وسیع وخروشان خود، همواره دارای مرواریدهای گران سنگی بوده است که همیشهٔ ایام پشتوانهٔ سخن و ادب و هنر این قوم و ملت بوده‌اند و وجودشان مغتنم تاریخ ادب و هنر بوده است.

یکی از این چهره‌های سرشناس عالم شعر، **مولوی کرد** است که بی‌مداهنه در آسمان پر از ستارهٔ شعر این گوشه از پهنهٔ ایران زمین، خوش درخشیده و تابناک باقی مانده است. او عارفی دلسوخته و سخنوری آتشین دم است که معیارهای از پیش بر شمردهٔ شعر و شاعری بر قامت رسا و هنرمند او برازنده است.

این شاعر توانا در ترکیب سازی و تصویر پردازیهای شاعرانه به حقیقت موفق و بلند پایه است و در کنار معانی ژرف کلام وی آنچه سخن این شاعر عارف را پر از جاذبه و کشش ساخته است همانا، ترکیب‌سازی و صورت پردازیهای ذهنی و بسیار لطیف و مهربان وی است،

خوش کننده‌ست و خوش و عین خوشی بی خوشی نبود خوشی ای مرتشی

و مابه اقتضای فرصت در دریای اندیشهٔ والای این هنرمند دست و پایی می‌زنیم و صدفهایی از "آرایه‌های هنری و بلاغی" وی را لمس می‌کنیم. باشد که وظیفه‌ای ناچیز را در پهنهٔ معرفی یک هنرمند به انجام رسانده باشیم.

شعر مولوی کرد با شرایط طبیعی و اقلیمی و خصوصیات نژادی این مردم

کاملاً سازگار است. پژواک نوای او، همواره در دل کوهساران رفیع این منطقه به گوش جان شیفتگان شعر کردی می‌رسد. کلام وی تراوش طبیعی درون شاعر است، همان صمغ است که در قالب ذهن او جریان یافته و مرواریدهای سخن را در صدف جانش شکل داده است، لاجرم ما نیز مروارید کلام وی را به صدف جان خویش می‌سپاریم.

شعر مولوی آنقدر صمیمی است که حتی آنانی که به کردی «اورامی» آشنا نیستند، با شنیدنش احساس انبساط خاطر می‌کنند، همان گونه که شعر مولانا و حافظ، خاطرها را صفا می‌بخشد،

همچو اسرافیل، کاوازش به فن مردگان را جان در آرد در بدن
هین که اسرافیل وقت‌اند اولیا مرده را زیشان حیاتست و حیا
جان‌های مرده اندر گور تن بر جهد ز آوازشان اندر کفن

وقتی که به مفهوم آرایه‌ها واقف می‌گردیم، لطافت شعر ده چندان می‌شود. شعر مولوی را می‌توانید از زبان اغلب افراد علاقه‌مند به شعر و ادب کردی بشنوید.

شعر او پویا است، و این ویژگی یک شعر خوب است که در ذهنها "رسوب کند". چه زیبا گفته است، **اسعد گرگانی:**

سخن باید که چون از کام شاعر بیاید، در جهان گردد مسافر
نه زان گونه که در خانه بماند به جز قایل، مراو را کس نخواند

در شعر مولوی با چند تصویر ذهنی برجسته روبرو می‌شویم از جمله:

تشبیه، **استعاره**، **تشخیص** (یا شخصیت بخشیدن به اشیاء و موجودات غیر انسانی)، **ایهام** (یا توریه). که در میان این تصویرها، تشبیه، به خصوص تشبیه محسوس به محسوس و گاه معقول به محسوس از برجستگی بیشتری برخوردار است. یعنی می‌توان گفت حوزهٔ عمومی تصویرهای ذهنی مولوی را

تشبیه و تا حدودی استعاره تشکیل میدهد.

به این دو بیت او گوش بسپاریم:

بالّای ئالّای شەنگ صەد بەلّا پیوەن دووکانچەی شادی دەردینان شێوەن

دڵ مـــەدووە دەم نـــێش ئـێشەوە بی وە قەزای سەخت دیدەی وێشەوە"

شاعر از معشوقی سخن می‌گوید با قامتی بلند چون علم (ئالاً) که صدها درد و محنت برای دردمندان عشق خود، به خویشتن بسته است و دکان شادی و خوشی عاشقانش را بهم زده است.

قلب دوستداران خود را طعمهٔ نیش درد عشق خود ساخته است و قامت بلند او که اکنون به عهد پیری رسیده در زیر بار ناز چشمانش خم شدهٔ و خود نیز گرفتار بلای جاذبهٔ عشق خویش مانده است.

در مصراع اول تشبیه محسوس (یعنی قامت) به محسوس (یعنی علم)

در مصراع دوم تشبیه معقول (شادی عاشقان) به محسوس (دکان)

در مصراع سوم استعارهٔ مکنیه وجود دارد، با حذف مشبه‌به (مثلاً کژدم)

در مصراع چهارم باز هم استعارهٔ بالکنایه مشاهده می‌شود.

مثالی دیگر:

"چون شەماڵەی نوور گڕ گڕانـمه پەی پاس ماران زەنگ زڕانـمه"

شاعر خود را به کرم شب‌تابی مانند می‌کند که از عشق معشوق به دور خود می‌گردد و از خود نور ساطع می‌کند و خود را به نگهبانی یا احتمالاً به قوچی تشبیه می‌کند که زنگ در دست یا در گردن دارد و این زنگ کنایه از آواز خوانی اوست، تا به این وسیله مارهای مخالف و ناپاک را از کوی معشوق دور سازد.

در مصراع اول تشبیه محسوس به محسوس بود و تشبیه معقول (عشق شاعر)

به محسوس (نور کرم شب‌تاب) و در مصراع دوم "مار" را استعاره از دشمن یا مخالف گرفته است و در ضمن، تشبیهی مضمر نیز نهفته است و آن تشبیه خود شاعر است به آن محافظ یا قوچ گلّه، که زنگ در دست یا در گردن دارد.

بیتی دیگر:

"خەرمانی خەمان هاوە کەل با وە شەن کەر یە کێکە دو شەن وە لاوە"

در این بیت ۴ استعارهٔ مصرّحه وجود دارد.

۱ـ "خەرمان خەمان" یعنی خرمن غمها، استعاره از چهرهٔ معشوق که غم عشق ایجاد کرده است.

۲ـ "کەل با" یعنی گردنهٔ بادخیز، استعاره از گردن بلند معشوق که باد حسرت خیز بر دل عاشقان نهاده است.

۳ـ "شەن کەر" یعنی شانه کنندهٔ محصول، استعاره از باد شمال است که بر زلفهای معشوق می‌ورزد.

۴ـ "دو شەن" یعنی دو شانه برای یاد دادن، استعاره از دو زلف معشوق است.

و رویهمرفته معنی شعر چنین می‌شود. باد شمال بر زلفهای معشوق قامت بلند گردن کشیده می‌وزد و چهرهٔ گرد و زیبای او را هویدا می‌کند و دل عاشقان حسرت بار را در تب و تاب عشق می‌اندازد.

بیتی دیگر با ترکیبی از تشبیه و استعاره:

در توصیف زمستان و یخبندان و آویزه‌های یخ می‌گوید:

"چ شیرین زەرگەر، تۆف هەوای سەرد
گۆشواره نەگۆش نە و نە مامان کەرد"

هوای سرد مانند زرگری ماهر است که گوشواره به گوش شاخه‌های درختان آویخته است. مصراع اول تشبیه صریح و سادهٔ هوای سرد به زرگر و مصراع دوم

گوشواره استعاره از آویزه‌های یخ بر شاخه‌ها یا برگهای آویزان شده زرد و پژمرده درختان است و گوش استعاره از شاخه‌های درختان می‌باشد.

مثالی دیگر. با ترکیبی از تشبیه و اقتباس یا "درج"

گۆشه‌ی سیا مالّ هۆردا و دیاوه چون مانگ نه گۆشه‌ی هەور سیاوه

بە خودا قەسەم پاسەم ئومێدەن (حورٌ مقصورات فی الخِیام) ئێدەن

وصف الحال مولوی است در رفتن به سیاه چادر یکی از چادرنشینان جاف که در آنجا با زنی زیبارو که چادر را کنار زده است و به او می‌نگرد، برخورد می‌کند. یعنی:

او (آن زیبارو) گوشه چادر سیاه را کنار زد و نگریست.

مانند ماهی که از پشت ابر سیاه خود را نشان دهد.

سوگند به خدا، امیدوارم که منظور پروردگار از تعریف حوران بهشتی (یعنی حور مقصورات فی الخِیام) باید همین باشد.

تصویر ممتاز دیگر در شعر مولوی «تشخیص» است.

"تشخیص" یا به اصطلاح فرنگی آن (پرسونی فیکیشن) Personification یعنی شخصیت دادن و حیات بخشی به اشیاء بی‌جان طبیعت در کلام خود، که به نظر عده‌ای گونه‌ای استعاره است. صورتی دیگر از تصویرهای ذهنی شاعران توانا است. به قول "کروچه" در کتاب کلیات زیباشناسی، طبیعت در برابر هنر ابله است و اگر انسان آن را به سخن درنیاورد، گنگ است، شاعر می‌کوشد تا به این امر تحقق ببخشد ولی همهٔ شاعران ما در ابراز این شیوهٔ سخن توانا نیستند و شدت و ضعف هنری دارند؛ و مولوی کرد از عهدهٔ این کار برآمده است، آنجا که شاعر دردمند خطاب به گلها و گیاهان و آنها و اشیاء طبیعت سخن می‌گوید و از آنها می‌خواهد تا به واسطهٔ دوری یکی از دوستان شاعر به عزا بنشینند و

دست از رویش و حرکت بازدارند و با او همدرد شوند:

"مەشنیە چین چین، چنوور نەکاوان تو خوا ماتەم بە هاژەی وە فراوان
نەسیم وەس بویەر، وە کۆساراندا وەسەن شانای وەڵگ وە دیاراندا"

یعنی: ای علف‌های چنور از تکان خوردن و رقصیدن بر کوهساران دست بردارید.

و ای صدای آبهای برفها آرام باشید و سکوت کنید،

ای باد ملایم، کمتر بر کوهساران گذر کن،

و دیگر برگهای درختان را کمتر فرو بریز.

و یا خطاب به باد شمال می‌گوید:

شەماڵ، شۆ هۆر کەر بەەر بێ دەرەنگ سەیل وتەم، زەردەی، دیدە و دڵ وەرەنگ
هووناەی سەیل چەم وەشە تاوان دا تەم دڵ، وە ڕووی زاخان کاوان دا
زەردەی ڕەنگ نە وەڵگ ەو تووڵنەمامان تاڵێش مالووم بۆ، نەو پایز، ئامان

در این ابیات علاوه بر تصویر بلاغی تشخیص صنایع ادبی لف و نشر و تقسیم وتناسب نیز وجود دارد.

و یا با روزگار و بخت و غم و درد خود سخن می‌گوید:

چەرخە! یەتۆنی ئەی مەیلە کەردی بەختە! یەتونی شادی ئاوەردی
خەمە فرسەتێ، ئامانەن زامان دەردە مۆڵەتێ نامەی لەیل ئامان...

و یا اعتراض او بر بخت بد خویش که ناگاه دوستی، قطعه شیشه‌ای از یک جام کهنه به دستش می‌دهد و آن شیشه یا جام با زبانی فصیح با وی سخن می‌گوید و وی را پند می‌دهد و راز هستی را بر وی می‌گشاید با این مطلع:

"ڕوێ فکر بەخت سیای وێم مەکەرد پەی چێش هەر پەستی پەرێ من‌ئاوەرد"

و یا به گلدسته‌های مساجد حیات می‌بخشد و آنها را در ماه رمضان پرشور

می‌بیند و مسجدها را در این ماه سرحال و شادمانه می‌یابد، چرا زیرا ماه رمضان فرا رسیده است و شور و حالی در مساجد برپا است، اما میخانه‌ها را اندوهگین می‌یابد و خاموش:

"مناره، صه‌دای صه‌لاش صه‌د ته‌رزه‌ن مـزگی، جـه‌شادی ده‌مـاخش بـه‌رزه‌ن
مه‌ی نه‌خوم چون من نه‌خه‌م ئه‌سیره‌ن مـه‌یخانه صـه‌فاش خـه‌یلێ دڵگـیره‌ن

یکی دیگر از تصویر پردازیهای ذهنی شاعر، ایهام (توریه) است، اگرچه این صفت ادبی را جزو بیان به حساب نیاورده‌انـد. امـا عـده‌ای از عـلمای بـلاغت معتقدند که صفت توریه یا ایهام نیز که دارای دو تصویر قریب و بـعید است و شاعر با تلاشی هنرمندانه از صورتی قریب به تـصویری بـعید دست مـی‌یابد و لذتی در یافتن معنی دور حاصل می‌گردد لذا آن را نیز جزو صـورتهای خـیال برشمرده‌اند.

و در هر حال، مولوی در ایهام‌گویی مهارت داشته است و ما در اینجا به ذکر نمونه‌ای می‌پردازیم:

مولوی می‌شنود که دوست وی دچار سرماخوردگی شده است و شاعر برای او دارو تجویز می‌کند، و سفارش می‌کند که اناری را حرارت بدهد و آن را پس از یافتن حرارت سوراخ کند و مقابل دماغ بگیرد و نفس بکشـد (بـه اصـطلاح امروز بخور بدهد) شفا می‌یابد.

آنچه گفته شد، معنی نزدیک این ایهام بود، اما معنی دور آن که مورد توجه شاعر است این است که آن دوست انار قلب شاعر را بگیرد، قلبی که در سوز عشق معشوق سوخته است سپس با تیرمژه‌های خود انار قلبش را مـورد تـوجه قرار می‌دهد و حرارت عشق وی را دریافت کند تا نسبت بـه وی سـرسازگاری بیابد.

و این ابیات تصویری ایهامی توام با تشبیه است:

شـــنه‌فتم دووربـا لەیـل زوکـامشەن دیشـــــوار بـــــالّای نـــەونەمامشەن
هەنارەکەی دلّ پـرجـەدانـەی ئـێش پیشیای کـووڕەی نـار عـەشق وێش
بە مەودای موژگان سوراخش کـەڕۆ وە گـەرمی نـیشان دەمـاخش دەڕۆ.

در شعر مولوی با تصویرهای زیبای دیگر برخورد می‌کنیم که برای نمونه به ذکر چند مورد بسنده می‌شود و اینها همگی نشاندهندهٔ وسعت آگاهی و بینش این شاعر نسبت به محسوسات و پدیده‌های گوناگون و بسیار ملموس است. غالب این تصویرها غیر کلیشه‌ای هستند و ما جز در دیوان او، در دیوان کمتر شاعری قبل از وی با این تصویرپردازیهای بدیع برخورد می‌کنیم:

تصویر انگشتان دست در وقتی که قلم را برمی‌گیرند و تبدیل به ۶ فرد می‌شوند و با دست دیگر کاغذ حریر گونه را که گوهر الفاظ را می‌سنجد فرا می‌گیرند:

پەنج بی‌یەن وەشەش، شەش ڕووکەرد نە پەنج حەریر نەمابەین بـی‌یەن گـەوهەر سـەنج

که احتمالاً همان تشخیص است.

و اغراقی لطیف: دوستی از او می‌خواهد تا آتش را بدمد، و مولوی با بیت زیر پاسخ می‌دهد که تن او چون خاشاک خشک شده است و در درون او نیز آتش عشق حرارت یافته است، و بیم دارد که اگر آتش را بدمد، سوز درون وی در جسم خاشاک‌گونهٔ او اثر کند و یکباره خاکستر شود زیرا سازش بین خاشاک و آتش حاصل نمی‌شود.

سازش نەما بەین ئاور پووش کەمەن وەر نەهانا مەن نەفەس یەک دەمەن.

در خاتمه یادآور می‌شود که مولوی با توجه به مسلک عرفانی خویش در تصویرپردازیهای خود همواره همهٔ جوانب ادب و اخلاق را رعایت نموده و از دایرهٔ عفت کلام و متانت لفظ و عبارت، خارج نشده است و تصویرهای ذهنی

وی غالباً بهره و مایه‌ای از حکمت و اندرز دارد و در هر حال می‌کوشد تا خواننده را به بیداری و عبرت‌آموزی هدایت نماید و همهٔ این موارد چیزی است که وی بدان اعتقاد دارد و خمیرمایه صداقت و راستی و درستی در کلام وی نهفته است و این را اهل دل بیشتر از دیگران درمی‌یابند.

- زیرا به قول **مولانا:**

نشنود آن نغمه‌ها را گوش حس　　کز ستمها گوش حس باشد نجس
نشنود نغمهٔ پری را آدمی　　کوبود ز اصرار پریان اعجمی
گرچه هم نغمه پری زین عالمست　　نغمهٔ دل برتر از هر دو دمست

به قول خواجهٔ بزرگ:

نه هر که چهره برافروخت دلبری‌داند　　نه هر که آینه سازد سکندری داند
نه هر که طرف کله کج نهاوتندنشست　　کلاه داری و آیین سروری داند
هزار نکتهٔ باریکتر ز مو اینجاست　　نه هر که سر بتراشد قلندری داند
مدار نقطهٔ بینش ز خال تست مرا　　که قدر گوهر یکدانه جوهری داند
ز شعر دلکش حافظ کسی بود آگاه　　که لطف طبع وسخن گفتن دری داند

"والسلام"

مآخذی که کم وبیش مورد استفاده قرار گرفته است:

۱ـ براهنی، رضا: "طلا در مس"، تهران، انتشارات زمان، چاپ دوم ۱۳۴۷
۲ـ بهار، محمد تقی: "مجموعه اشعار".
۳ـ شفیعی کدکنی، محمدرضا: "صور خیال در شعر فارسی"، تهران، انتشارات آگاه، چاپ سوم، ۱۳۶۶
۴ـ گورکی، ماکسیم: "ادبیات از نظر گورکی"، ترجمهٔ ابوتراب باقرزاده، تهران، انتشارات روز، چاپ دوم، ۱۳۴۷
۵ـ مولوی، عبدالرحیم: "دیوانی مولوی کرد" بدون نام و محل انتشارات و تاریخ.
۶ـ دیچز، دیوید: "شیوه‌های نقد ادبی"، ترجمهٔ محمد تقی صدقانی، غلامحسین یوسفی تهران، انتشارات علمی، چاپ اول ۱۳۶۶

گەشتی لە ئاثار مەولەوی دا

یوسف رسول آبادی

هەر بە تاریک و لێڵی بەیان، ئەسپی خەیاڵ زین ئەکەین و تولە ڕێیەکانی هەورامان ئەبرین و تا ئەوساتە ئارام ناگرین کە وێنەی سەرشاتە لە ئاوێنەی چاوەکانمان خۆ پیشان دات و ئێمەش بە سەلەوات مەردومی دیدە بە تۆزی پاڵای بەرگوزیدەی شیعر و ئەدەبی کوردی بە وردی سراغ دەین و بەنۆشینی جامی ئەوین سەرخۆشانە بڵێین:

چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلەکەردی بــەختە یــە تــۆنی شــادّی ئــاوەردی

ڕەپاش مژینی هەوای یــادی فــەرهادی تــاقی ڕومــانتیسمی کــوردوستان ڕو لە خــەم و مەینەت کەین و بە دەم هاوارەوە بڵێین:

خەمە فرسەتێ ساتێ وە بێ خــەم گەرد پاڵاکەش بگێرون وە چەم

ئەوساکە خەمکۆچی بەرە و هەواری ناموڕادی پێک ناو شادی دەست لە نێو دەستی بوکی موڕادی لە سەر تەختی کامەوە بەکەیفی تەمامەوە پاڵی داوە: بە ئیجازە لەگیانی پاکی تاقە مەلەوانی دەریای حەیرفان سەرێ ئەدەینە دیوانی شیعرەکەی و ئەبینە میوانــی خەیاڵی ناسکی وەکو تاڵی هەورێشمی.

بە ڕاستی هەرکەس ناتوانێ لەو مەیدانە پان و بــەرینە تــێ پــەرێ و هــەر لە ئــەوەڵ هەنگاودا دەستی بەرز نەکاتەوە و بە هەڵدانی بەیداخــی سـپی خــۆی نــەداتــە دەست چارەنوسەوە. داخۆ بۆ وایە؟! چۆنەکە کوردێکی دانیشتوی هەورامان کە شاخەکانی شان بە شانی ئاسمان ئەکەن وە تەنانەت لە خەویشدا ژانژاک ڕۆسۆی نــەدیوە و ویکــتور هۆگۆی بە هیچ کلوەجی نەناسیوە. هەر لەو سەردەمەداکە ئوروپا هەست بەوە ئەکات کە

پێویسته له رێگای خەیاڵەوە بەرەو دین کە وێتەرێ. ئەمیش لە هەورامانەوە ئاوازی دڵنەوازی عەشق و ئەوین بە بانگەوازێکی رومانتیکی هەڵ ئەدات، بەڵام نە بە شێوەی رۆژئاوایی، بەڵکو بە شێوەیەکی خۆرهەڵاتی جوان و رێک و پێک کە شنەی ئاوەنگ بێ‌دەنگی تێک ئەدات و سروەی بەیان زیوی ناو چاوانی پرچین ئەکات و گەرمای فرمێسک لە سەرگۆنای ناسکی شوێن ئەخات:

روخسارش وەختێ مەستەڵمەڕۆلێش　　وە شۆی پایز خەیاڵ مەبۆ رێش
چین کەفتەن وە روی پیشانی چون‌سیم　　چون زەنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم
ئەسرین جەرگت دان وە بان نێشدا　　چەنیت دل ئاما، ئامانی پیشدا

ئەگەر لەم شیعرانە ورد بینەوە لەو راستیە تێ ئەگەین کە تەنانەت واژە کانیشیان خەیاڵاوین و لەسەر تا پایانەوە ئەوین بە باڵای بەرزەوە و خۆئەنۆینێ و بە لەرەی، تەلی عاتیفەی ئنسانی ئەلەرزێنێتەوە.

تائیستاکێ وەکەی وە لەکێوە ئەوەی دیوە یا بیستووە؟ ئەو واژانە لە بەر دەس هەمو کەسێکا بوون و هەن. بەڵام جگە لە مەولەوی نەمرکێ توانیویە یا ئەتوانێ ئەئاوا رێکیان بخات و ئەو وێنە نیگارینە بکێشێ بە جۆرێ کە گوڵزار بە هەزاران گوڵ و گوڵغونچەی نازارەوە بە دیتنی دڵی بێشێو هەر واژەی وەکو نێشێ ریشەی دڵی بکێشێ!

ئەگەر چەند واژە وەکو «دیدە، خەیاڵ، باڵا، راگە، خاو» بدەینە دەست شاعیرانەوە داخۆ چۆنیان رێک ئەخەن و بە ناو شیعرەوە ئەیخەنە بازاری یاریەوە: بێ گومان بە سەدان شێوە بەڵای گومانیی تیانیە کە هیچکامەیان بەو جۆرە کە مەولەوی رێکی خستوە نابێ، با بە وردی بیخەینە بەرچاو.

دێدە هێند خەیاڵ باڵات بێ تێشدا　　راگەی خاو نەبێ بویە رۆپێشدا

جا ئەگەر شاعیرەکانی پێشومان تەنیا ئەم تاقە شیعرەیان بۆمان جێ هێشتبایە بەسمان نەبو؟ ئیدی چۆنە کە بڕێک ئەڵێن دەورەی شیعری شاعیرانی پێش ئێمە تێپەریوە و زمانی

ئەوان کۆن بوە نازانم، یانێ ئەزانم بەلاّم نامەوی لێی بدوم. تەنیا ئەمە ئەلێم: ئایا بە راستی ئەگەر فارسێک هەستێ و بڵێ: شیعری مەولانا و حافز کۆن بوە و ئیتر ئەوانە بە کەڵکی ئێمە نایەن ئەشێ چۆنی ناو بنێین و چۆنی بناسن؟!

ئەمانەوێ لە مەولەوی دور نەکەوینەوە، هەر بەو بۆنەیەوە ئاوێنەی خەیاڵی ئەگرینە دەستەوە و بە دڵێکی پڕ هەستەوە لێ ورد ئەبینەوە و ئەوەی کە دیتمان تا ئەو رادەیە کە بۆ ناسینی بیرو بۆ چۆنی مەولەوی پێویستە بەکورتی باس ئەکەین و بۆگەیشتن بە بەرهەمی شیرینتر ئەیخەینە مەیدانی هەڵسەنگاندنی هامفەردانەوە.

۱ـ مەیدانی یەکتاپەرەستی «توحید»

لە عەشقا یەگانەگی پێویستە و عاشق ئەبێ تەنیا مەعشوقێکی هەبێ و دڵی بە تاقە دڵدارێک بدات و رو لە غەیری ئەو نەکات:

شەرت بۆ تا جەستەی خەستەی مەهجوریت
پاکتاوش کەرۆ مەردەن جە دوریت
جە شوم پڕ شوم ئەڵحەو سەرای خەم
جە سەر وازەی هون، جۆی سەرچەمەی چەم
وە بۆی ئەو باڵا و خەت و کوڵم و فەم
سەرو و سەوزە و گوڵ خونچە بدۆ دەم
دڵەی مەینەت گاز سفتەی کۆی قەقنەس
نەبۆ وە نیشان تیر موژەی کەس

یەزدانی مەزن ئاگای لە ئینسانە و ئەگەر ئینسان لە ئەو بێ خەبەر بێ، ئەو لەم بە خەبەرە و بەندەی خۆی بە وردی ئەبینێ و ئاگای لێیەتی:

وەر تۆ بینایيت پەردەش ها نەسەر ئەو تۆ مەوینۆ جە تۆ زەریفتەر

هەر هەموی ئەو شتانەی کە ئێمە هەمانە لە خواوەیەو ئەبی بە بون یا نەبونیان رازی بین:

بەڵام با جە تیر بەڵای قەزاوە پاڵ دەیم وە قوللەی قەڵای رەزاوە

تا بڕۆ سەفای بێکانەو خێشەن هەر وەختێ بەرۆ، باز ماڵ وێشەن

بێ یارمەتی یار سەرکەوتن سەرناگری و بۆکەس ناکرێ:

خوم ئاسا خەیلێن وەتەن مەیخانەم چون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانەم

هەر بونەوەرێک سێبە رێکە و بەس و مەوجودی بەڕاس زاتی پاکی یەزدانە.«ئەم روانگەیە لە مەلای روم ئەکا»:

ئەی کُرد مەوجودێ جە تۆگرتمایە مەوجود هەرتۆنی ماسیوا سایە

بونی بونەوەر، گیا بێ یا دار، بێ گیان یاگیاندار، هەمو نیشانەی بونی خوان و ئایەتەکانی دەسکردی ئەون:

پەنهان بیت، تەنیا وەحدەتت مەوج وەرد پەی شناسایی زوهوریۆەت کەرد

بە وێت حەی عاڵەم بێ چون و چەنی شناسایی تۆم، نمەبۆ هەنی

بە وێت جەی عالەم بێبەقای ناسوت ئەر وەی کرد جیلوەی وەرینەژناسوت

بە سەد جیلوەی تەر بێ چون و چەنی شناسایی تۆم نمە بۆ هەنی

تەنیا یادێ عەشقی لەیل ئارامش ئەداتە دڵ وکوڵ وکۆی دەرون دائەمرکێنێ. ئەگەر بادەی یادی ئەو لە جامی خۆشەویستی نە نۆشرێ، عەقڵ و فام لە هەواری خۆیان بار ئەکەن و هاواری پڕ بە زاریان عاڵەم ئەگەرێ؛

هۆشم بێ هۆشەن، نامم قامەت قاخ بۆی دوری ئازیز مەیۆم نە دەماخ

نەیچی! درەنگەن. سامەکەر درەنگ فیدای پەنجەت بام، نەی باوەر وەدەنگ

هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ رازێ گێرۆ نە دەرون هەرسازێ گازێ

بجۆشۆ هەرکەس وە قەد نااڵەی وێش بنۆشۆ هەرکەس وە پیاڵەی وێش

بە واتەی مەولانای بەڵخی:

«هر کس کاو دور ماند از اصل خویش باز جوید روزگار وصل خویش»

ئینسان هەمیشە لە ئاواتی گەرانەوە بۆ لای پەروەردیگاری خۆیەتی و دور لە یار دڵ بریندار و زار و ئەوگارە؛

هیچکەس موبتەلای دوری یار نەبۆ چون من سەرگردان بێ قەرار نەبۆ

۲- پەیوەندی دڵ و دڵدار:

پاراستنی حورمەتی یار بە ئەوپەڕی تواناوە پێویستە، مەولەوی لە نالەی شەوانەی خۆی ئەترسێ کە نەکا سەگی ئاسانەی یار بێدار بکاتەوە و بەو بۆنەوە ئازاری بگاتە نازاری.

من شەوێ نالەم جۆش ئاوەردە بۆ سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ

خۆ پاراستن لە هەر ئیشێک کە ببێتە هۆی رەنجانی خۆشەویست، کە ئەلوێ ئەو هۆیە زەحمەتی نیگایەک بێ کە شوێن بخاتە سەر جەمینی دڵبەر یا برژانگی چاو بێ کە پێی نازدار بڕوکینێ؛

جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ کەف پات وە خار دێدەم ئیشابۆ

عەشقی یار هەتا هەتاییە و هرگیزای هرگیز نامرێ:

پەی چێش؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن سەنەی بااڵغیش سەدّ هەزار ساڵەن

رێبواری رێگای خواناسی «عارف» و سالک»- بۆ گەییشتن بە بەهەشت وە یا لە ترسی ئاوری دۆزەخ عەبدایەتی ناکات. بەڵکو لە بیری ئەوەدایە کە خاوەنەکەی لە خۆ رازی بکات و بەس؛

من کە خەجاڵەت خزمەت ئاما پێم جەهەننەدەم: سەدّ ساڵ دۆزەخ بۆ وە جێم

پیر و رابەر وەکو گیانە و رێبوار بێ ئەو لەشێکی بێ رەوان و ناتەوانە، دەست لە داوێن بەردانی ئەبێتە هۆی سەرگەردانی:

ئازیزت ئاستەن هـاوە دمـاوە تەنە بۆ بێ گیان ساشۆ وە راوە

۳ـ عـــەشـــق:

عەشق لە سروشتی مرۆڤایە و خوای گەورە بەشی هەموکەسێکی داوە، بەڵام ئەوەی کە خۆی ناتەواوە، ناتوانێ بەو ئاوە دەرون بشوات و هێلانەی دۆستی ئازیزی بکات:

یاواو حـاڵیم بـی یـەک یـەک ئـیشاران خەندەم کەرد هەی هەی،دەردە کەی یاران

رێبازی عەشق، رێبازی فیداکاری و خوێنە، پیاوی ئەوێ کە بتوانێ ئەو رێگایە ببڕێ؛

ســەر بـنیە وەخـاك ئـاسانەی دڵـبەر بە ئارەزوی دڵ، گیان بەرشۆ وە بەر

یاکە خود ئەڵێ:

دام دوبـــادەی ســـەیادّ قـــاتڵ نە پێچیان نە دەور پای شکستەی دڵ

ســەر وەنـەت بـبۆ وە بـار گـەردەن بوازی هەرسات ئاوات وە مـەردەن

عەشق گیان ئەبەخشێ و ئەگەر دڵبەر چاوی خێری لێ بـێ، عـاشق هـەمیشە لە تـا فـی لاویدایە؛

نەواچی من پیر ئوفتادّەی دڵرێش ئیسە چەنی مەیل ئازیزانم چـێش

تـا یـاران نـیگای نـیهانیشان بـۆ پیران مشیۆ تاف جـوانـیشان بـۆ

عەشق فێر بونی نیە. بەڵکو ئەزمونێکی دەرونیە و ئەبێ بیچێژی. یا وەکو گوڵ وایە و بۆنی لەباس کردن نایە. تەنیا ئەوکەسانە ئەیناسن کە بۆنیان کردبێ؛

هەڵای هـەی مـاچی گـیرت نـەوەردەن بۆی شەمامەی ئێش عەشقت نەکەردەن

ئەگەر بۆنی بکەی ئەوسا وەکو من تەسلیم ئەبی و ئەڵێی:

مـــن دەردم پـــەیکار نـــاز دڵگـــیرەن دەوای زامـــانم، زامـــداری تـــیرەن

بێ شەرتیش دۆسی، قـارش وە فـامەن مەزەی قین لەزەت، جەفاش سەفامەن

وە سەرئەنجام؛

بەڵ دڵ وەش کەرۆ مەینەت گازە کەش زور دۆ وە بازوی غەمزە و نازە کەش
پەیاپەی پەی پەی، نە دڵەی تەنگدا هەر خەدەنگ بە رۆ وە جای خەدەنگدا

۴ـ رێبازی خواناسی و بیر و رای تایبەتی رێبواری رێ‌ی نەوین:

عرفان رێبازێکی «تەوحیدی»یە و عارفی زانا سەنەم پەرست نیە، بەڵکو یە کرەنگ و سەمەد پەرست و ئەحدناسە:

سەنەم پەرەست نیم، سەمەدّ ناسەنان دوی کورەی دەرون شیوەن راسەنان

رێبواری رێگای تەریقەت. ئەبێ چاوی دڵی بێ تۆز و گەرد بێت. چاوی سەر توانای دیتنی رازی راستەقینە نیە. ئەم لەگڵە و ئەو مەنزڵی خۆشەویستی دڵە، ئەم بێ بەقایە و ئەو تەمەنی تا لەقایە؛

دیدّەی سەر ئەرشی دیدّەی سرکانین ئێدّ دای مونافین، ئەو دەوای شافین
ئێدّ وەزیفەی گڵ، ئەو لەتیفەی دڵ ئەو چون مەنزڵەن، ئێدّ بێ چون مەنزڵ
ئەو بەقاش نیەن، فەناش تاقیەن ئێدّ عەتای تاقی و باقی و لاقیەن

بە بەشی یەزدان رازی‌یە و سەری بۆ قەزا و قەدر دا نواندوە:

بەڵام کێن بدۆ نەی راگوزەردا شان وە شان شێر قەزا و قەدەر دا
مەحبوبەن هەرچی موقتەزای قەزان مەرغوبەن جەلای هەرکەس پێش رەزان
هەر شێرێ جە شیر شێران شیر وەردەن گەردەن پەی زەنجیر تەقدیر کەچ کەردەن

خەوف و ترس «تقوێ» هەمیشە لە دڵی رێبوارە، چونکە لەشی خەزانەی تاوان، هەر لە هەڵێنانی چاوانەوە بە جیهان تاکاتی سەر نانەوەی گۆڕ هاوڕێ‌یەتی؛

تەرسون ئەر بەدّەن رەقیب دڵسەرد بکەرۆش وەخاک کەروش چەپگەرد
وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدّە م شەمالّ شانۆ گەردش ئەو دیدّە م

عیبادەت و تاعەت و ئیش وخزمەتی خۆی بە کەم ئەزانێ و ئەڵێ: ئەو تۆشەیە کە کۆی

کردۆتەوە شایانی ئازیزی نیە، ئەگەرچی کەسانی کەکەفەی فەرمانبورداری ئەو قورس و پڕ ئەبینن؛

وەر نــە مــن لافـاو تـاوانـان بـەردەم دوعا رای دەرگای قەبوڵ گوم کەردەم
نەیچی؛ من پەنجەی پای نالّەم سـفتەن تۆ دەی چون تەئسیر وە نالّەت جفتەن
مــن وێــم مـزانـو کـام تـۆمم کـالّان یاران پـەی هـیممەت وەنـەم مـەلالّان

بەلّام بەوەش بڕوای قوڵی هەیە کە ئومیدی بەکەرەمدار لە دەس نەدات؛

مەعدومی: کەردەی بەدّی هەزار تەرز زانـوی ئـومێدّت نـاوەرۆ ئـەو لەرز

و فەرمودەی یەزدانی لە بەرچاوە کە: **من تابَ و آمن و عَمِلَ عملاً صالحاً**..... هەربەو بۆنەوە بیرکردنەوە لە رابوردو و پەشیمان بونەوە هۆی بەخششی یەزدان ئەزانێ؛

ئەمجار یادّکەر عومر عەبەس و یەردەت بـاوەر وە خـاتر نـاپاکـی کـەردەت
سـەرئەفکەندّە بـەر چـون شـەرمەساران چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران
بـەڵ شـۆرۆ بـەو ئـاوکـەرەم فـراوان بـابەت وە بـابەت سـیاهەی تـاوان

جا نۆبەی ئەوەیە کە بڵێت: یەکرەنگی نیازی بنەڕەتی تەریقەتە وگەییشتن بە حەقیقەت بێ یەکرەنگی بۆ رێبوار دەست نادات:

چون دەف. بەرگ پۆس ئیرادەت بۆ شم غـولام بـەر دەس حـەڵقە نـەگـۆشم

رێبازی عەشق خۆ بە ورد زانینی ئەوێ: کە وابو تۆش هەوات لە سەر نەوێ؛

بـاوەر نـەکـۆرەی وەلوەلەی دەف دا روی پەندّو تـەوبێخ وە هـەر تـەرەف دا
روی پەندّ ئەو یاران، دڵ وە جەهد وجەخت روی توبێخ ئەولای مەعدومی بەدّبەخت

هەرواکە ئنسان لە تەنگەلانێکی تاریکەوە خـۆ ئـەهاوێتە داوێـنی دنـیای رونـاکـەوە، رووینیشی هەر ئەبێ لە تاریکەلانێکی بێ دەنگا بێ کەگۆڕە؛

پێشانیم هەوەس زانـوش جـازمەن تـەعزیم جـەناب پـیری لازمـەن

بالّا کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی وردیکـلّانەن دەروازەی هـەستی

وە بۆ دەربردنی مرۆڤ لەو «تەنگیبەر»ە. شەو بێداری بۆ رێبوار بە پێویست ئەزانێ و بە گوێرەی دەرمانێکی کاریگەری پێشنیار ئەکات. مەگەر نە ئنسان هـاتە سـەر زەوی تـا جێنشینی یەزدان بێت؟ روی سەییدی هەورامان لە دڵە، بەڵام مەبەست تەنیا خۆی یا دڵی خۆی نیە بەڵکو ئنسان بە هەمو نەتەوەیەکەوە ئەکەوێتە بەر بانگەوازی ئەو. یا بڵێین: دڵ لە واتەی مەولەوی تاوگۆزیدا وەکو «نەی» لە زاری مەولانای رومی وایە؛

واچە هەی دڵەی ئەبڵەی بـێ خـەبەر هۆر ئێز ساتێ تەرک خاو شیرین کەر

چونکە شەیتان بۆتە هاوڕێت. کە وایە شەوان بێدار بمێنەوە ولەگەڵ یار ببە بە هاودەنگ و مالّی پڕ کەمالّی بێدەنگی دەریای مەنگی ئەوینت بکە بـە تـەختی دڵـدار و جگـە لەو دەروازەی دڵ بۆکەس باز مەکە.

نـەوا مـێمان بـۆ تـۆ نـەوینی کـەس حـەفەت بـۆ پـەرێت تـا ئـاخر نـەفەس

دیـدەت تـۆز غـەیر نـیشتەنش وەنـە جە جۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەر پەنە

ئەنجا رو ئەکاتە مرۆڤ و ئەڵێ:

دنیا تا سەر بەکەس نادەن، بۆدڵێك بیەشێنین؟ مـرۆڤ ئـەبێ لە هـەر حـاڵێکا هـەبێ سەبارەت بە نەوعی بەشەر خزمەتکار و بێئازار بێت. چونکە سەرەنجامی ئەو نادیارە و کەس نازانێ چی پێش دێت. کە وابو ئەبێ بە قەد توانا لە خزمەت گەلا بین، بێ ئەوەی بپرسین ئەمەکێیە و ئەوە لەکوێیە. مرۆڤ، مرۆڤە و بەس، کە یەزدان ئەفەرموێ: ئەی ئنسان ئێمە، ئێوەمان لە نێرو مێ خوڵقاندو .....وە ئەو بانگەوازی بۆ تاقمێکی دیاری کراو نیە؛ دەیسا ئێمەش با لەو راستیە تێ بگەین کە:

کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای بادّی بـا بـبۆنە بـەین گـەردەن ئـازادّی

هەر وەها، هەر شتێکمان بۆ خۆمان ئەوێ، بۆ هەموی بخوازین و هەر خراپەیەک کە بۆ

خۆمان پەسەندی ناکەین، بۆ هیچکەسی دیکەی نخوازین، تەنانەت ئەگر ئەو شتەگەردی پێلاوی یار بێت؛

یا ناستە بۆ سەیل دیدەم نەفەسێ نەسیم گەردپات، بەرۆ پەی کەسێ

بە بۆنەی کەمی وەختەوە باسەکەمان جەم و جۆرتر ئەکەین و ئەڵێن: مەولەوی شاعرێکی خام و بێبڕوا نیە. ئەو راستیە لە واژەی بە واژەی شیعریدا خۆ ئەنوێنێ، مەبەستەکانی شیعری بریتین لە، کارەسات و چۆنیەتی ژیانی ئەو سەردەمەی کوردەواری، پیاهەڵدان، باسی خواناسی و سوفیەتی، فەلسەفە، مێژوو، جوغرافیا و هەمو نەوعەکانی دیکەی ئەدەبی. بۆ وێنە چەند نمونە ئەخەینە بەرچاو:

تانجەروی ئەی چەم، سیروان ئەو چەم جۆشابێ وە هەم، ئەی چەم تا ئەو چەم
کەڵەك هۆ مەدا، نما زا دەو لێش رای ئامام نەوێ، پا بنیەو ئەو پێش

وە یا:

ساقی گەرد کۆچ یاران دیارەن هاو مالان پەرێم نە ئینتیزارەن
من خۆ تەنیا مالْ، وامەندەی دڵتەنگ بێ کەس، بار سەنگی، پای بارەبەر لەنگ
مەر تۆ وە هەی هەی نەشئەی جام مەی نەی رای پلەی سەخت فەریاد ڕەسینمکەی
ساپێم دەرجامێ منیچ چون یاران هەی کەرون ئەو کۆچ، تا سەر هەواران

بەکێشانی تابلویەك لەکۆچی کوردە مالْ و نیشان دانی دڵسۆزی کۆچەرەکان بۆ یەکتەر، مانایەکی بەرزی عیرفانیش ئەخاتە سینەی شیعرەکەیەوە و ئەڵێ:

ئەی خوای گەورە! من لەکاروانی هاتن بەرەو سارای مەحشەر لە یاران بە جێ ماوم، هاومالّەکانم چاوەرێی رۆییشتنی منن کە چی منیش بە تەنیا ماومەتەوە و دڵتەنگی ئازارم ئەدات. ئاخر تەنیا بالْ و بێ کەسم، وە بارەکەشم «گوناح» قورسە و ولاغەکەشم «توانای خۆم و کاری باشم» لاوازە و ناتوانێ بارم بکێشێ. جا مەگەر هەر خۆت وە بادەی

عەشقت سەر خۆشم بکەیت و لەم رێگا سەخت و هاوڕازە ببیتە رابەرم وە وەکو دەستگیرێکی توانا ببی بە فریادڕەسم. جاکە تەنیا فریادڕەس هەر خۆتی و هیچکەس توانای ئەوەی نیە کە دەست بکا بە لای دەستی تۆدا. جامێکی نەشئە بەخشی ئەوینی خۆتم پێ بدە تا منیش وەکو یاران هەی لە کۆچەکەم بکەم و تا سەر هەوارەکان رانەوەستم.

یەکتاپەرەستی لە واچ واچی واتەکانی مەولەوی بە بااڵی بەرزەوە، شۆخ و شەنگ خۆ ئەنوێنێ بۆ نمونە چەند شیعری کە ئەخەینە بەرچاو بەڵکو بە لایەی لایەی گەرمیان کۆرپەی دڵمان بلاۆنین؛

بەیدێ وە لای من حاڵم بەدّ حاڵەن جە دوری ئازیز تەن کۆی زو خاڵەن
بزانێ خەم چۆن کەردەنم پاماڵ دەخیلم ساتی؛ گەردەن سیم قاڵ
جامێ جە مەعجون دەرد ئەوگاران دورد وامەندەی بەزمەکەی یاران
پێم دەر تا ریشەی هەستی کەرۆ پەی قوربان: تۆیچ نەیچی! دەستێ بەر پەی نەی
وە تەرزەکەی وێت من لاونەوە وە مەقامێ وەش خەم تاونەوە
با خاس خاس هۆشم هیچ نەمانۆ پێم بەڵ ئازیز وە خەیر ڕەحمێ کەرۆ پێم

وە یا ئەوکاتەکە بیری حەق لە دەرون شك ئەبا، ئەڵێ:

ئازیزم ئامای ئای بێقەراز وێم ئای ئای چەمەڕا ئای ئینتیزار وێم
مەوتەنەکەی چەم دێدەش هانە ڕێت غەریبی تاکەی بۆ وە ماوای وێت

لە بەرانبەر ساقی گیانبەخشەوە خۆی نابینێ وکە ئەو پێی نایە دەرونیەوە، ئەم خۆ گوم ئەکا و نازانێ چون ئەدوێ و چی ئەڵێ. جار جارە وەکو موسا یا نە بڵێین وەکو جەلالەددینی بەڵخی بە نازێکی تایبەتیەوە زاری ئەخاتەکار و لە خۆ بێخەبەر، گیان ئەخاتە خەتەر و بێباك لە هەردوکەمەر ئەڵێ:

حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادّە بێ وە هەرکەس بە قەدّکەفاف دادّە بی

مـن کشـتم روزەرد هـامفەردانش بۆ دانـەم روسـیای هـامدەردانش بـۆ
فێدات بون ئـامان، سـاهۆر کـەر بـا بـەی وە سەرکشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی

مەولەوی لە پلەی «حلاج»دایە کە وا ئەدوێ و لەو حاڵە ئەمەی وتوە کە ببڕای بـبڕ خۆی نەدیوە. بەڵکو خۆشی وردەیەك لە ئەوین وە یا نوری یەزدان زانیوە. ئـەم جـۆرە قسانە جار و بار ئەکەونە بەرچاو و ئەدەن لەگوێمان، بەڵام نە لە هەرگیرۆدەی خاوی بێ خەبەرێیکەوە بەڵ لە عاشقانی بێ هۆش لە هۆشی یاری هوشیاری هەتا هەتایی ئەبیسرێن و بەس. کە وتویانە «کار هرکس نیست خرمن کوفتن.....»

جاکە دێتەوە خۆ پەیمانەکەی ئەلەست دوبارە ئەکاتەوە و ئەڵێ:

ئازیز: تای رشتەی دڵـەی خـەم بـێ شـۆ ئـەزەڵیا نـە بـەندە تـای رشـتەکـەی تـۆ
هەر دو چەنی هەم پێچ وەردەن وە هەم جـیایی نـە بـەین مـەحاڵەن سـتەم
سەر مەودای ناخون یەکسەر تێدا شـی هەر چـندە سـەعیم کـەرد جیایی نـەوی

ئەوسا بە نازی هەمیشەیی ئەڵێ:

ئیسە خاس یاسەن تۆ نـەی سـەردەمدا هەر دو چەنی هەم پێچ دەی وە هەمدا
تـا یـاران زانـان ریشـەی جـەرگمەن پـاچیان، ئـاوێزان وە روی بـەرگمەن
هـەنی مـداران دەم وە دۆعاوە / سەناوە ئـافەرین واچـان جـە گـردین لاوە

وە لە قەسیدەیەکی تردا ئەڵێ:

من رۆی مامەڵەی گردین خاس و کەس جـەو راسـە بـازار شـارەکـەی ئـەلەس
جە سەر دوکانچەی شای سەر تـوجاران هـۆر گـرتم کـاڵای بـەڵای نـازاران

لەیرەدا نە تەنیا لە پەیمانی ئەلەست «**قالَ اَلَسْتُ بِرَبِّکُمْ، قالوا بلَیٰ**» باس ئەکـا بـەڵکو چاوێ لە ئەرکی مرۆڤ ئەخات و ئەڵێ: رابەرەکەم فەرمویەتی هەرکەسێ رۆژبکاتەوە و لە بیر براکانیا نەبێ لە ئێمە نیە.

که وا بو من ناتوانم خەمی مرۆڤ نە خۆم. تەنانەت ئەگەر نەشیان‌ناسم و نەزانم کێن وە یا لە کوێن. چونکە رۆژی ئەوەڵ پەیمانم داوە و هەر لەو کاتەوە لە لای منەوە پەیمان شکاندن باوی نەماوە، ئەگەر بڕوا ناکەی فەرمو ئەمەکاوە و ئەمەش بۆنی:

نامان نە گـۆشت مـەر فـەردە کـەی مـن فەرد وەش مەزمون بێ گەردە کەی مـن

ئەر هەر سات دەردێ دەردێوتەر چەنی بـەیۆ مـاچو ئـاخ پـەی دەردێ هـەنی

ئەو کەسەی کە پیاڵەی ئەوینی بە راستی نۆشی بێ و لەیلی بێ درۆ و دەلەسە لە بـاوەش گۆشی بێ، خۆی داوەتە دەست یارو هەر جۆرێك نازدار بیەوێ هەڵس و نیشت ئەکات و خۆ بەوە نازانێ کە لە دۆزینی چارە تێ بفکرێ هەر چەندکە هەمیشە ئاوارە بێ؛

یەکێوەن جەلام شادێ و رەنـجوری کەیفی و بێ کەیفی، نزیکی و دوری

ئەوەی کە رازی نەبێ هێشتار خامە و لە تێ گەیشتنی نامەی عەشق ناتەمام؛

مەر چون تۆ هەڵوای مەحەببەت خامێ قـەبای عـەشق دڵ پشت نـاتەمامێ

وەشـی و نـاوەشی تـەفاوەت زانـۆ مـەلێ نـەزانـۆ هـەر پـەلێ شـانۆ

خۆشی و ناخۆشی، جەریمە وە یا خەڵات، هەر هەمو لە دڵدارە وەیە. ناخۆشی قەندە و خۆشیشی نەباتە، جا چۆن پشتیان لێ هەڵ کەم، ناتوانم؛

مەیل و قین هەر دو هەر جە شەخسێوەن جـەریمەو خـەڵات شـێوەی کـەسێوەن

لا هۆر کەردەی جەو، پەی ئێدێ تـەماشا بـەو شـادێ، پـێر نـاشادێ (حـاشا و کـلاّ)

ئەمە دڵۆپێك بو لە دەریای بیری مەولەوی تاوگۆزی، بەو هیوایە جێ رەزامەندی بێت و مامۆستا بەڕێزەکان لەکەم و کۆڕیەکانی چاو بپۆشن.

بە ئومێدی گەیشتنی دوبـارە و چـەندبارە وە خـزمەت مـامۆستایان و بـە ئـاواتـی سەرکەوتن بۆ هەمو، لە خوای گەورە تەمەنی درێژ بۆ زەحمەتکێشانی رێك خەری ئەم کونگرەیە ئەخوازم. ئیتر خوشیتان.

زبانهای ایرانی و جایگاه زبان کردی در آن

محمد ریانی

زمانه‌کانی ئێرانی و جێ و مەقامی زمانی کوردی لە نێووان دا.

لە ڕووانگەی علمی و فەرهەنگێوە، زمان ناسین مەسەلەیەکی گرنگ و تایبەتیە. لەوبارەیەوە زمان ناسان ۱۵۰ سال لەمەو بەر لێیان کۆڵیوەتەوە، وە منابع و مآخذیان زۆر داوەتە بەرچاوو، وە نووسراوەیان زۆر نووسیوە، وە بڵاویان کردۆتەوە.

مەسەلەی زمان ناسین لە گەڵ ڕی زمانی، زمان جیاوازە، واتە زمان ناسین تەنیا **علم و زانستی زمانە** نەک لێ کۆڵینەوە لەباری دەدستوری وڕێ زمانی. ئترناسینی زمان نیازی بەوەی نیە کە لەبارەی (صرف و نحو) دا بدوێ. ئینجا کە وابوو، لێرە دا ئێمە تەنیا لەو پارەیەوە کە ناسین زمان "علمە" دەدوێن. زمان یەکێ لە کەرەسەو وسایلی پەیوەندیە لە بەینی کومەڵایەتی‌و،ئابوری، ئنسانان‌دا،کە خاوەن نیشانە و عەلایمی تایبەتی‌یە. واتا ئەو نیشانانە بریتین لە (بصری و اشارەای و خطّی). سەرئەنجام، زمان حاسڵی ژیانی گشتی ئینسانانە لە عالەم‌دا،کە بە وسیلەای زمان، مەسەلەکانی وەک ئابوری و کومەڵایەتی و ڕامیاری ئەنجام، دەدرێ و، بەڕێوە دەچێ.

ئینجا مەسەلەی زمان ناسین گوتراوە کە لە گەڵ موضوعی تر، وەک "ڕوانشناسی، منطق و فلسفە، آواشناسی" پەیوەندیان هەیە. بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە زمان دەستکەوتی **فکرورا** و **ئەندێشەیە**. منتها دەتووانێ زمان لە سەر نەزم و نەسەقێکی دروست و ڕاستەقینە، پەیوەندی لە گەڵ ئەو علمانەی کە باسمان کرد ببێ.

به شوێنی ئەو مقدمەیەواتە ئەوسەرەتایە، دێننەسەر ئەسڵی مەتڵەب. ئینسانەکان کە لە سەدەکانی پێشوودا، تائەورۆ، کە ژیانیان ڕابواردوە جگە لە ڕەنگ و پێست و، ڕەگەز، خاوەنی زمانی جۆر بەجۆر بوون، کە قسەیان پێ کردوە و نیازو حاجەتی خۆیان پێ جێ بەجێ کردوە....ئەو زمانانە زۆریان لە ئەسەر "تطوّر" دا واتەکێشەو هەرای نەتەوایەتی، لە ناوچوون، وەیان بەلانی کەمەوە گۆڕاون، وە شکڵی هەوەڵی خۆیان لە دەست داون.

ئینجا ئەگەر چاک لێی ڕامێنین، زمانەکانی خەڵکی دونیا هێندەش جۆر بەجۆر نین، واتە ئەگەر لە ڕووانگەی خۆمانەوە تەماشای بکەین، زۆری لەوشەکان، چاوومان پێ دەکەوێ، وەک یەک دەچن. مەسەلەن وشەی دایک لە زمانی فرانسەدا Mère و لە زمانی ئینگلیسیدا Mother وە لەلاتیندا Mater وە لەفارسیدا مادر وەک یەک وان.

من بۆخوم لە سەد وشە پتر لەزمانی فرانسەم هێناوەتە دەرێ کە هاو"فۆنێتیک" هەبە، لەگەڵ زمانی کوردی، وە اِتیمولوژی واتە ڕیشەیان وە تەنانەت دەنگ وئاوایان وەک یەک دەچن. بەلام لێرەدا ناکرێ لە سەر ئەو باسە بڕۆین، ئیتر موضوعێکی دیکە دێنینە گۆڕێ: زمانی فارسی و زمانی کوردی، **پەیوەندی سەبەبی و نەسەببیان** بەیەکەوە هەیە. وە لەڕاستین داخزمێکی زۆر نێزیکی یەکترن، وە بە شانازیوە دەگوترێ زۆر لەیەکتر دور نەکەوتوونەوە. واتە لەسەریەک سەرزمیندا نەتەوە ـ بە نەتەوە ژیانیان بەیەکەوە بووە، وە پەیوەندی ئابوری و کومەڵایەتیان لە سەر یەک ڕێ وشوێن بووە. لە زمانەکانی تردا، بەووتەی زمان ناسان "لهجه وگویش" زۆرن. ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردی هەیە لهجەی لُرییە، وە لە ڕووانگەی ئێمەوە شاخەیەکە لە زمانی کوردی.

بابا طاهری هەمەدانی لُری لەو ڕەگەزەیە: کاتیک کە دەلی: چە خۆش بی زندگانی از دو سر بی، وەیان ووشەکانیتر وەک سوتەدڵ هەر عامی و نەخوێندەواریکش تێی دەگات کەکوردیە.

ئەوەی کە با شانازیوە، پێویستە بگوترێ، ئەوەیە کە پاش ئال وگۆڕی ڕژیم، وەدەمەزرانی شۆڕشی ئیسلامی ئیران، زمانی کوردی لەکاتی حازردا ڕوحێکی تازەی

هاتۆتەوە بەر. وە لە تەنشت زمانی فارسیّوە خاوەن (کتابت) واتە نووسینە. وە بەشیّ لە نووسراوەکانی کۆنی کوردی ئەوە دیتە سەر کاغەز.

لە حەقیقەتدا زمان وەک ئەوەیە کە بۆقەومیّک "ئی‌عتبار و احترام و رِیّز" بگیریّ، وە خاوەن ئارِاستەو، مەقامی خۆی بیّت.

میّژوو نیشان ئەداکە قەومی ماد، وە هەروەها ساسانی لە رِگەزەوە کورد بوون. مادەکان لە سالی ٦١٢ پیّش زاینی واتە پیش میلادی مسیحدا، بە شۆینی ئەوەکە هوَخشَتَرە شاری "نینوا"ی گرت حکومەتی مادیان پیّک هیّنا.

ئینجاکتیبی "اَوِستا"کە گەوتراوە تایبەتی زرتشتیان هە وەلە سەدەی ٨ پیّش سالّی زاینیدا بووە، هەروەها بە راگەیاندنی میّژووناسەکان گوتراوە ئی دەورەی ماد بووە. دیاکۆنۆف نووسەری رِوسی بە تیّرِابینی قامک لەسەر ئەو مەسەلەیە دادەنیّ بەلّیّ جگە لە تەعسوب و خۆهەلّمساندن، لە رِاستەقینەدا هەروایە. کاتیّک کەلەوشەکانی اَوِستا دەکۆلّینەوە، ئەوەمان بۆبەدی دیّت مەسەلەن وشەی Raotcha لە کوردیدا هەمان رِۆژە، وەیان شەو لەیەک "Ethimologie"ن واتە لە هەردوک زمانان دالەیەک بنەچەکەن. ئەگەر لیّرەدا نەبیّتە خۆتئاسائی و تەعریف، بەرِاستی جوانترین شیّوەی شاکاری ئەدەبیاتی جیهانی لە زمانی فارسی و کوردیدا، لەبەرچاوە. کاتیّک کە گۆتە، نووسەر و هەونەری ئالمانی، وەیان رِۆژی لسیّکو نووسەری بەرِیّزی فرانسوی عاشقی ئەدەبیاتی فارسی و کوردین وە بەو دووزمانەکتیّب وەردەگیّرِنەو دەنووسن وەپیّیان شانازیەکە ئەوکارەیان کردوە بەرِاستی هەرواشە.

ئەگەر حافظ دەلّیّوە لە رِووانگەی عرفانیّوە دەدویّ‌ویان نالّی هونراوەکانی عارفانەیە، جیّی شانازیە لەکوی ئەوبەیتە جوانەای حافظ: زلف آشفته و خوّی کردەو، خندان لب و مست ـ پیرهن چاک و غزل‌خوان و صراحی در دست. وەیان ئی‌نالّی: هەرچەندی کەرِوتم بەخودا مایلی رِوتم ـ بیّ‌بەرگی‌یە عللت کە هەتیو مەیلی بەهەتاوە. لە زمانی بیّگانەکان‌دا دیتراوە؟! ...با وەر فەرمون کە ئەو هۆنراوانە تائەو رِادەیە جوان وبیّ

خەوشن، کە مرۆڤ حاڵەتی خەلسەی پێ دەست دەدا وجەذب دەبێ. من لە ئەدەبیاتی فرانسەدا لە سەدەی وسطیٰ واتە Moyenage دا لەوڕشتەیەدا لێ کۆڵینەوەیەکم هەیە. وە هەروەها چریکەی: "خەج و سیامەند" کە نوسراوەی مامۆستا ئەیوبیانە وە حەماسەیەکی کوردیە، بە زمانی فرانسەم نووسیوەتەوە، بەڕاستی نەخشاوەی خەج و سیامەند، هەرگز و هەرگز لەگەڵ نووسراوە بێگانەکان، هەل ناسەنگێن درێ و مقایسە ناکرێ.

ئینجا با باسێک لە زمانی **تانی اشتهاردی** بکەین کە اشتهارد شارێکی چکۆڵەیە لە نێزیک کرج. ووتەکانی ئەو لهجەیە زۆر لە زمانی کوردی نێزیکە. مەسەلەن وشەی (AZ) بە مانای من لە زمانی اشتهاردیدا بەکار دەبردرێ و لەکوردی بادینیشدا هەربەو مانایەیە. وەیان Seva بە مانای سێو هەم لە زمانی اشتهاردی و هەم لە زمانی کوردی گوتراوە. لە ئاکامدا تاثیرە سێ زمانی **کوردی - تاتی** - وە **فارسی** - وە **لُری‌ش** کە دەگوترێ بڵێین چوار زمان و لهجە، لەوشەکاندا هاوبەشن، وە هاوو ڕیشەن، وە پەیوەندی زمانیان لەگەڵ یەکتر هەیە. زمانی فارسی و کوردی تا ئەو ڕادەیە بەیەکەوە پەیوەندی ونێزیکیان هەیە کە تەنانەت لە ڕووانگەی ڕێ زمانەوە، وەک یەک دەچن. هەروەها کە مذکّر و مؤنث واتە نێر ومێ لە زمانی فارسیدا فەرقی نیە وە لە بەکار بردنی لەڕستەدا تذکیر و تأنیثی نیە، لە زمانی کوردیشدا هەر بەوچەشنەیە. زمان و افعالە کانیشی هەر وەک یەک وان. سەرئەنجام زمانی فارسی و زمانی کوردی نێزیکی "نسبییان" هەیە، وە زماەکانی تاتی و لری نیزیکی "سَبَبی".

بەلاّم لێرەدا جیاوازی لەبەینی "لهجە وزمان"دا هەیە. ئەوەی کە بۆمان ڕوون بۆتەوە، وە زمان ناسان قامکیان لەسەر داناوە، ئەوەیە کەلەبەبینی " لهجە وزمان"دا دەبێ فەرق و جیاوازێک هەبێ. لە ئاکامدا زمان لە ولاّتدا واتە لە دەوڵەت وکشوەردا بە چاوی "رەسمی" چاوی لێ دەکەن، وەکاروباری ئیداری وئابوری ونەتەوایەتی و دیپلماتیکی پێ ئەنجام دەدرێ، وەلە لایەن دەوڵەتە بێگانەکانەوە بەڕەسمی ناو دەبردرێ. بەلاّم "لهجە" "جەنبەی محاورە"ای هەیە، نەک جەنبەی ڕەسمی. هێندی لە مێژوونا‌سان دەڵێن

زمانه‌کان دەبێ وردە ـ وردە بینە زمانێکی واحد، بەڵام ئەوەسەر ئاگرێ. ئەمما بەجێیە کە لێرەدا لەلانی عرفانێوە داستانێک لە جلال الدین مولوی رومی بگێڕمەوە: دەڵی کەسێ کەس هێشوە ترێیکی دەبینن، یەکیان فارسی دەبێ کە هێشوە ترێکەی دەڵێ انگور، دووەمی عەڕەب دەبێ، پێی دەڵێ عِنَبْ، سووەمی یۆنانی دەبێ، پێی دەڵێ ئستافیل....

مرۆڤی چووارمی دەگاتێ، وەلە باسەکەیاندا هاوبەشی دەکات پێیان دەڵی، هەرسێکو ڕاست دەڵێن، بەڵام بە زمانی جیاواز لە یەکتر. گومان دەکەم مەقسودی مولانا لێرەدا مەسەلی خودا ناسینە:

بابا طاهر دەڵێ: "کنشت و مسجد و بتخانه و دیر ـ سرای خالی از دلبر ندونم" دانشمندێکی فرانسوی بەناوی "ژ ـ ڕۆبر" کە شەرق ناسەلەسەر مەسەلەی زمانی مادی وپارس دەرووا، وە دەلی! "بەشی دووهەمی متون هخامنشی بە زمانی مادەکانە "وە بەڵێنی لەسەر ئەو دووزمانە دادەنێ، کە لەباری ئەدەبی وفەرهەنگێوە هاوبەشن. وا دەگەینێ کە "قدمت وکۆنی" زمانی مادەکان کە فەرهەنگێکی عالی و سەروی هەبووە، لەسەر ئەدەب و فەرهەنگی پارسەکان تەئسیری داناوە، وەپاش وەرگرتنی حکومەت لەوان داب‌و ڕوسمی ژیان و ئابوریان لێ فێر بوون.

سەرئەنجام پەیوەندی زمانی فارسی وکوردی لە عەسری حازردا زۆر لەبەر چاوە، وە هەریەک جێگای تایبەتی خۆی گرتوە. وە زمانی فارسی ئەوڕۆ، جێی زمانەکانی‌تری وەک **سُغدی** و **خوارزمی** و **دری** گرتوە و مەقامێکی گەورەی لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

مەتڵەبێکی دیکە کە لە هەردوک زماندا چاوێ دەکەوێ، ووشەکانی علمی ئەوڕۆیە، کە بمانەوێ، یان نەمانەوێ، ئەووشانەجێی خۆیان دەکەنەوە، وەک رادیو، تلویزیون، کامپیوتر. بەڵام زمان بەووشە علمیانە دەوڵەمەندتر دەبێ و، ڕێک وپێکتر، وە ئەوە نابێتە هۆی نەقس و عەیبی زمان، بەڵکو پێ بەپێی عەسەر و زەمانە، زمان پلەی سەرەوەتر دەپێوێ وە غەنی‌تر دەبێ. بەڵێ لەوبارەیەدا گفت وگۆ زۆرە کە لێرەدا ناگونجێ

بگوتری. له ئاخری نوسراوه‌که‌دا واته مه‌قاله‌که‌دا، به جێیه که له وه‌زاره‌تی فه‌رهه‌نگ وئیرشادی جمهوری ئیسلامی به بۆنه‌ی پێک هێنانی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه، واته ئه‌و کنگره‌یه، به نۆره‌ی خۆم سپاس وته‌شه‌کور بکه‌م، وه هه‌روه‌ها به بۆنه‌ی ڕێگادانی چاپه‌مه‌نیه‌کانی کوردی ره‌زامه‌ندی خۆم ده‌ربڕم. وه هه‌روه‌ها له ئاخریش‌دا له کاربه‌ده‌ستانی به‌ڕێزی کنگره که هه‌وڵ وکوششێکی فره‌یان کێشاوه سپاس بکه‌م. ئیتر هه‌ر بژین.

به سپاسه‌وه له کار به‌ده‌ستانی به‌ریز

خه‌زه‌لوه‌ری ۲۶۰۴

مولوی کرد و علم کلام

ملا عبدالقادر زاهدی

الحمدلله رب العالمین والصلوة والسلام علی سیدنا محمد سید الاولین والآخرین الهیولی الاولی والعقل الاول فی وجود العالمین الوحده بین قوسی الوجود والعدم الواسطه بین عالمی الامکان والوجوب، و بین عوالم الحدوث والقدم، وعلی آله واصحابه اجمعین: وبعد

شیخ عبدالرحیم مشهور به مولوی فرزند ملاسعید از نوه ملا یوسف جان فرزند ملا ابوبکر مصنف چوری از نژاد پیر خدر شاهو متصل به سلسله طیبه حضرت حسین(رض) میباشد، یکی از عرفاء برجسته کرد بوده، و بطوریکه از اشعار و اعمال متواتره او مشاهده میشود، نفس ناطقه این بزرگوار بواسطه کسب فیض از مبدء فیاض وتبعیت از شرایع نبویه و نوامیس الهیه دارای تهذیب ظاهر و باطن از ملکات ردیه بوده، و از حیث علم نظری مقام عقل بالملکة را طی نموده و به مقام عقل مستفاد و ملکة الاتصال واصل گشته و توانسته نظریاتی را بدون تجشّم وکسب جدید استحضار نماید.

این بزرگوار در علم کلام و فلسفه ماهر وید بیضا داشته، در عقیدهٔ مرضیه خود در بحث وجود به اختلافات حکماء مشائی واشراقی ومتکلمین که در بحث وجود و ماهیة کتابهای مبسوط نوشته‌اند و اختلافات فکری و نظری داشته‌اند، در اشعار موجز و مملؤ اللّطافت خود به همه آنها اشاره نموده و تصریح نموده که وجود بمعنی کون موجود ذهنی معقول ثانی و مشترک معنوی در بین عوالم

مخلوق و مقسم واجب الوجود و ممکن الوجود میباشد.

اما وجود بمعنی منشاء آثار خارجی را نسبت بخدا عین خدا دانسته، در الله موجود فرموده اگر وجود بر ذات الله زائد باشد احتیاج در بین ذات و وجود پیدا می‌شود، و این علامت حدوث و ممتنع القبول است و در وجود خارجی ممکنات بر خلاف حکماء و متکلمین نظریه شیخ حسن اشعری را در عینیت وجود و اصالت آن بر سائر آراء ترجیح داده است، اینست پنج شعر از اشعار او بشاهد تقدیم میگردد:

ذات هەر بالذات مەعلومە و مەشهور مەبدەئە و مەئخەذ بو ئەخذی وجود
بە ئەمریکی‌تر زیادە لە ذات وەک مومکین حاجەت هیچ لیی‌رونەدات
ئەوکەس دەلی ذات واجبی مەعبود عەینی وجودە قەصدی بە وجود
ئەو ثبوت وکون مەشهورە نیە بوچ ئەوە مەعلوم ئەمری ذیهنیە
ناوی بو هیچ شەیء خارجی بەعین چ جای واجب رب المشرقین

مرحوم شیخ مولوی(ق) در موضوع معراج جسمانی حضرت رسول اکرم(ص) به طبع لطیف و نازک خود بقوه قدسیّه مفاد آیه و احادیث را در مسئله مؤیده معراج به اشعار عربی و فارسی و کردی با رعایت اسرار البلاغه و تحسینات بدیعی توضیح داده است، و عروج حضرت را از مسجدالاقصی به آن جائیکه خداوند خواسته، متواتر المعنی دانسته ورای سلف صالحین را در مسئله معراج جسمانی تثبیت و لازم القبول شمرده،

اینست بعضی از گلچین اشعار مولوی در موضوع معراج جسمانی حضرت محمد(ص):

من المسجد الحرام الأنْفَسْ الی المسجدِالاقصی المقدّس
تا اگر قطعی ونص کتابه انکاری کفره، دایم عذابه

منه للسماء و منه الی ماشائه الله من حلی العلی
ثابت به خبر مشهوره آحاد ترتیبا انکار بدعته و فساد
لاده له ریگه‌ی بدعت و منکر بیره سیری سیر سیدی سه‌رور
باره ناسوتی له میدان آورد حی کرد وتی کرد پی کرد و طی کرد
پی ناسوتی سموت ملکوتی مات هات الکئوس لا هوت و لای هات
هر چند که قدم قربتی دانا لونوای اُدْنُ لم ثم دنی
فتدلی تا لاچو، پی و قدم حدوث به ادب هاته پی قِدَمْ
فکان قاب قوسین او ادنی ما بین امکان وجوب اَسْنیٰ
فاوحی الی عبده ما اوحی و فاح ما فاح علیه فوحی
فلک پر ملک سدره غوغا بو ما زاغ البصر و ماطقی بو
وه‌کو باسمان کرد له شه‌ڕێکی خێڵاتیدا مـاڵه کـه‌و کـتیبخانه کـه‌ی ده‌سـوتێ پـه‌ره کاغه‌زێکی بو ده‌رناچی له‌م باره‌شه وه هونراوه‌ی زور به سوزی هه‌یه وه‌ختی خه‌به‌ری سوتانی کتیبخانه که‌ی ده‌بیستی ده گری‌و ده‌فه‌رمی به روتو قوتی هاتمه دنیاوه به داخه‌وه هه‌روا به روتو قوتی ده‌مرم هیچم له پاش به‌جی نامینی. به‌م ده‌ردو مه‌ینه‌تانه‌وه له سالی ۱۳۰۰ ك گه‌لو کومه‌لو ئه‌ده‌بو زانین به جێ دێڵی. جگه له عه‌نبه‌ر خاتون ژنی دیکـه‌ی نه‌هیناوه له‌م ژنه چه‌ند کورو کچی بوه.

عیرفانو ته‌سه‌وفی مولوی

وه‌ختی خویندنی ته‌واو بو ئیجازه‌ی وه‌رگرت وه ده‌ستی کردوه به ده‌رس کوتنه‌وه له پاش به‌ینیك ئه‌و فکره که‌وته سه‌ری که ئه‌و سه‌فای ده‌رونی وه ئه‌و روشن دڵیه‌ی که ئه‌و ده‌یه‌وی به ته‌نیا به ده‌رس کوتنه‌وه‌و ئیرشادی موسولمانان ده‌ستی ناکـه‌وی تـا له گـه‌ڵ

سوفیه‌تیو عیرفان تیکه‌ڵا و نه‌بی به دوای ئه‌م فکره‌دا ده‌که‌ویته سه‌ر ریگه‌ی ته‌سه‌وف‌و عیرفان ده‌چێته خزمه‌ت شێخی سراج‌الدین وه ده‌چیته ریزی مریدو منسوبانی ئه‌و ذاته گه‌وره‌یه وه مولوی له‌و ریگه‌یه‌ش‌دا هونه‌ر وه ئیستیعدادی خوی ده‌نوینی شیخی سراج‌الدین ده‌بینی مولوی له پیش ئه‌وه‌دا ببی به سوفی هه‌ر له ریگه‌ی ده‌رس کوتنه‌وه به فه‌قیکانی ئایینی وه رینوینی موسولمانان سه‌فای باطنی و روشن‌دڵی بو پیك هاتوه وه زور که‌می ماوه به ئاواتی دڵی خۆی بگا ئه‌ویش هه‌ر به رفاقه‌ت پیاو چاکان و تیکه‌لی له گه‌ل عیرفانی راسته‌قینه‌دا بوی جی به‌جی ده‌بی له به‌ر ئه‌وه زوری پیناچی ئیجازه‌ی خلافت وه ئیرشادی ده‌دریتی وه سوفی‌گه‌ری‌و عیرفانیشی به شیوه‌یه‌کی عالمانه‌وه ده‌ست ده‌که‌وی به‌م جوره ده‌بیته عالمو عارفیکی گه‌وره‌ی ئیسلامی هه‌ر وه‌کو ئه‌دیبو هونه‌ریکی بی وینه بوه.

وا دیاره ئه‌م سوفی‌گه‌ریو عیرفانه زوری شوین له سه‌ر مولوی داناوه چ له باری ئه‌ده‌بو فه‌رهه‌نگییه‌وه چ له باری کومه‌لایه‌تیه‌وه که‌م که‌م ده‌ستی له دنیا به‌ر داوه به‌شی زوری شیعره کانی ره‌نگی عیرفانی گرتوه ذاتی خوشی زور له کومه‌لو گه‌ل دور خستوته‌وه.

به‌شیك له نوسراوه‌کانی مولوی

یه‌که‌م عه‌قیده‌ی مرضیه. به زمانی کوردییه له عه‌قایدی ئیسلامی‌وه که‌لام‌دایه ٢٤٤٠ به‌یته به زاراوه‌ی شاره زوریه له سالی ١٢٨٠ ك ده‌ستی به نوسینی کردوه به سالیك ته‌واوی کردوه.

دوهه‌م الفواتح به زمانی فارسییه له عه‌قایدی ئیسلامی‌دایه له ٥٠٠ به‌یت زیاتره ئه‌م دو کتیبه له لایه‌ن شیخ محی‌الدینی صبری کانی مشکانی له سالی ١٩٣٢ ز ـ له قاهره له چاپ دراون.

سه‌هه‌م الفضیله به زمانی عربیه ژوماره‌ی به‌یته کانی له دوهه‌زار زیاتره له عه‌قایدو اصول

ئیسلامیدایه سالی ۱۲۸۵ ك داینـاوه له لایەن ملاعبدالکریم مدرس خودا جەزای خیری بداتەوه له چاپ دراوه.

چوارەم غزلییات به زمانی هەورامی ملاعبدالکریم دەفەرمی مولوی کتیبی دیکەشی نوسیوه وەکو خاترات شرحی حالی خویەتی وه تەسەوف له تەریقەی نقشبندیدا منیش بیستومه شرحی حالی علامه قزلجیشی نوسیوه بەداخەوه ئەمانه له دەس‌دا نەماون. ئەوەی معلومه له سوتانی ماله کەی وەکتیبخانه کەیدا زور له ئاساری به نرخو بابی مولوی له بەین چوه وه دەستی کەسی نەگەیوەتی.

هوی نیوی مولوی بو ئەو ذاته

وەکو هیندیك له میژونوسەکان دەلین نیوی مولوی له لایـەن خـزمەکـانیەوه واتـه بنەمالەی عەنبەر خاتونی خیزانی کە ئەفغانستانی بون دراویەتی چونکه له نیو ئەفغانییان‌دا به پییاوی گەورە وه رێز لێگیراو دەلین مولوی یـا مـولانا ئـیستاش ئـەم شـوینه له نـیو ئەفغانییان‌دا هەر باوه ئەم نیوه ماقولانه له لایـەن غـلام شـاخانی والی سـنەوه دوپـات کراوەتەوه بەم جورەکوریکی تایبەت له ماموستایان و پییاو ماقولان شاری سنه پیک دی به شەربەت خوریەوه ئەم ناوەکه تا ئەو وەختە غەیرە رەسمی بوه بو ئەکەن به لەقەبیکی رەسمی وه ئەبیته ملاسیدعبدالرحیم مولوی تاوەگوزی کە ناز ناویش معدومی بوه.

مولوی و شیعر کوتنی به زمانی هەورامی

مولوی پەروەردەی ناوچەی تاوەگوزه بەشی زوری ژیبانی لەو مەلبەنده به سەر چوه ئەو ناوچەیه به لەهجەی جوانرۆیی ئەدۆین کەمتر له زاراوەی هەورامی حالی دەبن بەلاّم بەشیکی زۆر له شیعرەکانی مولوی به زمانی هەورامییەوه هەروەها زۆرکەسی دیکەش له هونەرانی بەناو بانگی کورد به زمانی هەورامی شیعریان کوتوه لەوه دەچێ کـه تـا ئـەو سەردەمانه زمانی ئەدەبی یەك گرتوی کوردی زمانی هەورامی بوبێ لەم بابەتەوه زور له

ماموستایانی زمان‌ناسی کورد بیرو باوەری خویان دەر بریوە هەر کەسە بە جوریک فکری بو چوە ئەوەی کە بە تیکرایی قەبولیانە ئەوەیە کە لە پیشودا ئەو جورە کە هەورامی بە شیعرو ئەدەب ئاشنا بون ناوچەکانی دیکەی کوردەواری لەم روشن بیریە دور بون لیرەدا ئەم پرسیارە دیتە گوری بوچی لەو سەردەمانەدا هەورامانی بە شیعرو ئەدەب ئاشنا بون بەلام ناوچەکانی دیکەی کوردواری ئاشنا نەبون بو جوابی ئەم پرسیارە پیویستی بە لیکولینەوەو دوزینەوەی هوی ئەم مەبەستە هەیە.

لە پیشدا بە پیویستی دەزانم کەمیک لە بارە زمانی هەورامیو رابوردوی ئەو لە فەرهەنگو ئەدەبی زمانی کوردیدا بدوین تا رابوردوی ئەم زمانە شیرینەمان بو دەر نەکەوی هوی ئەم مەبەستەمان بو روشن نابیتەوە وەکو میژونوسەکان نوسیویانە لە سەدەی هەولی ئیسلامدا ئەگەر هونراوە یا نوسراوەیەک بە زمانی کوردی بوبی بە زمانی کوردی هەورامی بوە وەک مارفتو پیر شالییار (معرفت پیر شەهریار) کە حەکیم وە فیلسوفی هەورامی بە نیوی پیر شالییار داناوە (لیرەدا مەنزور لە پیر شالییار هەوەلە چونکە پیر شالییاری دوهەمیش بوەکە لە پاشان باسی دەکین) ئەم کتیبەکە رەنگە لە سەدەکانی پیش ئیسلام دانرابی بەشی زوری لە حیکمەتو فەلسەفەو ئایین‌پرستی زەردوشتی دایە ئەم پیر شالییارە زەردوشتی بوە چەند سەدە لە دوای ئەم پیر شالییارە پیر شالییاریکی دیکە هەر لەو بنەماڵە سەری هەڵداوە کە موسوڵمان بوە وا دەر ئەکەوی سەردەمی پیر شالییاری هەوەڵ مەلبەند هەورامانو ناوچەکانی دەورو بەری دینی زەردوشتییان بوبی.

ئەم پیر شالییارەش کتیبیکی هەر بەو نیوە داناوە یا خو کتیبەکەی باپیرەگەورەی خوی دەس‌کاری کردوە ئەو بەشەی کە باسی لە ئایینی زەردوشتی کردوە لێی دەر هاویشتوە وە ئەوەشی کە لە شتی دیکە دواوە هێشتویەتەوە رەنگە لەم نوسخە دەسکاری کراوە ئیستاش لە هەورامان نوسخەی مابێ. ئەمەش بڵێن کە سی کەس بە ناوی زەردوشت لە میژودا ناویان هاتوە زەردوشتی هەوەڵ سی هەزارساڵ بەر لە میلاد ژیاوە زەردوشتی دوهەم کە فەرەیدونیشیان پی کوتوە ٢٢٠٠ سال پیش میلاد بوە زەدوشتی سێیەم کورد بوە لە

دەورو بەری ارومییەی ئیستا زوهوری کردوە وەك دەڵێن شاری سەردەشت ئەو دروستی کردوە وە ئاوایی بیشاسبی ئیستاش بە نیوی کوریکی ئەوەوەیە. جگە لەو کتیبە وە کو ملك‌الشعرابهار لە کتیبی سبك‌شناسیدا دەنوسی لە سەدە کانی پیشودا لە سولەیمانی هێندیك شیعر کە لە پێستی ئاسك نوسراوەتەوە دەس کەوتون کە بە زمانی هەورامی دانراون بەشیك لەو شیعرانە ئەمانەن:

هورمزگان رمان ئاتران کوژان...ویشان شاردەوە گەورەی گەورە کان...زور کاری ئەرەب کردنە خاپور گونای پاڵەیی هەتا شارەزور...شنو کە نیە کان وە دیل بشینا...مێرد ئازا تلی وەروی هەوینا...رەوشت زەردوشت‌مانە وە بێرەس... بزیکانە یکا هور مزد وە هیچ کەس... مزگەوتە کان خراپ کران ئاورە کان کوژانەوە ... گەورەی گەورە کان خویان شاردەوە...عەرەبی زالم ئاواییە کانو شارە کانی تا شارەزور ویران کرد...ژنانو کچان‌یان بە دیل برد... پییاوە ئازاکان لە خویندا تلانەوە.

وە کو دەبینین ئەم شیعرانە لە وەزنو قافییەش بەشدارن لە کاتیدا ئەو سەردەمە لە کیشو قافیە خەبەرێك نەبوە هەروەها زۆر لە پێش ئەمانەش‌دا کتێبی ئەوێستای زەردوشتی بە زمانی کوردی هەورامی نزیك لە زمانی موکوریانی بوە لە پاشان بە زمانی پهلوی وەرگێر دراوەتەوە زەندو پازەندیشی وە کو حاشییەو پەروایز لە سەری نوسراوە میژونوسە کان دەڵێن لەو سەردەمەدا کە ئەسکەندەری مەقدونی بە سەر ئیرانی قەدیمدا حکومەتی کردوە زمانی کوردی هەورامی نزیك لە موکوریانی زاراوەی هەمو ناوچە کانی ولات بوە لە مانەوە دەر ئە کەوی کە لە زۆر قەدیمەوە زمانی هەورامی زمانی یەك گرتوی ئەدبیو فەرهەنگی کوردی بوە وە تا زەمانیکی زوریش ئەم شیوەیە پاریزراوە.

ئەمجار بزانین هوی ئەم پاریزرانە چ بوە بو چی زمانی هەورامی بوتە زمانی شیعرو هەڵبەستی کوردی سی مەتلەبی بی گرنگ هوی ئەم مەبەستە نیشان دەدەن.

یەکەم زمانی هەورامی بە هوی هەڵکەوتویی تایبەتی جوغرافی مەڵبەندی هەورامان زۆر کەم ئاڵوگۆری میژویی شوێنی لە سەر داناوە.

دوهەم هەر وەکو زمان ناسان نوسیویانە پیتو زاراوەی ئەو زمانە زور خوشو لە سەر زمان سوکە بو سیعرو هەڵبەست زور بە دەستەوەیە بو کیشو قافییەش زور لە بارە.

سیهەم وەکو باسمان کرد ولاتی هەورامان بە هوی هەڵکەوتویی تایبەتی خوی خاوەن زۆرو دەسەلاتەکان لە ڕابوردودا کە بەر هەڵستییان کردوە لە گەشە کردنی زمانو فەرهەنگی میللەتەکانی دیکەی ناو خو زۆرکەم تونیویانە زمانو فەرهەنگی خویان بە سەر میللەتی هەورامانداسەپینن لە بەر ئەوە هونەرانو هونەرمەندانیکی بەو زمانە ئاشنا بون باشتر و ئاسانتر توانیویانە مەبەستی دڵی خۆیان بەو زمانە دەر ببڕن بەم توزە لیکوڵینە وەڕون دەبیتەوەکە مولوی و هاوریگانی بوچی زیاتر بە زمانی هەورامی ئاساری خویان بلاوکردوتەوە.

پلەی شیعرەکانیو پایەی زانستی مولوی

بە راستی مولوی لە هونەرمەندە هەرە پایەبەرزەکانی کورد بەڵکو ئیرانە ئاوازەی شیعرە جوانەکانی بە تایبەت غەزەلییاتەکەی بەشی زوری بە زمانی هەورامییە لە هەمو ولاتی ئیران و عیراق دەنگی داوەتەوە وە چوتە زور لە ولاتانی دەرەوەش.

فەرهاد میرزای قاجاری کە مامی نەسرەدین شای قاجار بوە وە ماوەیەك لە سنە ماوەتەوە زوری ریز بو مولوی داناوە بە مولوی هەرکوتوە ماموستای بالاخانەی چەم ئیشارە بە شیعرە جوانەکەی مولوی کە دەلی.

بالەخانەی چەم دیوانەکەی تون.. بانەناوە خاك ئاسانەکەی تون..تکەش عاجز کرد خەیاڵت تیشدا / ئازیز بوجاری پا بنیو پیشدا / وە ئەم بەیتە جوانەی دیکەش روخسارەش فەسلی مەسقەل مەدو لیش..وە شنوی پاریز خەیال مەبوریش..بەشیك لەم هونراوە جوانانەکە فەرهادمیرزا زوری پی خوش بوە بە خەتیکی خوش نوسیویەتەوە لە لای سەروی هودەکەی خوی هەڵیواسیوە وە هەرکەسیکی خاوەن زەوقو ئەدەب تەنیا جاریك لە دیوانەکەی شیعریکی خویندبیتەوە یا وەرگیراوەکەی دیبێ قەتی لە بیر نە چوتەوە.

ملاعبدالکریم مدرس دەفەرمی خوزگە مولوی لە ولاتیک بوایە کە هەرچی نوسیویە وەربگیرایەتەوە و لە چاپ بدرایە تا هەمو ولاتی ئیسلام بە چرای روشنی ئاساری ئەو بلیمەتە روناك ببویایەتەوە علاءالدین سجادی دەفەرمی تا ئیمرو هیچ هونەرێك نەی‌توانیوە بە ناسکی خەیاڵ و بە جوانی ناوەروك بگاتە مولوی مینوروسکی بەشیکی زور لە شیعرەکانی مولوی بە زمانی روسی وەرگیراوەتەوە.

وەك لە ئاسارەکانی بە جوانی دەر ئەکەوی مولوی لە تەواوی زانستییەکانی ئاسایی دەستیکی بااڵی هەبوە لە منطق اصول تفسیر کلام‌داکەم وینەبوە لیرەدا وەبیر هینانەوەیەك بە لازم دەزانم ئەوەیە چون عیلمی کەاڵم ڕاستە و خو پێوەندی بە بیرو باوەڕو عەقیدەوە هەیە زانستیکی زور بەر بااڵوو بە دەرەتانەڕێگەی هەمو جۆرە بیرو باوەڕێکی هەاڵەو جییاوازی هەیە لە بەر ئەوە ئاژاوەی فکری زور تیدا پەیدا بوە زور وابون وە ئیستاش هەن لەو مەبەستەگرینگەدا سەریان لێ شێواوە و بە هەاڵە چون مولوی لەم بابەتە وە زوری هەوڵ داوە ڕێگەی ڕاستەقینە بخاتە بەر چاو تا ئەوکەسانەی کە لە مەبەستە جور بەجورەکانی ئەم عیلمەدا بە هەاڵە چون بیان‌خاتە وە سەر ڕێگەی ڕاست.

مولوی ئیلهام وەرگرتن

لەو بارەوە ماموستا علاءالدین سجادی دەفەرمی ئیمە ناتوانین بلین مولوی دیدەنی لە مەلەکەی جوانرویی کردوە احمدبگی کوماسی دیوەگویچکەی بە شیعری مالامصطفی بیسارانی ئاشنا بوە لە مەوە سەرەو ژور بوتەوە بو بارەگای شیعر چونکە خەیاڵی مولوی گەاڵی بەرزتر بوە لەوە ئەمانە ببنە پێشەنگی خەیاڵی لەوە دەچی ماموستا مانای ئیلهامی بە شتاڵی فێر بون لێ داوەتەوە بەاڵم ئیلهام وەرگرتن بە مانای شت لێ فێر بون نییە ڕاستە ناتوانین بڵین ئەگەر عەشقی عەنبەر خاتونی ژنی کاری لە دڵو دەرونی نەکردایە یا شیعری بیسارانی نەبیستایە نەی دەتوانی شیعر بڵی بەاڵم ئەمە دور نییەکە لە شیعرەکانی بیسارانی تەداعی مەعانی بو بی واتە لەوە وە فکرو زیهنی چو بی بو شتیکی جوان‌تر و ناوەروکیکی

پاراوتر وه لەو لاشەوه ئەوینی هاو سەریکی به وەفای وەك عەنبەر خاتون هانی دابی وه ئەم شیعره جوانانەی خولقاندبی ئەم حالەته بو زور خاوەن زەوقو ئەدەب نەبی ڕو نادا ئەوانەی زەوقی ئەدەبیان نییه به خوێندنەوەی شیعری شاعران وه دیتنی دیمەنی جوان و تەبیعەتی دڵ رفێن نابن به شاعر.

هەلسەنگان دنێك له نیو شیعرەکانی مولوی‌دا

شیعره غەرامیەکانی مولوی له ڕوانگەی ئەدەبییەوه جوانترن له شیعرەکانی دیکەی که له مەبەستەکانی ئایینی وه زانستی داکتویەتی وەکو دەزانین له شیعری زانستی یا ئایینی‌داکەم‌تر له موباله‌غەو ئیستیعارەو تەشبیهات‌وه بەشەکانی دیکەی سەناعاتی شیعری کەڵك وەر دەگیری وه هەر دەبی به زمانیکی سادەو ساکار به شیوەی شیعر دەربی دییاره شیعری وا ساکاریش که له بەشی زوری جوانییەکانی ئەدەبی دور بی له ڕوانگەی ئەدەبییەوه ناچێته ڕیزی شیعری غەرامی‌یەوه ئەمه له شیعری هەمو شاعریك‌دا هەروایه لەم بابەتەشەوه مولوی له زور له هونەرانی دیکه پیش‌کەوتوتره وه ڕەخنەی لی ناگیری. له بارەی مولوی‌دا قسه زورەو وەخت کەم.

والسلام علیکم و رحمه‌الله و برکاته

مهاباد. ١٥/٢/١٣٧١

هونراوه‌کانی مه‌وله‌وی

حسن صلاح سوران

به بۆنه‌ی کۆنگه‌ره‌ی بیره‌وه‌ری مه‌وله‌وی تاوگۆزه‌یه‌وه نووسراوه، که سالی ۱۳۷۱ی هه‌تاوی له شاری سه‌قز به‌رپا ده‌بێ:

به ناوی خودای زانا

خۆشه‌ویستان! زۆر خۆم به به‌ختیار ده‌زانم، که له کۆنگه‌ره‌ی بیره‌وه‌ری سه‌ید عه‌بدوڵڕه‌حیمی مه‌وله‌ویدا، که به مه‌وله‌وی کورد یا مه‌وله‌وی تاوگۆزی یا مه‌وله‌وی مه‌عدومی به ناوبانگه، ئه‌م وتاره‌م ده‌خوێندرێته‌وه، چون هه‌ر له مێژه‌وه، هۆگری مه‌وله‌وی بووم و هه‌یکه‌لی خۆشه‌ویستی ئه‌و هۆنه‌ره پایه به‌رزه‌م، به به‌ردی مه‌ڕمه‌ڕی ئیراده‌ت، له مه‌یدانی دڵمدا دروست کردوه. بۆ سه‌لماندنی ئه‌م وته‌یه ده‌بێ عه‌رزتان بکه‌م، که نزیکه‌ی سی ساڵ له‌مه‌وپێش، له هۆنراوه‌ی قه‌سه‌منامه‌ی وێژه‌یی‌دا، به‌م چه‌شنه یادی مه‌وله‌وی نه‌مرم کردوه:

به وته‌ی شازی مه‌وله‌وی مه‌عدووم — نه نیشان‌دانی هه‌تاوی مه‌علوم
به شاسواری مه‌یدانی به‌قا — به ئه‌ستێره‌ی گه‌ش، شێعری ده هیجا
به گیانله‌به‌ری وته‌ی کۆن قه‌سه‌م — به هه‌ڵبه‌ستی جوان عه‌نبه‌ر بۆن قه‌سه‌م

به‌ڕێزان! قسه کردن سه‌باره‌ت به به‌رزی پلله و پایه‌ی مه‌وله‌وی کورد، له ئه‌ده‌بدا، کات‌و ساتێکی زۆری ده‌وێ و له وتارێکی چه‌ند ده‌قیقه‌ییدا، ئه‌م کاره ئه‌نجام نادرێ. یانی وه‌ك ئه‌وه وایه که به یه‌ك نه‌فه‌ر بڵێن له ماوه‌ی چه‌ند ده‌قیقه‌دا، سه‌باره‌ت به ڕۆژ قسه

بکه. دیاره له چەند دەقیقەدا، ناکرێ یەك له هەزاری چلۆنایەتی ڕۆژ باس بکرێ. بەڵێ من دەمەوێ له ماوەی چەند دەقیقەدا، سە بارەت بە چلۆنایەتی ڕۆژی ئاسمانی ئەدەبی کوردەواری، له بەتێسنی ئەدەبیدا بدوێم و فەقەت سەبارەت به هۆنراوەکوردیەکانی قسە بکەم:

جا لەبەر ئەوەی که له هەر شتێك دەنکێك و له هەر خەڵوارێك مشتێك بۆ نمونە نیشان بدەین. دەمەوێ له ژێر چەند سەردێڕدا، له هۆنراوەکانی مەولەوی نەمر بکۆڵمەوە که به هیوام سەرنجی ئێوەی بەڕێز بۆ لای خۆی ڕابکێشی و بتوانم چەند دەنك له گەنجینەی به نرخی گەوهەر و مرواری شێعری مەولەوی تاوگۆزی بخەمە بەر چاو و بە تەرازوی ئەدەب هەڵیان سەنگێنم:

دەمەوێ لەم ڕوانگانەی خوارەوە. وە سەبارەت به هۆنراوەکانی مەولەوی قسە بکەم و لێیان بکۆڵمەوە:

١ـ چلۆنایەتی گشتی هۆنراوەکانی مەولەوی:

هۆنراوەی هۆنەری پایەبەرز، مەولەوی مەعدومی، به چەشنێکی وا نووسراوە، که له دڵی هەر خوێنەرێك‌دا جێیی خۆیان دەکەنەوە. به بڕوای من بڕێك له هۆی بە سۆزی هۆنراوەکانی مەولەوی ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

ئـ له هەستێکی بەتینەوە هەڵقوڵاون یانی به قەولی کوردی له دڵەوە هەستاون و له سەر دڵ دادەنیش.

ب ـ ڕۆح له نێوان وشەکانیاندا هەیە. به بڕوای من هۆنراوەی چاك ئەوەیە، که بێجگە له جوانی و ڕێك و پێکی وشەکانی و سەناعاتی دیکەی ئەدەبی، ڕۆح له بەینی وشەکانیدا ببینێ. که هۆنراوەی مەولەوی ئەم چلۆنایەتیەی هەیە.

ج ـ زارا‌وی هەورامی زمانی کوردی بۆ هۆنراوە زۆر شیاوو لەبارە.

د ـ ساکاری بۆ چوونی ژیان. چون له گەڵ ئەمەشدا، که مەولەوی زۆر زاناو هێژا بووە، ئارەکانی زۆر بەساکاری وبە سۆزەوە دەربڕیوە.

۲ـ هەستی خوداناسی لە هۆنراوەکانی مەولەویدا:

یەکێك لە جوانیەکانی هۆنراوەی مەولەوی لەوەدایە، کە هەستی خوداناسی بەو پەڕی بەرزیەوە تیاندا دەربڕراوە. لە دیوانی مەولەویدا، ئەم چەشنە هۆنراوانەزۆر وە بەر چاو دەکەون. بۆ وێنە ئەم چەند دێڕەتان لە هۆنراوەیەکی موناجاتی مەولەوی بۆ دەخوێنمەوە:

ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە　　مەوجوودی هەر تۆنی، ماسوی سایە
سەروەشم بەی وەسف جە مالّیتەوە　　باز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە
چار نیەن جە دەس جیلوە نەکەردەن　　بسم الله ئەو تیغ، ئەو کەچی گەردەن
هیچ کسێ نیەن، داد وێم کەروون　　جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون
واوەیلام بێحەد، زاریم بێ شۆمەن　　جە لای تۆ فەریاد جە دەستی تۆمەن

۳ـ جیناس لە هۆنراوەکانی مەولەویدا:

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هۆنراوەی مەولەوی، بەکار بردنی سەنعەتی جیناسە، کە لێرەدا نموونەیتان پێشکەش دەکەم:

بەهار هەوای بەرد جە سەرزەمین بەرد　　تۆمەی گوڵاڵان وە جۆی وەرد ئاورد

کە هەروەك دەزانین وشەی (بەردی) هەوەڵیان بە مانای زستانەو وشەی (بەردی) دووهەمیان بە مانای (بردە). واتە: لە بەهاردا، بەهار هەوای زستانی لە سەر زەوی لا برد. یا لەم هۆنراوەیەدا، کە دەڵێ:

شادیو وەشی وعەیش، چەمو خەم جەم بی　　چێوێ جەلامان، کەم بی هەر خەم بی

کە وشەی (خەم)ی هەوەڵ وشەیەکی لفەدوانەیەو لفی وشەی (چەم). کە بە سەر یەکەوە (چەمو خەم) دەبێتە شادیو کەیف خۆشی، هەر وەك کە لەم وتە فۆلکلۆریەدا دەڵێ "جەحێڵیەو چەمو خەم" واتە گەنجیەو شادیو کەیف، وشەی (خەم)ی دووهەم بە مانای (خەم) و غوسسەیە. کە مانای تەواوی هۆنراوەکە بە سەر یەکەوە بەم چەشنەیە: شادیو خۆشیو عەیشو کەیف خۆشی هەمووی لامان جەم بوون، ئەوەی کە لەکن ئێمە کەم بوو، هەر خەمو خەفەت بوو.

٤ـ نامه بۆ دۆستان له هۆنراوەی مەولەویدا:

مەولەوی یەکێك لەو هۆنەرانە بووە، کە نامەی زۆر لە دۆستانی بە هۆنراوە نووسیووە یا وەڵامی نامەکانیانی بە هۆنراوە داوەتەوە. کە ئەم هۆنراوانەش زۆرتریان شاکاری ئەدەبی کوردین. ئەم ڕاستەقینەیە ئەمە دەگەیەنێ کە مەولەوی تاچ ڕادەیەك بە سەر نووسینی هۆنراوەدا، زڵ بووە. یانی ئەوانەی کە هۆنراوەی شاکاریان نووسیووە زۆرتر ئیلهامێکیان پێ گەیوە و لە ژێر کارتێکردنی ئەو ئیلهامەدا، شێعری شازیان، نووسیوە، بەڵام لەوە دەچێ کە مەولەوی چرای ئیلهام لە دەستی خۆیدا بووبێ و هەر کاتێك کە ویستبیتی هەڵیکردوە و هۆنراوەی شازو کەم وێنەی لە بەرگڕی تێکی ئەو چرای ئیلهامە هەڵکردوە. دیارە هەمومان ئەمەش دەزانین کە زۆر لە هۆنەرانی پایەبەرزی جیهان ئەم حاڵەتەیان بووە، کە دوروشمی بەرزی ئەو هۆنەرانە سەعدی، فیردەوسی و هۆمێری یۆنانی بوون. چون بۆمان ڕوونا کە، کە سەعدی لە نووسینی کتێبی گوڵستاندا کەڵکی لەو تایبەتمەندیە وەرگرتوە و هەر وەها فیردەوسی لە کتێبی شانامەدا هەر ئەو کارەی کردوە و هۆمێریش لە نووسینی کتێبی ئیلیاد و ئودیسەدا.

جا ئێستا نموونەیەك لەو هۆنراوانەی کە مەولەوی لەو دا، وەڵامی نامەی دۆستێکی داوەتەوە دەخوێنمەوە. لەم هۆنراوەیەدا، وا دەردەکەوێ کە ئەو دۆستەی مەولەوی داوای تەزبێحی لە مەولەوی کردوە و مەولەویش بە شێعر وەڵامی داوەتەوە، کە لەو پەڕی جوانی و بەرزی دایە:

جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگرد　　فەرمات پەی تەزبێح، ها ڕوانەم کرد
پەرێ تۆ خاسەن، هەر شام تا سەحەر　　هەر ژمارەی وەسڵ، باڵای دڵبەر کەر
نەك چون من وزو وە هوناو وەستە　　خەم سیواك، نمای مەینەتان بەستە
نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد　　ڕوو نەپای میحراب هەناسان سەرد
وەی وزو و نەماو وەی سیواکەوە　　جەی گۆشەی مێحراب مزگی پاکەوە
پەی ژمارەی ذکر کرەی ئێش و نێش　　کافیەن دیدەم، تەزبێحم پەی چێش

۵ـ وەسفی دیمەنەکانی سوروشت لە هۆنراوەی مەولەویدا:

مامۆستای شاعیرانی کورد مەولەوی مەعدومی لە وەسفی دیمەنەکانی سوروشتدا، دەستێکی بالای بوە و کەم کەس توانیویە لەم بەینەدا، بەم چەشنە هۆنراوە بڵێ. ئێستا هۆنراوەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە، کە مەولەوی لەودا باسی دیمەنی بەهار دەکا:

وەهـــارن، ســـەیرەن، ســەوزەی دیـاران نم کەوت جە دیدەش چون شەو بێداران
پـــەی دڵـــەی مـانیای دەروون مـلاڵان ســـایە بـــەستەوە خـــەیمەی گـــوڵاڵان
بۆی یـەخەی ســەحەر پـەی دەمـاخ دڵ مـــانۆ وە نـــەسیم جـــێب جـەمین گـوڵ
چـون دێـوانـەی شـۆر ئـازیز لە سـەردا شەتاو سەر هـۆرگرت وە دەشت ودەردا
تووڵانی چون هـیجر خـاتر پـڕ دەردان ڕوان وێنەی وسڵ، گەردەن بێ گـەردان
های جە شنۆی وەش ڕۆح ئەفزای کاوان ئای جە شـاخەی تـاف سـاف سـەراوان

٦ـ نوکتەبینی و وردبینی لە هۆنراوەی مەولەویدا:

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هۆنراوەی مەولەوی ئەوەیە کە وردبینی و ناسك خەیاڵی تێیاندا بەو پەڕی بەرزی گەیشتوە. بۆ وێنە ئەم بەیتەی خوارەوەتان بۆ دەخوێنمەوە، کە هێندە بەرزە، ئەگەر مەولەوی لە ژیانیدا تەنیا ئەم بەیتەی بنووسیایە، هێشتا بە یەکێك لە هۆنەرە هەرە بەرزەکان دەژمێررا:

وەنەوشە سوجدەی خاڵانەش بـەردەن بۆیە بە دایـم کـەچ کـەردەن گـەردەن

واتە گوڵی وەنەوشە بەو خەت و خاڵە جوانەوە سوجدەی بردوەتە بەر خەتو خاڵی ئەو، بۆیە واگەردنی کەچ کردوە. بە ڕاستی شێعرێکی بەرزە و لەو پـەڕی سـاکـاری‌دا وێژاوە، کە پڕیەتی لە جوانی‌و لە سۆزو لە ئیخلاس. لە لایەکی دیکەشەوە، تا جیگەیەك کە من هەواڵ دەزانم، مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا، لاسایی کەسی نەکردوەتەوە، بـەڵکە مەبەستێکە کە خۆی بۆ جاری هەوەڵ گوتویەتی.

عازیزان! هەروەك لە پێشدا عەرزم کردن، کەی دەکرێ لە چەند دەقیقەدا بە تـەواو باسی هۆنراوەکانی مەولەوی نەمر بکرێ؟ ئەم وتارەی من وەك ئەوە.وایە کـە بـێی بـە ئاوگەردانێك، چەند لەوێچ لە ئاوی ئۆتیانووس هەلگوێزی. منیش هەر ئەو کارەم کرد. دەنا بۆ ناساندنی هۆنراوەکانی مەولەوی و بۆ لێکۆڵینەوە لەوان لە ڕوانگـەگـەلی جـۆر بەجۆرەوە، نیاز بە چەندین ساڵ وەختو پێویست بە لێکۆلەرەوانی جۆر بە جۆرە، کە هەرکامێك لە لقێکی ڕاستیدا شارە زا بن. هەر لە بەر ئـەمە مـن پـێشنیار دەکـەم، کـە هەیئەتێك بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری ئەدەبی مەولەوی پێك بێ، کە چەند لقی بـبێ و بەرهەمی لێکۆڵینەوەیان لە مەجموعەیەکدا چاپ بکرێ. بۆ وێنە لەم بەستێنانەدا، تەحقیق لە سەر شوێنەوارەکانی بکرێ:

(١) عیرفان. (٢) فەلسەفە. (٣) مەنتیق. (٤) سەناعاتی ئەدەبی. (٥) ئیلاهییات. (٦) زمانی هەورامی. (٧) مێژو.

خۆشەویستان! بۆ ئەوەی کە زیاتر وەختتان نەگرم، لێرەدا دوایی بە وتارەکەم دەهێنم. سپاستان دەکەم.

یادێ له مەولەوی

حامد شافعی

ئەی باخەوانی شیعری تەڕ گەوهەر له خامەت دێتە دەر
شیعرت هەوارگەی هەساوە فێنکی نسار گەرمای تاوە
بەرژوای کووڕەی عیرفانی ڕێبواری ڕێگای قورئانی
شیعری خوایی بووژایەوە باخی ئەدەب را زایەوە
شۆڕشت خستە هۆنراوە هەنگاوێ بەرزت هەڵناوە
خاوەن بیران مەدهۆشی تۆ حەیرانی بادەی خۆشی تۆ
نەوای قومری دەنگی بولبول سەرچاوەی جوانی واتە گوڵ
پلەی وتەت هێند بالآیە هەم شیعرە هەم مۆسیقایە
پڕ له سۆزی عیرفانیە باسی جیهانی فانیە
هەمووی پڕ له خۆفی خوایە دیارە بڕوای عارف وایە
شیعرت ویردی ڕۆژو شەومە لایە لایەی کاتی خەومە
شناوی دەریای سەرمەستیت ئەشقی بواری خوا پەرەستیت
هۆنراوەت گشت ئاوازەیە بێ گەردە هێمان تازەیە
چی کۆن بوو هەڵ وەشایەوە زەوقی هونەر گەشایەوە
وتەت ڕەواجی دراوە ڕەنگی ئەشقی لێ دراوە
ئەدەبو عیرفانی کوردی نەیدیوە کەس وا بەوردی
ڕاڕبنەری لانکەی دڵ بێ بولبول بێ حەیرانی گوڵ بێ
تۆ بووی ڕشتت چاوی هەڵبەست خەنەت بو گرتە هەر دوو دەست

تۆ هۆنەرێکی تەرفامی خێوی خێوەتی کەلامی
هێناتە کۆڵ تەژگای هەستم بە بادەی ئەلەستیت مەستم
وتەت ناخی دڵ پەی دەکا عیسایە مردوو حەی دەکا
دەمخاتە کەژاوەی خەیاڵ ڕام دەژێنێ بێ قرمو وقاڵ
پتەوی شیعری نیزامی سەعدی سەنائی یا جامی
نەشئەی سەرمەستانی ئەزەڵ بەزمی شیعری حافظ غەزەڵ
ئیلهامی کەم وێنەی گۆران کە بە سروشت دڵی دۆڕان
وەك جزیری مەفتونی خوا کە غەیری خوا لە هیچ نەدوا
دیوانت مەکۆی شیعری تەڕ هەتوانی تەمیان وبکەسەر
سارا بە کۆشی پڕ لە گوڵ سۆزی ئەوینداری بە کوڵ
جوانی دیمەنی تاوەگۆز بەرزی بە تەرزینەکە ڕۆز
شوان بە بلوێری دەسیەوە مامز بە چاوی مەسیەوە
لالە بە داخی دڵیەوە کەوباڕ بە خاڵی ملیەوە
ئەوەی وتم هێشتاکە من لە دیوانی تۆدا جەمن
شیعری زستانت مەحشەرە شیعری چی؟ زێرە گەوهەرە
خاکە لێوەت کرد بە زاوا بۆ نەمامی تەرووساوا
غارت کرد بە ژوانگەی دڵان تا هاتنی مانگی گوڵان
یەخ ئاوێنەی بووکی تۆیە سیخوار خشڵو وگوارەو گۆیە
کام شاعیر بۆ بووکی خەیاڵ تەم دەکا بەچار شێووشاڵ
بەزمت بە پاکرد مەولەوی بۆ سەرخۆشانی مەعنەوی
لە ریزی خاوەن ڕێزانی لێ زانی ئیجگارزێ زانی
بۆ بەرزی پایت مەولەوی کورتن قەسیدە و مەسنەوی
هۆنراوەت دوورری یەمانی لە کەلامدا زۆر یەمانی

هـەوینێ هـەڵبەستی جـوانین غـەرامـی بـاکـوو عـیرفانین
بـاسی سـروشتی خـوا دەکـەی لەم سـینە گـڕ بـەرپا دەکـەی
دیـــوانت کـــانەیەکـــانی سەرڕێژ لە ڕووناکـی‌و جـوانی
فـریشتەی عـەرشی خـودایی بـە هـەڵبەستت وەك سـەودایی
لە ئـــەرزەوە تـاکـوو سـەما بـــە هـۆنراوەت دێـنە سـەما
کـــەلامی تـۆ کـەم وێـنەیە شـــۆری دەف و نـاڵەی نـەیە
قـــەڵەزەی ئـــاوی کـــانیە ئـــی‌عجازی تـــابڵوی مـانیە
خـــوررەی ئـاوی جـۆبارانـە مـــایەی بـــەزمی دڵـدارانـە
نـەغمەی چـەنگی نـەکیسایە ویـــردی کـــۆڕی عـورەفایە
شـیعرت بـیر تیژی تـاوەگـۆز ئـەی خـاوەنی هـەستی بـەسۆز
بـوو بـە لاوك بـوو بـە حـەیران لەکـۆری شـین یـا لە سـەیران
ئـاسمان بـە سـنگی شـینەوە دەریـــا بـــە لرفـــەو تـینەوە
مـیخەك بـە بـۆنی خـۆشەوە عـارف بـە جـەزبەو جـۆشەوە
خـولقاندت شـیعری سـیحراوی بـــۆ بـیروو بـڕوای گـڕاوی
بێ فـێرگەو زانسگـەو مـەکـتەب بووی بە شۆرەی سواری ئەدەب
جـامی دەسـتی مـەی نـۆشانی هـــەژێنی هـــەستی جـۆشانی
ڕووگـەو ڕەوگـەی دڵ ڕێشانی دەوای ئـــێشان‌وو نـــێشانی
پـێم خـۆش بـوو بـێمە لاتـەوە چـــاو لە ســـەروو سـیماتەوە
بـەو مـینای بـێ گـەردی بـادە کـە ڕۆحـی تـۆ پـێ‌ی دڵشـادە
پـــەی پـــەی بـــرێژمە کـامەوە بـەو بـۆنوو عـەترو تـامەوە
مـن کـێم بـە خـامە یـا نـامە لە تـــو بـدوێم ئـەی کـارئامە
بـــەسمە ئـــەبڕێنمەوە بـاسم ئـــەرۆم مـــەولەوی بـــناسم

مەولەوی وە عیرفان
(نەقدی شیعریکی مەولەوی)

اقبال شاهدوست

ئەم ذاتە مریدی شیخ سراج‌الدین بوە و بەڵگەی گرینگ بۆ ئەم باسە هەڵبەستەکانی ئەون کە پرە لە هەستی بەسۆز بەرامبەر بە (پیر)وە نیشانەی ئەوەن کە مریدیکی چەند رەوشت راستو جوان بوە، ئەگیرنەوە کە مەولەوی شەوانە لە خۆفی خودا و عشقی پیغمبر و علاقە بە اولیاءالله تا بەرەبیان رو بە قبلە دادەنیشت و بە ذیکرو ئەوراد مەشغول بوە، وە بیرێ لە خووا دەکردوتەوە و ئادابی تەریقەتی دەنوسی ولە شیعرەکیدا ئەم باسەی رون کردوتەوە و فەرمویتی:

بەزم هامفەران یار مۆبەت کیش — یەك ئیمشەو دەفێ‌دەرویش، های درویش
باوەر نەکورەی، وەلوەلەی دەفدا — رووی پەندو تەوبیخ وە هەر تەرەفدا
رووی پەند، ئەویاران دل وە جەهدو جەخت — رووی تەوبیخ، ئەولای مەعدوومی بەدبەخت
واچەهەی دلەێ، ئەبلەی بی خەبەر — هوریزساتی تەرك، خاو شیرین‌کەر
شەوەن خەلوەتەن، مال بێ ئەغیارەن — ئالەم گردوتەن، دوس خەبەر دارەن
نەوا میهمان بۆ، بۆ نەوینی کەس — خەفەت بۆ پەرێت تا ئاخر نەفەس
دیدەت تو ز غەیر نیشتەنش وەنە — جە جۆی سەوزەی دل، ئاویش دەرپەنە
وەر تو بینایت پەردەش هانە سەر — ئەو تو موینو جە تو زەریف تەر
ئەمجار یادکەر عومر کە بەس ویەردت — باوەر وە خاتر ناپاکی‌ی کەردەت
سەرئەفگندە بەر چون شەرمەساران — چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران

بـەل شـۆرۆ بـەو ئـاو کـەرەم فـراوان بـــابەت وە بـــابەت سـیاهەی تـاوان

خوالّی خوش بو ئەفەرموی! ئەی درویش، ئەمشەو، شەوێ بەزمو رابواردنی دوستان و یارانی ئایین خوشەویستە... کە واتە دەفیکی باش لێدە لیـرەدا ئـیشارە دەکـات بـەو فەرمودی پـیغەمبەری مـەزن کـە **أنّ مِن عِبادِاللهِ لمأناساً ماهم بأنبیاءٍ ولا شُهداءٍ یغبُطهمُ الانبیاءُ والشُهداءُ یومالقیامةِ بِمکانِهِم مِناللهِ عزّ وجلّ.**

واتە بەراستی لە ناو عەبدو بەندەکانی خوواداکومەلیک هـەن، نـە پـیغەمبەرن، نـە شەهید، بەلام لە روژی قیامەتا، زور لە پیغەمبەران غیبتەیان پێ دەبەن، بە هوی ئەو پلەو پایەوە کە خودا داویەتی بەوان. عەرزیان کرد؟ ئەوانە کێن؟ فەرموی ئەوانە کسانیك لە ئومەتی منن کە لە بەر خوا، خواو یەکتریان خوش دەوی و ناوچاویان رونەو نووری لێ دەبارێ، ئەم تاقمە کاتیك عالەم مەحزونو غەمبارن ئەوان بێ غەم ئەبن و ئایەتی سورەی (یونسی) بو بـاس کـردن کـە فـەرموویەتی **أَلا اِنّ أولیاءَاللهِ لا خوفُ علیهم ولاهُم یحزنون**، واتە ئاگادار بن کە خوشەویستانی خوالە روژی قیامەتا هیچ خەوفیان لە سەر نیە و بو هیچ شتیکیش بە پەروش نین.

هەروەها ئەلی، ئەی درویش لە وەلوەلەو هەراو هوریای دەفەکەدا خوت سەرزنشت کەو بلّی ئەی مەعدومی بەدبەخت براکانت دلیان هوشیارە و خەریکی عیبادەتن و تو بی خبر،هەلسە بلّی ئەی خاوەنی دلی نەزان، لە بەر یادی خوا، تاویك هەلسە دەس لە خەوی خوش هەلگرە و بیروەکە لە دوست کە بریتیە لە خوا،کە ئەو دوستەت نەوەك لەو شەوە خەلوەتەدا بیت و ببیت بە میوانت ئەگەر خەوتبیتی ئاگـادار نـابیت، لیـرەدا مـەولەوی مەبەستی زور بوە بلام بیری ئیمە دینیتەوە کە پیغمبری گەورەی ئیسلام ئەفەرمویت **تنزل البرکة عِند ذِکرالصالحین** واتە بەرەکت دەباری بە سەر دانیشتوانی ئەو مەجلیسەداکە یادی خوداو رسولو پیاو چاکانی تیا ئەکەن دوبارە مەولەوی نە فسی خوی مەلامەت دەکا و ئەلی ئەی ئینسان سورەی ئیبراهیم بیر خوت بینەرەوە چـون ئـەفەرمویت **لئن**

شکرتُم لأزیدنکم ئەگر شوکرانەی نیعمەتی خوابکەی خوا بوت زیاد دەکا و دوبارە لە شیعرەکیدا زور شتی تیا رون دەکاتەوە و اشارە دەکا بە سورەی نوح آیەتی ۱۰ واتە ئەی موسلمانان **استغفِروا ربّکم اَنّهُ کانَ غفاراً یُرسِلِ السّماءِ علیکُم مِدراراً و یُمدِرکُم بِأَموالٍ و بنین و یجعل لکُم جناتٍ و یجعل لکُم انهاراً** زور داوای لی خوش بوون بکەن لە بارەگای خوای خوتاندا چونکە خوالە عەبدو بەندەگانی خوش دەبی کە داوای لێ خوش بوونی لی بکەن. خوش بونی دنیا بریتیە لە بارانی رحمت، زوری مالی رحمت، ئەولادی صالح و بەرەکەت لە دغلو دانو زوری کەلەپوری دونیائیە و ئەگیرنەوەکە مەولەوی لە هەموکاتیکدا وردی زبانی وشەی **لاحول ولاقوة الا بالله** بوە. بوچی؟ چونکی زانیویی تی کە کلیلی بەهەشتە و خەزنیکە لە خەزنەکانی بەهەشت.

لە ئیدامۀ شیعرەکدا مەولەوی ئەفەرمویت ئەگر تو چاوت یار نابینی و توزوگەردو ئولفەتی بیگانەی لی نیشتوە لە جوگەی کیلگەی دل مشتی ئاوی محبتی پیاکە بەلکو پاك ببیتەوە و دوست ببینی، ئەگەر هەر نەت بینی! واتە مستی دلت ژنگاوی بو و چاوی دلت تانەی لە سەر بو، قەیدی نیە، ئەگر تویش یار نەبینی یار زور جوان ئەدبینیت.

بیگانەو ئەولفەتی بیگانە بریتیە لە دنیاکە ئەلی ئەی درویش لە بیرت بی کە حضرتی علی کرمالله وَجه فەرموی. بو دُنیات ئەوندە تی بکوشە وا بزانە قەت نامری و بو قیامەتیش ئەوندە تی بکوشە وابزانە هەرئیستی ئەمریت، تو کە باوەشت بە دنیاو دنیاپرستی و مادەپرستیدا کردوە بیری خواو قبریشت ببێ! مەگەر نازانی کە ئەفەرمویت **الدنیا جیفةٌ و طالِبُها کِلابها**، دنیا مرداری بوە و طالبی مرداریش سگە، تولە و ضلالتە خوت وە دەربینە، و بیروەکەکە خوا خطاب بە ملائکە فەرموی **اِنی جاعِلٌ خلیفةً فی‌الارض** تو خلیفە و نوینەری ئیمەی لە سەر زەویدا.

ئەی ئینسان وا خەریك بەکە ببیتە بونی رەحمەت و بەرەکەت بو عالەمیك و هەناسەێ خواپەرستی راستەقینە و رەحمەتی خوا لە تووە بلاو وەبیت.

مەولەوی ئەفەرمویت جا ئەمجارەکە شەو بە خەبەرداری دانیشتی بو یادی یار، بیری

ئەو کاتانەی عومرت بکەرەوە کە بە بی‌سود بە سەر چوونو کردەوە ناپاکەکانی خوت بینەرەوە بیرت وەڵیان پشیمان ببەرەوە و سەردانەوینە وینەی شەرمەزاران و ئاوی سەرچاوەی چاوت وەکە وەك لافاوی بارانی بەهار ودەفتەری رەشی خوت بە فرمیسکی چاو و سوزی سینە وەشو، بەڵکو خوالەگوناهەکانت خوش بێ. لیرەدا ئیمە ئاموژگاری دەکات لام وایە ئەو عاشقە شیدایە، ئەو مخلصی ئەولیایە، ئەو پیاوە بە نرخە، لەکاتی وتنی ئەم شیعرەدا ئاموژگاری حضرتی ویس‌القرنی کە خێرُالتابعین بوە بیرکەوتوتەوە و شیعرەکانی بەگلوپو چرای یادی ئەوە وەگەشەدارکردوە کە ئەفەرمویت: ئەگەر دەتان هەوی گەورە بن، خوتان بەگەورە مگرن، واتە تواضعتان ببیت، چونکە من زور لە گەورەیی گەرام تماشام کرد گەورەیی لە خو بەکەم گرتن دایە، ئەگر دەتان هەوی ببنە رئیس و پیاوەتیتان دەست کەوی ئاموژگاری خەلك بکەن و ریگای راستیان نیشان بەن. ئەگر دەتان هەوی شانازی بە سەر خەلکا بکەن، بە فەقیری رازی بن، چونکە فەخرو گەورەیی لە فەقیری‌دایە.

فەرموی ئەگەر شەرەفتان دەوی، قەناعەت بکەن، چونکە شەرافەت لە قەناعەت‌دایە. ئەگەر دەتان هەوی دەولەمند بن، تەوەکولتان بیت، چونکە دەولەمندی لە تەوەکولدایە. مەولەوی لە زوربەی شیعرەکانیدا و لە قصەو گفتگوی ناوگەڵو هوزدا، رەوشتی خوێ ریك کردوە بە آیەتەکانی قورئانی پیروز و حەدیثە جوانەکانی پیغەمبەری گەورەو تمسکی کردوە بە دوستانی خووا، بویە لە زوربەی هەلبستەکانیا لە باسی یاردا ئەفەرمویت: دووری ئەو یارە رەگ‌و ریشەی پیستی لەشمی لە تەوقی سەرمەوە تا پەنجەی پیم هەموو لە یەك کردووتەوە و خوی بەر لافاوی فرمیسك ئەدات کە لە چاویەوە هاتوتە خوار، ئەلی ئازیز رەحمیکم پێ بکە لە تاو دووری تو نەمرم بەڵکو بمینمەوە بو زیارت کردنی بەر دەرگای ماڵەکەت.

زوربەێ گریانەکێ مەولەوی لە ترسی ئەو حەدیثەی حضرت بوە کە ئەفەرمویت: ئادمیزاد بە تەمەن پیر ئەبی، بەڵام دوخو لەگەڵیا جوان ئەبنەوە، یەکەم تەماع، دوهەم

دریژی ئومید. تەماع یانی زوری حەزو ئارەزو لە دەولەمندی و پایەبەرزی و ئەم خصلتە ئینسان بە بەشی خووا نارازی دەکا چون زانیوی‌تی کە تەماع هەژاری هەمیشەیی‌یە، بەلی تەماعو ئومید لە لای مەولەوی و باقی دی‌کەێ زانایان لە ئیشی چاکەدا بەختیاریکی تەواوە. شتیکی‌ترکە ئەبی چاوی بصیرتی سەرخەن ئەوەیەکە بوچی مەولەوی بەو هەمو فضلو هونەرەوە چوتە مەجلیسی مشایخ و پیاوە بەرزەکان؟ و یا لە زوربەی قسەکانیا سوپاسی لە هەموکەس بە تایبەت لە مرشدان و خلیفەکانی طریقت کردوە؟

بو ئەوە بوە کە شارەزا بوە کە پیغەمبەرێ ئیسلام سلاوی لێ بێ فەرمویتی **من لم یشکُرالناس لم یشکُرالله** یەعنی کەسی خوێ وابێ سوپاسی نعمەتی ئادمیزاد نەکا، ئەوە سوپاسی نعمەتی خوایش ناکا. سوپاس ئەمەیە ئینسان دان بنی بە نعمەتی خاوەن نعمەتا ولە ئەندازەی خویا بە زوبان تعریفی بکاوە حقوقی وفا رابگری، ئینسانیك کە طبیعەتی پیاوانە و ئەخلاقی مەردانە بو، هەرکەس چاکەیکی لەگەل کرد لە پیش چاویا، رای ئەگری، ئەگر ئەمەی نەکرد، بەگویرەی سوکی طبیعەتی خوێ سوپاسی خوایش ناکا. لیرەدا مەولەوی بەو بروایەگەیشتوە کە مرید ئەبی وەکو مردووابێ کە لە بەردستی مردوشوردایە، مردوشور هەر جوریك بارەوباری کا، دەسلاتی نیە. بەلی بەراستی خوا ئینسانی طبیعەت نەرم و روخوشی خوش ئەوی، ماموستای پایەبەرز فەرمویتی ئەی خالوی دەرون پر لە خوێن، زور دەمیکە توسقالەکانی خوشەویستی لەیلی پرمەیل تیکەل بوون لەگەل وردە پارچەی لەشی مەجنوونا، کەتویت! لە بەر ئەوە حەیفە ئاو ئەو لەشە بەرێ و لەگیژی خویا نوقمی کاو و خوشەویستی لەیلیشی لەگەلا بفەوتی، لە بەر ئەوە یار بەلەنجەو لارەوە بیت و نیقاب و عاباو پەچەێ لا دات وبگاتە بەرەوە، ئەبی سالك روی دلەێ خەفەتباری لەگەرمای خوێ و ئارەقی ناوچای یار بە جذبۀ عیشقەوە تیکەل بە ذیکرو فیکرو خزمتو طاعت و لێ بُردنوقەناعەتو خوواشناسی وتوکلو تسلیم و عبدایتیو تحمل و خوراگری بکات! ئەوکاتەیە کە چەرخی چەپگرد بنیانی دوژمنایەتیەکەی ئەشکیتەوە و مرید بە علمێ لدنی دەگات، مەولەوی لە تصوفدا

دەستیکی هەرە بەرزی بوە بویە لە دیوانەکیدا مەلا عبدالکریمی مدرس خوای لێ رازی بێ ئەیگیریتەوە و ئەفەرمویت! جاریکیان مەولەوی لە خانقای تەویڵە دەبێ، دێن بە دوایا کە بگەریتەوە بو مال، چونکا کوریکی نەخوش ئەبی، ئەمیش سوار ئەبی و ئەگریتەوە، ئەگەنە نزیك دێ هەناسەێك هەل ئەکیشی و فرمیسك بە چاویا دیتە خوار، هاورێ کەی عەرزی ئەکا بوچی وا عاجز بوی، مەولەویش ئەفەرموی، چون عاجز نەبم حەزرتی یەعقووب بو دلخوش بون بونی کراسی یوسفی کوری ئەدرا بە لووتیا کە چی من بونی کفنی کورەکەم ئەدری بە لوتما، کە ئەگەنە مالەوە ئەزانن لەو کاتەدا ئەو هەناسەکەی هەلکیشا خەریکی کفن کردنی کورەکە بون و ئیدامەی ئەدات کە بە بوتەی مردنی ئەم کورەیەوە (شیخی بهاءالدین) کە استاد و مرشدی مەولەوی بوە ئەچی بولای بو سەرەخوشی، مەولەوی بە هاتنی شیخ ئەوندە خوشحال ئەبی، وەجدئەی گری و ئەکەویتە جذبۀ عیشقەوە، ئەلی حەزم دەکرد تا ماوم سالی کوریکم بوایە و بمردایە بەو شەرتە تو هەموجارێ بهاتیتایە بولامو سوودی روحیم لێ وەربگرتیتایە، بەڵی ئازیزان مرحلۀ عشق و جذبەو کرامات تا ئەو رادەیەکە سالکان پێ دەگەینی، بلام ئیمە لە ئاشقانی دین بیخەبەرین بویە سەعدی ئەفەرمویت مەرجی ئاشقی پیوان و خوراگری لە حەوت قوناخەکە بریتیە لە درگای ویست و ئارەزو عشق و علاقە و دەرك و مەعریفەت، استغناء و خواناسی و لە ئاخردا سەرگەردانی و فەقیری ئەمانەن کە سالیك ئەخەنە جذبەو وجدو پلەی صفاو وفاوە، خوینەری خوشەویست باش بزانە ئیمە لە ژیان و تەمنی خوماندا هەر فیر بوین بخوین و بخەوین باقی دێ کەی ئاداب و دستورە ئایینیەکانمان خستوتە صندوقی بیخەبەرێ و هەر فیرین ئینتقاد بنوسین ئیتر هەول نادەین کە بارودوخی ولاتەکمان بخینە بە چاو بو ئەم مەنظورە بەلگەی گرینگ هەیە بو هەر کاریك بو هەر جییك بچی؟ هەر ئەلین بە من چی؟

ئەگەر بلین سقز روچو کاکم دەلێ بە من چی؟

یا خو بلین جستان رویشت جواب ئەداتو بە من چی؟

دەلین فلانی کوچی کرد، جا چی لێبکم بە من چی؟

فلسطین بوبە ویرانە، من چی بلیم، بە من چی؟

خەلکی بوسنی هەمو کوژران، چیان لێ بکم بەمن چی؟

مزگەوتی بابری روخا، هینی هندە بە من چی؟

مُسلمان قتل و عام کرا، لە من دورە بە من چی؟

ئەگر بلین دنیا روچو، ئەو سادەلی بە من چی؟

بلام ئەگەر بلین دینار بە دین لە هەر جێ

هەمو دەروین، بەرەوپیری ئیتر نالین بە من چی

ئازیزان دەردی قەرن سلطە مادیاتە بە سەر معنویاتا بویە ئەگر ئینسان دراوسیکی بینی کە لە برسا ئەمری دلی داناچلەکێ!

ئازیزان هیوادارم ئینسان بگا بەو قناعەتە کە دێن نەفروشی بە دینارو دین سلطە پەیا بکاتەوە بە سەر دینارا، ئەوکاتەیە کە عارف و خواشناس زور دەبن و دونیا دەبیتە بەهەشتی بەرێن و خراپەکاری لە بەین دەچی؟

ئیتر لە خووا داوای سەعادەت و سەربەرزی و تەرقی مسلمانان دەکم

بانە ـ ۷۱/۱۰/۱۴

نمادو سمبولی ئوستورەیی لە شیعری مەولەوی کورددا

احمد شریفی

ئوستورەیان میتۆ یان بەکوردی خۆمالّی رەنگە بلّێن ئەفسانە: بەشێکە لە بیرو باوەری هەرەکۆنی چاخو رەووانگەلی سەرەتایی مرۆڤ، کە پەیدابوونی لەگەلّ هامکاری ئینسان دەست پێدەکا و هاولفی مرۆڤ دەووران‌و بووارگەلی جۆر بەجۆری مێژوویی بڕیوە وگەیوەتە سەردەمی ئیمە و هەتا مرۆڤیش لە سەرگۆی زەوی بژی ئەستورەش هاو ژیەتی.

لە راستی‌دا، ئوستورە نیشاندەری شیوەی بیرکردنەوە و هەلّس‌وکەوتی باری ئایینی و کۆمەلّایەتی و مێژوویی و تەنانەت رامیاری‌و ئابوری ئینسانی دیرینەو رووانگەکۆنەکانی دەخۆیدا پاراستووە وگەیوەتە چاخی‌مە.

ئەمرۆ لە ئاکادۆمی‌و مەکۆ عیلمی و زانستیەکانی جیهان‌دا. گرنگیکی ئەو تۆ بە ئوستورە دەدرێ، عیلمی ئوستورەوانی، یان میتۆلۆژیا بە چاوێکی ڕێزەوە، سەیری دەکرێ و لە بەر تیشکی زانستی ئەم عیلمە سەیری هەلّس‌وکەوتی مرۆڤ و ئەدەبیات‌و گەشت لایەنەکانی ژیانی دەدرێ.

بەلّام داخی گرانم، لە نێو ئیمەی کورددا، کە خاوەنی گەنجینەیەکی مەزنی ئوستورەیین، میتۆو ئەفسانە، نە تەنیا گرنگی پێ نادرێ، بەلّکو لەوانە بێزم، بێ ئەوەی لە باری زانستی دۆخەکە بگەین، بەربەرەکانیشی دەگەلّ دەکەین و ئاگاداری زانستی مەزنی میتۆلۆژیا نین.

هەر لەم بووارەش دایە، کە هە تائێستا بۆ نمونەش توێژەوانیکی میتۆلۆژییانە، لە

ئەدەبی کوردیدا بەر چاو ناکەرێ. ئەوەش کەڵین و بۆشایەکی زۆر گەورەیە لە ئەدەبی کوردی دا. چونکە ئێمەی کورد، هەر نە تەنیا خێوی ئۆستورەی نێوچانەین، بەڵکو بەشێکی شەریکە مالێشین لەگەڵ گەنجینەی ئوستورەیی ئێران و گەلانی پێشدەستی ئیران. وە تەنانەت بە هۆی ئاینیزاکۆن و دیرینەکانی وەك، ماتریالی سرووشتیو عەناسۆر پەرەستی میترائیسمەوە، تێکە لاویکی بەربلاومان، لەگەڵ ئەستورەی گەلانی یونان و رۆمی باستانیشدا هەیە. رەنگە هەر لەم بوارەشدا بێ کە ناوی هێندی لە خواو ژنخوا هەرە دیرینەکانی رۆم و یونان و هیند، ئێستاش لەکوردستاندا هەر ماون. بۆ نمونە ئاکۆ - ئاسۆ، سروە، شیوا، ئەیندرا - سەریاس - ناهید - ئاننا- تاووس - مارسو تەمووز و دەیان وشە ناوی تر... کە هەر یەکەی بۆ خۆی ناوی یەکێك لە خوا و ژنخوا -کانیگەلی هێندو ئێرانو رۆمو یونان بوون. ئەم ناو خوایانە، ئێستاش لەکوردەواریدا هەر ماون و دەژین. ئەو ناوانە و بەسەدان و هەزاران ناوی دیرینیتر لەکەلەپۆرو شیعری کوردیدا نە تەنیا دەنگدانەوەیەکی فراوانیان هەیە، بەڵکە ناون بۆ زۆر جێگاو مەکان و مەکۆی وەك کێوو شاخ و چۆمو رووبارو گوندودێ. جا سەیر ئەوەیە کە زۆر جار بیرو ئەندیشەی ئەوان چاخانیش لە حەکایەتو سەربووری و سەرگوزشتەو رازۆی کوردیدا بەر چاو دەکەوێ.

ئەز، لە روانگەیەکی میتۆلۆژییانە وە سەرنجێکی سەر پێیانەی شیعرو دیوانی مەولەویم داوە و ئەم رەچەڵە ئەندێشانەیەم تێداکردۆتە (۵) بەش:

۱- وشە ناوو بۆ چوونی دەوورانی میترائیسم دە شیعری مەولەوی‌دا

۲- وشە ناوو بۆ چوونی دەوورانی پاڵەوانی دە شیعری مەولەوی‌دا

۳- نمادو ئەندیشەی دەوورانی زەردوشتایەتی دە شیعری مەولەوی‌دا

۴- نمادو سومبڵو رووداوەکانی دەوورانی ساسانی دە شیعری مەولەوی‌دا

۵- وە سەرئەنجام، بیرو بارەری ئاینیزاکۆنەکانی کورد دە شیعری مەولەوی‌دا

لێرەدا، ئەمن زۆر بەکورتی پەرژاومە سەر لایەنەکانی پێنجانە، چونکە لە راستی‌دا،

ئەگەر پیاو بیەوێ بە وردی‌و تێرو تەسەل، ئەوانە لێکداتەوە، کورد وتەنی باتمانێکی کاغەزو عومرێکی نوح‌ئاسای وەخت دەوێ.

A ـ وشە ناوو بۆچوونی دەوورانی میترائیسم لە شیعری مەولەوی‌دا:

سومبل‌و نمادەکانی دەوورانی میترائیسم و ئوستورەی میترایەت، چەند جارێ، لە قالبی وشەدا، لە شیعری مەولەوی‌دا، وە بەر چاو دەکەوێ، بۆ نمونە وشەگەلی [سوەیل ـ خورشید و میحراو...] پێوەندیکی تەواویان لەگەڵ کۆنە ئاینیزای میترائیەتەوە هەیە.

وشە مێهیرئاو، لە فەرهەنگ‌و ئوستورەی میترائیەت‌دا، بە مانای پەرستگەو پیرو مەزنی رێبەری ئاینیزایە کە هاتووە، ئەم وشەیە پاشان لە چوارچێوەی فەرهەنگی ئیسلامی‌دا بۆتە (مەحراب) و لە فارسی‌دا بۆتە (مەهرآب) و لە کوردی‌دا، لە بێچمی مێهیرئاو میرئاو دەبیندرێ.

مەولەوی سەرەڕای ئەوەی کە وشە ناوی (میحراو)ی لە بیچم‌و سیمای ئیسلامی‌دا بەکار هانیوە:

روونە پای مێحراو هەناسان سەرد [دیوانی مەولەوی لاپەڕەی ۱۵۴]. یان جەگۆشەی مێحراو مزگی پاکەوە [ل ۱۵۵].

ئەم وشەیەی لە شکڵ و قەوارەی میترائیەتیش‌دا بەکار هێناوە، وەك دەفەرموێ:

مورشید میراو سەر جۆی بادەی لەیل [ل ۲٦۵]

ئەم دیاردە شوێنگە ئاینیزایە، هەر تەنیا لە وشەی (مێهراو)دا قەنیس نەماوە، بەڵکو وشەی (سوەیل) کە ناوی ئەستێرەی بەرەبەیانی کوردەواری و شوێنێکە لە کوردستانی بەشی عیراق‌دا، پێوەندیکی راستە و خۆی لەگەڵ (خورشید)ی میترائیسمەوە هەیە و پاڵگەی ئەم دۆزەش فەرمودەی مەولەوی‌یە:

چون سوەیل رەونەق پەنجەی ئافتاب [ل ۴۲۷]

ئەم پێکەوە هێنان و پێك لکاندنی (سوەیل) وەك پەیکی هاتنی (خور)یش هەروەسا ئەندیشەیەکی میترائیسمە کە لە سومبل‌و نمادی پیرۆزی ئاینیزای میترائیسمە، لە شیعری

مەولەوی‌دا بە شێوەگەلی [خورشید ـ خۆر ـ هەتاو ـ ئافتاب‌و ئافتاو] دەبیندرێ، بەڵام سەرەڕای ئەم بۆ چوونەش مەولەوی، ئەوان وشانەی لە چوارچێوەی عیرفان و ئایینی ئیسلامیش‌دا بەکار هێناو.

B ـ وشەو بیری دەوورانی پاڵەوانیەتی لە شیعری مەولەوی کورددا:

مەولەوی بەرزە بیری فراوێژ، هەر نە تەنیا، لەگەنجینەی دیرینی ئاینیزای میترائیسمی کەڵك وەرگرتووە، بەڵکو نمادو سومبلەکانی دەوورانی پاڵەوانی‌و ئەستۆرەی هەرەکۆنی گەلانی ئاریایی پێدەشتی ئیرەویچیشی لە شیعرەکانی‌دا، وە بەر چاو دەکەوێ ولە شێوە گەلی جۆر بەجۆر سوودی لێ بینیوون.

وشەکانی [کەی ـ جەم ـ جام جەم ـ نەورۆزو ئاوی حەیوان یان ئاب حەیوان] نموونەیەکن لەو نمادو سومبلە ئۆستورەییانە، کە لە شیعری مەولەوی کورددا هەن. ئەوانش پێوەندێکی ئاشکرایان بە چاخی دیرینی پاڵەوانیەتی گەلانی ئێرانەوە هەیە. مەولەویش لە شیعرو هۆنراوەکانی‌دا، ئەم نمادو سومبلانەی لە سیمای سەرەکی‌و رەسەنی خۆیان و قەوارە بەندی ئیسلامەتی‌دا بەکار هێناون و تەنانەت هێندی جار ئاویتەی یەکدیشی کردوون:

سولەیمان جاهێ، جام جەم نیگاهێ
سکندرشاهێ، دارا دەرگاهی (ل ۵۰۷)

ئاوی ژیان یان ئاوی حەیات، کە یەکێك لە نمادە هەرە دیرین وکۆنەکانی ئینسانە بۆ زاڵ بوون بە سەر دێوە زمەی مەرگدا، لە ئەفسانە و ئوستورەی زۆربەی هەرە زۆری گەلانی دونیادا دەنگدانەوەیەکی یەکسانی هەیە و مرۆی خاکی دەیەوێ، بەم ئارمانجە بگاکە ئەنیرەی نەمان لە بەین بەرێ و ژیواری‌و ژیاری هەمیشەیی بۆ ئینسان جێ بکا، وەك سەرەکی‌ترین ئارەزوی ئینسانی لە ئەفسانەو ئوستۆرەدا هەیە، ئێستاش کە ئێستایە ئەم ئاواتە لە دەروونی ئینسان‌دا هەر دەژی و مرۆف دەخوازێ بەرەو ئارمان با ژێریکی

وەها بلوێ کە مەرگ و نەمانی تێدا نەبێ.

لە ئەفسانەو ئۆستورەی گەلانی ئێرانی و هێندو یونان‌دا، ئەم ئاواتە بەو پەری بیراژۆیی گەیوە و لە قالب و قەوارەی ئوستورەیی بەدەر بووە و چۆتە قالبی خواکانی ئەفسانەیی ئەو گەلانەوە.

رەنگدانەوەی ئازوان بەرەو ئارمان باژێری ئاوی ژیان، لە شیعری مەولەوی‌دا، لە سەر هەمان ئەندێشەی دیرین بناغەرێژ بووە:

نەتورەی مانی ئاو حەیوانی [ل ۳۱۱]

یان:

وێنەی گۆی حوباب ئاو حەیوانی [ل ۴۹۶]

لە هەردوو بەیتە دێڕدا، مەولەوی هەمان ئاواتی کۆنی ئینسانی پاڵەوانی نوێ کردۆتەوە و ئامانجی ئاوی حەیات و ژیان بووە، بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ نەمان.

وشەکانی [کەی ـ جەم ـ جام جەم ـ و نەورز]یش کە هەرکام بۆ خۆیان نوینگەیەکی دەوورانی لە میژنیەی پاڵەوانیەتی ئوستورەیین، لە شیعری مەولەوی‌دا، بە هەمان مانای کۆنو دیرین و ئاواتی زووین بەکار هاتوون و تەنانەت هیچ کامیشیان قەوارەگۆڕیان بە سەر دانەهاتووە و لە بیچم و سیمای نمادگەلی ئیسلامەتی‌دا، شاعیر بەکاری نەبردون و ناوەرۆکی سەرەکیان پاراستووە.

C ـ نمادو ئەندیشەی دەوورانی زردوشتایەتی لە شیعری مەولەوی کورددا:

نمادو سومبلەکانی دیرینی دەوورانی پاڵەوانی، پاش پەیدابوونی زردشت و ئاغازی دەوورانی دونالیسم و شێوایی چاخو تافی فرە خودایی، تێکەڵاو میتۆگەلی سەردەمی زردوشتی مادی دەبن. بەشێکی سەرەکییان، جلو بەرگی نمادی ئۆستورەیی زردوشتو ئاوێستا دەپۆشن و لە پێدەشتی بەرینی ئیرانویچەدا فەرهەنگو ئوستورەیەکی نوێ سەر هەلۆەدا، کە ئێستا بە فەرهەنگی زردوشتی و ئەدەبیاتی ئاڤێستایی بەناو بانگە.

ئەم فەرهەنگ و ئەدەبەش بە هەموو تایبەتمەندیەکیەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر

سەرانسەری پێدەشت و فەلاتی ئێرانی کۆن دادەگرێ و ئاویتەی ژیانی گەلانی هەریمەکە دەبێ و لەکەلەپۆرو ئەدەبیاتی پاش خۆیدا رەنگدەداتەوە.

دیاردەترین نمادی ئەو فەرهەنگەش ئێستا رەنگە پیری موغان بێ، کە وەک پیرێکی سیماپاکی نورانیو یەزدانی لە فەرهەنگی کلاسیکی گەلانی ئێرانویچدا جێوار بووە:

خاك پای حەزرەت پیر موغانەم [ل ۲۸]

مەولەوی هەر نە تەنیا خاکی پای پیری موغان بووە، بەڵکو لە نمادو سومبلەکانیتر ئەدەبیاتی ئاڤێستایی و زەردوشتایەتی وەك [مەیخانە، بادە، پەیمانە، پیالە، ساقی و جام]یش لە شیعرەکانیدا، کەڵکی وەرگرتووە، و بە دەیان جار لە شێوەو بیچمی جۆراوجۆردا سوودی لەوان بینیووە، کە هێندی جار لە سیماو نمادی سەرەکیدان و هێندێ جار لە رواڵەتی عیرفانی ئیسلامەتیدا پالاشتەی شیعری کردوون.

ئاور، یان بە فەرمودەی پیرمان [ئایرو ئاهیر]یش نمادو سومبلێکی ئەدەبیاتی ئەستۆرەیی زەردوشتایەتی وئاوێستاییە، کە لە شیعری مەولەویدا دەبیندرێ.

ئەم ناوە، زۆر جار بەلکانەوەی وەك [ئایردان ـ ئاهیردان ـ ئاتشگە ـ ئاتشگا] لە شیعری مەولەویدا هاتووە، کە قەوارەکەشی هەر هەمان مانای دیرینی دەبەخشێ و خێوەکەشی [ئەهریمەن]ە، بەڵام وشە ناوی ئەهریمەنی خێوی ئاگر، لە شیعری مەولەویدا، سیماو رواڵەتی ئیسلامی پەیداکردووە و بۆتە (شەیتان).

نەوی وە ریشخەند سۆخرمەی شەیتان [ل ٦۴]

جگە لەوەش، (دێو) کە یەکێك لە نیهادو نمادە پەلیدەکانی ئوستورەیی چاخی پاڵەوانییەو ئاویتەی ئۆستورەو فەرهەنگی ئاڤێستایی بووە، لە شیعری مەولەویدا، هەمان بیچمی پەلیدو ناپاکی بەدفەری دیرینی پاراستووە:

رەفیقم مەینەت، ئەنیسم دێوەن (ل ۳۹۳)

هەروەك چۆن، دێو لە ئایینی مزدەیسنادا سیمانی نیگاتیفی پەیداکردووە. هەر بەم شێوەیەش لە شیعری مەولەویدا جێوار بووە.

جگه لەوانەی کە لەم بەشەدا باسم کردن، وشەوو ناو وشەگەلی [مانی ـ قەقنووس ـ هوما ـ تاووس و سەمەندەر]یش نمادگەلێکی مێژوویی کۆنن کە لە شیعری مەولەوی‌دا رەنگدانەوەیان هەیە وتەنانەت جاریکێش باسی نەورۆز دەکا و دەیێژێ:

سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆز گولانەن (ل ۴۷۳)

D ـ سومبل و رووداوەکانی دەوورانی ساسانی دە شیعری مەولەوی کورددا:

وە بەڵام دە شیعری مەولەوی و چامەکانی‌دا، هەر تەنیا دەنگدانەوەی ئەو چاخ و دەوورانانەی کە باسمان کردن، وە بەر چاو ناکەوێ، بەڵکو لە نمادو سومبلەکانی ئۆستورەیی دەوورانی ساسانیشی بەو پەڕی شێوایەوە کەڵك وەرگرتووە و هونراوەکانی پێ رەنگامەکردووە.

لەم بووارەش‌دا دەکرێ دیاردە بۆ [بێستوون ـ فەرهاد ـ شیرین ـ خوسرەو ـ پەروین ـ چۆگان و...] بکەین:

گاوە بێستوون هەستی بیناوە (ل ۹۱)

یان:

دەست (شیرین)یش ماوەرۆ وە یاد

فەرهادی نەتاق، فەرقەکەی فەرهاد (ل ۹۲)

هەروەك دەزانین، پێوەندێکی قوڵ و ئۆستورەیی لە نێوان بیستوون و فەرهادو شیرین‌دا هەیە و سەربووری ئەوان سێیان بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ئەفسانەی کەلەپۆری ئۆستورەیی گەلانی ئێران و هەر یەك بوونە نمادو سومبلێك لە نێوان کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا.

جا دیارە کە مەولەویش، بێ گومان لە نزیکەوە بێستوونی گەردەنکشی وە چەم وینیووە، بۆ بیرەوەری و ژیاندنەوەی ئەم ئوستورەیە و پاڵەوانی سەرەکی کارەساتە کە فەرهاد بە [نالەی فەرهادیی زامەت سەختەن (ل ۴۱۶)] یاد دەکات و [شیرین]ی گرِاویشی لە هەمان سومبل و نماد ئۆستورەیی‌دا فەرامۆش ناکا:

لەیل ئاسانازێ، شیرین جەمالێ (ل ٤٨٢)

جەمالّی شوخ‌و شەنگی شیرین لە نمادی جوانی‌دا و رەنجی فەرهاد لە نمادی بێوەری‌دا، کە مەولەوی باسی لێوە کردوون، نیشاندەری ئۆستورەیەکی کۆنی ئەم سەرزەوی‌یەن هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد رەندەن.

نەقش (شیرین)ش نە رووی سەنگ کەندەن.

E ـ وە بەلّام سەرەنجام، بیرو باوەری ئاینیزاکانی کۆنی کورد لە شیعری مەولەوی‌دا: مەولەوی هەر چەند بە بیرو باوەر مرۆڤێکی موسولّمان و عارف و سۆفێکی خاوەن رێبازگە بووە. بەلّان بە هۆی مەکۆی ژیانی دەوەری‌یەوە، کە هەر لە کۆنەوە مەلّبەندی پێرۆزی مێتۆلۆژییای ئاینی‌و ئاینە دیرینەکانی کورد بووە وە لە هەورامان و گۆران‌دا ژیاوە و گەورە بووە و هامو شۆی خێلّاتی سۆران و گۆرانی هەرێمەکەی کردووە. کەمتازۆر کەوتۆتە بەر شوێنگەی ئاینیزاکۆنەکانی دەڤەرەکە. بە شێوەیەك کە نمادو سومبلی ئەو باوەڕانەی لە شیعرەکانی‌دا بە زەوقی دیارن و هەتا رادەیکی زۆر ئەندیشەو ئۆستورەی ئاینیزای‌کاکەیی‌و یاری‌و ئەهلی هەقی لە هۆنراوەکانی‌دا بەکار هێناوە. یەکێك لە نمادو سومبلەکانی ئاینیزاکۆنەکانی کوردی وەك ئیزەدی ـ هەسارەیی ـ یاری‌کاکەیی‌و ئەهلی هەق، رێزو کەڕامەتی تایبەتی‌یە بۆ حەزرەتی عەلی [سلّاوی خوای لێ بی] هەلّس‌و کەوتی ئاسایی‌و رۆژانەی هەموو دین‌و ئاینزاکۆنەکانی کورد بە ناوی عەلی ـ یا عەلی ـ مەدەد ژ عەلی ـ یار لە عەلی ـ یارمەتی جە عەلی ـ دەست پێدەکا و رەمزی ئەم یاری‌خوازی‌یەش بە [یاعەلی مەدەد] دەست پێدەکات:

مەدەد یا عەلی پەی سەفەرکەر مەیل

مەنزڵ وە مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل (ل ٥٠٢)

وە نمادێکی‌تری ئەو کۆنە ئاینیزایانە بەگشتی وشەی [یار] و [یاری] و [یاران]ە کە مەولەوی ئەم وشەیەی زۆر جار وەك نمادی دینەکۆنەکان بەکار هێناوە:

بادەی بێ وادەی فەنام وەردە بۆ

شەرت بۆ، کامین شەرت؟ یاران کردە بۆ (ل ۱۴۴)

وەیان:

جامێ جە مەعجوون دەرد ئەوگاران

دوڕد وا مەندەی بەزمە کەی یاران (ل ۱۵۰)

بەزمێمان جەم بۆ چون هەردە جاران

بنۆشین جامێ وە یاد یاران (ل ۱۰)

لەم سێبەتیدا، جگە لەوشەی یاران کە پێڤێکی میتۆلۆژیی ئاینیزا دیرینە کانی کوردە، باسی [مەی]یە کیش دە کا کە (یاران) شەرتو مەرجی پێ دەبەستن. کە لە راستیدا، رەنگە مەبەستی [مەی جەمخانە] بێ. کە لە رێبازی ئاینیزا کۆنە کاندا سوێندی پێ دەخۆن و شەرتی یاری پێ بە جێ دێنن.

لە بەیتی ئەوەڵی ریزی سێوەم دا، دیاردە دە کاتە سەربەزمی مەی نۆشینی جەم خانەی ئاینیزا کۆنە کانی کوردو بەرێزەوە یادی لێوە دە کات.

ئەم شێوە ئەندیشەیە، کاتێ لە شیعری مەولەوی‌دا گوڵڕۆ دەبێ کە دەچتە رێڕاوی کە رەندو ئاوایە پێروزە کانی یاری و ئەهلی هەق دەبینێ:

دیدەم (رێڕاوە) روخسارەم (زەردە)ن.

ج داخ (یاران)، (پیران)م کەردەن (ل ۲۵۴)

لێرەدا، [رێڕاو ـ زەردە ـ یاران ـ پیران] هەر چوار ناوی گوندو ئاوایی ـ گەلێکن کە لە نزیك گۆڕی پێروزی بابا یادگاری رێبەری یاری و ئەهلی هەق و کاکەیی هەڵکەوتوون.

مەولە وی کاتێ دەچێتە سەر گڵکۆی بابا یادگار بەو پەری سۆزی دەروونەوە، بە چامەیە کی (۱۸) بەیتی ستایشی بابا یادگار دە کا:

خەیلێ مەلوولم یا پیر هیمەتێ

وەیان:

هیمەتت باعیس رەستگاری بۆ

یار بۆ دیار بۆ یادگاری بۆ (ل ٢٩)

لەم سێ دێرە شیعرەدا، وشەگەلی پیرو یاری هەرتەک رەمزی ئایینی کاکەیی و یاریو ئەهلی هەقن و سومبلێکی نمادی زۆربەی ئاینیزا دیرینە کانی کوردە بە حیساو دێن.

سەرەڕای هەموو ئەوان قسانە، مەبەستی سەرەکی من ئەوە نییە کە بێژم خوای نەخواستە مەولەوی موسوڵمان نەبووە و لادەر بووە، بەڵکو ئامانجی من تەنیاتوێژەوانێکی کورتی میتۆلۆژییانە بوو لە شیعری مەولەوی کورددا.

هەر لەم بوارەدا ئەگەر باسی ستایشی یەزدان و پێغەمبەرو یارانی لە شیعری مەولەویدا شیکرێتەوە، رەنگە مەسنەوی ئاسایەک ببێ.

سنە - پاییزی ١٣٧٠

لای لای هەورامان

باقی شفیعی « هەورامان»

دڵـەکـەم دیسـان دایـە دایـە شـەن
پەی کۆرپەی شـیرین لایـە لای شـەن

رولە گـیان لای لای هـەورامـانەکـەم
ئـارامـی دلەی پـور جـە زامـەکـەم

لای لایت پەی کەرو بـە دلەی مـاتەم
تـاوە شـیت بـە یـۆ لات نـە مـانۆخەم

ئـازیزم لای لای دڵ خـەیڵی گـەرمەن
تاکەی بێ خاوی بانگت بێ شـەرمەن

لای لایت پەی کەرۆ تا بـە یـۆخاوت
چەم وە کڵە ی تۆر رە ژیـای سـیاوت

چـە مـێت بـرێژۆ بـە وێـنەی جـاران
تاکەی ئەسرینت چـون سـەیلی واران

دیدەکەم لای لای چی قارت کەردەن
رەنگم پەرێ تۆ چون خەزان زەردەن

لای لایت پەی کەرۆ دڵ گـیرو ئـارام
جە خۆدایم گەرەکەن بـیاوی وە کـام

من پەی رەنگی تۆ دڵـم تـەنگ بـیەن
دڵ گـوشتو هـونەن خـۆتەوەن نـیەن

دەردم دیـــویان چـون دەردەداران
ئـــارامش نـــیەن ســەباو ئـیواران

ئەسرین نە دیـدەم سـیلاوش گـەرمەن
لای لایم پەری تون بانگم بی شەرمەن

لایـە لایـەکـەم جـە دلەی پـور سـوز
بـیشکەی نگـینی رولەی گـەلو هـوز

بە وەفات قەسەم دڵ پـور جـە وەفـان
ئـەسرینت پـەی زام مـەڵهەمەن شـفان

تـو کـورپەی دلبـەر چـرای وەڵاتـم
مـــایەی ئـیفتخار وە شـیوو نشـاتم

لای لایت پەی کەرو رولـەی وەلاتـم
تـا ئـاخر نـەفەس دڵ وەتـە مـاتم

رۆلەکـەی دایـە جگـەر گـوشەکـەم
شـەوان تـاوە رۆ فـیکرو هـۆشەکـەم

چـنۆر ورکـەمەر شـاخی هـەورامـان
پێچووە بیەشکەت پەی دەواو دەرمان

سەوزەی بەرزە لٚنك وێنەی كلٚەی تۆر من بنیەوش وە چەم پەی زیادێ نۆر
سورە هەرالٚە زەردی بۆ ژانە مەلٚهەمی دەردەن رولٚە بزانە
بێشكەوگاوارەی هەزاران سالٚم بە خۆدای نەتای دلٚ، پەی تۆ مەنالم
باقی لای لایەش وە هەزار تەرزەن پەرێ هەورامان ئەلوەداش بەرزەن

(شەمالٚ)

شەمالٚ دەرونم چون هەردە جاران ئەلٚهای سلاٚمەن دە خیلەن ئامان
سوزەی دەرونم توبەر چەنی ویت كوساربە كوسار توبی خودایویت
دل دیسان جە نو ئارەزوش كەردەن بە دینەی بولبول قەفەسش مەردان
بە پاوە بویەر روكەر ئەوهەردان دل پررجەدورین های شەمال ئامان
شەوورو دەخیل نەكەری درەنگ كوساران تەی كەر فەرسەنگ بە فەرسەنگ
بویەر جە شاهو كە شووكووكەمەر چەنی ویت بەری عەتری وەركەمەر
باشنوی بالت بدو ئەو هەردان نە خەردار كەرو وەرزەردان بەردان
چون نەسیم سوح بریەر گوزەكەر بوی وەشی شنوت سەوقائی دولبەر
بگیلە چون جار بە كوساراندا بیدار كەر یاران جە دیاران ریزان
شەمال نیگاكەرلا دولان بەریزان وەلگی نە مامان بە زەردی ریزان
دل بی تاقەتەن هانام ئاوەردەن سوزی دەرونم وەتو سپەردەن
دل بی بیەن ماسی نە گیجاواندا دایم گیج مەدو نەبیخ ئاوراندا
سادەخیل شەمال دل كەرە ئارام ئەی بەحری بی پەی ئیدلەی پر زام
ئارەزوی ئاریز لای دوسش كەردەن ئی عەرزەو حالم وە تو سپەردەن
بیپەررا بویەر تو جە هەورامان بگیلە پیشدا دەسم وە دامان
هورگەرگەردە لول ئەو توزی چنور بە دلٚ بینیەو چەم وینەی كلەی تور
نە وتول نە مامان نەو هەردو نە وچەم ریزان گولاوان ئیلاخان بی تەم
شەمال ئامانەن بی خەوفو خەتەر هەورامان تەیكەر نەو جاگۆزەر كەر

تـامەشی نـە حـیەی تـەویلەو بـیارە چ وەش بـا سـەفان سـاتی بـویارە
دەشـتی شـارەزور بگـیلە پـیشدا مـەلهەم دە وە زام دەرون ریشـدا
دیـدم ئـەمین کـەر تـوچ وە یـادی ئـەو بـریزنە ئـەسرین چـون شـەونمی شـەو
ئـەگـەر شـەو دیـر بـو یـا تـاریکە بـو فـیدات بـام شـەمال هـیچ خـوفت نـەبو
دل هـەرگـیج مـەدو وەگـیجاوانـدا چون راگـوم کـەردەی گـیجی ئـاوانـدا
پەی پەی هەناسەم هەر سـوزی نـوشەن ئـارەزوی دیـدار رەفـعو رجـوشەن
سـابەل حـەکـیمی کـەرو دەوای دەرد بـاوەرو مـەلهەم پـەری ئـاهی سـەرد
شەمال چـەم نـەرای گـەرد تـوزی تـون وە فریادم رەس زامی سـەختوە سـون
ئـەگـەر سـەحەر بـو، یـا خـو ئـیواران شـەمال بـاوەرە بـوی هـینەی یـاران
تـەیکەرە بـویەر وەلاتـانی دور بـەرزایـی بـە مـو، دەشـتی شـارە زور
تـەیکەر دیـاران نـەحیەی گـەلو هـوز داخل بە مەکـان، ئـوستادی تـاوەگـوز
بوی عـەتری عـەبیر نـەو جـاهەر زانـەن مـاوای سـەرئیلی شـەکـەر ریـزانـەن
وەلات ئـاواتش واسـتەن پـەری ئـەو پەی بـاخی گـولزار ریـزەی رەزای ئـەو
واچـە فـیدات بـام ئـوستادی دلسـوز قەلەی هەزار رەنگ پەری گـەلو هـوز
پەنجەی حەکـیمیت ئـارام کـەرو دەرد نـەسیم فـەردت خـەمان تـالات کـەرد
نوک خامەی تو چـون شـاخەی نـەبات دەم شـیرین کـەردەن تـەمامی وەلات
شەمال گـیان سـەدجار قـەزات لەگـیانم فـیدای نـامت بـام جـاگـەی بـاوانـم
نـە شـو جـە ویـرت ئـانە تـاوگوزەن مـاوای مـەعدومی سـەرتەوقی هـوزەن
مەعدومیش لەقـەب مـەولەویش نـامەن بـاقی بـەرکـەنار جـەهانبین جـامەن
حـیفەن قـاتی بـو شـیرین چـەتی تـەلخ دلەی من لەجەن رەش بیەن چون بـەلخ
مـن کـەی شـعورم بـەو حـەدە یـاوا سـەر وە ئـاسانەی یـانەی تـو سـاوا
کـەی خـەتای مـنەن دڵ گـڵیەش مـەیو وەر نەمن جەکو، وەسفی تـەو جـەکـو
بـاقی کـافیەن بـیچارەی مـەحووم کەی مەبی خـاکـی ئـاسانەی مـەعدوم

شـــانی شکـــو

ملا عمر صالحی صاحب

ئەمشەو تاسەبە تاشای دل لەکورۆکی خوین و رەگا خرمەی بارانی فەروپیت دێتە بەر گویم لە سەر فەرش بالی فریشتەی پاکیدا دێم و دەچم و بۆ یاردە دوێم پەرەسیلکە تازە پەروازەکانم بە سەوزە پەڕ تیمار دەکەن زامی بەسویم. خالی لیوی ئالی خەیال بەگولی ماچی ئارەزو دەکەن بە بووك ئەمشو وەکو پەری خەونی کوژراوگیانی دەزیتە لەش. دەگەشیتۆ وەك گوڵی گەش.

شاکەشکەی شەپولی خوزگا، گلینەی دلی تماشا، بوبە ژنـی فـەسڵی بـەهاری ئـازیز دەگریتەوە باوەش ئەمشەو ئەستیرەی بەربەیان، پرپرو پوڵەکەی ئاسمان لە پۆپەی داری طوبیدا چاو لە شەوبوی لوتکەی ئەمەل دەقرتینن.

قەناری و قومری ووتوویژ لە هیلانەی قولی هەولی هاولەی هـەناسەکـانمان زریـوەی شادی بەگویی سروە ئەسرتینن.

ئەمشەو ملی دژایەتی لە رەشمالی دلداریـا دەخـنکینم دەیکـەم بـە پـەتی هـەلبەستا شوشەی پر لە عەتری شەوبوی، زەماوەنی برایەتی دەرژینمە دەستی هەستا. ئەمشەو بـە ئاوی یادگار رومەتی مۆنی نامۆیی دەشۆمەوێ. لەو خالانەی وا ناحەزن دەسوتینم دەمی ئەوەی بڵێ مەلەك.

بو تەماشای بەژنی ئەوین. لە سەر عەرشدا نابەزنو، دانابەزن.

تـاکو ئەمشەو وتـوویژی وشکی لێوی نگای‌شان کزومل کـە چـم نـوقمی زەریـاری تارمائی بوو.

هاواری دەردی ترنجاو لە ناخی تەنگی میژوودا دوعاو نزای نەزاو توشی نازایی بوو بەلام ئەمشەو روحی مەعەوومیکی زیندو ئاوی ژینی ئازین کرد لە باخچەی هونەر ملوانکەی خەرمانەی لە مل مانگ دەرهیناو گیرای بە جەغزی نەفەسی سیحری سەحەر. ئەمرا منیش سامم شکا، زوانم بەر بو و لەگەل شورەسواری شەقلی شەو شکینابە شەرمو کەوتمە (گفتگو) (گفتوگو)

شانی شکو:

سا چونکە لە ناو بالەخانەکەی چەماوا تەجی دیوانەکەی تو:

بەرزە لە باڵی پەپولەی شابەتیەکانت بوی بۆسۆ.

وە لە توو توی زێری بالیان نیە توۆی بۆمن تۆبۆ؟

بەلین ئەدەم هەتا ماوم وەکو دەلین هونراوە نەکەم بە نالی ئەسپی سوڵتان یا بو سۆیلەکەی بەقەیتان /

دەبم بە شاگردی ئیوە و دەیکەم بە ئایەتی قورئان.

دەیکەم بە چەکی گیانکیشان میش دەگرم لە نیشانەی سەر تەیلی دلی دیوی شەیتان.

نالە نالی شەوانەتم لە واژەکانت بیستوە.

بویەکانی بە ئەو پەری ئاواتەوە حەزم دەکرد نەی ببوایەم.

تومارگەی حەی حەی ببوایەم. گورانی وەی وەی ببوایەم. نەشئەی نوشی ئوخەی ئوخەی لە بەر نیشی حەی ببوایەم.

حەزم ئەکرد هەموو گیانم هەرگوێ بوایە.

ریژنەی بارانە پاکەکەی موناجاتی شەوانەتی چەشنی لمی لیوی کەویر هەل لوشایە.

حەزم دەکرد لەم دونیادا وەکو تۆ بم دەست بە ئەژنوی سەرگلکو بم.

دل بنیژم لەگەل لەیلاوەکە چی هیشتا دەم بەگۆ بم.

دلم ماڵەڕەشایی بیوکریەنشینی گول نەکا و هەرگیز چاو نەبڕی لە ئاونگ لە سەر

حەسیری پەراسوی خۆی بخەوی. با ژیانی بە منەتی گول نەبی تەنگ.
چون چاوەروانی سەر چاوەن شەتو رووبار پێم خوش نیە جوگەو چەم بم.
دەمی موچەخوری شین کاتی سورو بەینی رەش و ساتی ئەوو و جارێ ئەم بم.
پێم ووت ئەی پیری سەر بە خۆ حەدم نەبێ خوت ئاسایی پیم خوش نیە قرتو چەو بم
سەرەرەو بم. نوکەری خواردنو خەو بم.
قەلەمە کەم بەم بە سەلەم خومیش لە رەهنو گرەو بم.
دەمەوی کانیو ئاویکی پر لە هیوای زورو کەم بم.
لانی کەم چەشنی زەم زەم بم.
بم کەنە نیو شوشەی نەجات لە سەر کلی دلی عەشقا چاتر لە عەترو بوی بەهار تازەدەم بم
لە گەل خوما زوران بگرم ـ هەر چنگاوشی خومو یەخەم بم.
پشتی نوسم بدەم لە خاك ـ یەك خەم کەمە پیم خوشە بوخەم بوخەم بم.
پیم (خوشە) خوش نییە کوشتەی خالی لیوی ئالی زینی مەم بم.
یا عەودالی ئاوی ژینی چالی چەنەی شیرینیکی شە کەر دەم بم.
وە یا نالەنالی بیژەن لە نیو چای تاریکو قولا بوسیوی لیوی مەنیژەو بوزەبری دستی
روستەم تەنانەت نامەوی مانگی یەك شەوە بم. لە حاستی خور کرنوشی بەرم و کەوان
ئاساکومو چەم بم. قەت ئاواتم نەخواستوە ببمە شەونم. گول بم کاتە عەینە کی چاو لە سەر
چەم بم لە بەر چەم بم. من کە دلم عەرشی خوابی قەدرم دەشکی گەر حەز بکەم جامی
جەم بم. لە روژیکەو راستو چەپی خوم دەناسم.
حەز دە کەم دەستی عیسا بم. حەز دە کەم گولی مەریەم بم.
ئەی کولە کە زیرینە کەی بارانی خەستی ئاسمانی سەوزەلە.
ئەی عەقیدە مەرزیە کەت شانەی پرچی کیژی کازیوەی حەوسەلە.
بێتو دلم سالی، مانگی، یا حەفتەیی، روژیی، شەوی.
دەقیقەیی ـ سانیەیی، کەمتر لەوەش، خەیالاوی لە شوینت شوینی نە کەوی. بیتو لە تو

جیا ببنه وه شیعره کانم وشکو زور گیژوو روشهقو شرومات وکرن.
بو بوکی بیر نابن به گول و گواره و میخهك ناشیرینن ـ رویان نیه سهر ههل برن ناشیرینی ههل نابرن.
مهولا کهم ـ مهولهوی.
بیتو دهستم نه گری و نهرژیته ناو دارستانی باوه روزهین و خهیالم نهتکیته ناو گهروی نامهرزوی تهشبیهم.
له گردنی ئاسکی ناسکی باسکی جوانیراو بهتالم.
لیم یهقینه خهمهوه ئهبرو ناخهم ئه گرچی له دنیای چارهنوسما قاتو قڕ بێ.
له نیو سینهم ههورو ههلای بوین تهمی نهرهویتوو گولی گرین دلی پڕ بێ.
جا به ئاو ههلچۆرێته سهر مهزراو مهزرهعهی مهزاری گۆل عهنبهرو خاتوونا راکیشن رهگی حهیاتم وه شوین ههتیتهی حهسرهتا. بلی دلم کهنه پهتا تا وینهی تو خوم پهیاکهم له تۆناوتونی نهبونا.

باکم نیه غهریبی له ههندهران هیچ مالّی شهو رێم پێ نداو بنوم له مزگهوتی دێدا بهو مهرجهی بۆی کزهی جهرگی پێریکی پهسهك له بهری ببێ تێدا به دریژایی میژو وه کو دار گۆیژکانی ههورامان.
راهبوهستم ببمه کیشکچی تا ههرمان بی پشتودان.
ههر وهك خهلات کرابیتم وایه نه گهر بشنیمهوه بو سرینی عارهقی سهرگوناکانت گهلاکانم حالیان لێ بێ به چریکهی سیا چهمانه کهی باخی ناخی پر له عهترو بوی عیرفانت.
تو ئهو گهنجهی وا له سهردهمی گهنجیدا، دهچوی به گژ داری سهروا سوکتر له روح به ئاسانی بو درهینانی هیلانهی مهلی ههتا بو گرتنی پیچوه نورو گرشه کانی پول پولهوه بیچوانهت ئهوهن دهستهلین کرد له بهروکو باخهلهتا ههتا ههتاو خویشی له سهر سینگت روا له ئاسوی لیوتهوه ههلات بهرق بوبابا خهلهتا ئهی ههر لهرین دروس کراو گیانم گراوی گرینه چهشنی کهواو کاتی ئاگر پیکهنی بوی به فرمیسك کلوکومدا ئهمرکینم.

رازی بەینی خومو خەفەت نادرکینم.

قافلەسالاری ئەم، کاروانە چونکا توی.

نالە نالی شەوانەتم وەکو وتم لە واژەکانت بیستووە.

لەوکاتە وە مەجرەمەکەی موحەرمت لە حەرەمو خەلوەتخانەی تەنیایی‌دا ون کردوە لەو کاتەوە ئەلقەی خولامی پەژارەو مەرارەتت لە گردنی من کردوە لە ژیر چاوە دیری خەمام هیچ کەس ناتوانی هاتوچوی ئازارم لی قەدەغەن کا. ئاخر بازاری ئازاریش هەر ئەویە. عاشقی شینی شاعیرانە و پیی خوشە بو خوی شیوەن کا.

شکم نیە تا مانگ‌و روژ هەل دوراون بە سەر سوخمەی عاسمانانا تا دلو پی بمینی لە ناو گوانی کاکیشانا.

تاگوارەی ئەستیرە شورە لەگویچکەی حەوتەوانانا.

تا روژی پەرچەمی پەخشو پەرشیانە بە سەر شانا ریشەو مانا

تا شیعری چاوی دادەگری لە بەژنی زامیکی بە سوی سەروکایی بە ئازارە لە جەرگەی ئیمە ومانانا.

بویەکانی هەر شاعیری پەیکەرەسازی ئازارە لەوشەی جوان

کەسیکی‌تر وەکو شاعیری نەدوان

وە لانکەی خەمی بونە جوان

بویە دوگویی ـ ئیتاعەتم گرمەگرمی هەوری ئازار ئەخواتەوە.

چون هەر ئەو لەبەر ئاوینەی ئەسرینمدا. خوی دەق ئەداو سەرو زولفی ئەشواتەوە.

بویەکانی بە برژانگی چاوەکانم، پرچی ئازار شانە ئەکەم، باوانەکەم.

چونکا کەسیکی‌تر نیە لە سەر سینگم هیلانەکات باوانەکەم.

چونکا کەسیکی‌تر نیە دەرکی دلی بو شاعیری بکاتەوە لانی کەم شیعرەکانی شارەودەر نەکا تەقەی کینەو خەتر نەکا.

ئاوری‌و سکوت نەداتەوەو پەیکول لە بەر پای هەلبەستالەمەر نەکا.

ئەی قاموسی پر لە وشەی بە ناموسی حەیاو شەرم.
پەلەهەوری رەستەکانت تا دائەکەن بە سەر بیسانی بیرما نەرم نەرم
دەستی دەشتی میشك‌و سەرم.
پر لە لیموی زەردو شەمامەی خەت خەتیو بونداری ئەبی.
لیمویی کە بو پیشکەش دلدار ئەبی.
شەماەیی کە بو سەر خەرمانو حەزی بریار ئەبی.
وەلی تالە برکەکانی دەیکەنیمو تاقی مونتاژگەرەکان لیمی دەکەن بەگرکەی بل لیمی
دەکەن بەکالەکە مارانەو پیستی شل.
لیمی دەکەن بە نەمانەی سەرما بردو بەکەلای گل.
وەلحاسل. لیمی دەکەن ژانەزکو دەردی سپل.
لیمی دەکەن بە چلەی چاوی شەواری شەوارەکردوی ئیشوچل.
منیش ئەمرینی تولەکردنەوەم نەکردوە سەرم هەوای تیدا نیە بوقین‌و تار بوگیرو دار.
ئەینا دل شکاوان دەلین دلی کە بوبە دولەتو بو دەرهاوردنی دەمارتیژتریکە لە زلفەقار.
ئەی ئەستیرە روناکەکەی بەر بەیانانی سنوری دین‌ناشنان.
بو بە هەریزبنجی کوتالە خوینما داخی عاشقەکانی ئەم دەمە.
قاژە رەشە دەمەلاسیکی کوتری حەرەم دەکاتەوە. بەرزە هەرای گمەگمی گالتەوگامە.
ئەوین ئەموو چاوە چاوی بو بوپارەیە بو ماشینە بو تالارە.
بوکچیکی مودپەرستی خولە رەنگا هەلژەندوە بو نە یارە بو لاسارە.
لە لایکو لە نیوانی ئەو دو عەشقە درویەدا وشەی جوان جوان پی شین ئەبن ـ ئەلو
ئەلوکانی پشتی تەلەیفونی هەوەس پاکاین چاو خیل ئەبن.
باش‌تر بلیم ـ دیدەی مەستی هونراوەکان پر لە خولی گریان ئەبی ـ بریا نەبێ زوانی
پارانەوەی دەشکی ـ قسەی ناخی چوراوی دی مەگەر خوزگەو بریا نەبێ لە
لاییکی‌تریشەوە ئیستەکانی کە سانی هەن ری بەکاروانی هەلبەست‌و شیعر دەگرن باج

ئەستینن زوریکیان لی شەهید ئەکەن ـ ئیتر موری خویان به زور به نابسنامەی ماباقی‌دا نەچەسپینن. ئەوا ئێستا چەشنی دەستی هەژارەکان هەژارە بی، هەسارەکان دلم دەستی قلیشاوە. ژانی قینی لی دەچوری لە داخی ئەم ریگرانە.

ئەم چەتانەی دەخل‌و دانەو ئەو چتانە لە سەد لاوە.

مانگە شەوی کرچو کالی قەسیدەی یاغەزەلی بیتو هەلی دەمبەدەمی لە قەلەمی یا لەکەلی دەمی‌چەلی گەلی بەفیل‌و فەرەزو لیی‌وە چنە حەلی حەلی.

ئەیانەوی کە پەریە سپیلکەکەی مانگ لە نیو دەریای شین و مەنگاوە دەربینن.

رەنگی هەش و بەرگی رەش کافر بونی کەنە بەردا و لە حەوزی لیخنی کوفرا بی‌خنکینن.

ئەمانە بەم خەیالانە پرو پوچ و بەتالانە ماسی فیرە مەلە دەکەن.

دەیانەوی شیعر خوداو نوری نەبی. بەلام دیارەکویرکویرانە لە پەکوتی و پەلە دەکەن ئەیانەوی وەك چولەکە روژی ملی هەزار هەزار مەلی هونراوەی بەرزەفر هەلبکشین.

چرای هەلبوی چاوەکانی هەلبکولن بە شایینی خویان هەر چەن سەریش بکا وەزن‌و کیشی بو بکیشن.

بەلین ئەدم ـ عومر ئەگەر مولەت بدا و بەهاریکی دی‌بیتەوە.

بەفر لە سەر دلی گولی دەشت‌و دەمەن بتویتەوەو بچیتەوە.

کەندو کەندو دەشت‌و چیای ولاتەکەم هەمولایی دەپشکنم.

چی وەردی بی‌گەردی لی بی بو خەلکی شارەکەم سەقز هەلدەچنم.

هاتو گولم دەس نەکەوی ئیتولەتە پولکەی سەرما با جی‌نەمینم لە خیرا خیرا دو چاوم دەردینم.

ئاخر من شاعریکی بی‌ناوو نیشانم بەم کارە ناوم دەردینم.

ئەمجارە میژوو دەنوسی لەکونگەرەی مەولەویدا شاعری بو کزو کولیل چرای چاوی لە سەر دستی راگرتبو ریزی خەلکی شارەکەی نەبو بەرتیل.

سقز ـ کولیل هاوینی ٧١

زاراوی خواناسی له هۆنراوی مەولەوی‌دا

صدیق صفی‌زاده

سەرچاوەی سۆفیەتی و خواناسی بنج‌و بناوانێ کۆنی هەیە و هەر لە مێژەوە هەندێ هۆزان و زانا بوون کە زاراوی خواناسیان لە نووسراوەکان و قسەکانیان‌دا بەکار بردووە و مەبەستی ئەوان ئەوە بووە کە دەست لە جیهان و خۆشی‌یەکانی بەردەن و واز لە کەرەستەو ئەنبووژەنی‌و بووم‌پەرەستی بێنن و رووکە نەبژۆنی و خواپەرستی چونکە لایان وا بووە ئەوەی کە پەیوەندی بە جیهانەوەیە هەمووی لە ناو ئەچێ و بایی‌و نرخێکیان نیە و ئیدی مرۆ نابێ خۆی پێ‌بەندی ئەو شتانە بکا و لە ئامانجی بنەڕەتی بەدی‌هێنان خۆی دوور خاتەوە.

بەڵام بیرو بڕوای خواناسی کە ئەمڕۆباوە لەگەڵی ئەوەی کە لە دەوری کۆن وابووە تۆفیری هەیە، چونکە پایەی سۆفیەتی و خواناسی لە سەدەکانی دوایی‌دا رەنگ‌و بۆنی ئایینی بە خۆی گرتووە و لە راستەقینەدا بنەڕەتی خواناسی و سۆفیەتی بە دەستی زانایانی ئیسلامی‌یەوە دارێژراوە و تێکۆشراوە کە بە پێی ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام درووەدی خوای لە سەر بێ بیڕازێننەوە و رەنگی ئایینی پێ بدەن و هەرکام لە مەبەستەکانی خواناسی بە قورئان پەیوەند بدەن.

ئەوەش روون و ئاشکرایە کە ئایینی ئیسلام لە باری ئاکارو خووخدەی جوانی کۆمەڵایەتی‌یەوە لە تەواوی ئایینەکانی‌تر دروست‌تر و بەرتەرە، وە تەواوی بەرەی مرۆ بە چاوێك ئەبینێ و توانیویە بەشێکی گرنگ لە خواناسی و بیرو ڕای سۆفیانە لەگەڵ دەستووری خۆیا هەڵسەنگێنێ‌و شك‌و گومانێك لەوەدا نیە کە بیروڕای خواناسان لە چاوی ئاکارو مەبەستی کۆمەڵایەتی‌دا کاری تێیان کردووە بۆیە بەشێکی زۆری وێژەی

گەلانی جیهان بڕێتی‌یە لە هەستی نازکی خواناسی.

ئەگەر ئەبینین کە خاوەنی ڕێبازگەکان شوێنەواڕێکی جوانیان وەکوو کلیساو مزگەوت بەدی هێناوە و لە رازانەوەی‌داگەڵی هونەریان تێدا بەکار بردووە دیارەکورتژمیان لەڕێ و رچەی خواناسی وەرگرتووە.

خواناسان پایەی برایەتی‌و ئاشتی‌و ژیانی خۆش بە خەڵك پیشان ئەدەن‌و ئەوان لە شەڕو شۆڕو بەربەرەکانێ دوور ئەخەنەوە و ڕێی یەکیەتی و یەکڕەنگی بە خەڵك ڕائەگەیێنن و خەڵك بەرەوڕێی خوای تاق‌و تەنیا بانگ ئەکەن تا ریشەی بت‌پەرەستی هەڵکەنن و داری یەکتاپەرستی بنێوێن و لە جێی سامان و دارایی، بژۆنی و خواناسی پاشەکەوت کەن.

جاگەڵی لە هۆنراوەکانمان لە سەرڕێ ورچەی خواناسی هۆنراویان هۆنیوەتەوە و لەم مەیدانەداکەوتوونەتە خۆشخوانی و نەواخوانی و یەکێ لەو هۆنەرانەکە لەم مەیدانەدا پەلی داوەشاندووە و بیرێکی بەرزی دەربڕیوە مەولەوی نەمرە.

مەولەوی بە زمانی هەمووی نەتەوەکان قسەی‌کردووە و قسەکانی ئەو وەکوو: هۆمر و شکسپیر تازەیی هەیە و نووسراوەکان و نامیلکەکانی بە تایبەت: عەقیدەی مەرزیە و فەزیلەی بە نووسراوە پێروزەکانی ئیسلامی دێتە ژمارو لەم نووسراوانەداگەڵی مەبەستی خواناسی بەکار بردووە.

مەولەوی نزیکەی حەفتاونۆ سال ژیاوە و لەم ماوەداگەڵی شوێنی کوردستان دێ بەدێ و شار بە شارگەڕاوە وگەڵی شتی بینیوە و لەگەڵ زۆربەی زانایانی هەرە بەرزی کوردا کۆ بووەتەوە وگەڵی مەبەستی جوانی لێیان وەرگرتووەکە هەمووی ئەوانەی لە نووسراوەکانی‌دا هێناوە.

ڕەنگە ناوبانگی مەولەوی پتر بە هۆی پارچە هەڵبەستەکانی‌یەوە بێ بۆیە بە یەکێ لە ئەستێرە هەرەگەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەواری دێتە ژمار. مەولەوی بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە لە ساڵی ۱۲۲۱ی کۆچی لە دێی یاقشلاخی سەرشاتە لە

ناوچەی تاوەگۆزا لە دایك بووە و هەر لە سەردەمی منداڵیەوە لە لابی باوکی قورئانی پیرۆزی خوێندووە و پاشان بە پێی ڕێو ڕەوشتی فەقێکانی کوردستان بۆ خوێندن گەڵی شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیێك لە پاوە و لهۆنو چۆڕو دشە بووەو ئەوسا چووەتە سنە و لەوێوە ڕۆیشتووەتە بانە و لە پاشا بەرەو سلێمانی کەوتووەتە ڕێ و سەرێکیشی داوە لە قەڵای جوانڕۆ و سەرئەنجام لە لای مەلا عەبدوڕ ڕەحمانی نۆدشەیی بە خوێندنە کەی کۆتایی هێناوەو ودمی مەلایەتی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە سەرشاتە و لە وێدا دامەزراوە.

لە پاش ماوەیێك هەوای خەرقەپۆشی کەوتووەتە سەریو سۆزی رایەڵی شێخ وەسمانی تەوێڵەیی رایکێشاوە بۆلای خۆی و بووەتە پەپوولەی پەڕوباڵ سووتاوی دەوری ئەوو ئەوسا پلەی خەلیفەیەتی لێ وەرگرتووە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە ورێنوینی خەڵك و پەرتووکدانانو کشتو کاڵ بردووەتە سەر تالە ساڵی ۱۳۰۰ی کۆچی لە سەرشاتەداکۆچی دوایی کردووە و لە وێدا نێژراوە.

مەولەوی پلەو پایەیێکی بەرزی لە زانستەکانی سەردەمی خۆیدا بووە بە تایبەت لە ڕێو ڕچەی خواناسیدا بێوێنە بووە و لەم بارەشەوە سێ پەڕاوی بە ناوی فەزیلەو فەوائحو عەقیدەی مەرزیە بە هۆنراو هەیەکە یەکەمیان بە عەرەبی و دووەمیان بە فارسی و سێیەمیان بەکوردیەیە.

بێگومان مەولەوی لە درێژایی تەمەنیا لەگەڵ زانایان و نووسەران و پێتوڵان و خواناسانداگەڵی هەڵسوکەوتی بووە و گەڵی شوێنو مەڵبەندگەڕاوە و لە هەر خەرمانێك توێشووێیکی کۆکردووەتەوە تاگەیشتووەتە پلەو پایەیێکی بەرز بە جۆرێ کە لە ناو وێژەوانان و بوێژانی کورداکەمترکەسێك وەکوو مەولەوی ئەبینرێ کە ڕێبازی خواناسی بە زمانی شیرین و سادەشی کردبێتەوە.

بەرتری و جوانی هۆنراوەکانی مەولەوی لەوەدایە کە هەمووی سەبارەت بەڕێو ڕچەی خواناسییە و خواناسان بە مەیخۆر و پیری خەرابات ناو ئەبا وکردەوەی ئەوان

به مەی‌و بادەو نەوای دەف‌و چەنگ ئەچوێنێ و ڕێی ڕێڕەوان واتە: ئارام بوون‌و دڵدان به جەرگی خۆدا نان‌و بەردار بوون و خۆ بە دەستەوەدان و پشت بەستن بە خواو چاوتێری بە درۆشم ونیشانەی خواناسی دائەنێ وگڵکوی هەمیشەیی خۆی لە نێوان دڵی خواناسان و پیاوانی خوا دائەنی و لای وایە کە مرۆ بە خواردنەوەی مەی لە مەیخانەدا ئەگاتە پلەو پایەی بەرزی خواناسی، وەکوو لەم پارچە هەڵبەستەدا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە و ئەڵێ:

صەدای‌های هیلال ڕوزەدارانەن — مانگ دڵتەنگی بادەخوارانەن
کووڕەی تەراویح صۆفیان گەرمەن — صەدای چەنگ‌و دەف ڕەندان وەنەرمەن
مزگیان مەعموور وازەن دەروازان — زاهدان وە ذکر وێشان مەنازان
مەیخانە وێران دەرگا نەبەستەن — مەستان جام صاف مەیشان بە دەستەن
هاوارمەن مانگم لێ نادیارەن — نە ژێر پەردەی تاردا پێوارەن
یەک سیاهەورێ ڕووش گرتەن وە تەم — برج ئەو برجمەن نمەگنۆم وە چەم
ساقی سا جە قین پەرهیزگاران — پیاڵەت پڕ کە جە مەی چون جاران
تۆ بەیۆ پیاڵەی مەست دوو دیدەت — بنمانە هیلال ئەبرۆی خەمیدەت
نگا دەر وە ناز وە یارانەدا — بڕێزە وە دەم مەی خوارانەدا
موریدو صۆفی خەرقەی ڕیاپۆش — منو دامنەی پاک پیر مەی فرۆش
هەرکەس چەنی دۆس وێمان نە مەحشەر — وە صەد ئارەزوو سەر بارین ئەو بەر
بزانین کێمان ڕاگە گوم کەردین — کێمان مایە پووچ کێمان سوود بەردین

بنەڕەتی خواناسی لە سەر خواپەرستی و بڕوا بە خوای تاق و تەنیا و دڵ ماندن‌و دڵ خاوێن کردنەوە و چاوتێری‌و خۆشەویستی و ئەوین دانراوە. مەرایی وکلکە سووتەو خۆپەرستی لە چاوی خواناسانەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆ نەتوانێ بە ڕاستەقینە بگا و جانەوکەسەی کە ئەبێتە ڕێڕە و ئەبێ لەم ڕێگەوە و بڕواوکراسی خۆپەرستی بدڕێ و

خۆی بناسێ و کاتێ که خۆی ناسی خواش ئەناسێ و بەمرازی دڵی ئەگا. وەکوو لەم چەند هۆنراوانەدا ئەڵێ:

ساقی باك نیەن جە سەردی دەی دەی — هەوا وەش کەرەن نەشئەی نۆشای مەی
ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەی خواران — واردەو وییەردەو یاردەی باران
چون نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران — بدیە چون وە تۆی لۆنگێ مەویاران
زووانەکەی سۆز، دەسەکەی ناڵە — بکیانۆ، رێزۆ رەحمەت پیاڵە
رەحمەت وە رووی خاك رستگاران دا — پیاڵە وە دەم ئینتظاران دا
دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرە وە — جامێ وە دەس نیم دەس وە سەرەوە

یەکتاپەرستی لەگەڵ گیانی مەولەوی‌دا هەوێنی گرتووە و خواپەرستی زنجیرەی بیرو بڕوای ئەوە و ئەمانە لە ناو هۆنراوەکانی‌دا ئەبینرێ و بە بێشك مەبەستی مەولەوی لە خواناسی هەر ئەوەیەکە لە قورئان‌دا هاتووەکە خەڵك بۆ پەرستنی خوا بانگ ئەکا، ئەو خوایەی‌کە جیهانی لە نەبوون بەرەو بوون هێناوە. ئەوگەوهەرێکی بێ وێنە و یەکتا دانا و توانایە، بۆیە تەواوی رەگ‌و پێستی مرۆ ناڵەی یا دۆس یا دۆسی لێوەدێ و ئەو یاد ئەکا وەکوو ئەڵێ:

هوققەی خەزێنەی تەجللای ذاتی — مەکتووب تەفسیر شانی‌و صفاتی
مەوج مەدۆ ظوهوور نوور حەق تێدا — هەر رەگ مەشعەڵی مەویەرۆ پێدا
هەر ئیعظام عوضوێ ئێثبات ذکرەین — هەر عوضوم نەعەین رابطەی فکرەین
تەمامی بەدەن مەغزو رەگ‌و پۆس — لێشان بەرز بیەن زایەڵەی یا دۆس
وجوودم یەکسەر هاڵی جە غەیرەن — تەنیا عەکس یار تێدا نە سەیرەن
هەستی و نیستی وە بێ تۆفیرەن — نەیچی هەر طەرزێ یاهەر دڵگیرەن
لێدەر تا جەم بۆ پەشێوی هۆشم — نااڵەی حەزینت بەیۆ نەگۆشم
تەئثیرش چون سیم تاونۆمەوە — وە ئەصڵ مەطڵەب یاو نۆمەوە

له چاوی مەولەوی‌یەوە خوای گەورە پێویستی بە بەڵگەو دەستاوێز نیە و بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەوەیە کە مرۆ شتێکی نادیاری بۆ دەرکەوێ. خوای مەزن بەدی هێنەری لەش‌و گیان و زەوی و ئاسمانەو ئەو خۆی شایلیتەی تیشکی بوونی دڵدارانە و چرای رووناکی جیهانەو هۆی دۆزینەوەی هەموو شتێکی نادیارە و هەرچی هەیە و نیە لەم جیهانەدا لە ژێر دەستی ئەودایە کە واتە هەموو ئەبێ هەر ریزەوی ئەو بین و ئەو بپەرستین وەکوو ئەڵێ:

ئاثار مووحیلە بۆ لای چشتی دوور ئیستدلال جیهەت مەجهوولە ضەروور
حەق بێژە کەی بوو مەجهوول ومەفقوود تعالیٰ عَنهُ، واجب الوجود
دەلیل بوو لە سەر بوونی کەون‌و کەون لە سەر ئەو دەلیل بَینَهُما بَون
عەقیدە جگێ‌و دەلیل جگێ‌یە دەلیلی فەقیر داریە پێ‌یە
گۆی مەکە لە کەس هەر بەم مەعنایە باوەڕت بۆ خودا خودئایە
یانێ وجوودی لذاتەی‌یە بووگەو هەس دەوی‌و موجیدی نی‌یە
مەقصوود و مەوجوود بە حەق هەر ئەوە بێ موعین تەنیای موطڵەق هەر ئەوە
بێ‌شەریك و مثل، بی شبهە و نەظیر بۆ موطیع بەشیر، بۆ عاصی نەذیر

له چاوی مەولەوی‌یەوە ئەم جیهانە بۆ مرۆ وەکوو کاروانسەرایە و یەکێکی تێ دێ و یەکێکی لێ دەرئەچێ و لە پاشا لە رۆژی پەسڵانداهەموو زیندوو ئەبنەوە و دیسان گیان ئەچێتە لەشیان و هەر بەو لەشە خاکی‌یەوە بۆ لی‌پرسینەوە ئامادە ئەبن وەکوو ئەڵێ:

ئەر ئەمووری یەوم یاد رُم تفصلُها، فَمنهاالمَعاد
موراد لە مەعاد رۆحانی یەیە بەڵ موراد مەعاد جسمانی‌یەیە
ئیجادی ئەجزای ئەصلی‌یەی ئەجسام دووبارە بَعدُ الإفنا والإعدام

وانەی خواناسی ئەبێ لە پەڕتووکی بەدی هێنان بخوێنەوە ولە شوێنەواری سروشت‌و جیهان ورد بنەوە و لە نیشانەکانی بیرکەنەوە و لەم هەموو نەخش‌و نیگارە کە لە سەر

دەرکی کۆشکی جیهان‌دا نووسراوە پەند وەرگرن، چونکە ئەم جیهانی خۆشی‌و ناخۆشی لە ژمار بەدەرن و هەمووی ئەمانە نیشانەکانی خوان، وەکوو ئەڵێ:

ئەر بڵێی لە لای هەرکەس حاڵیە ئـــــەم کـــائناتی ئـــیستقباڵیە
غـەیرە مـونتەهین خـارجـن لە عـەد **لا تَنتَهی فیالوجود للعد**
پەس هەرگا خالق جـەمیعی ئـەشیان عـــالم بـــێ‌پێیان بـەرلەوجـوودیان
لەم تـــــەحریری تـــۆ لازم تـــێتەوە صـــــووڕەتی عـــــلمی ئـــەبڕێتەوە

مەولەوی لە هۆنراوەکانی‌دا گەڵی زاراوی خواناسی بەکار هێناوە کە لە ناو ئەوانەدا ئەتوانین لەم زاراوانە ناو ببەین: باوش بە واتای رازو نهێنی، ئاوێنە بە واتای دڵی مـرۆی پارێزگار، بادە بە واتای ئەوین‌و یادی خوا، باران بە واتای پیت‌و پێزی خوایی، بازاڕ بە واتای تیشکی خوایی، بت بە واتای دڵدارو دڵخواز، بتخانە بە واتای نوێنگەی خوا، دەریا بە واتای بەخشش، پیر بە واتای یارو یاوەر، پیری مەیخانە بە واتای ڕێنماو ڕێبەر، پەیك بە واتای سرۆش و نوێنەری خوا، جام بە واتای دڵی خواناس، جامی مەی بە واتای دڵی شێخە کە پڕە لە بادەی زانیاری، خاچ بە واتای سروشت‌و جیهان، خەرقە بە واتای ئـەو جل‌و بەرگە درّاوەیە کە دەرویشەکان‌و ڕێڕەوەکان ئەیکەنە بەریان، هـەتاو بـە واتـای تیشکی خوایی، داو بە واتای جیهان، مەێگێر بە واتای خوای مەزن، ڕێڕەو بە واتای ئەو کەسەیە کە لەڕێی خواوە ئەڕّوا، نالّە بە واتای رازو نیاز، وە دەیان زاراوی خوانـاسی بەکار بردووە کە هەرکام پێویستی بە لێکوڵینەوەو توژینەوەو شی کردنەوە هەیە.

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی‌تری مەولەوی کە لەوەداگـەڵی زاراوی خـوانـاسی بـەکـار بردووە وەکوو ئەڵێ:

هەر ئەو دەورەن چەرخ تا ئاوەردو بـەرد دەس ئەو دەس نگین تـا خـاتەم ئـاوەرد
دا بـــەزم خـــەسرەو شـــیرین وە هـــەم دا جام داوە سەر جەم، جەم وە سەر جەم دا
شۆڕەت نامەی نام حاتەمش کەرد طـەی کەردوە کاسە کەل کاسەی کەللەی کـەی

ساقی گەرد ئارد یاران هامفەرد مەدام نە دەماخ ئاسیای چەپگەرد
صەدای ئاساوچی مەیۆ پەیاپەی ئاساو خاڵیەن نەوبەتەن سادەی
هەرکاتێ زانای چەرخێ وەر دەوە چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە
نە هەر سەردەشتێ کشتێ کریا بۆ وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریا بۆ
نەیاوا بۆ خاس دانەش بەو ئاوە لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە
فیدات بوون ئامان ساهۆرکەر بابەی وە سەرکشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی
ئەر صەد کشتەکەم ئاخر کارشەن هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن
بەڵام بەڵ تەڵ کەشێوە کەرۆ نەی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ
حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادە بی وە هەرکەس وە قەدکەفاف دادە بی
من کشتم روو زەرد هامفەردانش بۆ دانەم رووسیای هام دەردانش بۆ

واتە: چەرخ هەر ئە چەرخەیەکە بە چەندین جۆر گۆڕا و چەند رۆزگار بە سەریا تێ پەڕی و نگینی پێغەمبەر دەست بە دەست لە ناو پێغەمبەرانا گەییە دەستی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە دوایین پێغەمبەری خوایە و ئەم چەرخە بەزمی خەسرەوو شیرینی دابەیەکا و جامی دا بە سەر جەمدا و جەمیشی دابە سەر خەڵکا وبە جارێ هەموویانی تەفروتوونا کرد.ئەم چەرخە هەر ئەو چەرخەیەکە ناوبانگی ماتەمی پێچایەوە و کاسەی سەری کەی‌خەسرەوی کردە کاسە کەل. دەسا ئەی مەیگێرا ئەم چەرخە وەکوو ئاش ئەسووڕێتەوە و یاران و هاوەڵانی وەکوو دانە وێڵە هازی و تۆزی ئەوانی دایە لووتمانا، جا هەر ئەوەندەت زانی کە ئەو ئاشە دیسان سووڕایەوە و ئێمەشی کردە ئاش هاڕیمانی، ئەوەش ئەبێ بزانیت کە لە هەر دەشتو دەرێکا هەر کشتوکاڵێك کرابێ، ئەگەر بە جۆگەی بادەی ئەوینو خۆشەویستی ئاونەدرایێ، وە دانەکانی بەو ئاوەێنراو نەبوو بێ ئەوە بەکەڵکی ئەو نایێت کە بکرێت بەگەڕووی ئەو ئاشەدا. دەسا وەرە جۆگەی شەرابی هەڵکە با پەیتا پەیتا لە سەرکشتوکانی من دا بێ و لە تاوی خۆشەویستی تێراو بێ.

عەنبەر خاتوون لە فرمیسکە نەمرەکانی مەولەویدا

رئوف عثمان

یەکێك لە بابەتە ئەوازو دیارەکانی دنیای داهێنان بە درێژایی چاخە مێژوییەکان، هونراوەی شیوەنە، هونراوەی شیوەن، بریتیە لە دەربرینی خەم، ئازارو کسپەو سۆزو هەناسەی گەرمو گور هەلکێشان و فرمیسك رشتن بو ئەو مرۆڤە خوشەویستەیکە بە ناچاری دنیا جێی دێڵی و زوو دەکاتە بارگە و بنەی دونیایەکیتر، وە نەبێت هەڵرشتنی خەم و ئازارو کە سەری دڵ بە تەنها بەند بێت بە هەڵوەرینی گەڵای تەمەنی مرۆڤەوە، بەڵکم زۆر جار شیوەن بۆ شاری دەست بە سەر گیراوو، و وڵاتی وێرانە خاك و خەزانی پائیزو وەرزەگیان کە نشتەکانی سالاو ملەوکەژو ڕەگەزە جوداکانی گەردون دەگریت. لئینو لرۆمی شیوەن بۆ شاری بەسرە دەکات، سەلامی شاعیر بە دەم گفتو گووە (مەلە کاوە) لە دڵەگەورەکەیدا دەڵاوێنی لە ئەدەبی فیرعەونەکاندا بابەتی شیوەن ئیجگار بە بایەخ بوو ئەوثانی (ایزیس) شیوەن بو(اوزیریس) برای دەکات تەنانەت لاپەرەکانی ئەوراستیش پڕە لە فرمیسکی درشت بۆ (یوشیاو) جەنگاوەرەکانیان ئەمە جگە لە شیوەنەکانی (أرمیا)کە بۆ (ئورشەلیمی)کردوە، دوای کاول کردنی لە لایەن بابلێکانەوە، لە ئەدەبی یۆنانییشدا (یارخلوکس و سافۆ و سیمو ـ یندنس) بە شیوەنگێران بە ناوبانگی. داستانەکانی ئیلیازەو ئینازەو شانامەشی گەڵی شیوەنی سەر تەڵیان گرتۆتە ئامیزەوە ئەلیوتیشی بە ژانێکی بێ ئۆقرە وە وێرانە خاکی رەنگ پەڕیو دەنووسێتەوە.

شیوەنێ بو عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە و چەمەرانەی بۆ گێڕاوەکە خەلکی رووبان هاتوە لەگەل هاوسەرەکانیشیاندا زۆر بدوێن دیارە ئا ئەمە خوی لە خویدا. ڕوو

بە ڕوو بوونە وەیەکی واقیعە بە چەکی پێروزی شیعر.

مەولەوی شەشی قەسیدەی شیوەنی پیشکەش عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە کە بریتیە لە (٧٠) فەرد ئەمە جگە لە (٢) قەسیدەی‌تریشی لەکاتی نوسینەوەی ئەم بابەتەدا لای شاعیری هاوڕێم کاك محمەدی حەمە باقی ببینمەوە.

سەیرکردنێکە دوردی ڕەخنەگرانە لەو شەش قەسیدەیە ئەم چەند خاسیەتە هونەرییەی لە لاهینامەکایەوە.

١- خەمو پەژارەو فرمیسك و ژانەکانی مەولەوی نەك زادەی سۆزو عاتیفەن بە تەنیا، بەڵکوو زۆر جار خەمیکی هۆش ئامیزیشن واتە لەم قەسیدانەی مەر عەنبەر خاتووندا توخمەکانی کلاسیکی و ڕۆمانیە تیکەڵ دەبن و سفت‌ترینی پارچە ئاوریشمی خەیاڵ دەنەخشێنین سەیری ئەم بڵاچە هوشی ئامێزە کەن

عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆشیەن ئای پەی جیلوەی دوس نیهایەت نیەن
ئاروبەك جیلووشی ...ڕووکار دا فەردا چێش ئەوبەك جیلوەش.دیاری دا
لالا بەڵ ئەو جیلوەی ڕۆونە بە نهانی نەوعە ظهوورێن زاناشیو وبحد دانی
چ ماتە مێوەن پات بیەن پێوە داناو مەخشوشی کێ دیەن پێوە
ئید جیلوە کەردەن ئەرشی وە تاقی ئید جیلوە کەردەن سوراحیو ساقی

لە ئەدەبی کوردیدا (مەولەوی تاوگۆزی) لووتکەیەکی گەردن کەشی بابەتی شیوەنە، ئاوڕدانەوەی ئەم شاعیرە بلیمەتەمان بەلای هونراوەی شیوەنەوە لەو چوارچێوە بەر فراوانەدا، بەندە بە کۆمەڵێ هۆی بابەتیو زانیەوە، کە دیار ترینیان باری مایکوڵۆژی و کۆمەڵایەتی ناحی ناخی مەولەویە، هێندەی من بزانم لایەنی پاکیو بیگەردی دەروونی مەولەویو توانەوەی لە بۆئەی ئایدیات سۆفیزم و لەکوتی ئیلاهیدا هاوشیکردنی لە ئەلقەی زیکرو هەڵرشتنی ملوانکە فرمیسك بە دەم سوزەوە وە لە شەوانی تەنیایدا و ترسی لەمیشەیی لە سزاو جیهانی ئەو دیودا.

دەوڕێکە گرنگیان دیوە لە تەقاندنەوەی کانیاوی شیوەنە شیعردا. ئەمە جگە لەو پەیوەندیە کۆمەلایەتە راستەقینە بەر فراوانەی کە مەولەوی بەستبووی لەگەل هاوڕێ دۆست و برادەرەکانیا بەگیانیەکانیا. نابێت لایەنی ئەمەك و وەفاو دلسۆزی راستکۆیانەی مەولەویش لەم بوارەدا پشت گوێ بخرێت. چونکە ئەمەیان بە هێزترین تەوەرەی ئەم بابەتەیە.

مەولەوی بە پان و پۆڕی دیوانەکەی (٢٩) قەسیدەی قەبارە جیاجیای شیوەنی هەیە کە سەر جەم فەردەکانی دەکاتە لای من گرنگی هەر شاعیرێ مێژوی ئەدەبدا هێنانە ئاری بابەتیکە کە شەقلی سەرامەدی و تاکمەندیتی پێوە دیار بێت و جێگای سەڵمینەوەی خەڵکی بێت.

وەك پیرەمێردی شاعیر دەڵێت (مەولەوی) لە روژگارێکدا وە نەبیت لە ئەدەبی بیگانەشدا لەم جۆرە بابەتە نەبوو بێت، ئەوەتانی جەریرو تەغرائی و بارودی و جەواهری شیوەن بۆ هاوسەرەکانیان دەنووسنەوە (هربرت آف شیر بوری) و (روبرت براونگ) یشی لە هەمان بواردا ئەسپیان ئاو داوە، خاڵۆی کۆماسی، یان حەماغای دەربەند فەقەرشی هونراوەیەکی ناوازەی خستوتە گوڵدانی شیعری کوردیەوە.

گوڵ کۆی تازەی لەیل گوڵ کۆی تازەی لەیل
ئارۆستی آما گوڵ کۆی تازەی لەیل

هۆنراوەکان چەند لیپاو لیپن لە خەم و گریان و هاوار و باوکەڕۆ، هێندەشی پڕن لە دەرختنی جوانی و بێگەردی و سۆزی دڵدارانەوە بەڕای من ئەم دیاردەیە جۆرە بابەتێك دێنیتە گۆڕێ، کە ئەویش (شیوەنە دلداریە) (المرتاة الغزلیة). چونکە هۆنراوەی دڵداری کاریگەر ڕێبێیەکی ویژدان و سوزە و لە ئەنجامی پەیوەندیە ئینسانیەکانی نێوان نیرۆهیدا دێتە گۆڕێ و ئەمەش پەیوەندیەکی غەریزی و کۆمەلایەتیە، شیوەنیشی بریتێیە لە کۆمەلێ هەستی تایبەتی پر لە خەم و قولپێ گریان کە ئەمیش هەر پەیوەندیە کۆمەلایەتێکان

دەیهێنته گۆڕی و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەڕوانێته جیهانی ئەو پەیوەندیانە. کە واتە پەیوەندی ئەم دوولایەنەی (شیوەن و دڵداری) لەم قەسیدانەدا ئیجگار بەتێنن و تەنانەت لیکدیشاتوانەتەوە چونکە هەردووکیان ئاوێنەی یەك باری سایکولوژین کە ئەویش دڵەڕاوکێ و نائۆ قرەبیە کە واتە بویە کەمین جارمن ئەم زاراوەی (شیوەنە دڵداریە) بو ئەم قەسیدانەی مەڕ عنبەرخاتوون پێشنیاز دەکەم و هیوا دارم جێی خۆی بگرێت هەر بو نموونە سەیری ئەم غەزەلە کەن:

دیدە پەی ڕوخسار خورشید وارەکەت با دەماخ پەی بۆی عەنبەر بارەکەت
گۆشی پەی شنوێ ڕاز ڕێزەی شەکەر ڕێز یاگەردەن پەی بەند حەڵقەی زولف وێز

٢ـ لە سەر جەم شیوەنەکاندا ئەو هەست پێ ناکرێت کە شاعیر داوایان سواڵی هەستو سوزو بەزەیی بکات لە خۆینەر، بەڵکوو خودی خۆی دەبێتە کانیێ یەکی ئەمێوی هەستو سۆز و خەم و پەژارەی هێدی هێدیی خۆینەر دەخاتە جێی خۆیو بە هەر دووکیان کۆتەڵ دەگێرن و لە زمانی ئەوەکانی پێش خویانەوە. وا دەگێرنەوەکە، عەنبەر خاتوون ئەفغانی یەکێك بوە لە ئافرەتە هەرە شۆخ و سەرتەڵەکانی ناوچەی تاوگۆزیو شەعیران و نەو ڕوڵی جگە لە مەشیان مەولەوی دوای مردنی عەنبەر خاتوون دڵی نەهاتۆوە چەند شەوو ڕۆژێك بە ئامانو زەمان گوڵ کۆ کەی جێی بهێڵی و دوا ساتێش لە سەر داوای پیاوانی سەرشاتەکەگەڕاوەتەوە، سەیردەشەن کەسی بە دەردی ئەو نەبێت، هێند تەپاوتلی کردووە بە سەرگۆڕەکەیدا، کەل و پەل تۆزاوی لێو بە بار، ڕەنگ پەریو، چاو بە فرمێسك، هەر بۆیە هۆنراوەکانیشی ئاوهاسپاڵی خەمێکی ئەزەلیان پۆشیوە.

٣ـ گەڵی و وردەکاریو وێنەو دیمەنی ئەو تۆی بو نەخشاندووین لە چوارچێوەی ئیشعارەو تشبیەگەلێکدا کە بۆ یەکەمین جارە ئەدەبی کوردی شتی وا بە خۆوە دەبینێ:

بنیشی نەگێجاو دەریای بێ پەیدا نەگۆشەی حوجرەی سەفینەی مەی دا
ڕووت ڕووت ئەو جیلوەی ستارەکەرڕاس با خوداوە اخلاص ناخودا مەناس
تا باد مراد نە پێوارەوە کەی بدۆت ناخو ئەوکەنارەوە

٥ـ زۆربەی وێنەو نەخشەی سەد تەرزەی تابڵو هونەریو بیرۆکە شیعریەکانی هیند تێژو تەسەل درێژن زۆر کەرەت فەردێك، یان دوان دەرقەتیان نایەن و ناچاریەك دەگرن و بە هەر هەموویان داهێنانەکانی لە زەمینەی نەمریدا شەتل دەکەن.

٦ـ ئازووقەو زادەو کەرەسەی خاوی زۆربەی هەرە زۆری قەسیدەکانی بە تایبەت (شیوەننامە) تۆخمەکانی سووشتن، بەلام لە دوخیکی بزێوو نەوەستاودا. وەك لە هۆنراوەکاندا دەرکەوتووە عەنبەرخاتوون لە بەهاردا سەری ناوە تەوەوت گەڵای تەمەنی هەڵوریوە، هەر بۆیە ئەو بەهارە بە هەشێنەی کوردستانی لە بەر چاو ڕەشی هەلگەڕاوە و لە شێوەیەکدا ببیزرێت.

کە چی هەر هەمان شاعیر لە قەسیدە بەهاریەکانی تریدا جاریکی تر ئەمان خاتەوە سەر کۆلکەڵەی جوان ناسیو ئەوینی بێگەردی بەهار پەرستنی کوردستان، دیارە شەتەك دانی هەستو هۆشی خوینەر بە تاڵی ئەفسووناوی ئەو وزەی شاعیریەتە خۆی لە خوێدا جۆریکە لە بلیمەتی شاعیر چونکە ئەو ووزیە وەك تێشکی وایە لە ناو مەوشوورێکداکە بەدەیان ڕەنگو تیشکی نوێوە دەبرسکیتەوە جڵەوی خێرایی شەپولەکانو وزەو جووڵە تەنانەت ڕەنگەکانیشی بە نووکی خامەی شاعیرەوە بەندن و هەر لەو نیشەوە کۆنترووڵ دەکرین.

٧ـ بەستنەوەی دوا تاڵەکانی خەیاڵە مەودا فراوانەکەی بە ڕێبازی ئەشعەریەت و سۆفیزمەوە، واتە بەستنەوەی هەڵس وکەوتو تەنانەت ئاواتە ئەرخەوانیەکانی مرۆڤیش بە چارەنوسێك ڕەنگ بۆ ڕێژراوەوە، کە ئەویش بنەماڵەکەی دەستەلاتێکی لاهوتی لە ڕادە بەدەرە، نابێت ئەوشی لە یاد بکرێت کە ئەم بابەتە فەلسەفە ئامێزە وتەڕوو پاراویی و هەستو سۆزە ناسکەکەی کزر نەکردوتەوە بنوارن:

مەعدوم چون قەزا ئامە جەناکاو دانا چون نادانو زۆوە گەرداو

یان دەڵێت:

چون مەزاق تاڵەن جەگەردین لاوە بوو شیرینیی یەك دوونە وواە

یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە ئەویەك لاو نۆم یاو نۆمەوە

مەبەست لە (یاونۆمەوە) ئیشارەتە بۆ (و نفخ فی الصور فأذاهم)

٨ـ گوێ پێدانێکی فرە بە موسیقا و ئیقاعاتی ناوەوەی فەردەکانی و ساچاندنی هەست و سۆزو خورپەکانی دڵی لەگەڵ وشەو پیت و قافیە خەمناکو ئیجابەخستەکاندا. چونکە سەر جەم کێشی هەر هەموو بابەتە شیعریەکانی هەر دەبرگەیین. بنوارن

بـڵێسەی کـووڕەی هـیجران بـاڵات گەرمیی مەحروومی تۆزەکەی پاڵات
شـەڕارەی گـریەی نـار مـەهجووری کەردەن وە غوبار کۆگای سـەبووری
بـنیشنە گـێجاو دەریـای بـی پـەیدا نەگۆشەی حوجرەی سـەفینەی مـەیدا

دیارە نموونە زۆرن و دەرفەتی شیکردنەوە و وورەدەکاریشم

٩ـ ئاوڕدانەوەیەکی ئاسکانە بەلای ڕوو داوە هێژوویە تراژیدیەکانە بەستنەوەشیان بـە بارە سایۆلۆژی وسۆز، تایبەتێکانی مەولەویەوە، هەر بو نموونە:

شورای عاشوورا دیسان بـەزمش بـەست (موحەرەم) ئاما (مەحرەم)شی نە دەست
ئـەو خـەریك نـە چـۆڵ شـارعە دەمـدا مـن نـە (کـەربەلای سـارای مـاتەم دا

یـان:

ڕۆ (حسەین) ئـاسا فـەرداکـەڕۆ بـو داخوم سەر جەکو لاشەم جەکۆ بۆ

یان:

گوزەگەی جیلوەی لەیل بێحەد بەو تەرز زایەلەی مەجنوون جەعەد ڕەد بەو تـەرز

تیبینی: لە بەر لە نەبوونی کات بابەتەکەم ئاوەهاکورت کردەوە چونکە دەبرو لەگەڵ هەر خاڵێکداکۆمەڵی نموونە و شیکردنەوەو بەراوردم بکردایە هەر بۆیە داوای لێ بوردنتان لی دەکەم.

سەرچاوەکان

١ـ دیوانی مەولەوی ـ عبدالکریم المدرسی

٢ـ الرشاء ـ لجنة من الأدباء ـ دارالمعارف ـ شعر

٣ـ دراسات فی الادب المقارن و المذاهب الادبیة ـ الدکتور صفاء الخلوص

٤ـ المرشاة الغزلیة ـ الدکتور عناد غزوات

٥ـ دیوانی سەلام ـ ئەی مل کووە

٦ـ دیوانی مەولەوی ـ کە بە خەتی مەولەوی پیشکەش بە ماموستا (...)ی کراوە و لای برای شاعیر کاک موحەمەدی حەمە باقیە

٧ـ بحثان فی الادب الکردی ـ رؤوف عثمان

٨ـ چاوپیکەوتن تایبەتی لەگەل سید عبدالرحمن سید محمود ئامینەی شیخ صدیقی شیخ عارفی نیرگسە جارێدا.

١٩٩٢/٨/٨

زندگینامه مولوی

عمر فاروقی

سپاس بو خوای گەورە و میری مەزن کە شاری سەقزی سەر بەرز واتە شاری صادق محمد سقزی و ابو المواهب کردی و شیخانی بست و ملک‌الکلام و قاضی کوثر و ضیائی و دەیان شاعیر و ئەدیبی گەورە وە شاری گلکوی هاوری و رفیقی مەولەوی واتە حاجی شیخ مصطفی جوانروی‌ی قدس‌سرە بوەتە جیگای پیك هاتنی کونگرەی مەولەوی و لەم هەل‌و مەرجەدا زانایان ولی‌کولەران لە سەر شیعر و بەسەرهاتی مەولەوی و بابەتە جوربەجورەکانی ژیانی ئەو عارفە مەزنەی کوردگوت و بیژ دەکەن.

هەر ئیستا ئەوانە چاوی حەقیقەت بینیان هەیە دەبینن کە روحی بەرزی مەولەوی پاش تەوافی گلکوی مەولا و مورشیدی خوی واتە حەزرەتی شیخ حەسەنی مەولاناوا و دیداری هاو خەلیفە و دوستی خوی واتە حاجی شیخ مصطفی نقشبندی، لەم کورەدا حازرە و نازری ئیمەیە.

وە نەبی مەولەوی یەکەم عارف و ئاخرین شاعیری عارفی کورد بوبیت. ئەمە مەبەستیکە کە دەبی ئازیزانی غەیرەکوردی ئیمە واتە نەتەوەکانی ئیران بزانن. چونکا ئیمە بەر لە مەولەوی و دەیان سال و سەدان سال بەر لەو سورە بەردیمان بوە کە ئیوە پی دەلین سهروردی و شیخ اشراق. وە هەر وا ئیمە شیخ ئەحمەدی جەزیریمان بوە کە شانی لە شانی مەلای رومی داوە و بە مەلای جەزیری ناو بانگی دەرکردووە ئەمجار ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کویە و مەلا مارفی نەودیهی و مەلا عەبدولای بی‌توشیمان بوە کە شوینەواری بەرزیان بونەتە ئەستیرەی پرشنگ‌دار و پر ورشە ورشی هەتا هەتائی لە

دونیای عیلم و ئەدەب و زانستی ئیسلامی و کومەلایەتیدا. هەر لەو دەمەی کە جم و جولی عیرفانی و ئەدەبی کەوتە کوردستان و ماموستای پایەبەرزی ئەدەب و عیرفان واتە حەزرەتی مەولانا خالید حەرەکەتی خوی دەست پیکرد و تەشریفی موبارەکی لە سولەیمانی بەرەو دیهلی لە هیندوستان موهاجیرەتی کرد حەزرەتی شیخ مارفی نەودیهی دەیان بەرگ کتیبی لە عیلم و عیرفان و ئەدەبدا دانا بوو بو یەکەم جار خود ئاموزی کوردی و عەرەبی بە ناوی (ئەحمەدی) دانا و لە نەسلی ئەو شیخ وەهورشید و خواناسی گەورە وەکو حاجی کاك ئەحمەدی سولەیمانی ئیمامی گەورەی عیرفان قدس‌سره‌العزیز هاتە دونیاکە مەولەوی و باقی ئەوانەی لەگەل ئەو بوون لە بەرانبەر عیلم و کەمالات و عیرفانی حاجی کاك ئەحمەددا وەکو میشولە وا بوون لە بەرانبەری قوللەی قافا.

بەلام هەر چون بی مەولەویش روباریکە لەو بەحرانە. ئەویش روباریکە، کە لە سەر ریگای خویدا هەتا هەتایە ئاودیری چاوو دلی خوانەسان و ئەوین‌داران و ئوگرانی عیرفان و ئەدەب دەکات.

کاتی ناوی مەعدوم یا مەولەوی دەبەین ناتوانین خومان لەو مەیدان و گورە پانەی لادەین کە ئاواها ئینسانیکی پەروەردەکرد. ناتوانین چاو لەو هەوا و هەرد و خورە تاو و بەفراوە بقونجینین کە ئاواها گولالەیکی خولقاندوە و بەدی هاوردوە دیارە خالیقی هەموان خودایە و هەمومان ئینسانین و هەر لە ئەزەلەوە خودای گەورە هەمومانی وەکو یەك خولقاندووە، بەلام زۆر مرۆڤ هەن ئەدەن رۆح و گیانی خویان پەروەردەکەن و پلەی عیلم و زانستیان بەرنە سەر و خویان زیاتر بە خودا نزیك کەنەوە و بە داخەوە هینی یەکجار فراوان و زوریش هەن کە هەمو ئامانجی ژیانیان بوتە ئەوەی کە نانیك و جیگای خەویك پەیداکەن و چاوە نواری گەیشتنی فریشتەی مەرگ بن و بو ئەم چەشنە ژیانەش زور شتی نالەبار قەبول ئەکەن.

جا ئەوەی دەیەویت خوی بگەینیتە کەشفی نهینیەکانی ژیان و هەست و ئیحساسی خوی پەروەردەکات نیازی بە ئوستاد هەیە و ئەم ئوستادە کە ریازەتی کیشاوە و خوی

گەیاندوەتە سەر لوتکەی کەژو چیای کەمال دەبێتە مورشید و موڕادی ئەو تالبە، کە ناوی موریدە. ئەمەیش ڕێگاییکە پڕ لە هەوراز و هەلدێر و بەلەدیکی دەوی تاکوڕیبواری ڕێگای سەوزی عیرفان ڕی نوین بکات و لەو پرد و کەل و بوار و تەنگە بەڕیە بی‌پەرینیتەوە و بیباتە ئەو مەکانەی کە هیلانەی شاباز و هوما و سیمورغ و بازەو ئەمجار لەوێدا بە ئاوینەی ئیدراکی بیرو دل و گیان لە ناخی کائینات بروانیت و بو خوی وەکو تەیرێکی بال سوک و ئاسودە لە تەنگ و چەلەمەی ژیان و ناکوکیەکانی جیهانی ماددی ڕزگار بکات و بگاتە قوناخی پیروزی فەنافی‌الله.

ئەلبەت بو پەروەردە بوون لە ئاوا هامەیدانێکدا مەولەوی بو خوی ئامادەگی بو چوونکا ئەو لە بنەماڵەی زانیاران و ساداتی مەزنی کوردستان بو و خانەوادەی ئەو دەیان سال خزمەتی عیلم و عیرفانی کرد بو.

مەولەوی لە نەسلی پیر خدری شاهویە لە نەسلی سید محمدی زاهید و لە ئەولادانی عالم و زانا و بلیمەتی مەزنی کورد واتە ملا ابوبکر مصنفە و بەگوێرەی شەجەرەنامەی باوەر پی کراو سەیدیکی حوسەینی واتە لە نەسلی حەزرەتی حوسەین بوە کە سەلامی خوای لەسەر بی.

باوکی ناوی مەلا سەعید نەوەی مەلا یوسف جان بوە و خوی لە سالی ١٢٢١ی کۆچیی مانگی لەگوندی سەرشانەی ناوچەی تاوەگوزی هەلەبجەی شەهید هاتوەتە دونیا و لە خزمەت باوکیا خەریکی خویندن بوە.

سید عبدالرحیم لە حوجرەی فەقیکاندا لەگەل شیعر و ئەدەبی کوردیدا ئاشنا بوە و بە تایبەت لەوکاتەدا شیعرەکانی شیخ حەسەنی مەولاناوا زانا و عالمی گەورەی عەهدی ئەفشاریە و زەندیە کە دەست نوس کرا بوون و حوجرە بە حوجرە دەگەران کاری تی کردوە و درگای شیعری عیرفانی بو ئاوەلەکرد ئەمجار وەکو ئەزانین حەزرەتی مەولانا لە سولەیمانی بەرەو ئیران هات و چوە سەر مەزاری حەزرەتی بایەزیدی بەسطامی و حەزرەتی ئیمام ڕەزا لە خوراسان و لە ڕێگای ئەفغانستانۆ چوە دیهلی و لە خزمەتی

حەزرەتی شاه عبداله دیهلەوی قدس‌سره خرقەی مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت و پاش ئەوە گەرایەوە بو کوردستان و خانەقای تەریقەتی خوی دانا و دەیان خواناس و عالم و ئەدیبی کورد وەکو پەروانە لە دەوری شەمعی وجودی موبارەکی کو بونەوە.

حەزرەتی مەولانا لەگەل ئەوەی کە شیخ و مورشیدی بەحەق بو، بە شاعیریکی هەرە بەرز و لی زان دەناسراکە بە زمانەکانی فارسی وکوردی و عەرەبی قەسائید و غەزەلليات و هەلبەستی گوناگونی داناوە.

سەرنجیکی هونراوەی مەولانا بە زوانی فارسی بو بارەگای حەزرەتی ئیمام رەزا لە مەشهەد پیمان دەسەلمینیت کە ئەو زاتە تا چ رادە بە سەر شیعر و ئەدەبی فارسیدا زال بوە. هەر وا موناجاتی حەزرەتی مەولانا بە زوانی کوردی کە ئیستاش زیکری دەرویشان و سرودی خواناسانە بو لی زانی ئەو لە شیعری کوردیدا کیفایەت دەکات. جاکاتی مورشید و مەولای وەکو خالید ئاوا شیعر و ئەدەب بکاتە ئامراز وکەرەسەی بەکەلك و بە سود و قازانج بو نزیك بونەوە بە خوا و بو تەوسیفی زاتی ئیلاهی و مەدحی پیغەمبەری خوشەویسی خودا و بەیانی دەردی هیجرانی روح لە قالبی لەشی خاکیدا دیارە موریدەکانی ئەو موراەدیش دەبی لەکاری ئەو دەرس وەرگرن.

یەکی لە موریدەکانی مەولانا کە ئیجازەی ئیرشاد و خەلافەتی دراوەتی و لە کوردستان‌دا خانەقای داناوە حەزرەتی شیخ عوسمانی سیراجەدین (قدس‌سره) بوە. شیخ عوسمان پاش ریازەت کیشان و وەرگرتنی ئیزنی ئیرشاد لە بیارە و تەویلە خانەقای دانا و هەمو ئوگرانی عیلم و عیرفان لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی لە دەوری ئەو زاتە موبارەکە کو بونەوە. بو وینە لە سوریە، تورکیە، ئەفغانستان، پاکستان، ئەلجەزایر، عەرەبستان، یەمەن و زور شوینی‌تر و ئەوین دارانی عیلم و عیرفان لە خانەقای بیارە و تەویلەدا دەستیان دایە فیر بوونی عیلم وکەمالات حەزرەتی شیخ عوسمانیش بو خوی شاعیر و ئەدیبیکی گەورە بو کە ئەمروکە شیعری کوردی و فارسی فراوانی لە دوا بە جی

ماوه. جا سید عبدالرحیم که مەندکێشی ئەم زاتە بو و لە ماوەییکی کەمدا بو بە پەپولە و لە دەوری جەمالی حەزرەتی شیخ دانیشت ئەمرو کە سەرنجیکی دیوانی ئەو پیشان ئەدات کە بە سوزترین شیعرەکانی بو شیخ عوسمان داناوە بو وینە ئەم هەلبەستە:

رەفیق مەحرەم عیجز و سروورم — حەکیمەکەی ئیش زام ناسورم
ئاو یارەکەی سەوزەی ئارەزوم — دانا بە گردین راز کونە و نوم
دەماخ و نەشئەی سەربەرزان کەیل — مورشید میراو، سەرجوی بادەی لەیل
ئەنیس مەجلیس عەیش و نیشاتم — دەسگیر راگەی هات و نەهاتم
جلە و کیش زەوق ئاهووی رەویلم — رەزم ئارای مەجلیس کەمەن وەپیلم
وە مەرگت یە ند غەم ج لام بیەن جەم — لاو هوون گرتەن پای شەرم مەحکەم
زنجیر مەینەت پای گوریز بەستەن — مارەکەی دوریت ریشەی دل گەستن
سامان سام کەردەن دەردەکەی فیراق — بوی تالی دووریم مەیو نەمەزاق
جەو ساوە ئازیر لیم نادیارەن — سەیر کائینات نەدیدەم خارەن
ئاموشوی یا نەم، کەروەن دەیانە — یەکسانەن ج لام، قەوم و بیگانە
ئیلتجام بە تون، جای هانامانی — نە بە هیجران رەنو مامانی
یەکجار تەن خەستەی زاروەنجوریم — دل ریزە ریزەی کارد مەهجوریم
گرمەی کووەی دەردکوی تاقەتتاوان — بوی سفتەی جەرگم وەگەردون یاوان
هەر رو جەیحونی مەریز و نەچەم — سارای دل بیەن وە هوناووچەم
هەر ساتی دەردی سزامە رو پیم — یەك نان زیندەگیم حەرام بیەن لیم
دەخیل تاهالا، تەن نەویەن وەگەرد — سفتەش نەبەردەن وە نالەکەی دەرد
رجاکەر (احمد) لوطفش بو چەنیم — خەجەلەتی بەرز (کریم) نەیو پیم
وەرنا ها مردم، توبای سلامەت — با هەر بمانو تا روی قیامەت

لە مەکتەبی بیارە و تەویلەدا نەك هەر مەولەوی بەلکو ناری و مەحوی و حەریق و

شاهو ده‌یان شاعیری گه‌وره وه‌کو بولبول ده‌یان خویند.

سید عبدالرحیم له شیعردا نازناوی مه‌عدوم بوه به‌لام کاتی موریده‌کانی شیخ له ئه‌فغانستانۆ هاتوون بو ته‌ویله یه‌کی له‌وان کچی خوی به ناوی عه‌نبه‌ر خاتون له مه‌عدوم ماره ده‌کات ئیتر چوونکا له ئه‌فغانستان و بلوچستان به مه‌لا ئه‌لین مه‌وله‌وی عه‌نبه‌ر خاتونیش هه‌ر به ناوی مه‌وله‌وی بانگی لی ده‌کات ئیتر مه‌وله‌وی ئه‌م ناز ناوه‌ی پی خوش ده‌بی و به‌وه ناو بانگ ده‌ر ده‌کات. مه‌وله‌وی له گه‌ل ئه‌وه پیاوی عیرفان و عیلم و ئه‌ده‌ب بوه. پیاوی مال و خاو و خیزانیش بوه و عه‌نبه‌ر خاتونی زور خوش ویستوه به چه‌شنی که‌پاش مردنی ئه‌و دلته‌زین‌ترین شیعری خوی به ناوی عاشورا بو هه‌لبه‌ستووه و لاواندویته‌وه. له‌م روژانه‌داکه شورشی ئیسلامی ئه‌فغانستان سه‌رکه‌وتوه پیم وایه یادی عه‌نبه‌ر خاتوون ده‌کریته پردی دوستی و برایه‌تی دوگه‌لی کورد و ئه‌فغان.

واته ئه‌حمه‌د به‌گی کوماسی بو خیزانی یه‌کجار به سوزتره‌که مه‌زمون و سه‌ره‌تای به‌م چه‌شنه‌یه:

گلکوی تازه له‌یل .. گلکوی تازه له‌یل ئارویشم وه سه‌یر گلکوی تازه‌ی له‌یل
نه‌پایه‌ی مه‌زار ئه‌و له‌یل پر مه‌یل نه دیده‌م وار ئه‌سرینان چوون سه‌یل
شیم وه سه‌ر نیش وه دله‌ی پر جوش سه‌نگی مه‌زارش گرتم نه ئاغوش

والخ ... که ئه‌م شین گێڕیه پیم وایه چهل و چوار به‌یته...

دیاره مه‌وله‌وی و خالوی کوماسی هاو چه‌رخ بوون و پیکه‌وه شیعریان داناوه و به هه‌لبه‌ست نامه‌یان بو یه‌ك ناردوه و هه‌لبه‌سته‌کانی ئه‌حمه‌د به‌گ زوری کار کردوه‌ته سه‌ر مه‌وله‌وی هه‌روا شیعری بیسارانی و سه‌یدی له مه‌وله‌ویداکه‌ریگه‌ر بوون و نامه‌و پەیامی شیخانی بیاره‌یش بو مه‌وله‌وی که زیاتر به چه‌شنی هونراوه بوون هه‌ستی ئه‌ویان بزواندوه.

عه‌لاقه و عیشقی مه‌وله‌وی به مورشید و موړادی خوی واته شیخی سیراج‌الدین پاش وه‌فاتی ئه‌و زاته بو شیخه‌کانی جیگاداری ئه‌و هه‌ر وا به تین و ئاگراوی بوه، بو وینه پاش

فەوتی ئەو، حەزرەتی شیخ بەهائەدین بوەتە قوتبی تەریقەت و لەو کاتەدا یەکی لە کورەکانی مەولەوی فەوتی کرد و شیخ بەهائەدین تەشریفی چو بو پرسە و سەرەخوشی ئەلین مەولەوی چوە پیشواز و بانگی کرد کە ئەی کاش هەر روژ کوریکی بمردایت تا شیخ بو پرسە بهاتایت. بەراستی ئەمە دەی سەلمینیت کە مەولەوی پیاویکی بە تەواو مانا روحانی و لە خوا ترس بوە، ئەمجار لە شیعرەکانیاکە ژیانی ئەو تا زەمانی حەزرەتی شیخی ضیاءالدین دریژەی بوە زور جار مەدحی باقی جیگا دارەکانی سیراج‌الدین کردوە.

بە پیك هاتنی ئەم کونگرە لە سەقزدا ئەوەیشمان وە یاد دیتەوەکە مەولەوی بە بونەی وجودی مەرحومی حاجی شیخ مصطفی نقشبندی و شیخ حەسەنی مەولاناوا دلی لای سەقز بوە بە تایبەت وەکودەزانین مەولەوی هەشتا سال پاش وەفاتی شیخ حەسەن لە دایك بوە چون وەفاتی شیخ حەسەن لە ١١٣٦ کوچی مانگی و لە دایك بوونی مەولەوی ١٢٢١ بوەکە وا بی یەکیان نەدیوە بەلام لە جیهانی روحانیت‌دا حەیات و مەمات نیە هەر بویەکاتی دەبینن مەولەوی شیعری بو شیخ حەسەن داناوە و لەگەلی بە زبانی شیعر دواوە.

سالانی زو هوزی جاف لە سنوری ئیران و عیراقداکە ئەوکاتە ولاتی عوسمانی بو هات و چویان دەکرد و لە بەهار تاکو پائیز ئاژەل و مەر و پاتالی خویان دە هاورد بو کویستانەکانی چل چەمە و سەر شیوو خور خورەی سەقز جا، کچی مەولەوی یا زەرِ کچی ئەو ژنی یەکی لە بەگزادەکانی جاف بوەکە بنەمالەی ئەو بو هاوینە هەوار هاتونەتە خورخورە، مەولەوی شیعریکی داناوە بەم بونەو و بو شیخ حەسەن و ئامانەتی خوشەویستەکەی داوەتە دەستی ئەو زاتەگەورە.

بولبول گولشەن بی نام و نەنگی — تەزەر و سەرسەر و باغچەی بی‌رەنگی
نوختەی ئینتهای دا ئیرە تەمام — نەی دەس نەی چی تووتی دیاری جام
یانەی دل وە فەیز رای مەولانا وا — تەواو تەرلان، لان مەولاناوا
پایەت بولەند بو، سایەت فراوان — پەی پەی کەردەی دیدەم دیدە سیاوان

ئەم هەلبەستەی مەولەوی بریتیە لە ١٢ بەیت کە لیك دانەوەیان بو من بری موشکیلە و هەورامی زانی باشی ئەویت بەلام مەبەستی من لیرەدا پیوەندی دانی مەولەوی بە ناوچەی سەقزۆیە و حەقیشم هەیە ئەم پرسیارە بکەم کە ئیمە وەکو نزیکترین کەس بە مولاناوا تا ئیستا بو ناسینی شیخ حەسەن و نەشری بەرهەمەکانی چیمان کردوە؟ ئیمە هیچ ... تایفەی خوی کە ئەمرو کە سەدان مال دەبن و هەمویان بەو زاتەوە خر و شانازی دەکەن چیان کردوە؟ ئایا هەست بە مەسئولیەت ئەکەن؟

سید عبدالرحیم تاوەگوزی وە نەبیت هەر سوفی و شاعیر بو بیت بەلکو عالمیکی بە تەواو مەعنا بوە. ئەلین جاریکیان لە شاری سنە لەگەل چەند مەلای گەورە بوە و لە سەر مەسئەلەیکی عیلمی کەلام باس دەکەن. کاتی مەولەوی نەزەری خوی دەر بریوە یەکی لەو مەلایانە لی تورە بوە و وتویەتی ... توکارت بەمانە نەبی برو هەر ئامان لە رزانەی خووت بلی ... واتە تانەی لیی داوە کە تو شاعیریت و شیعری خوت بلی ... مەولەوی پاشان لە ماوەی سی روژدا عقیدەی خوی دائەنی و بەرگیکی دەنیری بو ئەو مەلا... کە چی ماموستاکاتی سەرنجی عەقیدەی مەولەوی داوە هیچی لی نەزانیوە و ماق و مرمابوو پاشان لای مەلاکانی تر لە عەقیدە کە تی ئەگات و نامەی لی بوردن لە مەولەوی دەنوسیت.

مەولەوی لە هەلبەستی خویدا لەو پەری ناسك خەیالیدا تابلوی جوان و رازاوەی خولقاندوە بە چەشنی کە بیستنی ئەو لەونە هەلبەستانە سەرنجی هەر ئینسانیك بو لای خوی رادەکیشیت وەکو:

هەرچی مەوینون، شیوەی توش پیشەن دل وە هەنیتەی حەسرەتداکیشەن
هەر ماهی نەو بو حالم پەشیوەن هیلالەش شیوەی ئەبروی توی پیوەن

بەلام لەگەل ئەوەیشدا وا دیارە بە سەر شیعر و ئەدەبی فارسیشدا زال بوە و بە تایبەت هونراوەکانی حافزی شیرازی زورکاریان لی کردوەو زور جاریش ویستویەتی لاسای حافز بکاتەوە و لە تەعبیراتی شیعری نەو شاعیرە مەزنەی ئیرانی کەلك وەرگریت بو وینە

سەرنج بدەینە ئەم چوار بەیتەی حافز کە لە چوار غەزەلی جیا جیان.

١- بـــی خـیالش مـباد مـنظر چشـم زانکـه ایـن گـوشها جـای خـلوت اوست
٢- رواق مـنظر چشـم مـن آشـیانه تست کرم نما فـرودآ کـه خـانه خـانه تـوست
٣- مـردم دیـدهٔ مـا بـرخت نـاظر نـیست دل ســرگشتهٔ مــا غـیر تـرا ذاکـر نـیست
۴- شاەنشینی چشم من تکیەگە خیال تـوست جای دعاست، شاه من، بی تو مباد جای تو

ئیستا بە سەرنج دانی ئەو بەیتانە دەبینین تەعبیری مەولەوی کە بە بروای شیعرناسان لە هەستیکی یەکجار ناسك و خەیالاوی سەرچاوەی گرتوە.

بالاخانەی چەم دل دیوانـی تـوون بـانه نـاو وەخـاك، ئـاستانی تـوون
تکەش عاجز کەر و خەیالت تیشدا ئــازیز بـو جـاری پـا بـینه پـیشدا

لیرەدا شیعر زانان و شیعرناسان دەزانن کە مەولەوی بە تـەواوی، لە ژیـر دەسـەلاتی هەستی ناسکی حافزی مەزندا بوە چوون سەرنجی شاەنشین چشم من تکیەگـە خـیال توست و بالاخانەی چەم دل دیوانی تووں ئەمە دەسەلمینیت ... ئەو جار هیچ کـەسیش ناتوانیت بلییت نەخەیروا نیە و مەولەوی کاری بە حافز نەداوە چوونکا لە دیوانی ئەودا بە ئاشکرا ناوی حافز و شیعرە بەرزەکانی براوە و مەولەوی ئەوی بە شیخ و موراد و پیاوی دینی زانیوە. جگە لە حافز جیگا و شوینی هەلبەستەکانی سەعدی و جامی و نیزامیش لە دیوانی مەعدومدا بە ئاشکرای ی دیارن. ئیستە لەکوکردنەوەی ئەم وتارە و ئەم باسەدا ئەتوانین بەم چەشنە بگەین بە ئاکام لە سید عبدالرحیمی تاوەگوزی .

١- زانایکی بلیمەت بوە لە علووم و زانستی ئیسلامیدا.

٢- ماموستایك بوە لە زانستی کەلام و لوغەت و فەننی عەروزو بەدیع و قافیەدا.

٣- سوفی و عارفیك بوە کە حەوت شاری عیشقگەراوە و خوی گەیاندوەتە لوتکەی کەژی قاف بودیتنی سیمورغ و لە ئاکاما بە باغی رازاوەی فنا فی الله گەیشتوە و هەمو ژیان و بەرهەمەکانی ژیانی فیدای ریگای عیرفان و خودا ناسین کردوە.

۴- شاعیریکی ناسك خەیال و هەستیاریکی دل سوتاو بـوەکـە شـیعر و هـەلبەستی

کردوه‌ته ئاوپرشکینی دلی پر له‌کولی خوی و هیچ کات شیعری نه‌فروشتووه و بو پاره و نان و میلاك تاریفی که‌سی نه‌داوه و به بالای کار به‌ده‌ستان و ده‌سه‌لات داران و زور داراندا هه‌لی نه‌وته‌و که‌رامه‌تی خوی له لای هیچ حاکم و ده‌سه‌لات‌داریك بو پاره و نانیك نه‌هیناوه‌ته خوار و دونیای عیرفان و عیشقی بی‌سنور به خودای گه‌وره ئه‌وی له ژیانی دونیائی و سه‌راوه‌کانی دور کردوه‌ته‌وه.

۵ـ ماموستا و شاعیریکی وه‌فادار به مه‌کته‌ب و دین و نیژادی خوی بوه و ئه‌مانه‌ی کردوه‌ته ئامیته‌یه‌ك و به‌کوردی ژیاوه و به‌کوردی مردوه و دیاره هه‌ر به‌ کوردیش ولامی قه‌بری داوه‌ته‌وه... بویه خوشه‌ویستی گه‌لیه‌تی و بو هه‌تا هه‌تایه ریزی لی ده‌گرن و به خویندنی فاتیحه و په‌ره‌پی‌دان به شیعر و هه‌لبه‌ست و مه‌کته‌بی ئینسان سازی ئه‌و زاته به مه‌کانی ریز و ئیحترام‌دا ده‌نین. ئیتر باسی خووم به‌گیرانه‌وه‌ی کورته مه‌به‌ستیك بو په‌ی بردن به مقامی به‌رزی ئیسنانیه‌تی ئه‌و ته‌واو ئه‌کەم تا پله‌ی مروڤایه‌تی ئه‌و باشتر بناسین.

ماموستا مه‌لا عبدالکریم موده‌ریس، که ئه‌ویش هیچی له مه‌وله‌وی که‌م نیه و بگره یه‌کجار فراوانتر خزمه‌تی کردوه فه‌رمویه‌تی، جاریك مه‌وله‌وی له‌گه‌ل که‌سیك به عه‌زمی حه‌ج ری که‌وتوه‌کاتی ده‌گه‌نه به‌غدا له سه‌ر مه‌رقه‌د و ته‌کیه‌ی حه‌زره‌تی غوث‌الاعظم محی‌الدین عبدالقادری گیلانی قدس‌سره‌العزیز، مه‌وله‌وی نه‌خوش ده‌که‌ویت به چه‌شنی که له هوش چوه و ئیتر که‌س هیوای به‌و نابیت که ساخ بیته‌وه. به‌داخه‌وه هاوریکه‌ی وا ده‌زانی مه‌وله‌وی مردوه هه‌رچی پی بوه هه‌لی گرته‌وه گه‌راوه‌تو بو شوینی بنه ماله‌ی مه‌وله‌وی و بانگی هه‌ل داوه که ئه‌و کووچی دوای‌ی کردوه‌و بنه‌ماله‌ی مه‌وله‌ویش ده‌ی‌که‌ن به پرسه و شیوه‌ن به‌لام پاش ماوه‌یه‌ك ده‌بینن مه‌وله‌وی ساخ و سلامه‌ت ده‌گه‌ریته‌وه ئه‌بی‌کوره‌کانی ده‌ستیان داوه‌ته چه‌ك بو کابرای دروزن به‌لام مه‌وله‌وی به‌ری گرتوون و خوی به‌کابرای فه‌رمو بو... براگیان روی ئه‌جه‌ل ره‌ش بی‌که منی نه‌کوشت و تووی ئاوا خه‌جاله‌ت کردکاش من بمردایتم و قسه‌ی تو راست بوایت با تووم به‌م چه‌شنه به شه‌رمه‌زاری نه‌دیبات... ئیتر هه‌ر بژین و سه‌رکه‌وتو بن.

مەولەوی ناسی چییە و مەولەوی ناس کێن؟

طە فیضی زادە

مەولەوی ناسی چییە؟ بەختەوەرم کە بە ناوی ماموستای زانستگەی ئازادی ئیسلامی مهاباد و لێکۆڵەر (محقق ـ پژوهشگر) لە ۱۳۷۰/۴/۱ و پاشان لە ۱۳۷/٦/۲۷دا لە پەستا لە جێژنی بیرەوڕێکانی نظامی و شەهریاری‌دا بەشداری‌م کرد. لە هەردووکیان‌دا وتاری خۆم خویندوە. سەڕدیری وتارەکان بریتی بوون لە: «انعکاس افکار و آثار نظامی گنجوی در ادب کردی» و «نظری بر سه ترجمهٔ منظوم از حیدربابایه سلام». ئەو وتارانە لە رۆژنامەی فروغ آزادی، تبریز، ژمارۀ ۱۳۷۰/٦/۲۸ و ۱۳۷۰/٦/۳۱ و گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ۱۵، سالی ۷۱دا چاپ بوون. بەختەوەرتریش بووم کە وابنکەی جێژنی بیرەوەری لە مەولەوی کورد لە سقز، لە منی خواستۆتەوە کە وەک قوتابێک لەو کۆڕەی‌دا بەشدار بم. کەلک لە مەبەستەکان وەرگرم و شت فێر بم وتێشووی زانستی لەگەل خوم بەرمەوەو تامەزرۆ پیم بچێ.

من پێشوو، لە ساڵی ۱۳٦٦ هەتاوی‌دا هەستم بە لێکۆڵینەوە لەکارو ئاکارو ئەسەواری مەولە وی کورد کرد و لە نامەی ۱۳٦٦/۱۲/۱۸دا لە زانستگەی مەهابادم ویست کە هەلیک برخسێنێ و بەۆ بۆنەوە جێژنێک پێک بهێنی.

مەولەوی‌ناسی کە بۆیە کەم جار لە ژمارەکانی ۲۲،۲۳ی گۆڤاریٰ سروەدا باسم لێ کرد. ئەو لکە لە زانست شێرەکانی مەولەوی کورددە خاتە بەر باس و لێکۆلینەوەو شی‌کردنەوە.

هێندێک لە شێرەکانی مەولەوی کورد پێویستیان بە لێکولینەوە و مانالی دانەوە

هەیەوە کوو:

سـەروەبان عـەین عـەینم خـەم وەردەن
هوون چون چەشمەی عەین نەعەین سەر کوردەن
یـەند دەردو ئـاهم عـەین کـەردەن بێ نـوور
وەختەن هـەشت کـەم بـۆنە پـەنجەی مـەشهوور

کە هەر کەسە، بیرو باوەرێکی هەیە لە سەرماناکردنەوەی ئـەم دوودێـرە شـێعرانـە ئەوەش ماناکەی: لە بەر پیری و کەم هێزی، سەرم ناوە تە سەر گۆچانە کەم و ئەوەندەش زۆرم داوەتی، گۆچانە کـەم چـەمیوەتەوە. ئـەوەندەش فـرمێسکم رژاوە، لە چـاوگەی چاومەوە سەری کردووە، سۆمایی چاوم رووناکی لێ بڕاوە. بە رۆژا رۆژم چاو پێ تـا بزانم نوێژی نیوەڕۆ و ئیوارەم ،کەی دێتە پێش؟

کە وابووەختە هەشت رەکاتی ئەو دوو فەرزەام لە پێنج فەرزە، کەم بێتەوە! بزانین یەکیك لە مەولەوی ناسان، بە ناوی دۆکتور موحەمەد سـەدیقی مـفتیزادە (١٣٣٤ - ١٤٠٥هق) چ دەڵێ: «بڕێ لە هۆنراوەکانی خوالێخۆش بوو مەولەوی مانایەکی تایبە تیان هەیە کە هەموو کەس ناتوانێ ئەو مانایە بدۆزێتەوەو تێی بگـاو مـەبەستی دەرخـا (١)» هەروەها لە رادەی کارامەییو وەستایی مەولەوی لە دانانی غەزەلی و قەسیدەدا دەدوێ. بۆ وێنە پاش لێکۆلێنەوە نیشان دەدرێ کە مەولەوی تەشبیهی زۆر دەکار هێناوە. بەڵام چۆن؟ جێی مشبە و مشبەبەی گۆڕیوە. کەکەم شاعیرە بە ناوبانگەکانیش لە دەسەڵاتیان دا بوە: لە باتی ئەوەی رووی ئازیز، بە گوڵ تەشبیە بکا، گوڵی بەرووی ئازیز شوبهاندووە. وەك:

گول چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشا بە فراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشا

یانی: گۆل وەکو رووی ئازیز پەردەی حەیای لە بەرکردو ئاوی بەفران چەشنی فرمێسکی چاوم بە خور هاتە خوار.

پیرەمێردیش (١٢٨٨ ـ ١٣٦٩ھ ق) هەر لاسای ماموستا مەولەوی کردۆتەوە و خۆی بە شاگردی وی زانیوەو ئەو دێر، شیعرەی بەسورانی ئاوالێ کردووە:

«گول شێوەی روخسار ئازیز ئەنوێنێ بولبول بە رووياوەك من ئەخوینی(٢)»

لەو بوارەدا، رادەی کار لێ کردنی شاعێرانی پیش مەولەوی لە مەولەوی‌و هەروەها کارتێ کردنی مەولەوی لە شاعێرانی دوای خۆی (تأثر مولوی از شاعران متقدم وتأثیر مولوی در شاعران متأخر بعد از خود) هەڵدە سەنگێندرێ.

بی‌گومان ملاّمصطفی بێسارانی (١٠٥٢ ـ ١١١٣ھ ق) و چەند شاعێری پێش (مولوی) مەولەوی کارێکی زۆریان لە مەولەوی‌داکردووە. ئەویش لە گەلێك لە شاعێرانی پاش خوی کار کردووە. ئەوەتا شاعێری گەورە هەڵکەوتووی وەك پیرەمێرد ئاوا لە مەولەوی دەدوی:

لە هەموان پیشتر سای سینەسافان مخدومی معدوم مەولەوی جافان
ئەبیاتی یوسف دیوانی خانا مەلاکەی گۆران شاعیری دانا
ئەشعاری رەنگین دێوانەکەی شەم واتەی رەنجووری دەروون پرلە غەم
من کە لە شیعر ناگەمە ئەوان هاوار ئەبەمە بارەگای یەزدان
منیش دوای ئەوان ئەروم بە نوبە لە گوناه تۆبە بەخشندە تۆبە (٣)

ئەو زانستە ـ مەولەوی ناسی ـ بارودۆخی مێژوویی مەلبەندی ئەو شوێنە نیشان دەدا کە مەولەوی تێیدا ژیاوەو لە رووی هەل‌و مەرجی ناوچەوە مەولەوی پترو باشتر دەناسرێ و دەناسێنێ.

مەولەوی‌ناس کێن؟ بەو کەسانە دەڵێن مەولەوی‌ناس، کە بە کەلك وەرگرتن لە زانستی مەولەوی‌ناسی لە مەولەوی دەکۆڵنەوە. من لێرەداکارو ئاکارو ئەسەواری هێندێك لە مەولەوی‌ناسان نیشان دەدەم:

١ـ ماموستا سەيید تاهیر هاشمی (١٣٣٢ ـ ١٤١١هـق) نووسەر ـ شاعیر لێکۆڵەرو خۆش‌نووسی بەناوبانگ یەکێك بوو لە مەولەوی‌ناسانی هەرە مەزن کە شیعرەکانی هەرە رەقو دیژواری مانا دەکردەوە وکانگای متمانای باوەر پێ کراوبوو. بۆکەم وینەیی‌وی ئەوەندە بەسە کە بڵێین بلیمەتێکی وەك ماموستا مەلە عەبدولکەریمی مودەڕیس و هەروەها ماموستا بابامردوخ روحانی (١٢٩٩ ـ ١٣٦٧هـش) لەکتێبە مەزنەکانی خۆیان‌دا ـ دیوانی مەولەوی لیکدانەوە بە سۆرانی، بەغدا، ٥٤٤ لاپەڕە، ١٣٨٠هـق و تاریخ مشاعیر کرد جلد اول ـ تهران ـ انتشارات سروش، ١٣٦٤هـش ـ پشتیبان بە بیرو رای وی‌بەستوە. چەند وتاریشی لەگۆڤاری سروەو ماموستای کورددا هەن لە مەر مەولەوی، کە تا ئەورۆ چاك‌تر لەو بیرو رایانەمان نییە. من، خۆم لە ساڵی ١٣٦٦هـش لە خزمەت وی‌دا بەشداریمان بوو لە جشنوارەی جنگ لە مەهاباد چەند مەبەستم لە مەر مەولەوی لێ پرسی. زانیارێکی زۆری دامێ. لەوێ لە پلەو پایەی ئەو هەڵکەوتوەگەیشتم. هەرکەس لەو بوارەی‌دا هەر تێگیراوێکی بووبا بۆی جێ بەجێ دەکردو سەرچاوەی بۆ دەست‌نیشان دەکرد.

٢ـ مامۆستا محمّدصدیق مفتی‌زادە (١٣٠٠ ـ ١٣٦٣هـش محزون) نووسەر، شاعیرو لێکۆڵەرو مەولەوی‌ناسی بەناوبانگ، کارگەلی ئەدەبی گرینگی بە جێ هێناوەن. بەڵام کاری وی لە مەر مەولەوی لە هەموان گرینگ‌تر.

لە ساڵەکانی نیوان ١٣٣٨ ـ ١٣٤٢ هەتاوی کە سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان بوو لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا زنجیرە وتارێکی لەو رۆژنامەدا چاپ دەکرد لە ژێر سەردێری لە هەرگۆلزارێ گولی کە زۆرتر دەپرژا سەر مەولەوی.

دوایەش کتێبێکی نووسی بە ناوی شی‌کردنەوەی دیوانی مەلا عەبدورەحیم مەولەوی کە ٢٥٠ پارچە هونراوەی مەولەوی کۆوشی کردوتەوە، لەڵام هێشتا چاپ نەکراوە(٤) خۆی هۆی هۆگربوونی بە مەولەوی ئاوا دەنووسی:

«...هەر لە منداڵیمە وە خەریك بوونی خوێندنەوەی هۆنراوەکانی مەولەوی و لێ‌دوان

له ماناکانیان له لایەن ئەندامانی بنەماڵە کەمانو دۆستانەوە هانی دام کە پێوەندێکی بەتین لە گەڵ زمانو ئەدەبی کوردیدا بهێنمە گۆڕێ. کاکم موحەممەد میهری بەگ لە شاری رەواندزەوەدا نامەی بۆنارد بووم کە تاە توانم کار لە سەر ئەسەواری مەولەوی بکەم....»
من وەختێك لە تاران خوێندکار بووم لە ساڵی ١٣٤١ هەتاوی وتارێکم دابە خزمەت کاك دۆکتۆر مفتیزادە بە سەردێری چەپکە گوڵی ژاکاو کە لە رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٦، بەفرانباری ١٣٤١دا چاپی کرد. هەروەها لە مەڕ مەولەوێووە زۆڕم کەلك لێ وەرگرت. من پێم وابوو ئەو شیعرەئی مەولەوییە:

منو دەماوەند شەرتێومان بەستەن من غەمو ئەو تەم تاوەڕوی مردەن

بەلام ماموستا لە سەر ئە و باوەڕەی بوو ئەمە گۆرانییەو فڕی بە سەر مەولەوییەوە نەداوە. چەند کەسی دیش لە مەولەوی ناسان هەن. لە هەموان شارەزاتر پیرەمێردی سولیمانیە (سولەیمانیە) (١٢٨٨ ـ ١٣٦٩هـق) کە لە تەمەن ١٥ سالانەدا مەولەوی دیوە. دوابەش لە تەواوی ژیانیدا بە ناوی مامۆستای شاعیرانی کوردی ناسیوە و ئەوندە خوشی ویستوە کە دیوانی مەولەوی شێعر بە شیعر خستوەتە سەر سۆرانی و لە ساڵی ١٩٣٥دا لە چاپخانەی ژیان لە سولەیمانیە لە چاپی داوە. هەروەك خۆی دەڵی:

مەولەویم دی بوو ئەوساکە مابوو لە تافی پیری ئێستای من دابوو
ئەو چەند شیعرانەی بۆبە جێ هیشتووم ئەیکەم بە تاسەی عومری رابوردووم (٥)

ئەوە بوو چەند مەبەستیك لە مەر مەولەوی ـ شاعێری پشت بە خودا بەستوو. نەنوستوو لە بارەگای خانەدانی نەقشبەندی دانیشتوو ـ فرشتە بانگ هێشتوو بە دنیا رانەگەیشتوو تێکەیشتوو، لە ئاکامدا پێکەیشتوو والسلام.

سەرچاوەکان:

١ـ رۆژنامەی کوردستان، ٨ جوزەردان ١٣٤٢ ژمارە ٢٠٩، ل ٦.
٢ـ دیوانی پیرەمێرد، محمدرسول (هاوار) بەغدا ـ چاپخانە العانی ١٩٧٠ ز ـ ل ـ ١٧٢.
٣ـ هەر سەرچاوەی سەروو ـ ل ـ ٢٧٢.
٤ـ مشاهیر کرد ـ جلد دوّم ـ بابا مردوخ روحانی (شیوا) انتشارات سروش ـ ١٣٦٦ ص ٤٧٥ ـ گوڤاری سروە ـ ژمارە ٧ ل ٢٦
٥ـ دیوانی پێرەمیرد ـ محمدرسول (هاوار) ص ٢٤٠

نووسەری وتاری مەولەوی‌ناسی چییەو مەولەوی‌ناس کین؟ لە ٦ پەرەدا. کە لە جێژنی بیرەوەری لە مەولەوی کورد لە سقزدا بەشداری بوو. و وەك قوتابێك گوێی بۆرەوا نوێژو دەنگ بێژو گەوهەر رێژان هەلخست و ئافەرینی گوت بو پێك هێنەران‌و بە رێوەبەرانی جێژنەکە چونکوو دابێکی باشیان داخست بۆ گشت شارەکانی‌تری کوردەوای بەراستی ئەوان داهێنەرو راهێنەر بوون. زمان لال‌و قەڵەمم کۆڵە لە پەسند کردنیان. کە وابوو چاکە بێژم خودا بویان تی هەڵێنێتەوە. بوشیان تی هەلدینیتەوە ـ طه فیضی‌زادە

تبریز ـ هاوینی ٧٤

دیدگاههای مختلف دربارهٔ مولوی

محمود کرمی

سپاس بۆ ئەو خودایەی کە دەرفەتێکی وای داوینێ کە لە داوینی پیر و بەزەی ویدا دەتوانین لە سەر ئەستێرەگەش و پرشنگدارەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردی بدوێین و بیرو ڕامان بە زمانی زگماکی خۆمان دەربڕین و زمانی پیرۆزی گەلەکەمان بە خەڵکی دنیا بناسێنین و دژمنی پێ بتاسێنین. هیودارم زانایانی گەلەکەمان بە تایبەت گەنجەکانی کورد، کانی گەنجی پێناسی گەلەکەمان کە زمان و ئەدەبو فەرهەنگە بەتۆژو لێ کۆڵینەوە و هۆنینەوە و نوسین و لێك دانەوەی بەربلاو بەهەموکاژێرێکی دنیای ڕاگەیەنن و لە هەمو بوارێکەوە سەری بخەن تا خەڵکی دنیا تێ بگا کە گەلی کورد خاوەن چ فەرهەنگ و ئەدەب و وێژەیەکە و بە هاری زمان و فەرهەنگی گەلی کورد پاییزی بە سەردا نایە و بەفر و سەهۆڵی زستانی نەفامی ڕوی داناگرێ و هەرگیز نامرێ. یەکێك لەو مەسەلە گرینگانەی کەلەم ڕۆدا ـ باسی بەڕاستی پێویستە، ناسین و ناساندنی زانایان و تۆژەران و ئەدیبان و شاعیرانی پێشوی گەلەکەمانە کە دەبێ وەك کانی گەواهێرات دەربخرێن و نوێنەکی مێشك و دڵ لە ژەنگارو تۆزی نەناسینیان مشت و ماڵ بکرێ. یەکێك لەو پیاوە گەورانەی کە ئەدیب و شاعیر و خواناسێکی گەورە بوە (سەید عبدالرحیمی تاوەگۆزی) ناسراو بە مەولەوی کوردە کە هەستی خاوێن و سۆزیگیان بەخشی دیمەن و نەخشی مێژو فەرهەنگی نەتەوەکەمانی جوانتر و دڵ ڕفێنتر کردوە ـ مەولەوی کوڕی (ملا سعید) و لە نەوەی (ملا یوسف جانی) کوڕی (ملا ابوبکری مصنفی چوری)یە کە ئەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناو بانگ (سەید محمّد زاهید) کە بە (پیرخدری شاهو) ناوبانگی دەرکردوە.

مەولەوی بۆ خوێندنی دەرسی مەلایەتی لە نێوان شارەکانی ئێران و ئیزاقدا زۆری هاتو چۆ کردوە و زۆر گەڕاوە ـ (ملا سەعیدی) باوکی یەکەم مامۆستایەك بوە کە دەرسی پێ گوتوە و لە ئاکامدا لە سلیمانی لە خزمەت (ملا عبدالرحمانی نۆتشەیی) داکە موفتی سلێمانی و مامۆستای مزگەوتی (مەڵکەندی) بووە خوێندنی تەواو کردوە ـ مەولەوی لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٠٠ی کوچیداکۆچی دوایی ئەکا و لە گوڕستانی (ئەصحابە) نزیکی (سەرشاتە) کە دێی لە دایك بونی بوە بە خاکی ئەسپێرن. مەولەوی لە ژیاندا چی بە سەرهاتوە و چۆن ژیاوە کەیفی خۆیەتی، مەسەلەی گرینگ بیرو باوەری مەولەویە کە پێویستە باسی لە سەربکرێ ـ هەر ئاسەوارێکی مەولەوی لە یەکەم ڕواندانیشان دەری خواناسی و ئەویندارێ بێ گەردی ئەو بە خودای گەورەیە ـ شێعرەکانی هەر سۆزی دەرون و گڕی بە تاوتینی ئەوینە ـ وت و وێژی ئەویندارێکی ڕاستەقینە دەگەڵ دڵبەر دایە بۆیە بێ پەردە دەڵێ:

چەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ کەفِ پات وەخار دیدەم ئێشابۆ
یا کەردە بۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ وەخت نیشانەی دڵان پەی خەرەنگ
پەلە پەل پەی زەوق زامێ وەتیرت ئازا دابۆ تای زوڵف زنجیرت
یا خۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی‌مەرگ تیری خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ

واتە: نەوەك بە هۆی نواڕینی من لە تۆ، نیۆ چاوانت ئازاری پێ گەیشتبێ، یان بەری پێت بە درکی برژانگم کە بەسەر یا ئەڕۆیشتی ئێشابێ، یا خۆ کاتێ کە دڵان بۆ تیری چاوت ئەبن بە نیشانە، دڵە شێتە کەی من بۆ چەشتنی زامی تیرت پەلەپەلی کرد بێ و بە و هۆیە ئازاری گەیاندبێ! بە تای زوڵفی تۆ کە وەك زنجیرێ دڵی منی پێ بەسراوەتەوە، یا خۆ تۆ تام و چێژی مەرگت بە دڵم چەشاندبێ و بە تیری برژانگەکانت جەرگمت بریندار کردبێ و دڵمت لە پێکران بە تیری ئەوینت بێ بەش کردبێ.

یا مەڕەبۆت، دڵ دێوانەی دڵگیر جەتیرئەندازی، کەردە بۆت تەقصیر
یا نەدابۆت تۆز، گەرد پاڵاکەت پەرێ سورمەی چەم سفتەی باڵاکەت

ئەگەر دڵیشمت لەو تیرە بیبەش نەکرد بیکەمت دابێ و دڕێغت لێ کردبێ، وە بەوە دڵمت پتر شکاندبێ یان تۆزی کەوشەکانت نەدابێ بۆ کلەی چاوی ئەو کەسەی سوتاوی عەشقی بالاتە، ئەو شێعرە نەتەنیا ئەوینی مەولەوی دەگەیەنێ، لە باری کەسم و بیچمی خەیاڵی و ناسك خەیاڵیشەوە لە پلەو پایەیەکی بەرزدایە کە دەبێ ئەدەب لە حانیداسەر دانەوێنێ و خۆبشکێنێ و خۆی بە لای شێعرەکانی مەولەویدا بخشێنی تا بمێنێ لەو شێعرەدا کە ڕابرد، مەولەوی ئەوینی دڵبەر بە زنجیرێك کە دڵی پێ بەسراوەتەوە نێو دەباوە دیسان هەر ئەو ئەوینە بە تیری تیرئەندازان دەگرێ و تۆزی پێڵاوی دڵبەری بێوێنەی بەکلەی چاوی سوتاوانی ڕێگەی ئەوین دەگرێ کە بەیەك گرتن و تشبیە لەوە جوانتر نابێ ـ بەو شێوە مەولەوی بە سۆزی دور لە قۆز و پۆز لەگەڵ هۆزی ئەویندارانی خۆی یەك ئەخا، لە چەن شێعری دیکەدا پتر پەردە لەسەر ئەو ئەوینداریە لا دەباو دەڵێ:

شەڕارەی کورەی دەرون پڕ جۆش دیگ چەمەی چەم ئاوەر دوەخرۆش
سەر کەردەن خووناو نەڕوی ڕوخسارم کەردەن وەشە تاو جە ستەی خەمبارم
وەلوە لەی لولەی پێشەی ئازای چاك یاواوە سەرین نۆ پەردەی ئەفلاك

واتە: بڵێسەی تەندوری ناخی بەجۆشم مەنجەڵە ئاوی سەرچاوەی چاومی هێنایە کوڵ و فرمێسکی بە خوڕ لێ ڕژاند، خوێناو لە چاومەوە لێشاوی کردوە و لەشی خەمبارمی وەك شەتاولێ کردوە بۆیە دەنگی شمشاڵی ئێسقانی تێك شکاوی لەشم گەیشتوەتە ئاسمانی حەوتەم و عەرش و کورسی ـ لە دوای ئەوە دەڵێ:

پەرێم مەگرەوان انس و جنُّ و حوور ناڵە مەکەران جە دەرگای غەفوور
مەلاڵان یەك یەك پەرێ رزگاریم پەرێ ساڕێشی زامان کاریم

بە هۆی تێك شکاویم ئادە میزاد و جن و حۆریەکانی بەهەشت بۆم ئەگرین و ئەپاڕێنەوە بۆم لە قاپی خودا و ئەلاڵێنەوە تا ڕزگار ببم و زامەکاریەکانم ساڕێش بێن، لە پاش ئەوە دەڵێ:

تۆ نە تۆی حیجاب ئیستغنامە دەۆش نە حەجلەی خاوکای ڕاحەتی‌خامۆش
نــە یــاوان هــێمان وەلات فــەریا دم نـــەزانـــٮت وە دەرد داد و بـــێدادم

کە چی تۆ لە نیۆ پەردەی بێ باکی و بێ نیازیدای و ئاگات لەکەس نیەو لەسەر جێگای ڕابواردن و نوستنی خۆ تا خۆت بێ دەنگ کردوە و هێشتا هاواری منت پێ نەگەشتوە و بە حاڵی زارو داد و بێدادی منت نەزانیوە.

ساگۆش دە رساتێ وهی زیر وبەم‌دا بــویە روە بــاڵین ئــەهل مــاتەم دا
تالێت مەعلووم بۆ سەختی هیجرانت بــزانــی وە دەرد خــەستەی زامــانت
بەڵکم ڕەحم خــەیر بــاوەری وە دڵ ساتێ پەی دەرون تەسکین بۆ حاصڵ
چــینە زیــاتەر، شــای نــەو نــەمامان بێ ئینسافی‌یەن جــەفای بــێ ســامان

واتە: گوێ بە ساز و سەنتوری هاوار و ناڵەکەم بدە و بەلای خەفەتباراناتێ پەڕە تابزانی دەردی دوریت چەند ناڕەحەتەو تێ بگەی کە ئەوی بەزامــی تــیری تــۆ بــرینداڕە لە چ حاڵێکدایە بەڵکو بەزەییت پیا بێتەوە و کارێ بکەی تاوی بحەسێتەوە ـ ئەی سەرۆ کی تازە پێ گەیشتوان ئینساف نیە لەمەزیاتر سزای ئــەویندارانــی درگــات بــدەی ـ مــەولەوی لە شێعرێکدا کە بە بۆنەی جێژنی موبارەکی قوربان هۆنیویەتەوە نیشانی‌داوە کە هیچ پەردە و لەمپەرێکی دەنێوان و خۆی و دڵبەردا هەست نەکردوە و نیشانی داوە کە ئەویندارێ بێ خەوشی دڵدارە کە نیازی بە ئەزمون نیە و پێویست ناکا کە لە بەردی محەك بدرێ، بۆیە دەڵێ:

کۆن کوشتی و، باردیێ گــوڵ‌جەمینانەن هەی سەر، هەی ئەرواح دڵ خــەمینانەن
هەرکەس گیان وەکەف پەی نیگارێوەن هـــــەریەك قـــوربانی وەفــادارێــوەن

واتە: جێژنی قوربان وادەی ئەوەیە کە یارە جوانەکان بپرسن کواحەیوانی قوربانی؟ بیهێنن با سەری ببڕین، دڵدارانــی خــەفەتباریش بــڵێن فــەرموون ئــەوە ســەروگیانمان لە

بەردەستانایە، هەریەك لە دڵداران گیانی خۆی ناوەتە سەردەستی بۆ دڵدارێك و خۆی کردوە بە قوربانی بۆ یارێك ـ لە دوای ئەوە دەڵێ:

ساتۆیچ من وەرە، وە قوربانی کە من وە قوربانیی ڕای ڕەبانی کە

ساتویش وەرە من وەکو بەرخ لە ڕێگەی خواپەرستیدا بکە بە قوربانی؛ لە پاش ئەوە مەولەوی لە ئەوپەڕی خوداپەرستیەوە بە خۆی ئەڵێ:

خەیاڵێت کەردەن جە ڕووی نادانی چ لایق وەتۆن ڕوتبەی قوربانی

واتە: لە ڕوی نەزانیە «مەولەوی» ـ ئەم خەیاڵەت کردوە، کەی تۆ هێژای ئەوەی پایەی قوربانیت بدرێ، مەولەوی بەو هەموە خواناسیەوە لە بەرانبەر خودادا خۆ بە تاوانبار دادەنێ و دەڵێ:

حەق وە لطف وێش باوەڕۆ ئەورێت سوود سەرمایەی عەقیدە کەی وێت

وەرنە من لافاو تاوانان بەرد دەم دۆعام ڕای دەرگای قەبوڵ گوم کەردەم

یانی: خوا بە مێهرەبانی خۆی قازانجی باوەڕی خۆتت دەستگیر کا ئەگینا من لافاوی گوناە بردومی و دۆعام ڕێگای قوبوڵ بونی ون کردوە ـ لە شێعرێکی دیکەدا بە ناسك خەیاڵیەکی شاعیرانەوە دەڵێ:

سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیاتبۆ کە مانیت شەفیع تیر دیات بۆ

واتە: هۆمیدم وایە سپیەتیی مووی سەرو ریشت ببی بە قەلغان و نەیەڵێ لە ڕۆژی قیامەتا ڕوڕەش ببی وە چەمینەوەی باڵات کەوەك کەوانی لێ هاتوە ببی بە تکاکار بۆ ئەوەی نەیەڵێ گرفتاری سزای ڕوانینی حەرام ببی.

ئەو شێعرە بە تەنیا ناسك خەیاڵیەکی زۆری تێایە ـ وەك سپیەتی موی سەرو ڕیش لە بەرانبەر ڕوی سیادایان تشبیە کردن و وێك زانینی پشتی کۆم و چەماوە بە کەوان چونکە کاتێ مرۆڤ پشتی کۆم ببێتەوە سەریشی خواردەبێ و ناتوانێ بە باشی لە هیچ حەرامێك

بنواڕی و تماشای کەس بکا، لە لایەکی دیکەشەوە پشتی کۆم وەك چەمانەوەو سەردانەواندن وایە بۆتکا ـ بۆیە گوتویە: بەڵکو پشتی چەماوەم ببێ بە تکاکاری نواڕینی حەرامم ـ لەو شێعرەدا نەتەنیا ناسك خەیاڵی بەڵکو لە ڕوانگای زانستی (بەدیعیشەوە) هونەری (طباق)ی تیا بەکار هێناوە ـ هونەری (طباق) بریتیە لەکۆکردنەوەی چەند وشە کە پێوەندیان بە یەکەوە هەبێ ـ کە مەولەویش ئەوکارەی کردوە وەك دووشەی سپی و ڕەش و تیروکەوان و قەڵغان، لە شێعرێکی دیکەدا بیچمی خەیاڵ واتە (صورَ خەیاڵی) بە جوانترین شێوە خۆ دەنوێنێ و دیمەنێکی دڵ ڕفێنی واپێك دێنێ کە هەر بیرەوەرێ واقی لێ ورِدەمێنێ و هەستی هەر بە هەستێ دەبزوێنێ و وازی پێ لە تـوێکڵ دێـنێ و دڵـی هەرەخاوەن دڵێ ڕادەژێنێ و تەمی خەمی هەر خەمبارێك دەڕەوێنێ و ڕێژنەی بارانـی ڕەحمەت و جوانی و پێ کەوتویی بە سەردا دەبارێنێ ـ وەك دەڵێ:

تاوە زوڵف و ڕووی تـۆ تـەماشامەن ئەدای نمای فەرز صوبح و عیشامەن

واتە: تا من خەریکی تەماشای ئەو زوڵفە ڕەشەی تو و ئەو ڕوخسارە ڕووناکەت بم ئەبێ هەر خەریکی کردنی نوێژی عیشا و بەیانی بم، چونکە کاتێ سەیری زوڵفت ئەکەم واتەزانم شەوە و ئەبێ نوێژی عیشا بکەم وەکاتێ کە سەیری ڕوی ڕوناکت ئەکـەم وا ئەزانم ڕۆژ بوەتەوەو ئەبێ نوێژی بەیانی بکەم و بەو سەیرەوە جیا لە نوێژکردن کارێکی دیکەم لە دەس نایە. جاکام شاعیرەکە ئەوەندە ناسك خەیاڵ بێ کە جیا لە ڕون کردنەوەی مەبەستێکی تایبەتی هونەری ئـاوا بـنوێنێ، مـەولەوی لە شـێعرێکی دیکـەدا بـە نـاسك خەیاڵیەکی زۆرەوە دەڵێ:

واتـــم مـــەیل دڵ، پـەی کـەسێ کـەسەن جە تەن خوای صوحبەت ظاهیریوەسەن
خـــەیاڵم کـــەفتەی ئـاسانەکـــەی تـــۆن چ حـــاجەت ظـــاهیر ئـــاماو ئـــامۆشۆن

واتە: وتم بۆکەسێ کەکەس بێ خۆشەویستی دڵ بە سەو پێویست بە هاتنی خۆی ناکا، منیش خەیاڵم هەمیشە لە بەردەرگای تۆداکەوتووە، ئیترچ نیاز بە هاتو چۆی ئاشکرائەکا!

مەولەوی لەو شێعرەدا ڕونی کردوەتەوە کە تەنیا پێوەندی دڵ لە ئەویندار یا بە سەو ڕیاو ڕواڵەتکاری بایەخێکی نیە، گوتمان کە ناسك خەیاڵی و هونەر لە وشەبەو شەو بەندبەبەندی شێعرەکانی مەولەویدا خۆ دەنوێنێ کە هونەرمەندی بێوێنەیی مەولەویمان پێ دەسەڵمێنێ وەك لەو شێعرەدا دەڵێ:

خەیاڵێوەن خەریك زاگەی زەحمەتم بەڵکو وەڕابۆ بەر شۆ عوسرەتم
فەڵەك وە بەختم مەگەس مکیانۆ وە ڕاکەی ڕەحمەت هەم دیس‌مڕیانۆ

دەمێکە یەخەڕێکی (زیێ)ی زەحمەتم کە بیکەمە (ڕێ) و نوختەکەی پاك کەمەوە بەڵکو دەردو مەینەتم لێ دور بکەوێتەوە؛ چی لە بەختی ڕەشم فەلەك مێشێ ئەنێرێ و (ڕێ) ڕەحمەتم لێ ئەکاتەوە بە (زێ) و نایەڵێ لە دەرد و زەحمەت ڕزگاریم بێ واتە ڕەحمەتم لێئەکاتەوە بە (زەحمەت). لە شێعرێکی دیکەدا کە گوایا دەرمانی هەڵامتی بۆ دۆستێك دەست نیشان کردوە، دەرمانی دەردی ئەوی دەگەڵ دڵی پڕ لە ئەوینی خۆیا پێکەوە زۆر چالاکانە و هونەرمەندانە پێوەندداوە و پێکەوە نوساندونی و دەڵێ:

شەنەفتم دوور بالەیل زوکامشەن دیشوار بالای نەو نەمامشەن
بە مەودای موژگان سۆراخش کەرۆ وەگەرمی نیشان دەماخش دەرۆ

واتە: بیستومە کە لەیل دوربێلێی هەڵامەتیەتی و بالای نەونەمام و شوخ و شەنگی ناڕەحەتە ـ بۆ دەرمانی ئەو مەرەزە دڵەی وەك هەنارم کە پڕە لە دەنگی ئێش و ئازار، لە ناوتەنووری ئاگری ئەوینی خۆیا بپێشێنێ، وە بە تێغی برژانگی خۆی کونی کاوبۆنەکەی هەڵمژی چاك ئەبێتەوە.

مەولەوی نەتەنیا لەو شێعرەدا ڕێگە چارەی هەڵامەتی بۆ دۆستێکی دەست نیشان کردوە بەڵکو بە دڵدارەلێو شەکر بارەکەی خۆشی کە خودایە گوتوە کەگەر هەناری دڵم کە پڕ لە دەنگی ئێش و خەمی ڕێگەی تۆیە لە نیۆ بڵێسەگڕی ئەوینی خۆیا بپێشێنی و تیری مۆژول کونی بکەی و بۆنی پێوەبکەی دەبینی کە بۆنی ئەویندارێ لێ دێ و تێ دەگەی کە

له ڕاستەڕێی ئەوین و ئەویندارى لام نەداوە، بۆیە لەو شێعرە فارسیەشدا دەڵێ:

تفضل بالعَجَلْ بِالکأس ساقی صفای مَیْ نماید و جه باقی
بکوری دو چشم اهل انکار بکن کاری نواییرا در این کار
ز دیده زنگ ظلمت را زُداید دلم تصدیق رؤیت را نماید
در این نشأه بِامکانش بگویم در آن نشأة و قوعش را بجویم

واتە: مەیگێڕ فەرمو زوکە بە لەزمەی لەکاسەدا بێنە و دڵم مەشکێنە، کە بەڕاستی ڕوی خودا لە ڕوناکی مەیا دیارە - بە کوێرایی چاوی بێ باوەڕان کاروبارى ئێمە بە دەنگی خۆش بێنە جۆش و کارمان ڕێك بخە تا لە چاوم ژەنگی تاریکی بماڵێ و دڵم باوەڕ بکاکە خودای دیوە تا بگونجێ بڵێم خودا دەبینرێو بەو هیوا و هۆمیدەوە لە دوی دیتنی بگەڕێم. لە ئاخریدا دەبێ بڵێم مەولەوی ئەهلی دڵ بوە و شێعرەکانی بە دڵ گوتوە بۆیە زۆر زو لە نێودڵدا جێ دەگرێ و داخم بۆ ئەو دڵەش دێ کەکانگای ئەوین و ئەویندارى نەبێ - وەك خواناسی گەورە و بێ هاوتا مامۆستا خەیام دەڵێ:

حەیفم لە دڵێ دێ کە بە بێ سوتمانە دڵداری تیانە کردوە هێلانە
هەر ڕۆژێ کە بێ دڵبەر و بێ دڵداری بێ نرخە پڕ و پوچە - زیانی ژیانە

سەردەمی نوێ و پێداویستی ئەم سەردەمە بە عیرفان و بیری قاڵ و قوڵی خواناسی

بەبێ هیچ پێشەکی و سەروتارێك - ڕوی قسەمان لە مرۆڤی موسوڵمانە - ئەوکەسەی وا قورئان و بەرنامەکانی پێغەمبەری مەزن (د.خ) هیم و بناغەی ژیان و وەرووێرکەی دڵ و زمانیەتی - ئەوکەسەی کە خودا بە یەك دەزانێ بۆ ئەوەی لەیەك لانەدا و لە هەرچی دوی پێوە بێ دورکەوێتەوە - لە دوڕویی و دودڵی و دوزمانی، دویەتی، بۆ هەر موسوڵمانێك کە لە دین تێ ئەگا ڕون و ئاشکرایە کە دین بە تێکڕایانی ئەوین یانی سوتان - توانەوە - خۆ

بەخت کردن ـ لە خۆ بردویی ـ و ڕبون ـ سڕبون ـ عیرفان ـ خواناسی و خوابینی بە چاوی دڵ جاکەوایە ئیسلام بە بێ عیرفان و ئەوین چوار چێوەیەکی بێ ناوەرۆکە و کردەوە دینیەکان هەستان و دانیشتنێکی بێ ڕەنگە ـ ڕەنگە بڵێی جا چۆن؟ لەوەرامدا دەڵێم خۆشەویستم ـ نوێژ دەخوێنی و دەبێ ئەوینی لەگەڵدابێ و دڵ وەدەرونی بۆ قاڵ بکرێ و قەباڵەی خەیاڵی خاوی بۆ بەتاڵ بکرێتەوە چونکە وشە بە وشە و بەند بە بەندی نوێژ، ئەوینە و وت و وێژی ئەویندارە دەگەڵ دڵداری ڕاستەقینەدا ـ ڕۆژ و دەم گرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە نیە بەڵکو شێواز و بار هێنانە بۆ وەی وازت پێ لە خراپی بێنێ و دەردو ژانی سکبرسی بونت پێ بسەلمینێ تا لە بیری سک برسیانی ڕۆژگارو چەوساوەکاندا بی، بۆ ئەوەی دەم وگویت لە وتەی خراپ ببەستی و چاو لە ئارەزوگەلی بێ کەڵک و نەزۆک بپۆشی و تێ بکۆشی کە بەکار و ئاکاری جوان و خوداپەسەندانە خوبگری هەتا ئەمری. ـ بەڵام ئایا هەمو ئەوکارە جوان و لەبارانە بەبێ ڕێژنەی بارانی ئەوین دەگونجێ؟ هەرگیز نە ـ خودا هەر پێغەمبەرێکی کە ناردوە ئەگەر پێرەوان و دەستەو بەستەی پێغەمبەرانی پێشو بە نیشاندان موجزاتی پێغەمبەری ئیمانیان پێ نەهێنابێ بەکافر نیۆی لێ بردون ـ چونکە ویستویە ئیمان و ئەوینی خەڵکی لە بەرانبەر خودا تاقی بکاتەوە تا ڕون ببێتەوە کە ئایا ئەوان دواکەوتوی فەرمودەی خودان یا نە ؟ ئایا خەڵکی پێغەمبەر پەرستن یا خوا پەرست وە ئایا لە ئیمان ئەوین سەبارەت بە خودای گەورە ڕاست ئەکەن یان درۆ؟ ئەوە هەر ئەو مەسەلەیەکە کاتێ پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایی ئەکا حەزرەتی عومەر دەڵێ هەرکەس بڵێ «موحەممەد(د.خ) مردوە بەو شمشێرە دولەتی ئەکەم» حەزرەتی ئەبوبەکری صدیق(خوای لێ ڕازی بێ) دێ بە موسوڵمانان دەڵێ: ئەو کەسەی کە پێغەمبەری پەرەستوە و تەنیا ئیمانی بە «موحەممەد» بوە ئەوە موحەممەد مردو تەواو بو بەڵام بۆ ئەوکەسەی کە ئەویندارێ خودایە و خواپەرستە «موحەممەد» گەرچی نەماوە هەر زیندووە چونکە بە ڕانامەکانی «موحەممەد» بەرنامە و یاسایی خوایە و خواش نامرێ، بەڵێ ئەوانە هەمونیشانەی ئەوەن کە دین بێ ئەوین یانی هیچ، چونکە

ئەوین بە خودای گەورەیە کە مرۆڤ بەرەو دین دەخشێنێ و مرۆڤ بێ ئەوی لە بەڵگە و نیشانە و پاڕی هیچ یاسایەکی ئیسلامی بپرسێ دڵبەند وگیرۆدەی دەبێو دەبێتە موسوڵمان و پــێ ڕەوی ڕێــبازی دڵــداری ڕاستەقینە، چــونکە مــرۆڤی مــوسوڵمان بــە نــاسینێ کەلەمەرخودای گەورەی هەیە دەزانی کە خودا بەدی هێنەری هەمــوانــە و ڕسکــاوانــی خۆی زۆر باش دەناسێ و دەزانێ چیان بەزەرەریان قازانجە و دەشزانێ کە خودای گەورە و بێ هاوتا هیچ یاساو بەرنامەیەکی بێ سودو کەڵك دانانێو بۆ هەر بۆیەك هۆیەك و بۆ هەر بەرنامەیەك مەبەستێکی تایبەتی هەیە کە دەگونجێ کەس هێشتا پێی نەگەیشتبێ، بە ناسینەوە مرۆڤی خاوەن دڵ لە حاندی هەمو فەرمانەکانی خودادا مل کەج دەکاو بەبێ چۆن و بۆچی و بێ هیچ بیانویەك بۆ بەڕێوە بردنی فەرمانەکــانی خــودا هــەنگاو هــەڵ ئەگرێو بەدڵ ئارخەیانی پاڵ بەکابەی ئەوینەوە ئەدا چونکە دەزانی لایەنی دڵبەر هەر خێرو خۆشید کە ئەوەش خواناسین واتە عیرفانە، جــا بــەو شــێوە دەردەکــەوێ کــە لە ڕابردودا بێ هیچ شك وگومانێك گەلێ کەس بێ ئەوی بزانێ و نیۆی بۆ دانێ. بە جۆرێ پێوەندی دەگەڵ عیرفان و خواناسیدا بوە و لەوە بە دواش چ خەڵکی ئەم سەردەمە و چ داهاتوان پێویستیان بە خواناسیەکــی قــوڵ هــەیە، بــۆ ئــەوەی کــە لە ڕوی ڕاستیدا دڵ دابمەزرێ و مەزرای کردەوە گوڵی جوان و ژێهاتی ئەوینی لێ بڕوێ و دێمی بڕوا بە ئاوی چاوەنەی ئەوین پاراوبکرێ، بەڵێ هەر موسوڵمانێ بە جۆرێ دەبــێ پــێوەندی دەگــەڵ عیرفاندا ببێ تا لە چێژو تامی دین تێ بگا و لە نیۆ دەریای ئەویندا پێ بگــا بــەڵام نــەك عیرفانی دوکانداران و سەوداچیان کە بەگەزی خۆ دەی پێون و بەگەزی شام و حەڵەب دەیفرۆشن و لە ڕاستەڕێشدا بەگزی و فزی گەزە ئەدەن و وەك مــامۆستای پــایەبەرزی کورد «هەژار» دەڵێ: بەمێزەری لەنگەری و عەبای فش و فۆڵ و شاڵی سەوزو کەشیدەی زەردوڕیشی قەڵەمکارەوە خوڵە ســەر بــەستەزمانان بــە هــەیبەت دەکــەن. بــەڵکو ئــەو عیرفانەی کە قوم بون لە دەریای ئەوینی خودادایە و جیا لە خوا مرۆڤ هەرشتێکی لابایە، عیرفانێك کە لەودا مرۆڤ هەمو هەنگاوێکی بۆ خودایە و خۆی لە نێو دەریای ئەوینی

خودادا لە بیر دەچێتەو ەو دنیای پان و بەرین بە جێ ژوانی ئەو ئەوینداریە دەزانێ و بە بادەی دەستی دڵبەر مەست ئەبێ و خاوەن هەستێکی دی وەك مامۆستا خەییام دەفەرمێ:

ئەم لەعلە کە هێڵایە لە کانێکی کەیە　　بۆو دوڕڕە کەواتا قە نیشانێکی کەیە
بیری ئەم و ئەو خەیاڵی خاوی من وتۆ　　چیرۆکی ئەوین باس و بەیانێکی کەیە

بەڵێ ئەو عیرفانە جێی نیازی ئەو ڕۆو سبەینیێ هەمو موسوڵمانێکە بەڵام بەو مەرجەی کە لێڵی سێلاوی نەفامی و پێ شێلی پیری کەلە ویشکان نەبێ.

١٤ مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧١ هەتاوی.

گویشهای بومی و کردی کرمانشاهی

میرجلال‌الدین کزّازی

زبانها و گویشهای بومی ایران که در سراسر این سرزمین پهناور پراکنده‌اند، گنجینه‌های فرهنگی را می‌سازند که می‌توان از دیدگاههای گوناگون آنها را کاوید و گوشه‌هایی تاریک و ناشناخته از فرهنگ وتاریخ ایران را از پردهٔ پوشیدگی بدر کشید و آشکار ساخت. این زبانها و گویشها پیشینه‌های زبان و فرهنگ ایران را بازمی‌تابند و باز می‌نمایند. از این روی، ارج و ارزشی بسیار دارند؛ و به هر روی، در پاسداری از آنها می‌باید کوشید. زیرا با از میان رفتن یکی از این زبانها یا گویشها، پاره‌ای گرانسنگ از پیکر فرهنگ این سرزمین از میان خواهد رفت. بر گزاف نیست اگر بر آن باشیم که در این زبانها و گویشها نمود و چهره‌ای از ایران کهن را به شیوه‌ای باز می‌توانیم یافت و باز می‌توانیم شناخت. زیرا زبان بستر اندیشه‌ها و آیینهٔ فرهنگ است. اندیشه‌ها، باورها، آیینها، رسم و راههای اجتماعی، هنجارها و شیوه‌های زیستی در زبان باز می‌تابند؛ کندوکاو در زبان تنها از دید زبانشناسی انجام نمی‌گیرد؛ از دیدگاههایی دیگر چون: باورشناسی، جامعه‌شناسی، مردمشناسی نیز زبان را می‌توان کاوید و یافته‌هایی ارزشمند از آن فراچنگ آورد. از آنجاکه زبانها و گویشهای بومی در درازنای زمان کمتر دیگرگونی پذیرفته‌اند، هنوز ویژگیها، هنجارها و ساختهای کهن فرهنگی و زبانی را در خود نهفته می‌دارند. هر زبان یا گویش بومی چشم‌اندازی پهناور از پیشینه‌های فرهنگ را در برابر ما می‌گسترد. ما با

پژوهشهای دانشورانه در آنها می‌توانیم به صدها و گاه هزاران سال پیش از تاریخ و فرهنگ خویش بازگردیم؛ و هنجارها و ارزشهای فرهنگی را در آن گذشته‌های دور بررسی و بکاویم. این زبانها و گویشها، از دید دیرین‌شناسی فرهنگی، نیک به کارمان می‌توانند آمد. زیرا زمینه‌هایی زنده و پویا را در پژوهشهای دیرین‌شناسی در برابرمان می‌گسترند؛ چه آنکه ارزشها و هنجارهای فرهنگی که زبان آنها را بازمی‌تابد هنوز در میان سخنگویان بدان زبان زنده است؛ و در زندگانی آنان کارایی و کارسازی دارد. زمینه‌های پژوهش در زبان، از دید فرهنگ‌پژوهی و دیرین‌شناسی، چون دانشهای باستانگرای دیگر از گونهٔ باستانشناسی، افسرده و فرو مرده نیست. از این روی، هر واژه‌ای هر هنجار و آئینی در زبان رشتهٔ پیوندی است که ما را به گذشته‌های دور باز می‌پیوندد. هر نشانه‌ای در زبان یادگاری است که از دیرینه‌ها بر جای مانده است. اگر واژه‌ای، نشانه‌ای در زبان و گویشی بومی از میان برود، پاره‌ای ارزشمند از پیکر فرهنگ ما از میان رفته است که هرگز دیگر بار فرادست نخواهد آمد. آری! هر زبان و گویشی بومی ما را با هزاران رشته به گذشته‌هامان، به نیاکانمان می‌پیوندد. گسستن هر رشته‌ای، هر چند خرد و باریک از این رشته‌ها دریغی است بزرگ. زیرا بدین سان پیوندی که ما را به پیشینه‌ها و ریشه‌هایمان می‌پیوندد از دست رفته است.

پاسداری از گویشها و زبانهای بومی، این کانونها و گنجینه‌های فرهنگی به ویژه در این روزگار که روزگار ابزارهای پیشرفته است و رسانه‌های گروهی کاربرد و دامنه‌ای بس گسترده یافته‌اند و تا به دورترین روستاها راه جسته‌اند، به گونه‌ای بایستگی و ناگزیری بدل شده است. زبان رسمی و همگانی، بر بال موجهایی از آواها ونگاره‌ها، به هر سوی دامان می‌گسترد و هر گوشه‌ای را فرو می‌کاود؛ بی‌گمان، از این کار گزیر و گریزی نیست؛ و گسترش زبان ملّی بایستگی

روزگار ماست. امّا در کنار آن، برای پاسداشت گویشها و زبانهای بومی که بدین‌سان سر در نشیبِ نابودی می‌نهند، می‌باید دامان تلاش بر کمر زد و دست همّت از آستین بدر آورد. زیرا چنانکه نوشته آمد هر کدام از آنها پاره‌ای از پیکر فرهنگ است و زمینه‌ای سرشار و پربار، پژوهشهای گوناگون دیرین شناسی را.

یکی از این زمینه‌های پژوهشی، پژوهشهای زبانشناختی از دید تاریخی است. در بسیاری از زبانها و گویشهای بومی گذشته‌های زبان دری را می‌توان یافت. با بررسی این گویشها و زبانها می‌توان دگرگونیهایی راکه در درازنای زمان در زبان شکّرین و دلاویز دری پدید آمده است، یافت و بازنمود و گزارد. زبان دری، از آنجا که زبانی دیوانی و همگانی بوده است و زبان دانش و ادب، در هزارسالی که از کاربرد آن چونان زبانی ملّی و فراگیر می‌گذرد، پویه‌ای پایا داشته است و دیگرگونیهایی بسیار یافته است؛ لیک زبانها و گویشهای بومی که بیشتر در فرهنگهایی بسته و تباری رواج و روایی داشته‌اند، در کنار آن، کمتر دیگرگون شده‌اند. از این روی، پیشینه‌های پارسی دری را در این زبانها و گویشها به آسانی بازمی‌توان یافت و نشان می‌توان داد. گاه به واژگان و کاربردهایی بس کهن در این گویشها و زبانها باز می‌خوریم.

خانواده‌ای گسترده و پرشمار از زبانها و گویشهای بومی ایران گویشها و زبانهای کردی است که گنجینه‌ای گرانسنگ را در پژوهشهای دیرین‌شناسی فراپیش پژوهندگان می‌نهد. ما، در پی، نامها و واژگانی را در گویش کردی کرمانشاهی نمونه‌وار برمی‌رسیم؛ و دیرینگی آنها و پیوندشان را با زبانهای کهن ایرانی باز می‌نماییم:

۱ـ مانْگ: در کردی ماه «مانگ» خوانده می‌شود؛ این ساخت به ساخت اوستایی واژه، «ماوَنْگهه» Mawnghنیکْ نزدیک است. این واژه در پهلوی نیز

ماه است؛ و ساختی کهنتر از آن در سانسکریت «ماس». در بیتی از عنصری که رضاقلیخان هدایت آنرا در «انجمن آرای ناصری» آورده است، واژهٔ مانگ به کار برده شده است:

به گرمی بدیشان یکی بانگ زد؛ کزآن بانگ تبْ لرزه بر مانگ زد[۱]

۲ـ وَچْکه: «وچکه» Vacka در کردی به معنی «بچّه» است. وچکه ساختی کهنتر است از بچه و نزدیک به ساخت پهلوی این واژه که «وَچَك» Vacak است. چنان می‌نماید که واژهٔ «بِیْچِك» در کردی که به معنی کوچک است ساختی دیگر از این واژه می‌باشد: بیچك ساختی میانین می‌تواند بود، در میانهٔ «وچك» پهلوی و «کوچك» پارسی دری؛ زیرا «و» در پهلوی، پیش از آنکه به «گ» دیگرگون شود، به «ب» بدل می‌گردد. نمونه‌هایی بسیار از این دگرگونی می‌توان آورد؛ از آن میان: «وِراز» ← «بِراز» ← «گُراز»؛ یا: «وِیْشتاسب» ← «بِشْتاسب» ← «گُشْتاسب»؛ یا: «وِیْرَویستن» ← «بِرَویدن» ← «گرویدن»؛ یا «ویش» (= زرداب؛ زهر) ← «بیش» ← «گیش»[۲]

۳ـ ماسی و آسن: در کردی، «آسن» به معنی آهن است و ساخت کهنتر آن. در پهلوی نیز، این واژه آسن asen است. در کردی، «ماسی» نیز به معنی ماهی است و ساخت کهنتر آن. این واژه در پهلوی «ماهیك» mâhik است و در اوستایی «ماسیَه» masya. واکهٔ «س» در دگرگونی به «ه» بدل می‌شود؛ چنانکه در این نمونه‌ها می‌بینیم: وِناس ← گناه؛ یا: گاس ← گاه؛ یا: آگاسیْه ← آگاهی. در کردی، ساختهای کهنتر در بسیاری از واژگان هنوز برجای مانده است. نمونه‌ای

۱ـ بازآورده از برهان قاطع، به اهتمام دکتر محمد معین، انتشارات امیرکبیر ۱۳۶۱، ج ۴/ ۱۹۵۰، پانوشت.

۲ـ چنان می‌نماید که واژهٔ «وِرْسی» در کردی به معنی گرسنه نیز ساختی کهنتر از این واژه را نشان می‌دهد. گرسنه در پهلوی دو ساخته «گوریسنك» gurisnak و «گورسك» gursag و «گوشنك» gušnak به کار برده شده است.

دیگر در کردی «رُواس» است که در پارسی دری روباه شده است؛ در پهلوی، این واژه «روپاس» ropas و «روپاه» ropah است. گاه هر دو ساخت کهنه و نو در دوره‌هایی از پارسی دری روایی داشته است؛ مانند: «خروس» و «خروه»؛ یا: «آماس» و «آماه».

۴ـ پخشه: «پَخْشَه» در کردی، به معنی پشه است و ساخت کهنتر آن؛ می‌توان انگاشت که ساخت پخشه ساختی است میانین از ساخت کهنتر واژه «پَخْشَك» و ساخت نوین آن در پارسی دری، «پشه». در زبانهای ایرانی، «خ» ساکن پیش از «ش» در دگرگونی واژه می‌افتد. نمونه‌ای دیگر از آن در گویش کردی کرمانشاهی، «بَش» است که ساختی است دیگرگون شده از «بخش» و به همان معنی است. نمونه‌هایی دیگر از این دگرگونی را در «آتخش» ataxš در پهلوی می‌یابیم که به «آتش» در پارسی دری دیگرگون شده است. استاد فرزانهٔ توس فرموده است:

ز رستم دل نامور گشت خوش؛ نزد نیز بر دل ز تیمار تش.[۱]

نیز در «وَخْش» که نام شهری بوده است در ورازرود (ماوراءالنّهر)؛ سخنور کهنی، شاکر بخاری در بیتی گفته است:

به گامی، شمرد از ختا تا ختن؛ به یک تک، دوید از بخارا به‌وخش[۲]

«خ» در وخش افتاده است؛ و این نام به «وش» دیگرگون شده است؛ «وشی» نام گونه‌ای دیبای گرانبها بوده است که در این شهر بافته می‌شده است:

وشی:...منسوب به وش راگویند؛ و آن شهری است از ترکستان؛ قماش لطیفی هم هست که در همان شهر می‌بافند؛ و به تشدید ثانی هم به نظر آمده است.[۳]

۱ـ واژه‌نامک، نوشتهٔ عبدالحسین نوشین، بنیاد فرهنگ ایران /۱۳۲

۲ـ لغت فرس اسدی توسی، به کوشش دکتر محمد دبیر سیاقی، کتابخانهٔ طهوری ۱۳۵۶/۶۸

۳ـ برهان قاطع، ج ۴/۲۲۸۷

خسروی، سخنوری کهن گفته است:

روی وشی وار کن به وشی ساغر؛ باغ نگه کن‌که چگونه وشَی‌واراست[۱]

۵ـ بیوسیدن: «بیوسیدن» واژه‌ای کهن است به معنی درنگ کردن، چشم داشتن و امید بردن:

بیوسیدن: بر وزن خموشیدن به معنی امید داشتن و امیدوار گردیدن و طمع کردن و چاپلوسی نمودن باشد.[۲]

این فعل هنوز در کردی زنده است؛ به ویژه ساخت امری آن «بُوس» به معنی «درنگ کن؛ چشم دار؛ منتظر باش» فراوان به کار برده می‌شود. عنصری در بیتی گفته است:

نکند میل بی‌هنر به هنر؛ که بیوسد ز زهر طعم شکر؟![۳]

اسدی توسی نیز در «گرشاسبنامهٔ» خود، از این فعل واژهٔ «نابیوسان»، در معنی ناخواسته و غیرمنتظره را، بدین‌سان به کار برده است:

برآمد یکی نابیوسان نبرد؛ که دریا همه خون شد و دشت گرد[٤]

نیز «استاد» از این فعل در شاهنامه «بیوسنده» را چنین در بیتی به کار گرفته است:

... که هرگز نبیند تنم جز زره؛ بیوسنده و برفگنده گره

۶ـ تاسه: تاسه واژه‌ای است کهن، در معنی بی‌تابی و بیقراری و آرزو و ویار زنان آبستن؛ ساخت دیگر این واژه «تَلْواسه» است:

تاسه: بر وزن کاسه، به معنی اندوه و ملالت باشد؛ و به معنی اضطراب و بیقراری هم هست؛ و تیره شدن روی را که از غم و الم به هم رسیده باشد؛ و فشارش و فشردن گلو به سبب سیری یا ملال و اندوه؛ دیگر میل به خوردنی و خواهش به

۱ـ لغت فرس | ۱۷۹
۲ـ برهان قاطع، جلد نخست | ۳۴۲
۳ـ لغت فرس | ٦۱
۴ـ واژه‌نامک | ۹۸

چیزی راگویند؛ و این حالت بیشتر زنان آبستن و مردان تریاکی رادست‌دهد...[۱]

مولانا جلال‌الدین در بیتهایی از غزلهای خویش فرموده است:

ای مزاجت سرد! کو تاسهٔ دلت؟ اندرین گرمابه تا کی این قرار؟[۲]

****

بگرفت تو را تاسه وحال توچنان‌است، کز عجز تو در تاسه حمام بمانی[۳]

****

زین کیسه و زان کاسه‌نگرفت توراتاسه؟ آخر نه خرکوری؛ بر گِردِ چه می‌گردی؟[٤]

«تاسه» هنوز در گویش کرمانشاهی، در معنی خواست پرشور و آرزو زنده است و کاربرد دارد؛ گاه نیز در معنی «ویار» که در این گویش،«بیزه» نیز خوانده می‌شود به کار می‌رود.

۷ـ پس: «پَس» در کردی، به معنی گوسپند و چهارپا، به کار برده می‌شود. این واژه در پهلوی نیز در همین ساخت، «پس» Pas به کار می‌رفته است. دارندهٔ گوسپند و دام، در این زبان، «پَسومند» (=پسمند) Pasomand خوانده می‌شده است.

از همین واژه، در شاهنامه، واژهٔ «بسودی» یا «پسودی»، در معنی دامدار کشاورز، آورده شده است. جمشیدجم مردمان را به چهار گروه کرد: ۱ـ «آرتوریان» (=آذریان): پیشوایان دین ۲ـ «رتشتاران» (کوتاه شدهٔ «رتشتاریان» و «ارتشتاریان»[۵]): سپاهیان ۳ـ «بسودیان»: دامداران و کشاورزان ۴ـ «اهتوخوشی»(=نیکْ کوشایان): پیشه‌وران و دست‌ورزان شهری.

«استاد» در بارهٔ «پسودیان» فرموده است:

۱ـ برهان قاطع، ج نخست |۴۵۹

۲ـ کلیات شمس، با تصحیحات و حواشی روانشاد بدیع الزّمان فروزانفر، امیرکبیر ۱۳۰۱|۳ ج ۳|۱۰.

۳ـ همان، ج ۱۷/٦ ۴ـ همان، ج ۲۸۷/۵

۵ـ برهان قاطع، جلد ۲۲۲۷/۴، پانوشت نیساری.

بسودی سه دیگر گُرُه را شناس؛ کجا نیست از کس بر ایشان سپاس
بکارند و ورزند و خود بِدْروند؛ به گاه خورش؛ سرزنش نشنوند.
ز فرمانْ‌تنْ آزاده و ژنده‌پوش؛ ز آوازِ پیغاره، آسوده گوش.
تنْ‌آزاد و آباد گیتی بدوی؛ بر آسوده از داور و گفتگوی[۱]

۸ـ روله: «رُوله» در کردی، به معنی فرزند یا گرامی و دلبند، به کار برده می‌شود؛ و واژه‌ای است که مهتر به کهتر از سرِ مهر می‌گوید. (واژه‌ای چون جانکم، عزیزکم). به گمان بسیار، روله ساختی است دیگر از واژهٔ «رود» در پارسی، به معنی فرزند؛ چنانکه خواجهٔ بزرگ، در بیتی شاهوار فرموده است:

ازآن دمی که زچشمم برفت رودعزیز، کنار دیدهٔ من همچو رودجیحون‌است.

واکهٔ «ل» در کردی همان «د» در پارسی دری است؛ و به جای آن می‌نشیند. نمونه‌هایی از این هنجار زبانشناختی رادر واژه‌های «کلیل» که کردی «کلید» در پارسی است؛ و «دالِك» به معنی مادر در کردی می‌بینیم؛ دالک به گمان بسیار کردی «دادك» است که در پارسی دری به معنی دایه و مادر به کار برده می‌شده است. این واژهٔ کهن در «سمك عیّار» بدین سان آورده شده است:

شروان بشن گفت: ای سمك!...من دخترم؛ و آن روز که من تو را دیدم بر تو عاشق شدم...و در جهان کس نمی‌داند که من دخترم، مگر دادك من و دایه و مادرم و خادمی که مانده است.[۲]

در گویش کرمانشاهی دایه و پَرَسته‌ای (=کلفت) راکه دیری در خانه‌ای فرمان برده باشد و به پیری رسیده، «دادا» می‌گویند. دادك ساختی است دیگر از «دایك» (=دایه) و «داهك» (=داه). «داه» در دری کهن به معنی کنیز و پرستار به

۱ـ شاهنامه، چاپ مسکو۱۹۶۶ ـ ج ۱/ ۴۰.
۲ـ «سمك عیار»، به تصحیح روانشاد دکتر پرویز ناتل خانلری، بنیاد فرهنگ ایران، ج ۲۹۶/۴

کار برده می‌شده است. همهٔ این ساختها از ریشهٔ «دادن» به معنی آفریدن برآمده‌اند؛ بدان سان که در واژگانی چون: «مهرداد» (=مهر آفرید) و «خداداد» (=خدا آفرید) می‌بینیم. در زبانهای ایرانی «د» و «ه» و «ی»به یکدیگر بدل می‌شوند؛ نمونه‌ای دیگر از این بدل شدگی را در «زاد» و «زاه» و «زای» می‌یابیم که سه ساخت از یک واژه‌اند؛ و از زادن برآمده‌اند.(۱)

بر پایهٔ آنچه نوشته آمد، «روله» در کردی می‌تواند ساختی از «روده» (=رودك) یا رود به معنی فرزند باشد.

۹ـ اَژْگَل: «اژگل» در گویش کرمانشاهی به کسی گفته می‌شود که ژنده و ژولیده باشد و رفتاری درشت و گران و ناسنجیده داشته باشد. این نام را بیشتر با واژهٔ دیو بر زبان می‌آورند و می‌گویند که: «فلان به اژگل‌دیو می‌ماند.» می‌توان انگاشت که این نام از «اَشْگهان» در پهلوی به یادگار مانده باشد که نام دیوِ سستی و تنبلی وبیکارگی است. این نام در دری کهن در ساختهای «اژکهان»، «اژکان»، «اژهان»، «اژکهن» و «اژهن» به کار برده شده است:

اژکهان: بر وزن پهلوان، به معنی اژکان است که مردم کاهل و باطل و مهمل و بیکار باشد.(۲)

همین نام را فردوسی بزرگ، در «پادشاهی بهرام گور» و در سخن از خاقان و دستور وی بدین‌سان به کار برده شده است:

نوندی بیامد ز کارآگهان، که خاقان شب و روز بی اندُهان،
به تدبیر نخچیر کشمیهن است؛ که دستورش اَزْکَهْلِ اهریمن است.(۳)

۱ـ در این باره بنگرید به «از گونه‌ای دیگر» نوشته میرجلال‌الدین کزّازی، نشر مرکز ۱۳٦۸/۲۷۱

۲ـ برهان قاطع، جلد نخست /۱۱٦ ۳ـ شاهنامه، ج ۳۹۱/۷

شعر هجائی در زبان کردی

مصطفی کیوان

به نام خداوند جان آفـرین　　حکیم سخن در زبان آفرین

یکی از علل مهم بقای حیات ایرانی در نشیب و فراز تاریخ ایران و جهان و در برابر رویدادهای بزرگ سیاسی و اجتماعی، پایداری درخت برومند زبان و ادبیّات آن است، که هیچگاه تیشه‌های جبّاران و ستمگران و سیل حوادث را نیروی برکندن و ازپای درآوردن آن نبوده است. اگر گاهی، این درخت سترگ، در فراز و نشیب روزگار، و در اندک زمان، روی به تزلزل نهاده، دگر باره از جهات مختلف، ریشه دوانده، جوانه زده، و ذوق اصیل ایرانی، بیش از پیش در اصول و عروق آن، جریان یافته است. و به همت والای نگهبانان ادب و هنر ایران زمین، یعنی گویندگان و نویسندگان توانا، آبیاری شده و به صورت درخت کهنسال و گهربار امروز درامده است.

زبان کردی یکی از مهمترین شاخه‌های این درخت عظیم است که از روزگاران گذشته تاکنون در برابر تحوّلات گوناگون، پایدار مانده است. شاهد صادق بر این مدّعی اینستکه، بسیاری از ویژگیهای زبان و ادبیات قدیم ایران، همچون دانه‌های میوه‌ای شیرین و دست نخورده، طوری در این زبان، جلوه گری می‌کند، که می‌توان به عنوان مأخذی پرمایه و بی‌پیرایه، در تدوین تاریخ جامع زبان فارسی، از آن بهره گرفت. با اینحال، ذکر این نکته بجاست که، هدف از

نوشتن این گفتار، تحقیقی مفصّل، در زمینهٔ پیوند زبان کردی با زبانهای قدیم ایران نیست.

زیرا با توجّه به وسعت و عمق این پیوند، شایسته است که کتابی جداگانه در این موضوع نگاشته شود. در این گفتار، تنها در قلمرو شعر هجائی، یعنی یکی از این جهات مشترک (آن هم با رعایت جانب اختصار) سخن می‌رود. تا هم نموداری کوچک از این پیوند وسیع ارائه شود و هم با زبان و وزن شعر مولوی، یعنی شخصیّتی که این کنگره در بزرگداشتش بر پا شده است، مناسبت داشته باشد. زیرا یکی از ویژگیهای مهم سخن مولوی، اصالتی است که در زبان و وزن شعرش می‌بینیم.

گفتار عبارتست از یک سلسله ارتعاشات صوتی متوالی، که پیاپی به گوش شنونده می‌رسد، و شنونده، در عین شنیدن این رشته ارتعاش، پاره‌هایی در آن تشخیص می‌دهد که به منزلهٔ حلقه‌های متوالی زنجیر است. این حلقه‌ها، یا بریده‌های صوتی را هجایا سیلاب گویند. شعر هم نوعی گفتار یا مجموعه‌ای از کلمات است، که به ترتیب خاص، در پی یکدیگر قرار گرفته باشد. و وزن عبارتست از نظم و تناسب موجود در اصوات آن. به عبارت دیگر، وزن شعر که امری ادراکی و حسی است، نتیجهٔ نظم و تناسبی است که در اصوات ملفوظ ایجاد شده است. امّا از آنجا که صوت به دلیل تعدّد و چگونگی سلسله ارتعاشات مولّد آن، دارای ویژگیهایی نظیر درجه شدت، میزان امتداد، اندازهٔ زیر و بمی و چگونگی زنگ یا طنین است، بر حسب آنکه کدامیک از این ویژگیها، پایه و اساس ایجاد نظم قرار گیرد، وزن شعر، انواع مختلف پیدا می‌کند. شعری را که شمارهٔ هجاهای موجود در آن، ملاک ایجاد نظم یا عامل تشخیص وزن باشد، شعر هجائی خوانند. در اینگونه شعر، غالباً کلمات، به دسته‌هایی تقسیم می‌شوند، که شمارهٔ هجاهای هر دسته، با دسته‌های دیگر، برابر است. از

سوی دیگر، مسلّم است که هر زبان، ویژگیهای دستوری و تلفّظی مربوط به خود را داراست. زبان کردی هم از این قانون مستثنیٰ نیست، و با توجّه به این ویژگیهای تلفّظی، که سخن گفتن از آن خارج از حدود این گفتار است، استعدادهای خاص برای ایجاد نظم هجائی و برقراری اینگونه وزن در شعر دارد. تا آنجا که، گذشته از شعر، اگر در گفتگوی روزمرهٔ دو نفر کردی زبان نیز دقت کنیم درمی‌یابیم که بسیاری از جمله‌ها و ترکیبات، از وزن هجائی مخصوصاً ده سیلابی برخوردار است. مثلاً یکی به دیگری می‌گوید: «ئەم وەختەت بەخێر» یا «ئیوارەت بەخێر» دیگری پاسخ می‌دهد: «دیدارت بەخێر» «برای خۆشەویست» «سپاسەت دە کەم».

هر یک از این جمله‌های محاوره‌ای و معمولی، پنج هجائی کامل، یعنی پنج پاره یا بریدهٔ صوتی است. که نیمی از یک بیت ده سیلابی کردی را تشکیل می‌دهد.

قدیمی‌ترین اثر شعری در فرهنگ ایرانی که به این شیوه بیان شده، سخنان زردشت است، که در ضمن کتاب دینی اوستا، در بخشی به نام «گاتاها» یا «گاثه‌ها» آمده است، لفظی که به معنای سرود است.

مضامین این سخنان، راز و نیازهای روحانی و پرجاذبهٔ زردشت، با خدای یگانه، یا اهورا مزداست. بخشهای گوناگون گاثه‌های زردشت، شامل سخنان موزون ۱۱، ۱۲، ۱۴، ۱۶، ۱۹ هجائی است. قسمت مهمی از یشتها که بخش دیگر اوستاست، هشت هجائی است. در همین بخش یشتها، اشعار ده هجائی و دوازده هجائی نیز وجود دارد. که در اشعار ده هجائی آن، غالباً درنگ و مکث، در وسط شعر است.

از شعر هجائی در زمان ساسانیان، اطلاعات بیشتری در دست است، مانند سخنان مانی، در کتاب شاپورگان و رسالهٔ درخت آسوریک که قطعات پنج تا ۱۱

هجائی در آن موجود است. در میان اوزان هجائی دورهٔ ساسانی ظاهراً وزن هشت هجائی بیش از دیگر وزنها رواج داشته است. مثلاً بسیاری از بخشهای منظوم نوشته‌های مانی در این وزن است و وزنهای شش و هفت هجائی را نیز، به هنگام خواندن، گاه با کشش یک یا دو حرف به ویژه حروف مصوّت، به هشت هجامی رسانده‌اند.

شواهد موجود، گویای آن است که پس از رواج عروض عرب، باز هم شعر هجائی تا مدتی در ایران رواج داشته و گویندگان ایرانی در این زمینه طبع آزمائی کرده‌اند.

سرانجام، به مرور زمان، اوزان هجائی در زبان فارسی، جای خود را به افاعیل عروضی داده است. حال آنکه زبان کردی، این ویژگی مهم شعر و ادب ایرانی را زنده و پربار نگهداشته است. رواج و رونقی که این زبان تاکنون در شعر کردی، برای وزن ده هجائی فراهم ساخته است، بسی بیشتر از رواج و رونق آن در ایران باستان است.

واژهٔ اوستائی «گاتا» یا «گاثه» در زبان پهلوی «گاس» شده، یعنی ثای مثلث در آخر آن به صورت (س) درآمده است. جمع این کلمه را «گاسان» و نسبت به آن راگاسانیک نوشته‌اند. سرانجام واژهٔ اوستائی پهلوی (گاس) در زبان فارسی بعد از اسلام (گاه) شده است.

کلمهٔ (گاس) که در پهلوی به معنی (آهنگ و سخن موزون و جا و محل و دفعه‌ای از زمان) بوده است، در فارسی دری نیز پس از تبدیل به گاه با همین معانی، رواج یافته است.

مفهوم دیرین این کلمه، در قلمرو موسیقی و آهنگ و شعر، و در معنی پرده و نوای موسیقی، در ترکیبات دوگاه و سه‌گاه و چهارگاه، به خوبی پیداست. این کلمه با مفاهیمی که در زبان پهلوی و سرآغاز فارسی دری داشته، پس از ترجمه

به کلمهٔ (مقام) خصوصاً در معنی پایه و پردهٔ موسیقی، به زبان عرب نیز راه یافته است.

کلمهٔ (مقام) و مفهوم اصیل و ایرانی و ظاهر معرّب خود، در زبانهای فارسی و کردی هم قبول عام یافته، و در فرهنگها و آثار ادبی این دو زبان ثبت و ضبط شده است.

هم‌اکنون کلمهٔ (مقام) و صورت مقطوع آن یعنی (قام)، در برخی لهجه‌های کردی به معنی آهنگ و سخن غنائی و اشعاری است که با آهنگ خوانده می‌شود، و با کلمه کردی (گۆرانی) به معنی آواز، مترادف است.

واژه‌های دیگری نیز در زبان کردی برای مفاهیم غنائی به کار می‌رود. مانند، بیت یا حیران و یا، لاوک، این کلمات، بیشتر به نثرهای موزون یا برخی اشعار هجائی اطلاق می‌گردند که مفهوم قصّه و حکایت و سرگذشت، یا وصف و ستایش و بیان وقایع را شامل‌اند. برخی «حه‌یران» ها، مضامین عاشقانه دارند و برخی نیز در وصف جنگها یا قهرمانیها و یا مبارزه با تجاوزکاران و ستمگران و زورگویان گفته شده‌اند. در هر حال، یکی از ویژگیهای قابل توجّه در هر یک از این سخنان، وزن هجائی موجود در بسیاری از آنهاست.

گذشته از «به‌یت» یا «حه‌یران» و یا «لاوک» که غالباً طولانی و دارای وزن هجائی‌اند، بسیاری از ترانه‌های کردی نیز، وزن هجائی دارند. ضرب‌المثلهای فراوان هم، در زبان و ادبیّات کردی دیده می‌شوند که دارای وزن هجائی‌اند، و از مفهوم آنها پیداست که یا مفردات زیبا و دلنشین و یا بیتی از یک قالب شعری بوده‌اند، که به دلیل داشتن محتوای پر مغز، به مرور زمان، قبول عام یافته و به صورت مثل رایج در آمده‌اند.

اینک به ذکر مثالهایی از اوزان هجائی کردی می‌پردازیم و یادآور می‌شویم که در انتخاب این نمونه‌ها، به امثال و حکم کردی بیش از ترانه‌ها و دیوانهای

شاعران توجه شده است تا، اولاً جانب اختصار رعایت گردد. ثانیاً آوردن ضرب‌المثلهای متعدد، که هر یک جلوه‌ای از ذوق و قریحهٔ یک یا چند نفر است، بیش از یک قطعه شعر یا یک ترانه که مجموعهٔ ابیاتش سرودهٔ یک نفر است، مؤید گفتار است و موجب کثرت شواهد نکتهٔ دیگر اینکه در آوردن مثالها، از ترجمهٔ آنها به فارسی، خودداری شده است، تا هم موجب طول کلام نشود، و هم رشتهٔ افکار، از توجّه آنها به موضوع اصلی گفتار، یعنی بررسی اوزان هجائی گسسته نگردد. تنها شاهد ترجمه شده، قطعه شعر ده هجائی «هرمزگان» است که مربوط است به زمان حملهٔ اعراب به ایران و جداگانه در خور بررسی و توجّه است.

مثال از سه هجائی: دەردی دڵ، بۆ ژێرگڵ ـ ئەوەئەرز، ئەوەگەز ـ حەق بە حەق، نانی رەق ـ کێ کردی، کێ بردی ـ ئەم نانە، بەو رۆنە.

مثال از چهار هجائی: ئاگرە سوری، لە خۆم دوری. یا: ئاگرە سورە، لە خۆم دورە.

ئەگەر لەکین، گشت چون یەکین. بە شەو جەردە، بە رۆژمەردە.

هەنگ لە ماکی، کچ لە داکی. دەنگی دەهۆڵ، لە دور خۆشە دەنگی هەیە، رەنگی نیە.

کردەی ئەوە، بردەی شەیتان. لەم سەر ماڵم، بە لە باڵم.

هر یک از مثالهای یاد شده، اعم از سه یا چهار هجائی، یک بیت کامل است و هر نیم بیت آن، سه یا چهار هجا.

مثال از پنج هجائی: ئاشتی کتک‌و مشک، پرسەی بەقالە.

ئەوجێیە خوشە، کە دڵی لێ خوشە. مزگەوت روخاوە، محرابی ماوە.

هەر لایێ ئاشە، کەچەڵ فڕاشە.

هر مثال مرکب است از دو مصراع پنج هجائی

مثال از شش هجائی: ئەوی پێم ئەکرد خێر، لێم بو بەگورگ‌و شێر من ئاغاو تو ئاغا، کێ جێمان بۆراخا؟ ـ و یا مانند این سه مصراعی هەتیو چە سوار بو، لای لفکەی خوار بو،

نامەردبیگرن هار بو.

مثال از هفت هجائی:

ئـــاو بـبڕی لە رۆخـانە خـــۆنابێ بـــە بـێگانە
گـەر تـۆ نـەبی بـە یـارم خـــۆا ئـەسازینێ کـارم
ئەگەر مو بـە بـەخت ئـەبو کەچەل زۆر بەدبەخت ئەبو
خـــاوەنی بـاخو بـێستان شـــەرمەزارە بـە زسـتان
خویەکی گـرت بـە شـیری تـەرکی نـاکـا بـە پـیری
دەرگـــای کـــەس مـەتەقینە تـــا دەرگـات نـەتەقێنن
شـەو ئـەنوێ بـە جـایگایە روژیش ئـــەڵەی پـاشایە
مـــەڕوانـــە ســـەری تـاسی بـڕوانـــە بـــەختی خـاسی

بوکی پەنادیواریت، رۆژ هەمو رۆژ بەتاڵیت، بە شەو ناو مال ئەماڵیت (سە مصراعی)
نـوێژکەری نـوریتی، فـرمانکەری شـیرینی، هـیچ نـەکـەری قـیرینی (هـفت هـجائی سەمصراعی)

* * *

مثال از هشت هجائی:

ئـــاوێ بـــڕوا بـــۆ رۆخـــانە خـــویش بیخوا نـەك بـێگانە
بـــە زسـتانان پـینەو پـــەڕۆ بـــــەهاوینان ورد ورد بـــڕۆ
ئـەگـەر خـلە مـاڵی ئـەکـرد لە مۆڵکی خوی گاڵی ئەکـرد
ئەم سەر ئەکاو ئەو سەر ئەکا پـــارە ئـــەکـــاو پـینە ئـەکـا
بـوکێ نـیەتی شـێوی شـەوێ ئـــەموستیلەی لێـــمان دەوێ
تەماڵ ئەڵێ هـەموی ئـەخۆم دوایی ئەڵێ چیم کرد بە خۆم
بـــەچکە گـــەدا مـــەخە تـەما بـــە چـــڵێ کـە مـادێتە سـەما

تـــومەنێکی مـــن دومـــەنم بـــێجگە لە گـــورزو کـــەمەنم
من بوم به تۆ، تۆ بوی به مـن من بوم به جن، تۆ بوی بەژن
خـــزمی ژنـــان، بـــەرەبەرە خـــزمی مـێردان دەربـەدەرە

* * *

مثال از ده هجائی: پیش از پرداختن به مثالهایی از شعر ده هجائی، یادآور می‌شویم که رواج این وزن، هم در قلمرو و امثال و حکم و ترانه‌های عامیانه و هم در دیوانهای شاعران کرد، بسی بیشتر از همهٔ وزنهای یاد شده است. تا آنجا که دیوان غالب شعرای متقدّم و معاصر کرد، در همین وزن است، که یکی از آنها، دیوان مولوی، شاعر بلند پایهٔ کرد است که این وزن و شیوهٔ شیوا را، همراه با دریایی از واژه‌های اصیل کردی اورامی، یعنی، نزدیکترین لهجهٔ کردی، به زبان پهلوی، دربر دارد. و همانطور که قبلاً اشاره شد، بررسی آن از دیدگاه اصالت وزن و زبان ویژگیهای دستوری، کاری ارزنده است که ظاهراً، تاکنون توجّهی به آن نشده است. و اگر زمینه مناسبی هم در نوشتار و گفتار، برای پرداختن به این موضوع، پیش آمده باشد، با بی‌اعتنائی و سکوت، همراه بوده است.

به عنوان مثال، اشاره می‌کنیم که استاد محمد علی قره‌داغی در گفتاری تحقیقی و سودمند و مفصّل، مندرج در «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» جلد ششم، زیر عنوان «شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی» می‌نویسد: «مەولەوی، هەمو شیعرەکانی لە سەر یەک کیشن و، وەکو شاعیرانی‌تر، سودی لە کێشەکانی» «عەروزی، وەر نەگرتوە».

استاد قره‌داغی، این نکته را یکی از دلایل آمیختگی اشعاری از دو شاعر دیگر، با شعر مولوی در یک نسخهٔ خطی دانسته است. گرچه سخن ایشان، موضوعی جداگانه و دور از گفتار ما است، امّا آنچه جای تأمل و تعجّب است

اینست که حتّی اشاره‌ای به نوع وزن شعر مولوی نکرده و فقط یادآور شده است که: «مولوی، تمام اشعارش در یک وزن است و مانند دیگر شاعران، از وزنهای عروضی استفاده نکرده است».

طبعاً برای خواننده، این سؤال پیش می‌آید که: پس، شعر مولوی که در اوزان عروضی نیست، در چه وزنی است؟ و چرا نویسندهٔ مقالهٔ «سیری در باغچهٔ ادب مولوی» در این مورد، سکوت کرده است؟

در هر حال، این نکته واقعیتی است که یکدست بودن وزن شعر مولوی، و آن هم وزن شیوا و دلنشین ده سیلابی، امتیازی بزرگ برای این دیوان و گویندهٔ آن است، و دژی محکم برای پاسداری از یک ویژگی دیرین ذوق و قریحه و زبان قوم کرد و اقوام ایرانی دیوان مولوی، هم فرهنگی از واژه‌های اصیل کردی و ایرانی است و هم گویای اصول و قواعد دیرینهٔ دستوری ـ زبان استواری و پایداری در برابر حوادث روزگار است.

به راستی همانطور که شاعری کردی زبان، در وصف سنگلاخها و کوهستانهای اورامان و مریوان گفته است:

«لاڕێ تەق تەقو ڕێگا بەردی زل ئەو بەردەی فەلەک پێ نە داوە تل»

باید اعتراف کرد که زبان و وزن شعر مولوی نیز، به استواری کوهستانهای دیار او است، که در عین حفظ ویژگیهای دیرین خود، به زیورهای ادبی نیز، آراسته است.

چون وەڵگ شادی من، وای دوری لەیل وەیشوم بەرد، ئەوهەرد، نەو رشتەی‌سوەیل

از همین یک بیت پیداست که حرف «واو» قدیم زبانهای ایرانی در فارسی و برخی لهجه‌های کردی به «یا» تبدیل شده، ولی در لهجهٔ کردی اورامی، محفوظ مانده است. «وەڵگ» و «وا»به معنی «برگ» و «باد»، و یا حرف «لام» قدیم که به

«را» تغییر یافته است. وەلگ = برگ

ئازیز شۆخو شەنگ شیرین تارەنی ئاهوی بێ ئاهوی وەش رەفتارەنی

در این بیت، گذشته از کلمهٔ اصیل (وەش) به معنی «خوش» کاربرد واژهٔ «آهو» را در دو معنی «غزال» و «عیب» می‌بینیم. خاقانی نیز در این بیت، اشارتی در همین دو معنی دارد:

بینی آن جانور که زاید مشک نامش آهو و او همه هنر است

خالی از هر گونه تعصب، در می‌یابیم که مولوی، این دو کلمه را بسی زیباتر و دلنشین‌تر به کار برده، و در قالب جناس تام آورده است.

یا ضمایری مانند «وێم» و «وێت» به معنی «خودم» و «خودت» و یا مصدر «شدن» در مفهوم دیرین آن یعنی رفتن، و بسیاری نکات دیگر، شاهدان صادق، بر اصالت زبان شعر مولوی هستند.

قاصد شو وەلای ئەو نەو نەمامە چون یاوای، پێش دەر، ئەی جواو نامە

یا ترکیب: «پرهۆن» به معنی «پرخون» در این بیت:

ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبونم دیسان سەرواز کرد، دلەی پرهونم

که در آن کلمهٔ «خون» تقریباً به همان صورتی است که در کردی چهارده قرن پیش بوده، و در قطعهٔ کردی «هورمزگان» آمده است. قطعه شعری که مربوط به زمان حملهٔ عرب به ایران است و در مقایسهٔ آن با لهجه‌های کردی امروز، در می‌یابیم که بیش از همهٔ زبان شعر مولوی نزدیک است. و وزنش هم همان ده سیلابی است.

هورمزگان ڕمان ئاتوران کوژان هوشان شاردەوە، گەورەی گەورەکان

زۆر کار ئەرەب کرد نا خاپور گنانی پاڵە، بشی شارە زور

مَنْ کانَ أوثَق عُریَ الشَریعَةِ ... و للوصول أصدَقَ الذّریعة
بوَعظهِ عَنّا العنا أُمیطَتِ ... بِلَحْظِهِ أعدی العدی أُمیتَتِ
بِه بَدتْ حقیقةُ الطّریقهِ ... و عُبِّدتْ طریقةُ الحقیقةِ
یُجلی علا الصفات و الأسماءِ ... ضوءُ سراج‌الدّین فی الظلماءِ

صفاتُهُ فی ذلكِ السَّجَنْجِلِ بِعینِها اِنعَلَسَتْ و تْنَجلی
فاصلح الله به عَمَلنا بِفضلِه فتوحُه عَمَّ لَنا
وصیة المستخلَفُ المُمَجَّدُ شیخ الهدی نور الوری محمد
أمرني بنظمِها وَ حالی تعلَّلَتْ عَنْ حسن المأ...

هر چند تعلل نمودم حضرت بهاءالدین قبول نمیفرمود پس گفتم:

فَهَل مَعی ذهْنٌ یَعی یا اَلْمُعَی؟ مسیلَ سَیْل هَمْع دمع مدمعی
أبَیٰ سِوی الدُّرَرِ، فالتزمتها جَمَعتها، رتَّبَتها، نظمتها
لعِقد جید العُرُب الأتراب ابکار افکار اولی الألباب
تغنجَت، تَدَلَّتْ، تَبَختَرت فوق صفاء مَنْبعٍ تَفَجَّرتْ

و در اثر این عرفان بود که سوز عشق شعری مولوی در اکثر اشعارش منطبع بطابع تصوف است.مولوی از بزرگان شعراء اکراد است. اشعار کردی مولوی از روائع ادب کردی محسوب می‌گردند. نزد .....اکراد مکانی مرسوق دارند زیرا معانی عمیق و حُسن لفظ و جرس حروف و تجسّم صور خیالیه اشعارش خواننده را به شعور و تجربه شعوریه وادار می‌سازد.

اما اشعار عربی و فارسی اعم از تعلیمی یا غزلی یا تصوفی آنها نشانهٔ دیگرند از جمال و دلالت واضح دارند بر طول باع و علو کعب مولوی. در لغت عربی و فارسی و اسالیب بیانیه همچنان دلالت دارند بر سعهٔ اطلاع مولوی بر مفردات لغت و قواعد آن و تمکن معظم‌له از مفردات لغت چون اطاعهٔ انگشتان در دست می‌کند، هرچه میل داشته باشد زیورآلات درست می‌کند هرچه خیال واسعش باو دستور بدهد. مولوی که شاعری بلامنازع است، عالم بزرگ و توانا است. در مختلف علوم دینیه مخصوصاً در علم کلام چنانچه منظومه فضیله (عربی) که

مشتمل است بر ۲۰۳۱ بیت و عقیدة المرضیه (کردی) دارای ۲۴۰۲ بیت و فوایح (فارسی) ۵۲۷ بیت و رسالهٔ دیگر در اصول طریقهٔ نقشبندیه و دیوان بزرگ به لغت کردی در اشعار بجا گذاشته است. رحمةالله که هر شعر از اشعار دیوان مولوی از لحاظ محسنات لفظی و معنوی و تشبیهات بیانی کتابی هستند چو شاهنامهٔ فردوسی.

آنچه مولوی را دچار ناراحتی کرده است چون بقیهٔ ادباء کرد زندگی فقیرانه اما مولوی بچشم حقارت به زندگی مرفه نگریسته به آنچه خدا داده است راضی بوده نفس رفیع مولوی نگذاشته که تقرب از ارباب غنی حاصل نماید. مولوی بزرگوار عاش عزیزاً و مات عزیزاً، آنچه در اشعار مولوی روعت و در تأثیرشان لوعت پیدا کرد دو حادثه جانگداز و مهم بودند که در آخر سنین زندگی برایش حادث شدند. اول وفاة عنبرخاتون خانمش که بحقیقت شریك آلام و آمالش بودند و یکی از مصادر الهام اشعار مولوی بودند. دوم عارضهٔ کوری که سبب عزلت او گردید مخصوصاً در سرشاته که اساساً معزول تمام از عالم حضارت می‌باشد و پس از هفت سال تمام از این سالهای سیاه که دو رفیق از دست داده است یکی عنبرخاتون دوم بینایی در سنة ۱۳۰۰ هجری به رفیق اعلی التحاق میکند لیعیش مع الارواح الخالدة احبها و تفانی فی حبها و دفن فی مسقط راسه قریة سه‌رشاته. فسلام علی مولوی یوم ولد و سلام علیه یوم مات و سلام علیه یوم یبعث حیّا و تحیة اعجاب و اکبار لکل اولئك الجنود .... الذین اغنوا العلوم الاسلامیة نبتاجاتهم الرّائعته دون ان بوجز جزاءً و شکوراً

رابطهٔ زبان فارسی و کُردی و خصوصیات شعر مولوی کُرد

دکتر مهیندخت معتمدی

بەختەوەرم لَەم کُورە پیروزە داکە بە بۆنەی رێزنان لە شاعیری مەزنی کوردکە نە تەنیا لە ئەدەبیاتی کوردیدا خاوەن پلەو پایەی هەرەبەرزە، بەلکو هەقیکی گەورەی بە سەر ئەدەبیاتی فارسیشە وەهەس.

جێی شانازیەکە ئیوە لەم بواره داهە نگاوتان هەلیناوە. هیوا دارم کە یەکەم جارو دوا اجارنە بێو ئەم کۆرو کۆ بونەوانە دووپات بگریتەوە و ئەلبەت پیش ئەوەی کە ئەم زانایانە کۆچی دوایی بکەن.

چوون شواهیدی شیعریم بە زمانی فارسیە لە سەر ئیزنی ئیوەو تارەکەم بە فارسی پیشکەش ئەکەم.

تا آنجاکه به خاطر دارم. چون لب به سخن گفتن باز کردم همراه با کلمهٔ «دایک» کلمهٔ شیرین «مادر» را هم به من آموختند و در آن عالم کودکانه اندیشه و احساسم در قالب بهانه گیری‌های کودکانه به زبان فارسی بوده هنوز هم این اندیشه و احساس در من باقی است.

شبانگهان چو بگیرد دلم بهانهٔ تو به جستجوی توأم می‌برد به خانهٔ تو
به شاد باش تو ناهید می‌نوازد چنگ گراز زبان (مهین) بشنود ترانهٔ تو

امروز هم در خلوت اندیشه‌ام همین دو مادرند و بس، یکی مادری که مرا زاد و زبانش کُردی بود، و دیگری مادری که در دامان خویش پرورشم داد «یعنی

نام مهین که زبانش فارسی است»

هر دو محبوب و دوست داشتنی و هر یک دارای خصوصیاتی، بحث دربارهٔ این خصوصیات است. همین برایم کافی است و از دیگر خواسته‌هایم گذشتم، چه هدفهای بزرگ را قربانیهای بزرگ لازم است.

از حافظ مدد می‌گیرم که خوش گفته است:

شکر شکن شوند همه طوطیان‌هند زین قند پارسی که به بنگاله میرود

لسان الغیب کاش در آن عالم ارواح میدید که زبان شیرین فارسی نه تنها در سراسر قارهٔ آسیا گسترده است بلکه مؤسسات تحقیقاتی بزرگ چون مرکز تحقیقات فارسی ایران و پاکستان به نام (داتا گنج‌بخش) مرکز تحقیقات ایران و هند و کتابخانهٔ (ندوالعلماء) جمهوریهای تاجیکستان و ازبکستان هر ساله کتابهای ارزنده‌ای در رشته‌های مختلف به زبان فارسی چاپ و منتشر می‌سازند.

زبان فارسی تنها زبانی است که آثار آن از قدیمترین دوران یعنی پارسی باستان و پارسی میانه در دست است و بعد از آن زبان پشتوی افغانستان است. این زبان در طول زمان و گذشت قرنها تغییراتی یافته است که دلیل بر زنده‌بودن و تحرک آن است.

دریائی است خروشان که جریان دارد و تحولاتی در ان صورت می‌گیرد.

این چنین تغییر و تحول گاه در کلمات است و یا در حروف و یا به صورت اثر گذاشتن بر زبانهای دیگر به خصوص کشورهای همسایه و بالعکس تحت تأثیر واقع شدن در برخورد با زبانهای دیگر که به عنوان نمونه از هر یک مثالی می‌آوریم.

الف: تغییر در کلمات

۱ـ مانند کلمهٔ «شوخ» از زبان فردوسی

بـخندید خسـرو ز گـفتار او بدو گفت کای شوخ پیکار جو

شوخ در اینجا به معنی چابک و چالاک و دلیر است.

۲ـ این واژه در زبان عطار نیشابوری معنای دیگری دارد.

بـو سـعید مـهنه در حـمام بـود قـایمش افـتاده مـردی خـام بـود
شـوخ شـیخ آورد بـر بـازوی او جمع کرد آن جـمله پـیش روی او
بعد از آن گفتش که ای شیخ مهان تا جوانمردی چـه بـاشد در جـهان
گفت شوخ شیخ پنهان کردن است عیب او بر چشـم او نـاوردن است
ایـن جـوابـی بـود بـر بـالای او قـایمش افـتاد انـدر پـای او

«شوخ» در اینجا به معنای (چرک) است و «قایم» به معنی کارگر حمام است.

شوخ از زبان سعدی:

چـنین یـاد دارم ز عـهد صـغر کـه عـیدی بـرون آمـدم بـا پـدر
بـه بـازیچه مشـغول مـردم شـدم در آشوب خلق از پدر گُم شـدم
بـرآوردم از بـیقراری خـروش پـدر نـاگـهانم بـمالید گـوش
که ای شوخ چشم آخرت چندبار بگـفتم کـه دسـتم ز دامـن مـدار

۳ـ «شوخ» در اینجا به معنای «بی‌چشم و بی‌آزرم» است.

۴ـ «شوخ» به معنی زیبا و دلفریب:

شوخ و زیبا و غزلخوان و فریبنده و مست
سر خوش از بادهٔ شعر من و از جام است
روشـنی‌بخش شب شـاعری آزرده خـیال
شمع جمع همه بـود و بـر پـروانـه نشست

۵ـ «شوخ» امروزه به معنی خوش صحبت و بذله به کار میرود و شوخ طبع نـیز میگویند.

ب ـ تغییر در حروف:

مانند (یا) مجهول (واو) معدوله که امروزه در زبان فارسی به کار نمیرود و از مولانا جلال الدین مثالی می‌آوریم:

کار پاکان را قیاس از خود مگیر گرچه باشد در نوشین شیر بشیر
آن یکی شیر است اندر بادیه و آن دگر شیر اندر بادیه
آن یکی شیر است کآدم می‌درد و آن دگر شیر است کآدم‌می‌خورد

شیر یا (مجهول) و (خورد) و او معدوله است یعنی واوی که از حدّ خود عدول کرده و تلفظ آن از ضمه به فتحه رسیده است.

از سعدی مثالی بیاوریم:

به چه کارت آیدت زگُل طبقی از گلستان من ببر ورقی
گل همین پنج روز و شش باشد وین گلستان همیشه خوش باشد

این «واو» در تلفظ کردی محفوظ است مانند کلمات: «خوَر» ـ «خویشک» خواهر خوا «خدا» خواستن نگارش بعضی کلمات در فارسی چون طاووس و داوود با دو «واو» صحیح است.

عین این نگارش در کُردی است مانند (جووان) به معنی زیبا و ظریف است.

در زبان کردی چون کلمات مُشابه در تلفظ و یا به عبارت دیگر همصدا مانند «ص» و «ث» وجود ندارد لذا واژه‌ها چنانکه تلفظ میشود می‌نویسند و اشتباهی در نوشتن روی نمی‌دهد از سوی دیگر اعراب جزو حروف است. بنابراین در خواندن هم کمتراشتباه می‌شود.

ج ـ ورود کلمات فارسی در زبانهای دیگر بخصوص عربی به عنوان مثال:

در زبان فارسی «زبان گنجشک» نام درختی است.

در فرهنگها «گنجشک زوان» و در عربی «لسان العصافیر» آمده است. گاو چشم «گل بابونه» در عربی «عین البقر» این واژه را مولانا خالد به کار برده است.

چنان گشته است نرگس مست و مخمور

تو گوئی گاه چشمش داده افیون

از جمله کتابهائی که دربارهٔ نفوذ کلمات فارسی در عربی به چاپ رسیده است می‌توان به کتاب «واژه‌های فارسی در زبان عربی گرد آوردهٔ محمد علی امام شوشتری که در سال ۱۳۴۷ به وسیلهٔ انجمن آثار ملی (شماره ۵۸) به چاپ رسیده است اشاره کرد که در آن از نویسندگانی که در این باره در کشورهای عربی دارای تألیفاتی هستند چنین نام می‌برد:

۱ـ ابو منصور موهوب‌بن‌احمدبن محمدبن‌الخفرالاهوازی معروف به جوالقی درقرن ششم کتابی به نام «المعرّب» من الکلام لا عجمی» تألیف نموده و در آن حدود هفتصد لغت فارسی را در زبان عربی گرد آورده است.

۲ـ شیخ الاسلام شهاب الدین احمد خفّاجی قاضی مصر که در حدود قرن یازدهم می‌زیسته و کتابی به نام «شفاءِ الغلیل» تألیف نموده و در آن کلماتی را که در عهد عباسی رایج بوده و به زبان عربی راه یافته جمع‌آوری کرده است.

۳ـ ادی‌شیر رئیس اسقف یکساهای کلدانی که به سال ۱۹۰۸ م در بیروت کتابی در این باره به نام «الالفاظ الفارسیة المعرّبه» انتشار داده است.

۴ـ احمد تیمور پاشا مصری به سال ۱۹۳۲ مجله علمی دمشق یک سلسله مقالات تحت عنوان «الالفاظ العباسیة» انتشار داده و در آن برخی از واژه‌های فارسی آمیخته به زبان عربی انتشار داده است.

د ـ کلمات کردی در زبان فارسی

خاقانی در قصیدهٔ معروف خویش.

فلک کجروتر است از خط ترسا مـــرا دارد مســلسل راهب آســا

آورده است:

مرا ببینند در سوراخ غاری شد مولوزن و پوشیده چرخا

همچنین به کلمهٔ «چوخه» چنین اشاره می‌کند:

مولو مثال دَم چو برآرد مسیح‌صبح من نیز سوز چوخه خارا برآوردم

«چوخا» و «چوخه» واژه‌ای کردی است که در زبان محاوره اغلب چوخه‌ورانک نیز می‌گویند.

شایانه: در فارسی «شادیانه» است چنانکه عبید زاکانی گوید: «موشکان طبق شادیانه زدند» و نیز در سیر المتأخرین آمده است:

عالمگیر شادمانیها نموده حکم به نواختن شادیانه فرمود

۱ـ به نظر نگارنده «شفا العلیل» به معنی بهبود بیمار صحیح‌تر است و در هر حال «شفاء الغلیل» نیز غلط نیست و الغلیل را می‌توان به معنی غلیان و جوشش گرفت.

۲ـ مولوزن: نی‌زن و نوازندهٔ نای و مولو به معنی شاخ آهو استکه برای نی‌زدن به کار می‌رفته است.

۳ـ ساز و دهل که هنگام فتح و نیز عروسی و شادی نواخته می‌شد.

۴ـ سیرالمتأخرین: تألیف سید غلامحسین خان خلف هدایت علیخان طباطبائی. چاپ لکهنؤ هند ۱۸۹۷ م

شاداش = شادباش (به معنی نثار کردن و تبریک گفتن و شاد باش نیز گفته‌اند از بهار:

عندلیبان گل سوری به چمن کرده ورود بهر شاباش قدومش همه فریاد کنید

نه‌چیر = نخجیر به معنی شکار

نه‌چیره‌وان = نخجیربان (شکارچی)

مزگت: به معنی مسجد چنانکه عنصری آورده است:

ببست رهگذر دیو و بیخ کفربکند به جای بتکده بنهاد منبر و مزگت

مولوی واژهٔ مزگت را به صورت مزگیبه کار برده است.

مـن خـه‌ریک ایش زام جـیایی نیشته‌ی گوشه‌ی تار مزگی تـنیایی

در فرهنگ لغت آمده که واژه مزگت آرامی است و از این زبان وارد عربی و فارسی شده است و در توضیح کلمهٔ آرامی گوید: لهجه‌ای از بان سامیان بدوی مشرق فرات چنانکه واژهٔ مـزگت در اسـپانیولی بـه صـورت moggveh تـلفظ می‌شود و در فرانسه به نام moggnee به کار می‌رود حرفی در معنی واژه و نفوذ آن به زبانهای دیگر نیست توضیح مفید و لازم است. امّا کافی به نظر نمی‌رسد زیرا معنی این کلمه را روستائیان کم‌سواد اطراف کردستان هم می‌دانند و اگر از آنها پرسیده شود که نماز جمعه را در کجا می‌خوانید؟ بی‌تأمل پاسخ خواهند داد: مزگت.

به احتمال قوی و به دلایل ذیل چون زبان کردی گسترده و قلمرو حکومت اکراد وسیع بوده است واژه مسیری طولانی را پیموده و به زبانهای مورد اشاره هم وارد شده و چون ساکنان کناره‌های فرات کُرد بوده‌اند و دلایـل ذیـل ایـن مطلب را تأیید می‌کند.

۱ـ تاریخ مستند کُرد که ۶۱۲ سال قبل از میلاد مسیح است.

۲ـ به کار رفتن ئه‌وپه‌ر به معنی آن سوی دریا در سنگ نبشتهٔ بیستون و منظور از آن سوی دریا دریاچهٔ چیچه‌ست یا ارومیه (ورمی) که به روایتی زادگاه زردشت پیامبر است.

۳ـ اکتشافات باستان شناسی زیویه در مریوان سقز.

۴ـ در تاریخ ادبیات فارسی در جزو نخستین سخن سرایان فارسی نام «لبّام کرد» نیز برده شده است.

لذا از دانشوران و اندیشمندان و پاسداران فرهنگ کشورم تقاضا دارم که به خواسته‌های سه گانهٔ این جانب عطف توجه فرمایند.

الف: ضمن تحقیقات گستردهٔ خویش در زبان و ادبیات کُردی با فرهنگستان ایران همکاری داشته باشند تا روشن شود که بسیاری از پیرایه‌های شاهد زیبای سخن پارسی از آن خود اوست. که در زبان کردی همچنان محفوظ مانده و یا از آن همتای دیگر وی یعنی زبان کردی است.

پ ـ تأسیس مرکزی تحقیقاتی مخصوص هم‌میهنان اهل تسنن جهت چاپ و انتشارات آثار این عزیزان به هر سه زبان کُردی و فارسی و عربی در یکی از شهرهای کردنشین.

ج ـ تأسیس کتابخانه‌ای به نام مولوی کرد و یا هر شخصیت علمی دیگر که مورد تأیید پاسداران محترم فرهنگ کشور است تحت پوشش وزارت فرهنگ ارشاد اسلامی یا یکی از دانشگاهها جهت گردآوری نسخه‌های خطی کتابهای اهل تسنن و تسهیلات لازم برای چاپ و انتشار آنها.

نظری کوتاه به دیوان مولوی کرد:

به طور خلاصه اشعار مولوی در وزن مثنوی است و موضوع آنها صرفنظر از پاسخ نامه‌های دوستانه و لطایف کوتاهی چون خواستگاری عنبر خاتون و درمان دوست بیمارش با بوئیدن انار و یا دیدن زنی از پشت پنجرهٔ خانه‌ای یا گوشهٔ چادر که به قول سعدی «چنانکه افتد و دانی» مستلزم سرودن یکی دو بیت فی البداهه بوده است، دارای دو وجه متمایز و مجزاست.

۱ـ وصف طبیعت. ساده و روان با توضیحات بدیع و شاعرانه که در زیبائی سخن و انسجام کلمات یادآور اشعار فرخی سیستانی است.

۲ـ سوک نامه‌های جانسوزی که در غم از دست دادن یاری و یا عزیزی چون همسر وفادارش عنبر خاتون سروده است که سخت جانسوز و گریه‌آلود است و تفاوتی که با حبسیات مسعود دارد در این است که رنج زندانهای مسعود در آنها دیده نمی‌شود.

۳ـ ترکیبات بدیع و تازه در زبان کردی نظیر واژهٔ واکوژ (دو باره گشتن).

پەی چیش تا ئیستە لێت مەعلوم‌نەیەن صدد یار جە واکوژ دریغش نیەن

آتش خان:

گوشەی ئاتەش خان دڵەی پڕ چەئیش پرسیکەی داخان ئایرور دا ئیش

و نیز آوردن کلماتی که با زبان فارسی قرابت نزدیک دارد مانند فێشەر به معنی بیشتر و یا ترکیب کلمات موبت سرای دل (محبت سرای دل) که نظامی نظیر ترکیبات فوق را چنین آورده است.

ای شمع سرای خانهٔ جان پروانهٔ خویش را مرنجان

شایان تذکر است که شاعر گاه از فرط تأثر و سوز آتش نهانی که در کانون سینه‌اش شعله‌ور بوده و از گردش ایام به تنگ آمده است همچون نظامی دست به دامان مغنی و یا ساقی زده است و آتش دل را با آب می‌فرونشانده است با این تفاوت که نظامی ساقی نامه‌ها و مغنی نامه‌های خویش را به ترتیب در جای جای (شرفنامه) و «اقبالنامه» در اغاز داستانها آورده است و مولوی در پایان هر مطلب.

شایان تذکر است که وی نظامی‌وار دار تسکین درد نهان و سوز درون را به می و نی دادن فقط از نظر آرایش سخن و شور کلام به کار برده است چنانکه گوید:

نـەی‌چی! سـالیدەر قـەزات ومـاڵم دمـی دەرجـە نـەی دەروو زوخـاڵم
نەی‌چی! من پەنجری پای نالەم‌سفتەن تودەی چوون تأثیر وە نالەت جـفتەن

و نظامی چنین آورده است:

بده ساقی آن مـی کـه نـاز آورد جـوانـی دهـد عـمر بـاز آورد
به من ده که این هر دو گم کرده‌ام قـناعت بـه خـوناب خـم کـرده‌ام

تأئید این نکته را از نظامی مدد می‌گیریم:

مـپندار ای خـضر فـرخـنده پـی که از می مـرا هست مـنظور مـی
من از می همه بیخودی خواسـتم و زآن بـیخودی مـجلس آراسـتم
وگـرنه بـه یـزدان کـه تـا بـوده‌ام بـه مـی دامـن لب نـیالوده‌ام

از سوی دیگر مولوی خود عارف بوده و بـه شـیخ عـثمان سـراج الدیـن و فرزندانش ارادت خاص داشته و در طریقت نقشبندی پیری صاحبنظر و روشن ضمیر بوده اندیشهٔ شاد خواری به آستان بلند عرفان و طریقتش نمی‌رسد. دور نیست که چون نظامی از سوی مادر کُرد بوده است. چنانکه خود گوید:

گر مـادرم آن رئـیسه کُـرد مادر صفتانه پیش من مـرد

در افکار مولوی تأثیر گذاشته باشد که به شیوهٔ وی گام برداشته است.

ویـەردە ویـەرد هـەوڵێ پـەی بـاقی ئـەمجایە دەرۆێش پـەنەی‌چی‌و سـاقی
هولش‌و صەدای دف گوش وەنە وای‌نەی دەس وەشـیشە وەلیـو وە جـام مـەی
بـێ ئـەمر فـەرمان ئـازیز تـاوە کـەی های دەرویش نەی‌چی مەی‌چی دەف‌مەی‌نەی

به کار بردن کلمات نەی‌چی و مەی‌چی به معنی نائی - مـیگسار تـازگی دارد. واژه مرکب از اسم و پسوند حرفه و پیشه است مـانند قـهوه‌چی - پست‌چـی - درشکه‌چی و امّا به صورت می‌چی و نی‌چی بکار نرفته و در ترکی به صورت

کلماتی چون یاغچی (روغن و فروش) و یالانچی (دروغگو) و باشماق‌چی (کفشگر ـ کفاش) به کار میرود.

بحث در این باره بسیار است و در این مقاله نمی‌گنجد. سخن را به چند بیت از مرثیه‌ای که برای درگذشت جانسوز عنبر خاتون سروده است اختصاص می‌دهیم.

دڵەی دڵ دەمەی مەیل لەیلی کەیل مەحرم دەرازان خەڵوەت خانەی لەیل
عەرزە کەوە لەێلا وە صەو خەمەوە چـــەم وە نـــەمەوە دڵ وە تـەمەوە
دیوانە کەت دیم بڵێسەی بەرز بی برزی بڵێسەی هرسات صد تەرز بی
وەســـەردشتە وە گـۆلا وریزان کەرد سارا بوی عەنبەر سارای هەر زان کەرد

گلاوەرێزان به معنی گلاب ریزان در فارسی به کار نرفته است امّا در میان عزیزان زردشتی در مراسم خاص به کار می‌رود و آن این است که چون کسی سرمایهٔ خویش را از دست می‌دهد بستگان و همسایگان به یاریش شتافته و هر یک فراخور حال از لحاظ مادی کمکی به او می‌کند که گاه در میان روستائیان از سرمایهٔ خسران دیده افزونتر می‌شود. این رسم «گل ریزان» می‌گویند.

حُسن ختام را به غزلی از شادروان مجدی سقزی پایان داده و به خدایتان می‌سپارم.

له دولا زوڵفی لەو لاوە له سەرووی قامّەت ئالاّوە
خـــەمو پـــیچی هـــەموو داوەچ لەم لاوەچ لەو لاوە
موژەی وەک نیشتی پەیکانە هەمیشە کـاری پێکانە
دلی هەر خـویشو بـیگانە بـە ئـەم پـەیکانە پـێکاوە
له جەوری غەمزەکانی تو که پیچارەکـوژو جـادوو
چ خوینێ بوو چ جەرگی بوو که نەرژاوەو نـەبر ژاوە

سەبابینێ ئەگەر بینی لە زولف دینو دڵ دینی
وەلیکن کەێ دڵو دینی ڵە بو عرشاتی توماوە
نە یاقووتە بەرەنگینی لە پێوی کان کەوەی بینی
لە رەشکی ڵیوی تۆ خوینی ولی کانەکە گیر ساوە
لە دادی تووررەو پەرچەم دڵی ئاشوفتە ماکارەم
کەی ئازادی لە قەیدی غەم خودا لەم داوە پەیداوە
وەرە بەلکە نە جانم دەی لەمو جی قولزومی بی‌پێ‌ی
لە مجدی غافلی ئاکەی کە بێ تۆغە رقی گیژاوە

(در غار ثور)

پرتو لرزندهٔ تابند مهر — گشت چون از دشت بطحی ناپدید
از فروغ طلعت در غار ثور — ناگهان خورشید درخشانی دمید
هر دو باهم یار یار و یار غار — خلوتی خموش دور از اغیار بود
جان جانان یا ابوبکر صدیق — گرم صحبت بود و در گفتار بود
با نسیمی غار شد پر بوی گل — از گل رخسار آن فخرالانام
ماری از سوراخ سر بیرون کشید — تا بگوید فخر عالم را سلام
با سر او آمد ز شوق اما صدیق — پای پیش آورده و راه مار بست
رنجه شد از نیش وی تا بر رسول — راه از اندیشهٔ بدکار بست
مار اندیشید کاینك سالهاست — جای دارم در دل تاریک سنگ
پرتوی دیدم درخشان تر از مهر — سر برون آوردم از سوراخ تنگ
شوق دیدار پیمبر را صدیق — راه من بگرفت و گشتم ناامید
گرچه آزردم ولی داند خدای — یار غارش را نیارستم گزید
از ارادت بوسه بر پایش زدم — بازگشتم سوی مأوی با شتاب

گر به مهرش می‌گزیدم یا بـه خشـم می‌شد او از زهر من یک قطره آب
مانده من بر جای سـرگردان کـه شـد آرزویـــم نـقش بـرآب و مـحال
رُخـصت دیـدار را گـفت آن رسـول نـیست فـرمانی ز سـوئی ذوالجـلال

(مەوجی خەیاڵ، شین‌و هەڵپەڕکێ لە دیوانی مەولەویدا)

خالد منصوری

بـە نـام خـداونـد جـان آفـرین　　حکـیم سـخن در زبـان آفـرین
ئەمجار سەخت تەرەن زامم جەجاران　　چڵ بدۆ دایـم چـۆن گـەستەی مـاران
هەر وە زۆرمەندەن ڕای ئامای‌نەفەس　　تای ریشـە تـاقەت شـییەنم جـە دەس
بـڵێسەی فـیراق سـۆ چـنان جـە سـتەم　　نـاسۆرەن زامـان گـاز خـەم بـەستەم
دووی کە داد دڵ پۆشان سـەرهەردان　　زەرد کەردەن روخسار پـاییزەدەردان
سەرسامەن عاڵم یـەکسـەر جـە نـاڵەم　　فـەڵەک مـۆرەی بـەد شـاناوە تـاڵەم

ل.ژ ۹

.....

سەلامۆن عەلەیکۆم

دوروود بۆ ئیۆەی ئەدەب دۆست، شێعر دۆست‌و مەولەوی دۆست.

بەریزان، «ڤیکتۆر هۆگۆ Victor. hugo نیۆدارترین شاعێری ڕۆمانتیکی سـەدەی ۱۹ی فەرانسە کە لە سالانی (۱۸۲ تا ۱۸۸۵ی زانێنی) ژیـاوە، لە ریـزی گـەورەترین نووسەران‌و شاعێرانی دنیایە. ئەگەر چی پێش لە ئەو مەکتەبی (ڕۆمانتیم) نێوێکێ هەبووەو پێشکەوتهایێکی کردبوو بەڵام بە تێکڕا زانـایانی ئـەدەب نـاس بـەو بـاوەڕەن کـە ئـەو (ڕۆمانتیسم)ی گەیاندووە بە پلەو پایەیەکی بەرز تەواو...» جا ئوروپاییەکان کە بە ئەو بلیمەتە شانازی دەکەن‌و لە هـەزاران بـەرگ کـتێب‌و فـەرهەنگ، نـامیلکەو ڕۆژنـامە.

سێمینارو کۆنگرەی تایبەتی بیرەوەری نێۆو بیروڕای «هۆگۆ»یان لە سنووری کانی دنیادا تێپەڕاندووەو خستوویانە نێۆ جیهانی بەرینی ئەدەب. ئاخۆ ئێمە بۆ هەژاریکێ دڵ سووتاوی گەڕاڵو دەربەدەری ئەم دێ و ئەو دێو ئەم شارو ئەو شار وەکوو «مەولەوی» چیمان کردووەو تاچ رادەیەک دەنیاسین؟

بەڵێ ئەگەر چی بە داخەوە کەم تەرخەمی زۆریش کراوە بەڵام رووی بارو دۆخی رۆژگار ڕەش کە تەنانەت رێگایێ خۆشەویستی زانا ناودارەکانیان لێ گرتووینو دەلاقەی گەشە پێدانو پەرەی ئەدەبو زمانیانیش لێ کوێرەو کردووینو تەشایۆ کەیکیشیان بۆ نەهێشتوین!

چەن کەس ئەو هەڵۆی بەرزەفری ئاسمانی ئەدەبە واتا مەولەوی دەناسن؟ کەسیک کە بەس بە یەک سووج ئەویش لە کوردەواری سەرهەڵدان هەستی پێ نەکراو گوێ برهاواڕەکانی شل نەکراو دڵی بۆی نەکەوتە خورپەوە.

پیریو فەقیریو کەساسی هەرسێ نەبن بە باری قورسی هیچ کەسی!

ئازیزان، نەمر سەی عەبدوڕەحیمی کورد خاوەنی ناسناوو ناز ناوی «مەعدوومی» لە ساڵەکانی (۱۲۲۱ تا ۱۳۰۰ی کۆچی) رێک کەوتی (۱۸۰۶ تا ۱۸۸۲ی ز) ژیاوە، واتا، هاوچەرخو «تەقریبەن» هاوتەمەنو «یەقینەن» لە باری ئەدەبیەوە هاو بیری «ڤیکتۆر هۆگۆ»و سەر بە مەکتەبی بەرزو بەرینی «رۆمانتیسم» بووەو ۷۹ ـ ۸۰ ساڵ ژیاوەو لە سەرشاتەی تاوەگۆز چاوی بە رووی دنیا هەڵیناوەو هەڵەبجەو جوانڕۆ، سنە، سلێمانی چروستان، کانی کەوە، مەریوانو دێهاتەکانی دەوروبەری وەک چۆڕونەنە جا پاوەو کۆیو کوێ گەڕاوەو رایێ کردووە بە شوێن نانو زانست!

جا بو گەلو میللەتێ لەوە شوورەییتر نییە کە خەمی نان گەورەکێشەی ژیانی بێو لەوەیشە سەربەرزیتر نییە کە تا ماوە بە شوین فێر بوون دا ڕابکات وڵی ماندوونە بی[1].

۱ـ اطلبوالعلم من المهد الی اللحد «چنین گفت پیغمبر راستگوی ز گهواره تا گور دانش بجوی»

جا لێرەدا ریشەی شوورییەکە هەڵدەگێڕێتەوە بۆ بارو دۆخی رۆژگارو بناخەی سەربەرزیەکەشی رێکی باڵای مەولەویە.

دەك فەلەك چۆن من دەردت کاری‌بۆ زامت پڕ نە ئێش نادیاری بۆ!

ئایا شوێنەوارو جێگەی پێی ئەو هەموو راکردنانە نەبووە کە بە شێوەی پەشیوی‌و پەرۆشی لە زۆربەی دیوانەکەیدا خۆ دەنوینن[1]؟

هام دەردان ئێشێ.. هام دەردان ئێشێ پێمەوەن ئێشێ چ تەرزە ئێشێ
ئێشێ پێچ چۆن ئێش وەماران ڕێشێ ئێشێ پڕ نێشێ، ریشەی گیان کێشێ

ئێستا با ئەمەیش بڵێین کە هەژاری‌و نەداری خۆی چاکەو «قۆرەتەکانی خراپن» دووکەڵی چراموشی‌و پی‌سوز مێژویشی لێ ڕەش کردووین، چۆن باوڕم وایە کە چیمان بە دەستەوەیە‌و بە بەرهەمی مەولەوی دەزانین هەمووی کارەکانی نیەو دوور نیە مشک‌و تکەو ماڵ سووتیان و دەربەدەری زۆربەی بەرهەمەکانی فەوتاندبن بەڵام بە وانەیشەوە وەبۆ مان ئەشێ کە بڵێین: مەولەوی لە زۆربەی ناوداراە بێناوکەوتووکانمان بە هات‌تر بووەو فارس‌و تەنی، «جای شکرش باقی‌است» بە هەر حاڵ کە ئاگر ئەکەوێتە ماڵەکەی‌و کتێب‌و بە بۆ چوون هەڵبەستەکانی ئەکا بە بڵێسەو جا هیچ! ئاوەها هەستی خۆی دەردەبڕێ:

خامەی سەراوێز نە چای سیایی مەڕێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی
نامەی سەد شکەنج وەهەم پێچ وەردەن چۆن من سەرتاپاش شکستەی دەردەن
دەوات دووی سیاش جەدەم مەخێزو نامە سیاخاک وەسەر مەڕێزۆ

۱ـ گامە مشغوول زام، گا خەریک دەرد
گا رەفیق خەم هەناسان سەرد
گا سەرمە کەروٚ هوون نە چەمەی چەم
گا گامە و یەروٚ سیلاوٚ نەدیدەم

دەوات دووی دەروون گێج دان وەهەمدا لیـــقە وێش کـــێشان وەلیـــتەی خـــەمدا
خـــامە شـــەق وەردەن دەم مـــە کـــەردەوە زار زار مـــــــەناڵۆ وەدەم دەردەوە
مەوات هەی ئاوات واستە کـەی جەستەم هـــــەی مـــۆمیایی، پـــێشەی شکســـتەم
کام زام بـی جـە تـۆ مـن نـەدیم نـەسیب جـــەفا هـــەر وەمـن، وەفـا پـــەی زەقـیب
زامـــــان تـــــاونان هـــووناوان جـــۆجۆ دەرد وەبـــان دەردیـــە جـــە دووری تـــۆ
بـــڕیان تـــای روبـــاب قـــافیە خُـــوانـــیم نـــــەمەندەن تـــاقەت عـــیبارەت زانـــیم
دەمـــەی هـــەناسەی گـــەرم تـــارەکـــەم نەکـــوورەی دەروون پـــڕجە خـــارەکـــەم
ئـــایردان حـــوجرەی دڵـــەی پـــڕ دەردم ســـۆچنان کـــتاۆ، مـــەجموعەی فـــەردم

جا ئێستا ئەوانەمان کە بە دەستەوەیە بریتین لە:

١ـ عەقیدەی مەرزیبە لە ٢٤٤١ بەیت دا بەکوردی سۆرانی

٢ـ فەزیلە لە ٢٠٣١ بەیت دا بە زمانی عەرەبی

٣ـ فەوائیح لە ٥٢٦ بەیت دا بە زمانی فارسی

٤ـ دیوانەکەی بە زمانی هەورامی

٥ـ بڕی شەرح لە سەرکتێبە ئائینەکانو نامەی فارسی کە بۆ ئەمو ئەو نووسیویەتی.

ئیتر لە سەر ئەوە نارۆم کەکامیانی بە هۆی خۆشەویستی وهان دانی حەزرەتی شێخ «ئەبۆ وەفا»و عەشقی حەزرەتی شێخ «عوسمانی سیراجەدین نووسیوە و یا بـۆ ئیسباتی زانایی خۆی داینناوە و لە بەر سوکنایی ئێشی نێشی تانەی مەلافە تحۆڵای قازی شاری سنە کە پێ ووتووە: «... بچۆ ئامان لەرزانەی خۆت بیژە». بریکێ داناوەو چیو چیو چی های کە.

چۆن ئەوانەیان بەڕیزان تا ئێستا باسیان کردووەیان لە دووایی دالێ باس دەکەن.

بەڵام ئەوەی وامن باسی لێۆ دەکەم دیوانەکەیەتی کە لەگوڵزاری «تەغەزووڵدا» کەم وێنە دەستەو گوڵێکە دڵفرێنو پڕ لە هەستی ناسکی بە سۆز کە بڕێ جار ئاگر بەردەداتە

تانو پۆی ئینسانو بڕێ جار وەکوو شنەی دەمەو رۆژی بەهاران ژین بزوێنو گیان هەژینو دڵ راکێشە.

دیوانەکەی لە سەرکێشی خۆمالی کوردیان کێشی ۱۰ برگەیی لە بەحری[۱] «موتەقاریبی موسەممەنی ئەسلەمفع[۲] لن فعولن، فع لن فعولن» هۆنراوەتەوە.

شێوەی «سەهلی مۆمتەنیعی» زمانی مەولەوی جێگای سەر سوورمانو گەنجینەیەکە کە ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیەو ئەوانەی وا بەورێگا دا رۆیشتوون بە شەکەتی ولێ نەهاتووی هەڵگەراۆنەتەوە!!

ئازیزم گوڵاو بۆی خۆی کوڵم تۆن ئەربۆی تۆ نەبۆ بۆی گوڵاو جەکۆن؟
زەڕەی بۆی زوڵفت کەفتەن بەبەرزان بۆی گوڵان کەردەن جە بەرزان هەرزان
ئازیز وە مەرگ گەر ئینسافت بۆ هەنی کافییەن بۆی زوڵفت پەی تۆ
ئیتر چ حاجەت وێت مەدەی عەزاۆ قەبوول کەری جەور مەگێری گوڵاو[۳]

جا باسی «سەنالیی بەدیعی» وەک «تەجنیس»، «تەقلیب»، «تەسجیع»، «تەشبیە»، «ئیهام»و «ئێغراق»و چیو چی ناکەم کە ئەوانەی وا زانای ئەو عیلمەنو باسیان لێوە کردووە زۆر بەیان لە دیوانەکەیدا دیمو دیمەن دەنوێنن، لەوەیشە نەبووە کە هەست بکرێ کە مەولەوی وێڵ بوو بێ بە شوێن سەنعەت ویان بۆ وشەی قافیەما بێتەوە! بەڵام من لە هەڵپەڕکیو شەو[٤] وێنە سازیو خەیاڵ باس دەکەم کە چون خەیاڵ گە لەڵ خەیاڵدا یە یەکا چووەو چۆن پیتو وشەو دەستی یەکیان گرتووەیان هەڵدە پەڕن یان شین دەگێڕن کە تایبەتمەندی زمانی مەولەویە.

۱ـ بحر متقارب مثمن اثلم

۲ـ بحر متجث مثمن محجوف مسبغ مستفعلن فاع مستفعلن فاع

۳ـ یا لە شوێنێ تر دا ئەڵێ:

نام نەسەرزوان شیرینش تاڵم نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم

۴ـ Alitration

ساقی مەی هەی داد، موغەننی‌چەنگێ نەی چی های فەریاد، موترێب ئاهەنگێ
گەرمی‌ی مەی، نەواو، کزەی دەف‌و نەی تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی

شێعرەکانی دیوانی مەولەوی لە بارەی چۆینەتی دەست پێ کردن‌و دووایی هێنان، وینەگەری‌و تابلۆی هەستاوی‌و بە هۆی زاڵ بوون بە سەرزمان‌و ئاگا بوون لە دەنگ‌و موزیک‌و ناسکی بیری «رۆمانتیکی» تەرو تەرچک‌و رووانگەی ناوەروکیشی بە راستی جوان‌و خەیاڵاوین هەڵپەرکێ دوو دەستماڵە وسێ پێ‌و زیرەی زایەڵەی رۆڕۆی تماشاکەین لەم بەیتانەداکە دەیخوێنمەوە.

جەستەی خەستەی خار، خەم خەڵا تەنان
بە یەدەبێ گێڵ، دوور وەڵا تەنان
شاخ‌و داخ‌و زاخ چۆڵ‌و هۆڵ‌و کاو
سەر بەر دو سەر هەرد، ساراو سەرسەراو

یان ئەم بەیتە:

خەستەی خار خەم، خەم خەیاڵ وێم وەکزەی دەروون تەن زوخاڵ وێم
یان با سەیری سەما لە سەما، بڕکەین لە غەزەلێکی داکە باسی سە مادەکا دەڵێ

.....

دەڵاڵەت جۆ شۆ چون رۆی ئازادی گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕشادی
سەدای (لاوهەی لاو) زڕەی زەڕزەنجیر سڵسڵەو بانی سەر، بەند زرێ‌و لاگیر
زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی‌زەر لە رزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق زەوق‌و بەرق فەرق زەڕ کڵاۆ ورشەو پرشەی خۆی کوڵم بۆ گوڵاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپڵەو چیڵەی‌نەرم چریکەی وەناز تریکەی وە شەرم

....

شاخەی شریخەی خشڵ نیمەرەنگ فڕەی فۆتەی شۆڕ پا ژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشەو خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش عیشوەو نەزاکەت گریشمەی بێ خەوش

....

شـــاباش شـــادی شـــەیدای شـــاباشان خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان

کە بە روونی گوی هەستی هەڵپەرکێو «ئالیترەشینی» پیتەکان دەکا

وەک لە بەیتی یەکەمدا «گ»و «ز»و «میم»و «ر»

لە بەیتی سی هەمدا «ز»، «ر»، «گ» و«م»

لە بەیتی چوارەمدا «ش»، «ق»، «ر»، «و»

لە بەیتی پێنجەم دا «ش»، «ق»، «پ»و «ر»

و تا دوایی

مەولەوی لە نێو ئاسمانیکێ بی دوایی‌و بی پەی لە خەیاڵ دا سەیر دەکا:

دڵ دیـــارنیەن هـــای نـــە کـــەردەبۆ وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردە بۆ

جەو دما من داد وەلای کێ بەروون نا بەڵەد تەنیا ڕا چۆن دەر کـەروون؟

ئەوندە دەرد ئاشنایە کە بڕوای بە سازگاری ڕۆژگارنیە

خەیر بۆ هەم فەلەک کام خەیاڵ کەردەن؟!

دیسان مـن پـەی شـەڕ وەیـاد ئـاوەردەن!

دیارەن ئـەساس دووری دووری مسـازۆ

دەبـــاڵام کـــاڵای خـــەمان مـــووڕازۆ

داخۆم ڕووی دووری کێش هان وەسەردا

دیســان مــن بــرۆ وە ڕووی چــەمەردا

بڕێ لە تەرکیبەکانی ورشەکانی با سەیرکەین کەکەم وێنەیە ئەگەر بێ وینە نەبن:

سەربەرزی مەینەت ـ خەزانەی خەیاڵ شەمال ـ بـادەی بـێ شـەرتی ـ تـە نـووڕەی دەروون ـ پەنجەی پای نالە ـ مەوتەنەکەی چەم ـ فەرتووت نەی ـ پیالەی واق ـ هۆش

وەحشی ـ تۆپڵاخەی دووکەڵ ـ ئەسرین شەکوا «تەویش بۆ قەڵەم» ـ لیتەی خەم ـ خاس خاس کزەی سۆزگریشمەی بێ خەوش ـ گەردخەیاڵ ـ بە ناباشی بورج «بۆ ئاسمان» ـ چارشێو بۆ «تەم» ـ یەخ بۆ ئاوێنە ـ بەیداخ دەماخ ـ بانگ بێ شەرم ـ سیاماڵ عەیش ـ خەفەت شادیشەن ـ خەم دەماخ بەرزەن ـ باڵاخانەی چەم ـ ئیفتار دڵ ـ بینی عێرفان ـ سەنگ مات هەناسان کاڵ ـ سەرپەنجەی هۆش ـ دەوات پڕوەی ـ تای ریشەی تاقەت ـ بنەک دار خەم تای کرژ مەینەتو سەدان تەرکیبی جوانو تازەو نوێ کە شایانی زمانی پاراوی مەولەویەو بەس. مەولەوی ١١٢ سال (تەقریبەن) لەمەو پێش کۆچی داویی کردووە، چەن ساڵی پێش مردنی خوی خێزانی خۆشەویستی و«عەنبەر خاتوون» کۆچ دەکاو بە جێ دێڵێ، راستی لە فەرهەنگ ئەوکاتە لە بڕێ شوێندا ئێستاش ـ پەرۆش بوون بۆ ژن مردن لای خەڵکەوە کارێکی ناشیرینو شووڕەیی بووە جا ئێمە گەورەییو بەرزی بیری ئەوکەڵە مێردەمان زۆرتر بۆ دەر دەکەوێ کە لەو کاتە شینی مەرگی خێزانی دەگیڕێو جا قەسیدەیەکی تایبەتی ئەوکۆ ستەم هەڵبژاردووە تەنیا چەن بە پێتیکێ لێ دەخوێنمەوە تا بزانین ووشەکانێش چۆن وەکوو مەولەوی پێچ ئەدەن لە خۆو هاوەنگی دەکەن:

دڵەی دڵ دەمەی مەیل لەیلی کەیل
مەحرەم دەرازان خەڵوەتحانەی لەیل
لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەورەنگ
هامدەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ
پەروانەی مەزار ئاوات وا ستەکەم
تەرجەمەی حاڵات پەسێوی جە ستەم
عەرزکەروە لەیلا وە سەد خەمەوە
چەم وەنمەوە، دڵ وە تەمەوە

دێـوانـەکـەت دیـم بـڵێسەش بـەرز بـی
بەرزی بڵێسەی هـەر سـات سـەد تـەرز بـی
وە هـــەر ئـــەرزی لەیـــل مـــلاد نـــاوە
دڵـــەی ســـەنگ ســەخت مـتاو نـاوە

.....

..... تـــا ئـــەڵێ:
چـێشەن مـونیوون مـەنزڵ بـێ تـۆ بـۆ
بـێ هـۆشم خـەوبۆ، راس بـۆ، درۆ بـۆ!

مەولەوی وینەکێش و «تەسویرگەریکێ» کەم وێنەیە لە بڕێ جێگادا کە باسی مەبەستێکی «خەیمی» دەکات ـ بیسەرو خۆێنەر هەستی زیندو بوونی وینەکان دەکا بـۆ نموونە زستانمان ئاوەها بۆ ڕەسم دەکات:

زۆسانەن وەی ڕەنگ وەگەردووان یاوان گـیجێای لوول گـێج کـڵێڵەی کـاوان
بـــە نـا بـاشی بـورج بـەرزە دیـاران سـفید کـاری کـەرد تـاقچەیُ مـۆغاران
چ شـیرین زەڕگـەر تـۆف هـەوای سـەرد گـۆشوارە نـە گـۆش نـەونەمامان کـەرد
پەی نیگای بـاڵای مـەحبووب بـێ گـەرد یـەخ ئـاینە گـرت تـەم چـار شـێو ئـاوەرد

.....

سەیرێکی ئەم وێنەیشە بکەین:

دیاکـەی وەشـەرم جـە پـەنجەرەی نـاز تـا تـاریشەی جـەرگ بـەراوەردوە گـاز
پـەترۆی زامـە کـەم هـەم لابـەردەوە وەخت بی سارێش بێ تازەش کـەردەوە

ئەی ئەم تابلوە ماتەمینە چۆنە؟ سەیری پیتە شینەکان بکەین کە چۆن پەیدەرپەی ماتەم وەنوێنن:

جه ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی شادیم شێویا، شینم سەد تەرز بی
شەمع شام شووم، ماتەم هۆڕ گڕیا تای تەل سەمتوور شادیو زەوق بڕیا
شای شادیم شکیا، سوپای خەم جەم بی بەیداخ دەماخ شیوەی ماتەم بی[1]

.....

ئێستاش هەروا بڕێ لە شا بەیتەکانی دەخوێنمەوە کە شایانە گوێ لە هەڵپەڕکێو شیوەنیو شەکان بگرین

*کووڕەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن
گوڵاڵەم چۆن وێم فەرامۆش کەردەن
*سەدای زیلو بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن
*ساقیەن، بادەن، نەسیمەن بادەن
بولبۆل جە دەوری گوڵان ئازادەن
*بەزمەن شادیەن، عەیشەن نیشاتەن
کیفەن شۆخیەن، شەوقەن حەیاتەن
*گرمەو پزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق بریسکەی شوعلەی شەرارە

١ـ الف یان ئەم وێنە:
باڵا خانەی چەم دێوانە کەی
تۆ بانە ناو وەگڵ ئاسانە کەی تو
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت ئێشدا
ئازیز بۆ جارێ پابند پێشدا
ب یان ئەڵێ:
ماتەم وینەی سەنگ، زەردم چۆن
خەزان دایم پێچ مەدەۆ چۆن ماران گەزان

*کـــزه‌ی ره‌شـــه بـــای هـــه‌ناسان ســـه‌رد
ســـیاماڵ عـــه‌یش تـــه‌خته تـــه‌خته کـــه‌رد
*شـــریخه‌و گـــرمه‌ی هـــه‌ور دووری دۆس
وه فـــه‌نابه‌رده‌ن مـــه‌غزوره‌گ‌و پـــۆس
*شـــه‌راره‌ی گـــرپه‌ی نـــارمه‌هجووری
کـــه‌رده‌ن وه‌غـــوبار کـــۆگـــای ســـه‌بووری
*ئـــێش نـــام ســـه‌خت تـــویچ ئـــاما پـــێشدا
هـــه‌ر ئـــێشه‌ن مـــدیه‌ی کـــه‌فته‌ن وه ئـــێشدا
و ده‌یـــان‌و ســـه‌دان شـــێعری جـــوانـــی کـــه
کـــه مـــه‌جالم نـــیه‌و کـــات تـــه‌نگه بـــۆ نـــۆانـــدنی

شێعریکێ فارسیم له بیردایه‌که شایه‌د ۱۵ ـ ۲۰ ساڵێ ته‌مه‌نم بوو بێ له یادگه‌ی میشکم دا نه‌خشم کردوه‌و شاعیره‌که‌ش نازانم کیه ئه‌ڵێ:

گر که چشم اینست‌و ابرو نازاین‌و عشوه ایـن
الوداع ای زهدو تقویٰ، الفرار ایٰ عقل‌و دیـن

باسی «ته‌وارۆد»و ته‌رجه‌مه‌یش ناکه‌م به‌ڵام مه‌وله‌وی به‌یتێکی هه‌یه به‌و ناوه‌ڕۆکه‌وه‌که ئه‌ڵێ:

شێوه ئه‌رئیده‌ن من کـرده‌نم سـه‌یر نام خوا حافیز، دین بنیش وه خه‌یر

راستی ئازیزان کامیان جوانترن؟

مه‌وله‌وی نوێ هانیوه‌و «ئێبداع»ی کردوه کارێ که تا ئه‌و کاته‌ی بیری په‌ی‌پێ بردووه بێ وێنه‌یه واتا شیوه‌ی شێعری ستوونی ده‌گۆڕێت، گۆڕانێ بۆ مه‌رگی کورێکی ئه‌و قه‌سیده‌یه ووتووه‌که پاش چه‌ند به تێیکی ئاسایی ئه‌ڵێ:

مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم ئەر شێعر بۆ قافیەی فەهردم
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من هەر سەوزەی مراد من نادیارەن
داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من هەر نەوگوڵاڵەی من نە پێوارەن
یاوەلوەلەی دەف شا دەرویش جۆشی بەو سەدای ریشەی دڵ ئاشناوە
یا جۆش سەمتوور، موترێب خروشێ چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە
بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ هەای چەمە دەخیل شەوێ شەونمێ
بەڵ روو بنمانۆ ئەو نازک ئەوگوڵ دەمە نەسیمێ، وادەی سوب دەمێ

جا سەرەرای ئەو هەموو چەرمەسەریەو دادو فەریادە بێ ووچانە زەمانەی بێ بەزەیی گەورەترین بار ئەخاتە سەربارو نێۆ بارەکەیو چەن ساڵێکی دووایی تەمەنی چاوی بێ نوورو رۆشنایی بینایی کوێر دەکاتەوە:

بینایی دیدەم تۆ وەسڵامەت دیدەنی دیدارکەوت ئەو قیامەت
ئەربینش نیەن هەی ئاوات وازم باز هەر تەسکینەن گۆش وە ئاوازم

جا لە شوێنێ تر دا روو لە خودا دەکاو ئەڵێ:

هەر چیت دابوو پێم یەک یەک دامەوە حیسابی حەشرت وا وە لامەوە

و ئەگونجی میسراعی دووهەمیش بە حاڵەتی ئیستێفهام بخوینرێتەوە چون ووتەکە دوو سووچە واتا:

هەر چیت دا بوو پێم یەک یەک دامەوە حیسابی حەشرت واوە لامەوە؟!

منیش تا ئێرا چووموو دەنگی ئەو نەمرە دێ بەگوێماکە ئەڵێ:

کورم چیتە بە سەرمەوە!!

لای ئیوە خۆش.

سەرچاوەکان

١ـ فرهنگ معین

٢ـ یادی مەردان

٣ـ مێژووی ئەدەبی کورد

۴ـ تاریخ مشاهیر کرد

۵ـ رشتەی مرواری

٦ـ عەقیدە مەولەوی (محمد علی قرەداغی)

٧ـ میهرەجانی مەولەوی

٨ـ دیوانی مەولەوی

٩ـ بحث‌های شفاهی مرحوم شیخ امین، شیخ علاءالدین حدود ١٧ سال بیش

١ـ بیروڕای خوم

مەجلیسی عاشقان

محمد سعید نجاری «ئاسو»

وەک دەڵێن وا دەنگی زەنگی مەدرەسەی یارانە دێ
بۆنی شیعری پڕ لە تاسەی پیری هەورامانە دێ
دەنگی سەر قافڵەی قەتاری شیعری هەورامانە یا
زمزەمەی بلوێری تینووی مەجلیسی عیرفانە دێ
مەستیە! هوشیاری ڕێی بۆ کۆڕی عیرفانێ نیە
بادەیە، چەنگە، زیرەی پیاڵەی دەسی جانانە دێ
تیشکو تیرێژی زرێی چاوانی چاو جوانانە یا
شەعشەعەی هەوری بریکەی سەردەمی نیسانە دێ
«مەولەوی» حاڵی پەشێوەن چونکە مانگ نوێ بۆتەوە
قوڕبە سەر من کوا برۆت وا جەژنەکەی قوربانە دێ
خانەقای عیشقو ئەوین لێورێژی مەستی پڕ لە هەست
دەمبە دەم هاوارو ناڵەی عاشقی حەیرانە دێ
بوونی عوودو دووکەڵی ئاهم وەها تێکەڵ بُووِن
هەر دەڵییێ هەوری بەهاری دڵ پڕی بارانە دێ
لایێ سەر، مەستی خەیاڵەو لایێ چاو، مەستی جەماڵ
لایێ دەس، بۆ دەف لە بارەو ذیکری دەرویشانە دێ

شاعیران تێکڕا جەمەن، نووسەر هەموویان پڕمەبەست
دەنگـی پـێی کـۆچی بـە ژانـی پـێشڕەوانـی وانـە دێ
«هێمنی» شـیعری تـەڕم کـوا، کـوا هـەژاری ئـەم گـەلە
ڕووی لە «حافز» کردوەوە دەنگـی بـراق سـوڵتانە دێ:
هـەستن، هـەستن عـاشقان سـابۆ «وەفـایی» مـوژدەیێ
واڵە بـاغان شـین نـەماوەو دەنگـی کـوردستانە دێ
تـۆ بـڵێی جـارێ کـە شـاخی بـەرزی هـەورامـان بـبێی
واڵە داوێـنی زەمـەندی زەمـزەمەی گـۆرانـە دێ؟
دەنگی کاڕەی مەڕلەگەل زیلو بەمی قومریو هـوزار
تـێکەڵاوبـن تـۆ بـڵێی شـمشاڵی تـینووی شـوانـە دێ
ئاگری ئەشعاری «مـەعدوم» گـڕ لە «ئـاسۆ» خـاو بـڵێن
«واڵە سـەقفز بـۆ کـڕۆزی سـووتنی پـەروانـە دێ»

بە ناوی بەدی هێنەری هەستو شعوور
چەم پەی فەرش پات موژەش چون خارەن
بـەڵام چـێشن کـە ڕۆ چـارەش نـاچارەن
چـەنی تـاوۆ تـەرک، پـا بـۆست کـەردن
سـەوگەندەش وە زولف سیای تـۆ وەردەن
چـون شـەماڵەی نـوور گـڕ گـڕانـمە
پـەی پـاس مـاران زەنگ زڕانـمە

«مەولەوی»

لەو ڕۆژەوە یەکەم بەشەر زمانی بو دواندن لەگەڵ هار چووتی گەڕا. دەتوانم بـڵێم

یەکەم شاعیر هاتە مەیدانی ئەوین‌و دنیای دەروونی ئادەمیزادەوە. کە زمانی گرت، بەهار باران، چۆم، گوڵ نیگا، یان بە کورتی هەموو جوانیەک لە لایەکەوە. لەو لاشیەوە هەورەتریشقە، سوو تمان،

مەرگی ئازیزان، سێلاو طۆفانیان بە کورتی هەموو ناحەزیەک، شوینی خستە سەر دڵی ناسک‌و جوانپەرەستی ئەم ئادەمی‌زادە غەریبەوە. بە قەولی حافز، ئەم «بالندەی باغی قورسە» کەلەم شوێنە «خەراب ئاباداە» گیر سایەوە بەڵێنی دا لە گەڵ هەموو چەشنە ناکۆکی یەک هەڵ کات. فێر بوو لە سەرما خۆی وەشارێ سێلاو هات ڕاکات، برسی بوو بخوات، بەڵام فیکری ئەوەی بۆ نەکرایەوە چۆنیان هێنائەم ۆلاتەوکەنگی دەی بەنەوە. دووشتیشی بەلاوە سەیر بوو کە کەنگێ فێریان کردوە. یەکی ئەگەر دڵنەنگ بوایە فرمێسکەکانی بێ ئاگا بوون لە خۆ دەهاتنە خوارێ ناوی نا «گریان» کاتێکیش دەروونی پڕ دەبوو لە زەوق‌و هەستی بە خۆشی دەکرد قاتا دەتریقایەوەو نادی نا ـ پێ کەنین ـ ئەم دوو دیاردە دەروونیە بە تایبەت ئەوی دواییان بەوی سەلماندکە لەگەل حەیوانەکانی تری هاو ولاتی دا جیاوازیەکی هەیە. جا بۆیە کەوتنە ئاخاوتن لەگەڵ هاوکوونەکانیان و ڕازی دەروونیان بۆ یەکتری درکاند. بەڵام دەروون هێندە قوولڵ و پڕ مەبەست و ڕەمزو راز بوو ئەو چەن کەلیمە پیشاندەری دنیای دەروونیان نەبوو،و شە، کەرەسەیەکی زۆر بێ دەستەلات بوو بۆ نواندنی دنیای دەروون، کەوتنە بیری ئەوە، قسەی قوولڵترو پرماناترو دەروونی‌تر بکەن ـ شاعیر پەیدا بووە هەر چەن گوتیان:

معانی هرگز اندر عرف ناید که بحر بی کران در ظرف ناید

یا

هەر چەن دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم

بەڵام زۆرشتیان گوت کە پیشاندەری دنیای ناوەوە بوو زۆر کەسیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا. لە هەموو رەگەزو قەوم‌و قێلەیەک. ئەمانە ئاگرهایان کردەوە. بەڵام وەک دەڵێن

«هەر کەس بە یاری خۆی دا هەڵێ دەڵێ، من مەمنوونی شاعیرانی کوردم و لە نێویان دا «مەولەوی، پیری هەورامان، عاشقی ڕاستەقینە، شاعیری توانا، عارفی دور ناس، غەوواسی زرێی خواناسی، پیری خانەقای ئەوین، عەرەبی زانی، فارسی زانی، کوردە ئاگری شیعری لە گیانم بەربوەو قەڵەمی نووسینی منی وەکار خستوە.

خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە زار زار مەنالۆ وەدەم دەردەوە
مەوات هەی ئاوات واستەکەی جەستەم هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم
کام زام بی جمە تۆ من نەۆێم نەسیب جەفا هەر وە من وەفا پەی ڕەقیب
بڕیان تای روباب قافیە خوانیم نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم

«فلاسفە» زانیاران، لێ کۆڵەران، لە شیعر زۆریان تۆێژییەوە هەر کەسێ ئەسپی خۆی لنگ داو ئەوەی خۆشی ویست پێی دا هەڵکوت و ئەوەی ناخۆشی وێست زەممی کرد بەڵام هەموو هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە شیعر تێکەڵاوی شعوورەو بە خەیاڵ دەڕازێتەوە، هەستێکی نەبندارو بە هۆی شوبهاندنو وێچواندن «تشبیە» پیشان دە درێو بە چاوو گوێی بنیەرو بیسەرادا ڕادەبرێ جا بۆیە، «خەیاڵ»و «تەشبیە» دووکاکڵی بنەڕەتی شیعرن لە قەدیمە وە شیعری شاعیر لیتان پێ هەڵ. سەنگاندون. دوکتور شەفیعی «کدکنی» لەم بارەوە دەفەرمێ.

«خەیاڵ» کە بنەمای ڕاستەقینە وتاقە شتی بنە گرتووی شیعرە، شتێکە کە لە هێزی بیر کردنەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام ئەو هێزە تاریف ناکرێ. هەر چەن زۆریان ڕەنج کێشاوە کە بی ناسنو تاریفێکی لێ بکەن بەڵام هەر وانە ناسراو ماوەتەوە. «دی لووبس» دەڵێ: یەکی لەو هێزانەی کە خەیاڵی شاعیرانە دەخولقێنن بیر کردنەوەیەو من بڕوام وایە هیچ کام لە هێزەکانی ذەینی بەشەر تاریف کردنیان لە بیر کردنەوە گرانتر نەبێ. بە پێی ئەم قسانەی دوکتورو بەپێی لێکوڵینەوەی عولەمای، ئەم باسە کە وابوو دەکرێ بڵێین شێوەی جۆراوجۆری خەیاڵ لە شیعری شاعیر دا دەتوانی پارسەنگی هەڵ سەنگاندنی شاعیر لە

تەرازووی شیعرو ئەدەبیات دابێ. هەر بۆیەش من لە شیعری مەولەوی دا ئەم بەشەم هەڵبژاردوە. جیاواز لەوە کە من هەورامی نیمو وەك وانی لێ حاڵی نابم وە ئەوەی کە مەولەویم چۆن ناسیو چۆنی هۆگر بووم چەن دەلیلی هەیە. هەر کە چاوم بە کتێب پشکووت دیوانی مەولەوی‌و قانیع‌و ... لە تاقەی کتیبە کانی باوکم‌دا دیت ئێستاش لاپەڕەکانی ئەو کتێبە کۆنە لە پێش چاوم دایە بە تایبەت ئەو شیعرەی کە باوکم زۆری دەخوێندوەو ئێستاش هەر پێی خۆشە.

شووڕای عاشووڕا دیسان بەزمەش‌بەست موحەڕڕەم ئاماو مەحرەم شی نە دەست.

تاکو گەورە بووم‌و دیوانی مەولەوی بە مانای کردنەوەی مامۆستای زەحمەتکێش مەلا عبدولکەریمی مودە ڕس گەیبە دەستم. لەو سەردەمەدا بۆ خۆشم شیعرم کەم کەمە دەکوت و دەتوانم بڵێم ٩٥ لە سەدی نەزانیەکانی مەولەویم بەوکتێبە پڕکردەوەو ئیدی بوومە قەترەیەک لە دەریای بی سنووری ئەوینی مەولەوی دا.

بە هەر حاڵ لەو کاتەوە من مەولەویم لە شیعر دا ناسیوە، یان وایان فێرکردووم یان هەر ڕەنگە واش بێ هیچ شیعرێکی کوردیم ئەوەندە پێ قسەی دڵ نیە. قسەی عیشقە، قسەی ڕۆحە، ناوێرم لە ترسی هێندی بڵێم پێشم نەوعی تەبەڕڕوکی تێ دایە. بابنیەوە سەر باسەکە.

کوتمان خەیاڵ بە هۆی تشبیە شێوەی شکڵو ئەندام بە خۆی دەگرێو دەبیندرێ یا لای کەمی هەست دەکرێ. جا ئەم «تشبیە» ەکە لە قەدیمەوە بوەوەاتا هاتوە تەکامول‌و جۆراوجۆری بە سەر دا هاتوە. یەکەم «تشبیە»ەکان وێ چواندنی شتێکی لە بەر چاوو هەست پێکراوو بە شتێکی هەست پێکراو بوو وەک ـ چاوبە پیاڵە، زولف بە دار ـ کە زۆریش ناحەسابیە. ڕوومەت بە سێو، هەناسە بە دووکەڵو لە پاشان هێندێ هاتە پێشێ بوە ئەو جۆرە تەشبیهە کە لایەکی هەست پێکراوو لایەکی خەیاڵو غەیرە دەس لێدان واتە «غیر ملموس» وەک «دەریای ئەوین» «بەهاری بیر» «خەتتی سەوزی ڕوخسار»و ... تالە

دەورەی حافز داوای لێ هات که هەر دوو بەشی ویچواندنه که «غیر مەلموس» بێت و گەورەترین شێوەی تشبیهی شاعیرانه ئەمەیه. «خەلوەت ئونس» «بوی خوش آشنایی»و ... که له پاش وی کەم شاعیر بەو پایه له تشبیه گەیی تالەم دواییانه دا پەیرەوانی «نیما» ئەم شێوه تەشبیهەیان بەربڵاوتر کرد. سەیر کەن مەولەوی ئێمه چەن ساڵ له مەوبەر ئەم نەوعەی تەشبیهەی هەبوه.

روخسارەش کاتێ مەسقەڵ مەدۆلێش وەشتۆی پارێز خەیاڵ مەبۆ ڕێش.

خەیاڵ غیر موجەڕەد به سەنعەتی تەشخیص خاوەنی پارێزەو پارێز دەبا پارێزە کەشی خاوەنی شنەیه وەکو بادە خوشێ ئەم سێ عونسورە غەیرە موجەڕەدە روخساری مەسقەڵ لێدراوەی مەحبووبه کەی بریندار دەکەن ـ جا بروانن تاچ ڕادەیەک خەیاڵ له شیعری مەولەوی دا بەرزە. یا لەم شیعرە دا.

باڵە خانەی چەم دیوانه کەی تۆن بانه ناو وە خاک ئاسانه کەی تۆن
تکەش عاجز کرد خەیاڵت تێشدا سا تو خوا ئازیز پا بنێ تپش دا

له دیوانی حوکمڕانی مەحبووب باڵە خانەی ماڵی ئەوان نیه بەڵکو چاوی مەولەوییه. ئەو باڵە خانه واته «چاوی شاعیر» قورەبانوگڵەبانی به خاکی «ئاستانەی مەحبووب کراوە. بەڵام دڵۆپه دەکاو خەیاڵی مەحبووب که دایمه له چاوی شاعیر دایه بەم دڵۆ پەعاجزە. سەربانیش دڵۆپەی کرد دەبێ به پا بی شێلی. سا تو خوا ئازیز وەرە بیشیله. جا تو خوا ئێوه بڵێن ئەمه ئەوپەڕی ئیجازو که لامی شاعیرانه نیه؟

یان له کاتی وەسفی سورو شت داکێ توانیوه ئەم تەسویرە زیندوانه له زستان بەم سەرماو سۆڵەیه بەکار بەرێ. ڕەنگه هێند بابه تاهیر ئاسایی مەحوی جەمالی مەحبووبی بوه «به دەریا بنگرم دەریا تو بینم» له زستانیشدا شێوەی مەحبووبی پێ حەیف بوه که له سەرما دا دەری نەخات.

زەو سانەن وەی تەور وەگەر دووناوان گـێجیای لوول گـێج کـڵێڵەی کـاوان
بـــەنا بـــاشی بـــورج بـــەرزە دیـــاران سفید کـاریش کـەرد تـاقچەی مـوغاران
چ شیرین زەرگەر هـەوای تـۆف سـەرد گۆش واڕە نە گـۆش نـەونەمامان کـەرد
پەی نیگای باڵای مەحبووب بـێ گـەرد یەخ ئاینیە گـرت تـەم چـارشێو هـاورد.

سپی‌کاری تاقچە موغاران بە وەسیلە بەنا باشی بـورجـی بـەرزە دیـاران «اسـتعارە لە زستان» زێرینگەری سەرماگوارەی لەگوێی نەونمامان کردوە: سُور بوونەوی تکەی ئاوو بوونە سەهۆڵی بە دارو گیاو شکەکاندا.

بۆ تەماشای بووکێ وەک مەحبووبی مەولەوی ـ جا مەجاز یا حەقیق «بەڵام بە بڕوای من لێرە دامەجاز بێ» سەهۆڵی ئاوێنە ڕاگرەو تەم چار شیۆدێنێ. ئەم تـەسویرە لە چـەن جێگەی دیکەش بەهرەی لێ وەرگرتوە.

مەولەوی نە تەنیا لە سوروشتو جوانیو خەیال ئیلهامی شاعیرانەی هەبوە لە عیلمو زانینو حەدیسیش دا بۆ شیعر بە جوانترین شێوەی «عـاشیرەت» واتـە «تـلمیح» کـەڵکی وەرگرتوە. مەسەلەن ئەوە دیـاردەیەکـی فـیزیکیە کـە تـەپڵ خـاو بێتەوەزرەی نـایە.و گویچکەی مرۆڤیش بی هۆی دەنگدانـەوەی «صـوت» لە پـەردەی صُـماخ، دا دەنگ دەبستی. ئەگەر نم بهێنێ دەنگی نایەوە هەروەها دووربینی دووردنیتی گالیلە ئـەگـەر پیچەوانەڕای بگری شت دوور دەخاتەوە بڕوانە ئەم تەشبیهە جوانەی «وصف الحالّی» پیری.

«پۆس کۆس گۆش نـم کـێشا کـەم کـەم ئەم سەر ئەوسەرەن دوور بنیە کەی‌چەم»

لە بارەی حەدیثو ئایات دا ئەم دوو تەلمیحەم پێ جوانترین بوو هەم لە بارەی «جناس» هەم لە بارەی ناوەرۆک

«لکەی مونافات «لِکَی أُعرَف» چوو دەســـەمل لەگـەڵ «لیـعبدون» بـوو»

لێرەدا لەکتیبی بە نرخی «القصیدة المرضیه»دا مەولەوی عاشیرەت دەکاتە سەر ئەم. ئایەی لە قورعانی پیرۆز. «**و ما خَلَقْتَ الإنس فی و الجِنَّ لاإ لیعبدون**»و لە هەمان کات دا لە حدیثی قودسی دا هاتوە.

«**کُنتُ کنزاً مخفیّاً فَخَلَقْتَ الخَلق لِکَی أُعرَفَ**» ئەگەر سەر سەری وەک ئەحقیقەکانی هەندێکەس کە لە سەر مامۆستا هەژارو شیعری کوردیەوە هەیانە ـ بە سەری دابرۆین ئەو دووانە پێکە دە مونافاتی هەیە ـ لە لایەک خەلقی بە شەرییت بۆ عیبادەتە، لەم لاشەو، بۆ عیرفانو شناخت و ناسینە، بەلاّم مەولەوی بەوپەڕی زانایی‌و وردبنیی یەوە سەلماندوویە «عیرفانو عیبادەت یەکن» هەر دووک هەر بۆگەیاندنی بە شەر بە سەر چاوەی لایە زالیەوەکە وابوو ئیدی موناقاتێک نیە. جا بۆیە ئەم شیعرە تەقریبەن موعممایە پاش ئەم تەلمیحە مەعنا دەکرێتەوە.

«لکەی مونافات «لکی أُعرَف» چوو دە سەمل لەگەلّ لیعبدون بوو»

ئەگەر شێوەی ڕینووسی کوردی ئەم زەمان لە بەر چاو نەگرین لەم شیعرەی خوارەوە دا مەولەوی جیناسێکی جوانی هاوڕێ لەگەل «تلمیح بە» ئایەیکی میثاق لە قورئانی پیرۆزدا هێناوەتەوە.

هێما هەوای ئەو هەواو پەیمانە پێمانە وەک ئەو هەوا پەیمانە

یانی تا ئێستاش ئارەزوی خواستی ئەو پەیمانەی عەهدی ئەلەستمان هەر پێیە بەلاّم وەک ئەو ئینسانە باد پەیمایانە واتە هەرزەگۆیانە، ناوەک خۆمان. عاشیرەتە بە ئایەی «الست بربکُمْ، قالوا بَلیٰ».

بەم شیعرە جوانەی فارسی دوایی بە باسەکەدێتمو ئیوەش بە خودای گەورە دەسپێرم.

چو در خود بینم از بس روسیاهی نگنجد ای الهی یا الهی

همه فضل‌و کمالات تو پویم ترا بعد از خداوندی چه گویم

ڕواڵەتان زۆر مەبەستێکی سادەیە بەڵام وردەکاری مەولەوی ئالەم شیعرانە دا وەدەردەکەوێ رۆحی گەورەو دنیای دەروونی روون دەبێتەوە «یا» لە عەرەبی دا «ندا» بۆ دوورە «ای» «بۆ نزیک» خودا «اَحرب مِنْ حبل الورید» کە وابوو نزیکە دەبێ بڵێی «ئەی الهی» ڕاست نیە بڵێی «یا الهی» بەڵام ئەو دەفەرمێ من هێندە ڕووسیاەو شەرمەزارم ڕووم نیە بێژم «ای الهی» دوور دەکەومەوە. دەڵێم یا الهی ـ بەو هیوایە. ئەو دۆعا مەقبوولانەی پیری هەورامان هاوڕێمان بێتو لە خودای مەزنیش سەرکەوتنی هەموو لایەکتان ئاواتە خوازم.

والسلام علیکم و رحمةالله و برکاتهُ

فهرست منابع :

۱ـ دیوان مولوی شرح ملا عبدالکریم مدرّس
۲ـ العقیدة المرضیه چاپ سنندج
۳ـ محضر استاد ملا عبدالله محمدی ملا (درزیولی) (مولوی شناسی برکانی ـ که به علّت کهولت سنّ قابل استفاده نمی‌باشد)
۴ـ صور خیال در شعر فارسی دکتر شفیعی کدکنی

ئیدی سەرکەوتنی هەموو لایەک تان لە پێناوی باشتربەڕێوەبردنی ئەو کوڕە لە یەزدانی مەزن داواکارم.

بۆکان ۷۱/۳/۳

زبان ایرانی و جایگاه زبان کردی در آن

مسعود نویدی

پێشه‌کی گرمترین‌و به‌بایه‌خترین سڵاوه‌کانی خۆم پێشکه‌شی هه‌موی ئێوه به‌شدار بووان له‌م کۆڕه ئه‌ده‌بییه‌دا ده‌که‌م‌و له خووای میری مه‌زن هیوای سه‌رکه‌وتن بۆ گشت لایه‌کتان ده‌خوازم.

به‌ڕێزان ئه‌گه‌ر ئیجازه بده‌ن ده‌مه‌وێ سه‌باره‌ت به مه‌وضوعی زبانه ئێرانییه‌کان وه‌شوێنی زبانی کوردی له‌واندا به ئه‌ندازه‌ی کاتی دیاری کراو چه‌ند دێڕێک به ئاگاداریتان بگه‌یێنم.

سه‌ره‌تا بزانین له ئه‌ساسدا زبان چیه‌وه چ ده‌وڕێک له‌کومه‌ڵدا ده‌گێڕێ. زبان یه‌کێک له گرینگ‌ترین ئامێره‌کانی گه‌یاندنی په‌یام‌و پێک هێنانی په‌یوه‌ندی‌و ئاڵ‌وگۆڕ کردنی بیرو بڕواکانی فکری له‌کۆمه‌ڵه به‌شه‌رییه‌کاندایه، که هه‌میشه به په‌ره‌وی له‌کۆمه‌ڵ له ته‌غییرو ته‌بدیلدا بووه و هه‌یه.

زبان ڕۆڵێکی گرینگ ده‌گێڕێ. هه‌ر وه‌ک بو سه‌رنج دان به ئاڵ‌وگۆڕه‌کانی کۆمه‌ڵایه‌تی ی‌ئینسانی له مێژو کۆمه‌ک وه‌رده‌گرین وه‌هه‌ر به‌و جۆره که مێژو به سه‌رهاتی نه‌ته‌وه‌و چینه جۆر به جۆره‌کان وه‌ڕوداوه‌گه‌لێک که به سه‌ریاندا هاتووه ده‌گێڕێته‌وه مێژووی‌یه‌ک زبانیش ئاڵ وگۆڕه‌کانی ئه‌و زبانه له مه‌ودای سه‌رده‌می ده‌وام یا ڕه‌واجیدا ڕون ده‌کاته‌وه.

به یارمه‌تی سه‌رنج دانه مێژووییه‌کانی هه‌ر زبانێکه که ده‌توانرێ هه‌م ته‌غییراتی ئه‌و زبانه له ئه‌دواری تاریخیدا بناسرێ وه هه‌م یاساکانی ده‌سته‌ڵاتدار به سه‌ر ئه‌و ته‌غییراته به

دەست بێت.

ئێمە کە دەمانە وێ سەبارەت بە زبانە ئێرانییەکان وە شوێنی زبانی کوردی لەواندا بدوێین بێ شک دەبێ ئاگادارییەکی بەربڵاویشمان لە مێژوی زبان ببێت.

هەر وەک هەمومان دەزانین زبانە ئێرانییەکان شاخەیەکن لە بنە ماڵەی زبانی هێندو ئۆروپایی کە هێندو ئۆروپایی بە هۆزگەلێ دەووترێ کە لە ڕوژگارانی زۆر کۆندا لە ناوچەکانی هەڵکەوتو لە باشوری سەرزەمینی ڕوسیەی ئیمڕۆیی، لە دەستەکانی نێوان سیبێری، دەریاچەی ئارااڵ، دەریای خەزەر وەقەفقازدا ژیاوون، ئەمانە تا دوایین سە دەکانی هەزارەی سێهەمی پێش لە زایین لە سەرزەمینی هاوبەشی سەرەتایی خۆیاندا دەژیان، بەڵام لەو سەردەمە بە دوا بە ناچار کۆچیان کرد کە دەتوانین بێژین یەکێک لە هۆکانی ئەم کۆچ کردنە، سەرماو سۆڵی لەڕادە بەدەری ناوچەی سیبێری بووە.

بەم چەشنە دەبینین کە ئەم هۆزانە لە سەرزەمین گەلێ لە با شوری ئاسیا تا باکوری ئۆروپا بڵاو بونەوەوە لە بەر ئەمەکە لە ناوچەگەلی جۆر بە جۆر لە ئۆروپاو ئاسیا وەک هێندوستان نیشتەجێ بون، بە ناوی هێندو ئۆروپایی ناوبانگیان پەیدا کرد.

زبانە ئێرانییەکان لە مێژینەیەکی بەر بڵاو بەر خوردارن.

بۆ باشتر تێ گەییشتنی ئەم مەبەستە دەبێ بزانین کە مێژوی ئەم زبانانە بە چەند دەورە دا بەش دەبێ وەپاش ئەمەش سەبارەت بە هەر دەورەیەک بەکورتی قسەبکەین تا لە دواییدا بۆمان دەرکەوێ کە زبانی کوردی لەکامیەک لەم دەورەگەلە دا دەتوانێ قەرار بگرێ.

دەتوانین زبانە ئێرانییەکان لە سێ دەورەی تایبەتدا بگونجێنین:

سەرەتا دەورەی باستان:

ئەم دەورە مێژوییترین سەردەمە لە زبانەکانی ئێرانیدا. بێ شک لەوکاتەدا زبانگە لێ فرە لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی ئێراندا بەکار چووە کە داریوشی کەبیر لەکەتیبە بە نرخەکەی بیستوندا بەڕاشکاوی سەبارەت بەم مەسئەلە قسەی کردووە.

گرینگنریت زبانگەلی گونجاو لەم سەردەمەدا بریتین لە: مادی، سکایی، ئەوێستایی

وه فارسیی باستان. سه‌کایی زبانی هۆزه شه‌ڕکه‌ره‌کانی ئێرانی له ناوچه به‌رباڵاوه‌کانی باکور تا باکوری ڕۆژ هه‌ڵاتی ئێران بووه، که له دوایيدا تيره‌گه‌لێ له‌م هۆزانه له ناوچه‌کانی ڕۆژ هه‌ڵاتی ئێرانیشدا نیشته‌جێ بونه.

زبانی مادیش له ناوه‌ندو ڕۆژاوای ئێران به‌کار هێنراوه که به‌ڵگه‌گه‌لێ سه‌ربه‌خۆ له ده‌ستدا نیه، به‌ڵام له ساڵی ٨٥٣ ی پێش له زایین له‌که‌تیبه‌گه‌لی پادشاهانی ئاشوردا له هۆزی ماد ناو براوه.

فارسیی باستان له ناوچه‌کانی باشوریی ئێران واته وه‌ڵاتی پارس یا فارسدا باو بووه وه‌هه‌ر به‌م هۆیه‌ش پێی ده‌ووترێ فارسی. ته‌نیا شوێنه‌واریک که له‌م زبانه به جێ ماوه، که‌تیبه‌و نوسراوه‌کانی هه‌خامه‌نشیی‌یه که‌گرینگترینیان که‌تیبه‌که‌ی بیستونه.

ئه‌وێستایی یه‌کێ له زبانه‌کانی ڕۆژ هه‌ڵاتی ئێران بووه‌وه چونکه ئه‌وێستا واته‌کتێبی پێڕۆزی زه‌ردو شتیان به‌م زبانه نوسراوه پێیان ووتووه زبانی ئه‌وێستایی.

هه‌رکام له‌م زبانانه له لێ‌کۆڵینه‌وه ئه‌ده‌بییه‌کاندا گرینگایه‌تی‌یه‌کی ئه‌وتۆیان هه‌یه تا ئه‌و جێیه‌که له دواییدا ده‌بینین که زبانه ئیمڕۆییه‌کان‌وه له‌وانه‌کوردی هه‌ر به شوێن زبان گه‌له‌دا هاتون.

دوای ئه‌م چه‌ند دێڕه که سه‌باره‌ت به ده‌وره‌ی باستان به ئاگاداریتان‌گه‌یشت باش وایه‌که له دربڕه‌دان به مه‌وضوعه‌که، ئاماژه‌یه‌کیش بکه‌ین به دو ده‌وره‌ی دوای ئه‌م ئه‌م ده‌وره. له دوای ده‌وره‌ی باستان ده‌گه‌ینه ده‌وره‌ی میانه‌ی زبانه‌کانی ئێرانی:

زبانه‌کانی سه‌رده‌می میانه له مه‌ودای زه‌مانی‌ی ساڵانی ٢٥٠ی پێش له زایین تا ٦٥١ ی زایینی له سه‌رزه‌مینی ئێراندا به‌کار هێنراوون. له‌مانه به‌ڵگه‌گه‌لێ نوسراو له زبانه‌کانی په‌هله‌وی‌ی ئه‌شکانی، په‌هله‌وی‌ی ساسانی، سۆغدی سه‌کایی، به‌لخی وه‌خواره‌زمی به جێ ماوه که به دو ده‌سته‌ی سه‌ره‌کی‌ی زبانه‌کانی ده‌سته‌ی ڕۆژ هه‌لاتی‌و ڕۆژاوایی دابه‌ش ده‌بن. ڕۆژ هه‌ڵاتییه‌کانی بریتین له: سۆغدی، سه‌کایی، به‌لخی وه خواره‌زمی و ڕۆژاواییه‌کانیشی به دو زبانی باکوری‌و باشوری دابه‌ش ده‌کرێن که باکوریه‌که‌ی زبانی

سەرزەمینی پارت وە باشوورییە کەی زبانی سەرزەمینی پارس بووە.

خوشک‌و برایانی خۆشەویست! بەم چەشنە توانیمان سەبارەت بە دو دەورەی باستان‌و میانەی زبانە کانی ئێرانی، ئاگاداری گەلّی بە دەست بهێنین.

لە درێژەی باسە کە، دە گەینە سێهەمین دەورە بە ناوی دەورەی نوێی زبانە کانی ئێرانی کە زبانی بە نرخ‌و شیرینی کوردی لێرەدا دەتوانین بدەینە بەر باس‌و لێ کۆلّینەوە.

بەلّێ، دەورەی نوێ یا جەدید، دوایین دەورەیە لە میژی زبانە کانی ئێران.

بە دوای هێرشی عەرەبە کان‌و لە ناو چونی دەستەلّاتداریەتی ساسانیان، بەلّکو لە مەودای یک دو سەدەدا، ئێرانیان خەطی خۆیان لە پەهلەوی یا پارسیک بە خەطی فارسی تەغییر دا. وە بۆ ئەمە کە بتوانن ئاواگەلی زبانی‌ی خۆیان باشتر نیشان بدەن، ئالّ‌و گۆڕ گەلّیکیان لەم خەطەدا پێک هێنا.

سەردەمی نوێی زبانە ئێرانییە کان، سەردەمێکە کە زیاتر لە پەنجا زبان دەتوانن تیایدا بگونجێن، بەلّام گرینگترینیان ئەمانەن: فارسی‌ی نوێ یا دەری، کوردی، بەلوچی، پەشتو وەتاجیکی.

بێ‌شک دەورەی نوێی ئێرانییە کان بە دوای دەورەی میانەدا پێک دێت. هەر کام لە زبان گەلی گونجاو لەم، سەردەمەدا باس‌و لێ کۆلّینەوەی تایبەتی خۆی هەیە، بەلّام چونکە ئێمە دەمانەوێ لێرەدا لە بارەی زبانی کوردی، بدوێین، باس کردن لەوانە دەنێینە کەنار وەدەچینە سەر باسی زبانی‌کوردی.

زبانی کوردی دوای زبانی فارسی، لە نێوان زبانە کانی دەورەی نوێ فرەترین بێژەری‌هەیە.

لە متونی سەدە کانی سەرەتایی‌ی ئیسلامی‌و هەر وەها لە کارنامەی ئەردەشیری بابە کان، قسە لە پیتی کورد کراوە کوردە کان جگە لە ئێران و عێراق‌و تورکیە لە کۆمارە کانی ئەرمەنستان‌و گۆرجستان وەتاڕادەیە کیش تورکەمەنستان وە هەر وەها لە کۆماری سوریەو باکوری خۆراسان وە چەند شوێنی‌تر لە ئێرانا، نیشتەجێن.

بەلّام ئایا هەموی ئەمانە بە یە ک زاراوە قسە دە کەن؟

لە وەڵام دا دەبێ بێژین کە نە تەنیا بە یەک زاراوە قسەناکەن، بەڵکو لە بابەت بە کار هینانی زاراوە، کوردی دەتوانێ یەکێ لە بەر بڵاوترین زبانەکانی دنیا بێت. بەربڵاوی زبانی کوردی نە تەنیا نیشانەی لێک جیا بونی هۆزەکانی کورد لەیەکترنیە، بەڵکو بە پێی زانیاریەکانی کۆ مەڵایەتی و تیجتماعی، یەکی لە نیشانەکانی دەوڵەمەندی ئەم زبانەیە.

بۆ گەیشتن بەم ڕاستیەیە کە زبانی کوردی شوێنێکی تایبەتی لە ناو دیکەی زبانەکانی ئێرانیدا هەیە، بیر هێنانەوەی ئەم نوکتە کافیەیە کە کوردی بە عینوانی یەکێ لە زبانە ڕەسەنەکان، ڕیشەی لە زبانەکانی هێندو ئۆروپایی دا هەیەوە ئەگەر چی لە دەورەی نوێدا دەیدەینە بەر باس لێ کۆڵینەوە ئەمە بەم مەعنانیە کە لە میژینەیەکی ڕوناک لە دو دەورەی باستانو میانە دا بەرخوردار نەبووە، بەڵکە بەم مەعنایەیە کە لە دەورەی نوێدا بە ئەو پەڕی گەشانەوەو پەڕو باڵ لێدانی خۆی گەیشتووە.

زبانی کوردی لە نێوان زبانەکانی دەورەی جەدید دەتوانێ لە گرینگترینو بە بایەخترینی ئەوانە لە دوای فارسی بە ئەژمار بێتو جێگەیێکی بەر چاو بو خۆی لە ناویاندا تایبەت بدات.

هەبونی سەدانو بەڵکو هەزاران شاعیرو هۆزەوانو نوسەری بە ناوبانگ، پسپۆڕان، ئەدیبان، میژو نوسانو زانیاران لە ناو گەلەکەماندا، چ لەم ڕۆژگارەداو چ لە ڕۆژگارانی زۆر کۆندا، مزگێنی دەرو بەیانگەری گرینگایەتی ئەو تۆی زبانەکەمان لەم دەورەو لە دەورەکانی پێشودایە.

لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا هەزاران ئەستێرەی پرشنگ دار درەوشاوونو ئەدەبییاتەکەمانیان لە تاریکیو سەرگەردانیو مەترسی لە ناو چون نەجات داوەو پتر لە ڕابوردو دەستیان داوەتەگەشەپێدانو بڵاوکردنەوەو هەر چی دەوڵەمەندکردنی ئەو.

هەر ئەمەکە لە مەودای تاریخدا زبانەکەمان توانیویەتی ڕۆژگارانی پڕ لە سەختیو سەغڵەت پشت سەر بنێتو بەم چەشنەکە ئیمڕۆ دەبینین بگاتە دەستمان، خۆی دەتوانی دلخۆشی یەکی فراوان بۆ هەمو ئێمە بێژەران بەم زبانە پێڕوزە بێت.

ئێمە ئەگەر سەرنجێک بدەینە میژوی دیکەی زبانەکان، بۆ وێنە زبانەکانی باکوری باکوری قارەی ئافریقا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی زۆری ئەو وەڵاتانە کە ئیمڕۆ بە عەرەبی ووتو وێژ دەکەن، پێش لە ڕوهێنانی ئەعراب بۆ وێ، هیچکام لەوانە عەرەب نەبونە بەڵکە بە عەرەبی تەبدیل کراوون. بۆ وێنە زبانی وەڵاتی میصر، هەر وەک دەزانین پاشماوی زبانی میصری باستان واتە قیبطی بووە کە عەرەبەکان لەکاتی ڕۆهینانیان بۆ وێ دەیکەنە عەرەبی.

هیچ دور نەبووە کە کوردیش ئاوا چارەنوسێکی بە سەر دا بهاتایە وە ئیمڕۆ کە خەبەرێک لە زبانو ئەدبیاتی کوردی نەبوایە، تەنانەت دەبینین کە فارسیش بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەو مەترسی یەڕوبەڕو دەبێ بەڵام شاعیرانو ئەدیبانێ وەک ڕودەکیو فردەوسی هەڵدەکەوونو لەو چارەنوسە شومە دەیهێننە دەر.

هیچ قەرینەیەکی میژویی لە دەستدا نیە کە نیشان بدات زبانی کوردی حتتا بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش بەرەوروی ئەو مەترسیە چو بێت.

بەڕێزان ئیستا بۆ ئەمە کە زیادتر ئاگاداری شوێنی تایبەتی زبانی کوردی لە ناو زبانەکانی دەورەی جەدید بین سەرەڕای ئەوەی تا ئیستا ووتراوە، باش وایە کە بە چەند مەبەستی تریش بەکورتی ئاماژەیەک مان بێت: زبانی کوردی لە بواری نەحوی وەهەر وەها بەکار هێنانی پیتو وانە، زۆر زۆر دەوڵەمەندەوە ئەمەش نە تەنیا بە قسە بەڵکو لە گۆڕەپانی عەمەلدا بە ڕاستی گەیشتووە کە لە شوێنە زانستی یەکان وە هەمو ئەو شوێنانە کە زبان و ئەدەبیاتی کوردی تیایاندا تەدریس دەکرێ ئەم راستیەیە بو هەمووان سەلمێنراوە.

لە تایبەتمەندییەکانی تری زبانەکەمان کە ئەمەش بە چەشنێک گرینگیی ئەوڕادەگەیێنێ دابەش بونی بە دو دەستەی: زبانی نوسین (کتابت) وە زبانی ووتو وێژی زۆژانە (محاورە)یە.

هیچکات لە نوسینی ڕەسمی دانابێ بە چەشنی ووتو وێژی زۆژانە قەڵەم سەر کاغەذ بنێینو دەست بکەین بە شکستەنوسی.

سەدان تایبەتمەندیتر لە زبانە کەماندا کە هەرکام باسی تایبەتی خۆی هەیە دەتوانین ناو بەرین کە ئێمە لێرەدا هەر بەم چەند گولبژێرە قەناعت دەکەین وەشوێن گرتنی باسەکە دەنێینە ئەستۆی خوێنەرانو ئەدەبدۆستانی بەڕێز.

ئەدیبان، شاعیران، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایاتی زانستگەکانو قوتابخانەکان، خوێندکارانی خۆشەویست پزشکان، ئەندازیاران، بازاریان وە دیکەی تۆیژەکانی کۆمەڵ! هەرکام لە ئێوە بە سەرنج دان بە هەمو ئەم ڕاستیانە، دەبێ پاسەوانانو پارێزەرانی بە ئەمەگی زبانە پیرۆزەکەتان، زبانی کوردی بنو ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ئاگاداری خۆتان لەودا بەربڵاوتر لە جاران بکەنو ئەم سەوقاتیە بە نرخە لەو پەڕیگە شەو غینا و دەوڵەمەندیدا بۆ داهاتووانو ڕۆڵەکانی سبەینێی ئەم وەڵاتە بە جێ بهێڵنو وەها پتەوڕاگری بکەن کە تا دنیا دنیایە مەترسیی زەوالو فەسادڕوی تێ نەکات وە بزانن کە ئەم ئاواتە بەدی نایەت، مەگەر قۆلی هەیممەتی لێ هەلمالنو بە عەمەل دەست بدەنە ئەم کارەگرینگە.

زبانی کوردی ئەگەر چی لەگەڵ چەند ربانێکی تر وەک: بەلوچیو پەشتو وەتاجیکی لە ڕستەیەکدا قرار دەگرێ بەڵام بە تێ بینی لە ژمارێ بێژەرانی ئەم زبانە وە بەربلاوی ناوچەگەلی جۆغرافیایی کە تیایاندا نیشتە جێن، تەنانەت دەتوانێ لەمانە.زۆر بە بایەختر بە ئەژمار بێت، چونکە هەر دەستە لە بێژەرانی زبانگەلی ناو براو لە ناوچە مەحدودو دیاری کراوەکاندا مەوجودن، لە حاڵێکدا دەبینین کە سنورە جۆغرافیاییەکانی زبانی کوردی لە چەندین وەڵات تێ پەڕدەبێتو مەحدودەیەکی وەسیع دەگرێتە بەر.

بەریزان!! باسەکە هەروا سادەو ساکار داوایی نایەت بەڵام بە پێی کاتی دیاری کراو ئیتر ناتوانم لە مە زیاتر لە خزمەتداندا بم. دوبارە لە خوای میری مەزن داوای سەرکەوتن ئەکەم بۆ گشت لایەکتان لە هەمو بوارەکانی ژیان، بە تایبەت بواری خزمەت کردن بە زبانو ئەدەبییاتەکەمان. ئیتر هەر شادو سەرکەوتو بن

والسلام علیکمو رحمەالله

تخمیسی بر یک شعر عرفانی از اشعار مولوی کرد

عبدالغفار وارستگان « نازک بین»

پینج خشته‌کی له سەر پارچه شیعریک عیرفانی له دیوانه‌کەی ماموستا سەید عەبدول‌رەحیمی تایجوزی (مەعدوومی)

دەستم جە دامان غەفڵەت وەرنەدا قرچەی دڵ هەرسش نە چەمان وەردا
شێتو ئاراگێل دانم وەهەردا * دڵە چەندمە ستیت جەم بێ نەسەردا

چەن‌کار ئارۆتو ستەوروی فەردا*

هیچ کەس پێسەو من نەبۆ رەنجەرۆ نەگنۆنە دەریای شیوەن ورۆ رۆ
دڵش وەش نە بۆیە واتەی بێ خۆ * شەر تیۆم نیەن جە بێ شەرتی تۆ

روسیای تەوبەی سەدفەر دانە بۆ*

تۆ جەعەدەم دا ئامای وە هەستی لۆای وەراگەی غەفڵەتو مەستی
ئیستە پێت مەنەن خەجڵەتو پەستی *نەکەفتی ئەوراپەی حەق پەرستی

تابی وەهەمتاێ مەستی پای سستی*

جەی دونیای فانی ئەوکەسە مەردەن پەریۆ هەوای نەفس کە چ نەکەردگەردەن
دیمەنم زەردو قامەت پۆڕ دەردەن *پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن

پەێ دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن*

تۆشەی ئاخرت، شەقاوەتمەن چەنی نەفسوێم عەداوەتمەن
جا ئیسە حەێاڵ نە دامەتمەن * سەر وەخت ئەدای ئەمانەتمەن

نە شر سیاهەێ خەیانەتمەن*

ساکۆن حەکیمێ کەرۆم دەوائێ چــەندم بـنمانۆ مـێهرو وەفـائێ
من وزۆنە سەر ســەعادەت رائـی *مۆغەنی تەنخوای منو نەوائـێ
وەی چەن فەردەوە هۆر دەرسەدائێ*

خــواوێت خــالق جـنو ئینسانی عــەتاکــۆنەندەی نــوور ئیمانی
من ئیمام هــەن پـاکو سـۆبحانی *یارە بی نەێ شەو تاریکەی فـانی
هەر تووەکردەێ بە دیم مەزانی*

تە سنگو تو نادانیم شەندەن نە پاێ وێم نـــەفسوشەێتانی ئـــامانە ســەر رێــم
هەر بەندەێ وێتم مەگـەر بـەندەێ کـێم *ئای سۆبح مەحشەر سەر ئەفکەندەوێم
شەرمەندەێ حزور خواو بەندەوێم

ئـــامانێ دەرگــات خــالقی بـێباک ئـــامانەن خــوایْ زەمــینو ئــەفلاک
خــامۆش کــەرەوەێ نـاڵەی سـۆزناک *بەرەحمەکەی وێت فەرد تەنیای تاک
بەشق مەشق عەشق دڵپاکان پاک*

قــەرار دەهــەندەێ دڵ بــێقەراران بەخشەندەی گونای گرد گوناە کـاران
دەس گیرو پەنای گـرد شـەرمەزاران *بەۆ فەوسڵ فیراق خاتر پۆڕ خاران
بەۆ دیای دمایْ یەکترن یاران*

خۆ وێت فەرماوات اللە ئـەکـبەرەن جە هەر چی چێوە ئەوگـەورەتەرەن
من ئیقرار خـەتاوگـونام نـە سـەرەن *ئەر سەد تاوانم جە حەد ئەۆدەرەن
دەفتەرم جە روی وێم سیاتەرەن*

مــن نــەوە شــەناهەر تـۆنی شـافی وادەی رحــمەتت نــیەن خـیلافی
پێم دەرجە عەزاو دۆزەخ مـەعافی *تو بویەر جـە مـن پـۆر ئـینسافی
من روزەردی وێم کافیە کافی*

خوا: بەندەی وێتە (عەبدول غەفارم) گــونام فــراوان هــەم شــەرمەزارم
زەلیــل نــەفسە نــاو هــەم گـرفتارم خــەجاڵەت زەدەێ یــارو ئـەغیارم
عاجزو غەمبار روی روژگارم

زبان کردی و فرهنگ و ادب ایرانی

ایرج وامقی

با تشکر از شما بزرگواران مهمان‌نواز کردستان

عرض کنم حضور شما، بعد از شنیدن این همه سخنان شیرین واقعاً شنیدن عرایض بنده مقدار زیادی کسالت‌آور خواهد بود.

پیشاپیش می‌گویم و کمی هم فنی بعد، و مخصوصاً وقتی که دیگر چیزی به نهار نمانده و به هر حال به بزرگواری خودتان عرایض ملال‌آور بنده را می‌بخشید حضار محترم، خانمها، آقایان، قبلاً از اینکه عرایض این بنده قدری خسته‌کننده و تا اندازه‌ای فنی و ملال‌آور است، پوزش می‌طلبم، من می‌خواهم دربارهٔ اوزان شعر کُردی صحبت کنم و اگر چه یک بار طی مقاله‌ای این مبحث را در نشریه‌ای مطرح کرده‌ام و یکی از دوستان عزیز بنده، جناب آقای احمد شریفی که اینجا تشریف دارند و بخشی از این را به کردی ترجمه و در مجله‌ای چاپ فرموده‌اند، امّا هنوز بحث در این باره در آغاز کار است. به جرأت می‌توانم عرض کنم، تا بحال در راه شناختن اصول و قواعد شعر کُردی چه از سوی کُردان و چه از سوی سایر هموطنان، قدمهای جدی برداشته نشده است و کار ناچیز این بنده نیز فقط باید به عنوان یک گام اولیّه تلقی شود و امیدوارم فضلای کُرد بتوانند نارساییهای عرایض این بنده را جبران کنند و آنچه من نتوانسته‌ام پیدا کنم آنها پیدا کنند و به قواعد شعر اصیل کُردی، سر و سامانی بدهند، هنگامیکه از وزن اشعار کُردی صحبت می‌کنم، به هیچ وجه مقصودم

غزلها و قصائد و سایر انواعی از شعر کردی که در اوزان عروضی سروده شده است نیست، بلکه آن وزنهائی را در نظر دارم که بر حسب عادت آن را گورانی می‌نامیم و من تاکنون فقط موفق به شناختن سه وزن در گورانی شده‌ام نه بیشتر و می‌دانم که باید بیش از اینها باشد، یا بیش از اینها بوده و اکنون به فراموشی سپرده شده است. نکتهٔ دیگری که باید اضافه کنم. اگر می‌گویم وزن شعر کُردی باید توجّه داشت که این اصطلاحی است قراردادی وگرنه در این باره چنانکه به عرض خواهم رساند این اصطلاح رسانندهٔ به مقصود نیست پیشتر باید گفت آهنگ شعر کُردی، تقریباً تمامی حاضران محترم یعنی کسانیکه با شعر کردی و منظورم همان گورانی است آشنائی دارند می‌دانند که این نوع شعر هیچگاه بدون همراهی آواز و احیاناً موسیقی خوانده نمی‌شود. غزل فارسی و کُردی را بدون موسیقی می‌خوانند و اهل شعر و ادب از شنیدن آن غرق لذّت می‌شوند مثلاً این شعر سعدی:

بسم از هوا گرفتند که پری نماند و بالی به کجا روم ز دستت که نمیدهی مجالی

یا این شعر کردی که یک بیتش را دوست عزیز من خواندند:

بوچی نگریم صد کەرتم دل دەشکینی می بو نەرێژی شیشه له صد لاوه شکاوه

امّا حتّی در زمان ساسانیان نیز چنین شعری بدون آواز خوانده نمی‌شده است.

من دورو تو دور وه دوریت قەسەم هەر وەقته بچُوم ئاگر وه جەسەم

اجازه بفرمائید پس از این مقدمهٔ کوتاه مقدمهٔ دومی را عرض کنم:

زبان کردی یکی از زبانهای متعدّد خانوادهٔ زبانهای ایرانی است. خانوادهٔ زبانهای ایرانی از کهنسال‌ترین اعضاء خاندان زبانهای هند و ایرانی یا آریائی کهن‌ترین شاخهٔ زبانهای هند و اروپائی است. زبانی که ما اسمش را امروز

می‌گذاریم هند و اروپایی یک اصطلاح قراردادی است. امروز در واقع آن زبان فرضی، می‌دانیم که در کجا بوده. مادر تمامی زبانهاست که از انتهای هند تا انتهای اروپا گسترده هستند شاخهٔ اصلی این زبان، زبان آریایی است که به آن هند و ایرانی می‌گویند. چون ایرانیها و هندیها در کتابهای خودشان، خودشان را آریایی معرفی کرده‌اند. البتّه علمای مغرب زمین معتقدند که آریایی باید بر تمامی این زبانهااطلاق بشود. به هر حال مقصودم این بود که زبان کردی از این خانوادهٔ زبانهای ایرانی است که زبانهای ایرانی از کهنسال‌ترین اعضای خانوادهٔ زبانهای هند و ایرانی یا آریایی و این زبان اخیر کهن‌ترین شاخهٔ زبان هند و اروپایی است از خانوادهٔ زبانهای ایرانی کهن باستان، چهار زبان را می‌شناسیم ولی متأسفانه از دو زبان نوشته‌هایی در دست داریم و از دو زبان دیگر فقط واژه‌هایی، از بان اوستایی کتاب اوستا باقی است که خوشبختانه تعداد نسبتاً زیادی واژه دارد. در ریشه‌شناسی واژه‌های فارسی و کردی سایر زبانهای ایرانی بسیار کمک می‌کند. از زبان دورهٔ هخامنشی که اصطلاحاً به آن می‌گوییم «فارسی باستان» کتیبه‌هایی از شاهان آن سلسله در دست داریم که چنانچه می‌دانید مفصّل‌ترین آنها کتیبهٔ معروف «بیستون» در نزدیکی کرمانشاه بر بدنهٔ کوهی به همین نام باقی است. از زبانهایی که تنها واژه‌هایی از آن می‌شناسیم یکی زبان مادهاست که اقوام غربی ایرانی را تشکیل می‌دادند و با کمال تأسف تاکنون هیچ نوشته‌ای از آنان به دست نیامده ولی بدون سند و مدرک هم می‌توان با قاطعیت تمام اظهار کرد که آن زبان با زبان هخامنشیان یعنی فارسی باستان تفاوتهایی بسیار اندک داشته، تفاوتهایی که هم‌اکنون نیز می‌توان در میان لهجه‌های یک زبان واحد یافت.

از واژه‌های زبان مادی که در زبان فارسی باستان و از آنجا به زبان فارسی و کُردی امروز رسیده است برای نمونه چندتایی را نقل می‌کنم: مثلاً «واژه اسب»

واژهٔ اسب یک واژهٔ مادی است که در فارسی و کُردی باقی مانده. ولی کلمهٔ سوار بر اسبان واژهٔ مادی نیست بلکه واژه فارسی باستان است که در آنجا اسب گفته می‌شود. واژهٔ شهر واژهٔ مهر ـ میترا ـ واژهٔ بزرگ این واژه‌ها، مادی است. همین جا باید گفت که کشوری که اکنون ایران نام دارد و وطن عزیز و محبوب ماست و از نام‌آوران تاریخ بشر به شمار می‌رود به دست توانای همین قوم ماد برای نخستین بار ایجاد شده است و ان‌شاءالله به دست توانای فرزندان برومند همان تیرهٔ نجیب و سرافراز ایرانی که شما مردم دلاور کُرد باشید به جاودانگی خواهد پیوست.

مجال آن نیست که عرض کنم. حکومت هخامنشی در اصل یک حکومت مشترک پارسی مادی است و این را نقوش تخت جمشید به روشنی به ما می‌گوید و گویا داریوش در نشان دادن این مطلب در نقوش تخت جمشید حتی تعمّد داشت. باری زبان دیگر ایرانی که واژه‌هایی از آن در دست داریم زبان سکایی است مربوط به قوم جنگجو و دلیر و سوارکاران بی‌نظیر.جهان باستان که باید عرض کنم که این شهر عزیزی که مهمان‌دار ماست و در طول عمرم این دومین باری است که به زیارتش نایل شده‌ام یعنی «سقز» منسوب است به همان قوم ایرانی و نامش از قوم (سکه) به یادگار مانده است. معلوم است که از این چهار برادر فرزندان متعددی به وجود آمده‌اند. این فرزندان متعدد را ما از دیدگاه زبان شناسی تاریخی زبانهای ایرانی میانه می‌شناسیم یعنی در واقع نسل دوم از زبان ایرانی باستان، ولی پیوند میان آنها به سختی استوار است ما برای مثال زبان ساسانیان که ایرانیان جنوبی هستند و اشکانیان که ایرانیان شرقی و بعدها غربی هستند در دورهٔ میانه تفاوت چندانی با هم ندارند که جالب است زبان فارسی به اجبار زبان همگانی ملّت ایران شده است و در حالی که تاریخ گواه است که در هنگامی این زبان به عنوان زبان واسط و رابط و پیوند بین

خودمان پذیرفتیم که حتی عنصر ایرانی بر ایران حکومت نمی‌کرد. سهل است این زبان را غزنویان به هندوستان برده‌اند. غزنویان ترک‌نژاد، و سلاطین ترک عثمانی زبان رسمی دولتی و درباری و نامه‌نگاریهایشان فارسی بود. از همین مقولهٔ دردآور که سیاست می‌خواهد بین ماد و دیگر برادران ایرانی ما جدایی افکند و نمی‌تواند می‌گذریم و باید بگوییم که در خانوادهٔ زبانهای ایرانی زبان فارسی دری را ما به عنوان برادر بزرگتر و حافظ و نگهبان میراث نیاکان کهن خود پذیرفته‌ایم. امّا در این میان باید گفت هیچ زبانی از این خانوادهٔ بزرگ به اندازهٔ زبان کُردی به فارسی نزدیک نیست تقریباً همهٔ اعضای خانواده تحت تأثیر فارسی و مخصوصاً شعر فارسی و فارسی ادبی هستند. دیروز خدمت بعضی از آقایان عرض کردم و اینجا چون ننوشته‌ام یادآوری می‌کنم که تصور نرود که زبان فارسی که یک زبان یکدستی است زبان فارسی از تمام زبانهای ایرانی مایه گرفته چه بسیار واژه‌های کردی در زبان فارسی هست که آن دوست عزیز تذکر فرمودند و عرض کردم کاملاً درست است و بیش از این هم هست که کلمهٔ فرزانه .... که در پهلوی هم بصورت فرزانه آمده است به اصطلاح ترکی نارسای امروز دوقلو، این کلمهٔ دوقلو به عدد ۲ مربوط نیست یعنی فرزندانی که با هم به دنیا می‌آیند. این کلمهٔ (جَم) چون جمشید خواهرش توأم بدنیا آمده‌اند یکی را (جَم) و دیگری (را جِم) به زبان اوستائی (یمه) و (یماً) آورده‌اند و در بسیاری از زبانهای ایرانی هنوز این کلمه باقی است (جمیلی) (جمولو) (جیمی) به همان معنی (دو قلو). ساختمان دو زبان به قدری شبیه است که پنداری یک زبانند در دو لهجه و این مرا به یاد نزدیکی زبان مادی و زبان فارسی، باستانی می‌اندازد که مجال بحث در آن نیست امّا شعر کردی، غیر از غزل و قصیده جزء همان گروهی از اشعار ایرانی است.... فهلوی می‌گویند. نگفته پیداست که فهلوی همان پهلوی است و این نشان دهندهٔ این مطلب است که این اشعار دنبالهٔ اشعار

زبان پهلوی هستند و بی‌گفتگو شعر زبان پهلوی یعنی یک زبان ایرانی دورهٔ میانه دنبالهٔ اشعار زبانهای باستانی است. از زبانهای باستانی که پیش از این نام بردیم تنها از یک زبان شعر داریم و آن زبان اوستاست و خوشبختانه، شاعر بخش اعظم اشعار اوستا را به نام می‌شناسیم او پیامبر بزرگ ایرانی زردشت سپیدمان است و به عبارت روشن‌تر زردشت، کهنسال‌ترین شاعر شناخته شده، تمامی زبانهای هند و اروپایی است دربارهٔ وزن شعر گاثاهای اوستا سخن بسیار گفته‌اند امّا جای سخن هنوز بسیار است. و ما در اینجا مجال بحث آن نداریم. امّا دربارهٔ زبان پهلوی تا دیرزمان این گمان نادرست را ترویج و حتی تبلیغ می‌کردند که ایرانیان شعر نداشته‌اند. این عقیده اگر هیچ سندی هم در میان نباشد از نظر علمی به کلّی مردود است البتّه خط ناقص پهلوی نیز با شیوهٔ شگفت خود به کمک این مبلغان می‌آمد امّا کشف اوراق (ماهنویان) در ترکان چین همهٔ این تصورات را باطل کرد و دری گشود بر روشنائی روز. دانشمندان بسیاری بر سر این نوشته‌ها رنج برده‌اند. و سختیها کشیده‌اند تا توانسته‌اند اوراق پریشان را نظم دهند و ما که صاحبان اصلی آن اوراق بودیم از آن بی‌خبر ماندیم تا هنگامی که نتیجهٔ تحقیقات آنان به چاپ رسید و شاید این بندهٔ تنها این افتخار را داشته باشد که آنها را از زبانهای پهلوی ساسانی و اشکانی به فارسی دری ترجمه کرده و نیز متوجه وزن آن اشعار شده که برخی با اوزان شعر کردی هماهنگی تام و تمام و کامل دارد.

وەسفی زانایی

محمد رضا همتیار

پەی تەواف دۆس کاروانێ ویەرد پەپوولەی خەیاڵ سەفەر پێشە کەرد
نەوای دڵفرێن زەنگ کارەوان نەوازۆ گۆشی چەم ئینتزاران
وەسفی ئەربابی زانایی فەرزەن ئاڵای زانایان جە ئاڵەم بەرزەن
مەولای مەوالی شێعر کوردسان زێد زانایی زانایی وازان!
"خورشید سەمای شیرین جەمالان" رەشک ئەفزای تەمام دیدە غەزاڵان!
کەلامت سەرشار بادەی ئەلەستەن کووڕەی زێکر شێعر هەورامی بەستەن
"ئەر وەبێگانە وەرخوێشم زانی تو حەساوەنی وە هەر چیم وانی"
ئەفسۆن کەلامت چون نەقش مانی وێنەی کاوانی کێشا بە جوانی
سەفینەی بادەی شێعرت پڕ مەیەن نەشئەش فراوان، دەریای بێ پەیەن
"دانەی شەوچراغ خەزانەی هەستی مەزەی نەشئەی عەشق بادە پەرستی"!
جە بادەی باقی شێعر هەورامان سا جامێ ساقی ئامانەن ئامان!
"بدەرپێم نۆش کەم چون هەر دەجاران" زاخاۆدەم رۆحم جە دووری یاران
مەولایی جەمەن جە مەولای نامت نەشەی شادیەن شەهدی کەلامت
وێنە کێشە کەی جوانی هەورامان پرشنگی گەشی بووکی ئاسمان!
شنەی سەرکاوی کەلامت ویەرد کوشتش؟ ئێحیا کەرد؟ نازانم چێش کەرد!
هۆن گوڵاڵان کێو هەورامانی نیشاندەر ئایەت حوکم یەزدانی
مەولای مەوالی شێعر کوردسان زێد زانایی زانایی وازان!

"خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم ساکن نەگۆشەی باڵە خانەی چەم!"
"خەم زەدەی خەم کێش خەفەت بارەنان بەری جەیا وەر، دوور جە یارەنان"
بە زووخاو دڵ دەوات هەستی خەم جە بان خەم خەفەت هەڵ بەستی
هەڵۆی ئەندیشەی بەرزی کۆساران شا سۆاری شێر نێۆ شاسۆاران
"کاڵای شیرینی وە باڵات بڕیان تاس مەحبووبیت نە عاڵەم زڕیان"
شێرت زەردە تاو دمای بارانەن "گەرمی بەزم نەزم سەرهەوا رانەن"
چۆڵ خانەی دەروون زۆرکەیلەن بێمەی کۆشکی ئێقبالم وێرانە ئادەی
هەڵ کە چرای مەی ڕۆحم کەر ئاوا کەیلی وکڵۆلیم با بێ دەوا

* * *

پەی تەواف دۆس کاروانێ ویەرد پەپوولەی خەیاڵ سەفەر پیشە کەرد
وەسفی ئەربابی زانایی فەرزەن ئاڵای زانایان جە عاڵەم بەرزەن
من وەسفی زاناو زانایی کەردەم پێڵاو مەولەویم دانا وەسەر چەم
نەخش زاناییش زیا دیاکو وکەم "جاگیر نەدیدەی وە هووناو ڕەشتەم"

*ئەوانەی وا لە نێۆ دو وکەوانە دایە هی مەولەوین.

مەولەوی و عیرفان

حاج سید جمیل هاشمی زنبیلی

سوپاس‌و ستایشی نەبڕاوەو دوایی نەهاتوو بۆ خودای گەورەو بێ هاوتاکە جینن‌و بەشەری بۆیە بەدی هێناوەو دروست کردوە تاکو بیناسن‌و بی پەرستن.

سەلات‌و سەلامی خودا لە سەرگەورەترین‌و خۆشەویست‌ترین پێغمبەرەکانی خودا بێ کە حەزرەتی موحەممەد موستەفایە(ص)و لە سەر ئال و یاران‌و پەیڕەوانی ئەو بێ هەتا رۆژی دوایی.

بەر لە هەمو شتێ سڵاوی گەرمو گوڕو سوپاسی خۆم پێش‌کەش دەکەم بە پێک هێنەرانی دڵسۆزو بەڕێزی کونگرەی بیرەوەری خودا ناس و هۆنەری پایە بەرزو زانای کورد خوا لێ خۆش بو سەیید عبدالرحیمی مەولەوی کە بونەتە هۆی ئەوە نوسەران‌و هۆنەران لەکوڕێکی وا جوان و سرنج ڕاکێش دا لە دەوری یەک کۆ ببنەوەو ڕێز لە بیرەوەری ئەو پیاوە زاناو هەڵکەوتووە بگرن.

کاتێ نوسەران‌و هۆنەران بیانەوێ لە بارەی مەولەوی کوردەوە مێژو بنوسن یا هۆنراوە دا بنێن دەتوانن بە نێوی مەلایەکی زۆر زاناوە ئاگادار بە سەر زانستەکانی ئایینی دا وە هۆنەرێکی پایە بەرزو ناسک خەیاڵوکەم وێنەو خودا ناسێکی دڵ پڕ لە شۆرو جەزبەو چاو بە فرمێسک‌و دەروون سوتاو بە ئەوینی خوداو تێکوشەرێکی بێ ووچان وە نە حەساوە لە ڕێگەی عیرفانی ئیسلامی‌و شیعرو ئەدەب پەروەری کوردو هەمو موسوڵمانانی دیکەی دنیا باسی لە سەر بکەن، بەڵام لام وایە عیرفان وە تەسەووفی مەولەوی زیاتر لە هەمو مەبەستەکانی دیکەی ئەو، لە هۆنراوەو نوسراوە جوان‌و

چاکه‌کانی دا خۆی نواندوه.

هەر چەندە هەڵگری ئەوەنیم کە خۆم بە مەولەوانی شارەزای دەریای قوڵو پان‌و بەڕینی عیرفانی مەولەوی دا بنێم‌و بتوانم دوڕو گەوهەری لێ وەدەر خەم، بەڵام بۆ ئەوەی بێ بەش نەبم‌و توانیبێتم لە قەدەر زانست‌و ئاگاداری زۆر کەمی خۆم ئەرکی سەرشانم بەڕانبەر بەو پیاوە خودا ناس و زانایە کە جێگەی شانازی هەموگەلانی موسوڵمان بە تایبەتی گەلی کوردە بە جێ هێنا بێ، کورتە باسێک لە سەر عیرفانی مەولەوی پێش‌کەش دەکەم‌و هیوادارم بە دڵۆپێک یا پڕیشکەیەک لە دەریای عیرفانی ئەوی وەرگرن.

عیرفان‌و تەسەووفی مەولەوی هەر هەمان عیرفانی ئیسلامی‌یە کە ناوەرۆک‌و مانای ئەو بریتی‌یە لە خاوێن کردنەوەی دڵ‌و دەرون لە خو و خدە کانی خەراپ‌و نالە بار، وەکو شیرک،و کوفرو خۆ بە زل زانین‌و ڕق‌و قینەیە رایەتی بێ جێ‌و ڕوناک کردنەوەو ڕازاندنەوەی ئەو دڵ و دەرونەیە بە یادی خوداو خودا ناسی‌و خۆشەویستی‌و خۆ بەکەم زانین‌و هەمو چەشنە ڕەوشت‌و مەبەستی جوان‌و پەسەندکراوکە ڕێبازی ڕاستەقینەی عیرفانی ئیسلامی پێک دێنێ‌و لە قورئانی پیرۆزو حەدیسە شەریفەکانی حەزرەتی ڕەسول(ص)و وتارو ئاکاری پیاوە هەرەگەورەکانی عالەمی ئیسلام وەرگێراوەو لە نێو تەریقەتەکانی نەقشبەندی‌و قادری‌و سوهەروەردی وەکو برەوی‌و شازلی‌و چەشتی دا خۆی وەدەرخستووە و نواندوەو بە درێژایی مێژو هەزاران کەسی وەکو مەولەوی بە دوی خۆی دا ڕاکیشاوەو لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە.

ئەو عیرفانەیەکە بتەکانی دەرونی وەکو دێوی بە سام‌و زۆرداری نەفسی شوم‌و هەواو هەوەس‌و دنیاداری‌و ڕێ لێ وون بوویی‌و خەیاڵاتی پڕو پوچ لە بت خانەکانی بیرو هەست‌و دڵ‌و مەبەست دەشکێنێ‌و لەت لەت دەکاو ئەوین‌و خۆشەویستی‌و یادی خودای تاک‌و تەنیا وادەخاتە دڵەوەکە جێگەی هیچ شتێکی کەی تێدا نابێتەوەو مەلی تیژ باڵی گیانی ڕێبواران‌و دڵدارانی ڕێگەی خودا ناسی لە ئاسمانی سەفای ڕوحی‌و عالەمی

مەلەکوت دا وەفڕین‌و گەشت‌و سەیران دەخا.

ڕێبوارانی ئەو ڕێگەیە بە هۆی ساخ بونەوە لە سەر خوداو پاڵ دانەوە بەوەوە لە خۆ بوردویی‌و خۆ ڕاگریەکی وایان تێدا بەدی دێ کە وەکو کێو لە بەرانبەر باو تەووژمی توندو ساردو لافاوی بە خوڕو ماڵ وێران کەری بە سەرهات‌و کارەساتی ژین لەگەڕی گەردوون دا ڕادەوەستن‌و نابزون و دەڵێن هەر چی دەبێ با ببێ هەر خودامان لێ نەرەنجێ‌و لە ڕێگەی ئەو لا نەدەین‌و ئەومان لە بیر نە چێ.

ئەگەر چی ئەوانیش «خوداناسان» هەر وەکو خەڵکی کە بۆ پێویستەکانی ژین‌وە بە جێ هێنانی ئەرکی کۆمەڵایەتی تێ دەکۆشن بەڵام لە دڵەوە لەگەڵ خودان‌و یادی ئەو دەکەن هەر وەکو خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا لە سورەی (نور) ئایەتی (۳۷) ئیشارە بەم مەبەستە دەکاکە فەرمویەتی **(رجال لا تلهیهم تجاره و لا بیع عن ذکرالله)** واتە پیاوانی خودا ئەوکەسانەن کەکڕین‌و فرۆشتن ئەوان لە یادی خودا دور ناخاتەوە.

« مەولەوی و شێخی سیراجەددین »

خودا لێ خۆش بو مەولەوی دوای خویندن‌و تەواوکردنی زانستەکانی ئایینی لە زاهیری شەرع دا بیرو هەستی روناکی دنەی دا بۆ ئەوەی پێی بنێتە عیرفان‌و تەسەووفی ئیسلامی‌یە وەکە پێی دەڵێن زانستی نهێنی شەرع واتە عیلمی باتین بۆ ئەوە لە دڵ وەدەرون‌و ئاشکراو بە هۆی هەر دو زانستەکانی دینی بیرو ڕای ئیسلام یانی عیلمی زاهیرو عیلمی باتین بە خودا بگا، بۆ ئەوە بە ئاگاداریەکی زۆرو سرنجێکی وردو چاو خشاندنێکی پەیتا پەیتا گەڕاوە، هەوڵی دا تا پیرو مورشیدێکی تەریقەتی بۆ خۆی هەڵبژێرێ چونکە مەولەویش هەر وەکو هەمو زانایانی دیکەی ئایینی و عیرفانی پێی وابووەکە بە بێ پیر نابێ بە ڕێبازی تەریقەت‌و عیرفان دا بڕواو بۆ نزیک بونەوە لە خودا دەبێ ئینسان وە شوین پیاوانی خودا بکەوێ هەر وەکو لە عەقیدەی مرضیەدا دەڵێ (لە دوی ئەنفاسم‌و لاسیما ئەنفاسی نوفوس قودسی ئەولیا) وە لە نێو خودا ناسان دا شێخەکانی ئیرشادی هەڵ

بژاردووه، که هەر له عەقیدەی مرضیه دا دەڵێ (خصوصاً منهم شیوخ الارشاد خوا بەرەکەتیان زیاد بکا زیاد) ئەم جار مەولەوی پێی وایە بە بێ ڕێ و شوێن لە چاوکردنو دواکەوتنی ئەوان کەڵکو بەهرە لە زانست وەر ناگیرێ وگەیشتن بە پلەو پایەی بەرزی خودا ناسی ناکرێ کە دەڵێ:

بێ ئەوان ناوی بە قەولی فخول نە عیلمو عەمەل نە ڕوتبەی وسول

لەم مەبەستەدا یانی وە شوێن پیاوانی خوداکەوتن بۆ خودا ناسی مەولەوی کەڵکی لە ناوەرۆکو مانای چەند ئایەتی پیرۆزی قورئان وەرگرتووە کە لەو ئایەتانەدا خودا ئەوی کردووە بەوەی ئینسان تەقواو پاریزگاری بکا لەگەل ئەوکەسانە بێ کە ڕێگەی ڕاستیان لە پێش گرتوەوە وە بۆ نزیک بونەوە لە خودا هۆو وەسیلە پەیدا بکا وەکو ئایەی پیرۆزی (۱۱۹) لە سورەی (توبە) کە فەرمویەتی «**یا ایها الذین آمنوا تقوالله و کونوا مع الصادقین**» واتە ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان هێناوە ئێوە تەقوای خودا بکەنو لەگەڵ ئەو کەسانە بن کە لە سەر ڕێگەی ڕاستەقینەن» وە ئایەی (۳۹ ـ ۳۵) لە سورەی (مائدە) کە فەرمویەتی (**یا ایها للذین آمنوا اتقوالله وابتغوا الیه الوسیلة** ....) واتە ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە ئێوە تەقوای خودا بکەن وە بۆ نزیک بونەوە لە خودا هۆووەسیلە وە دست خەن. دیارە باشترین هۆو سەبەب بۆ نزیکی لە خودا دینداریو عیبادەتە بەڵام چونکە وە شوێن کەوتنی ڕێگەی خودا ناسان وە لەگەڵ پیاو چاکان بوون بە شێکی گرینگ لە عیبادەتە دەتوانین بڵێین ئەولیاش وەسیلەن.

. خودا لێ خوش بو مەولەوی بە هەوای سافی تەوێلەوە بۆنو بەرامی خۆشی خودا ناسیو عیرفانی لە لایەن پیری گەورەی تەریقەتو عاریفی ڕەببانی قطب العارفین حەزرەتی شێخ عثمان سیراج‌الدینی تەوێلەیی بە مێشک دا چووە لە سەر دەستی ئەو زاتە تۆبەی کردوە بەم چەشنە پێی ناوەتە تەریقەتی نەقشبەندیەوە ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لە پیاوەگەورەو زاناکان تەنیا مەولەوی نەبو کە بو بە مریدی شێخی سیراج الدین بەڵکو

زوربەی مورشیدو پیرەگەورەکانی تەریقەت لەکوردستان کە هەرکام لەوان بـە پـلەو پایەی بەرزی عیرفان گەیشتونو بە درێژایی مـێژو لە سـەر دەمـی خـۆیانەوە تـا ئـێستە خەڵکو عالەمێکی زۆریان بۆ رێگەی خـودا نـاسی شـارەزایـی ورێـنوینی کـردووەو کەڵکیان لێ وەرگیراوە و مرید و خلیفەی حەزرەتی سیراجالدین بوون وەکو لێ خۆش‌بو حاجی سەیید عبدالکریمی زەمبیل ـ خودا لێ خوش بو حاجی شێخ موستەفای سـەقزو خودا لێ خۆش‌بو حاجی شێخ شوکرووڵڵای سنەو...و ...

بە ڕاستی گەورەیی وکەڕامات‌و بەرەکاتی شێخی سیراج الدین زۆرەکە ئەگەر بێتە سەر قەلەم‌و بنوسرێتەوە چەندکتێبی پێویستەو جێی خۆیەتی کە هۆنەری پایە بەرزوو زانای کورد خودا لێ خوش بۆ ماموستا هەژار لە بارەی ئەو مورشیدکەم وێنەیەوە دەڵێ:

بە حـەقی حـەزرەتی عـثمـانی ثانـی　　کە فەزلی ئەو مەگەڕ بۆ خۆت بزانی
دەسی قودرەت بە فەییازی چەقاندی　　هەوای سـافی تـەوێلە پـەروەرانـدی

مەولەوی پێی وا بووکە پیرەکەی ئەو، یانی شێخی سیراج الدین لە عالەمی خاکـی دەرچووە «عالەمی ناسوت»وگەیشتۆتە مەنزڵو جێگەی هەرە بـەرزی خـودا نـاسی لە عالەمی سەفای روحی‌و خۆشەویستی خودادا واتە عالەمی مەلەکوت وە بە نەوای ئەو عالەمە دڵو دەرونی دەڵاویـتەوە لە شـەربەتی شـیرینی ئـەویندارێ خـودا تـێرو پـڕی خورادۆتەوەکە دەڵێ:

پیری پاك لەگەرد خاکـی نـاسوتی　　مەنزڵگە سەر بەرز سەر مەلەکودت
دڵ بە نەوای بەزم جەبەروت ئـاوا　　سـیراوی سـەراو لاهـوتی مـەئوا

بەڕاستی ئەگەر سرنج بدەینە سەر هۆنراوەو نوسراوەکانی مەولەوی کە لەگەڵ شێخی «سیراج الدین» یەتی ئەویندارێ‌و سووتاوی خـودا لـێ خـۆشبو مـەولانا جـەلالەددینی رۆمیمان لەگەل حەزرەتی شـمسی تـەوریزی وە بـیر دەخـاتەوە (مـەولەوی‌و شـێخی

بەهائەددین).

مەولەوی چەند سال لە ژێر چاوە دێری پیرە کەی خۆی دا سەیرو سولوکی کێشاوە لە ڕێبازی پیرۆزی تەریقەتی نەقشبەندی دا بە ڕێگە دا ڕۆیی و بەزیکرو فیکروە ڕابیتەی مورشیدە کەی و موراقەبە رای بواردو پلەو پایە کانی عیرفانی تەی کردو دوای لە دنیا دەر چونی شێخی سیراج الدین لە سەر دەستی کوڕی گەورەو جێ نشینی ئەو واتە مرشد السالکین شێخ محمد بهاء الدین تۆبەی تازە کردەوە وە بوە مریدی ئەویش، خودا لێ خۆش بو مامۆستا هەژار لە بارەی ئەویشەوە دەڵێ (بە حەقی گەوهەری یەکتایی شەهواڕ بەهائەددین موحەممەد دڵ پڕ ئەنوار).

مەولەوی لەگەڵ شێخی بەهائەددینیش هەر وەک باوکی ئەو پەڕی خۆشەویستی و ئەویندای عیرفانی دەر بڕیوەو پێی وابووە کە ئەم زاتە بە ڕاستی بەڕێو شوێنی باوکی خۆی دا ڕۆییوەو جێی ئەوی کوێر نەکردۆتەوەو زۆر جار بە هۆنراوەی جوان وە بە سۆز پێی دا هەڵکەوتووەو ڕێزی لێ گرتووە، بۆ وێنە لە چەند بەیتێک دا کە لە عەزاداری و خەمباری شێخی سیراج الدین دا بە زمانی عەرەبی هۆنیویەتەوە (و مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس لەکتێبی (یادی مەردان) دا تەواوی ئەو شیعرانەی هێناوەو نوسیوە) مەولەوی شێخی بەهائەددین بە مانگێک دە شو بهێنێ و دادەنێ کە لە شەوی دوای ئاوا بونی ڕۆژێک وەکو شێخی سیراجەددین بێ هەڵاتووەو وڵاتی ڕوناک کردووەو دوای ئەوە کە دەڵێ: ئەگەر کەمێ لەو خەمو پەژارەو بە سەر هاتەی کە بە هۆی لە دونیا دەر چونی پیرەکەم بە سەر من هاتووە، بە سەر عاسمانو کێوەکان دا بهاتایە لەتو پەت و لێک بڵاو دەبوون، دڵ خوشی خۆی بە بونی شیخی بەهائەددین لە جێگەی ئەو دەداتەوەو هەروا دەڵێ: هەر وەکو مانگ ڕوناکی خۆی لە ڕۆژ وەردەگرێ شێخی بەهائەددینیش فەیزو بەرەکەتی خۆی لە ڕۆژی ئێمەکە شێخی سیراجەددینە وەرگرتووە. ئەوەش بەیتەکان:

الا تری الی التی بنهیتی و مبهجتی من غمة البلیه

لو نزلت منها علی الثوابت او السمالا نتثوت و انشقت
ان غرب الشمس بد ابدر الدجی من شمینا انواره استفادت

دەگێڕنەوە جارێک مەولەوی چاوێشە دەگرێ شێخی بەهائەددین دەنێرێ بۆ ئەحوالێ پرسی ئەو مەولەوی لە خۆشیان وەشۆرو جەزبەوگریان دەکەوێو ئەو دو بەیتە دا دەنێو بۆ شێخی دەنیرێ کە لەگەڵ ئەوە دا لەو پەڕی رێک وەپێکیو ناسک خەیاڵیو تەشبیەو جوانی دان خۆشەویستی و ئەویندار ی تەواوی ئەویشی بۆ شێخی بەهائەددین تێ دایە چونکە دەڵێ خەیاڵی تۆ هەمیشە لە نێو مێشکم دایەو لە بەر چاوێشەی دوری تۆ چاوم ئاو دەکاو دەگریم بۆ ئەوەی خەیاڵەکەت لەوێ دا نەشێوێو عاجز نەبێ، وەرە پێ لە سەر چاووم دانێ باووشک بێ.

باڵە خانەی چەم دیوانەکەی تۆن / با نە ناو وەبان ئاسانەکەی تۆن
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێش دا ئازیز بۆ جارێ پا بنیۆ پێش دا

مەولەوی وە ناساندنی خودا ناسان

خودا ڵی خۆش بو مەولەوی بۆ ناساندنی ئەولیا ئوڵڵاو دۆستانی خودا چەند سیفاتێکی دیاری کردوە وە دەڵێ هەرکەسێ ئەو سیفاتانەی تێدا مەوجود بێ ئەوە دۆستی خودایەو خودا ناسەو بۆ ئەوە دەبێ وە شوێنی کەوێو کەڵکی لێ وەرگری تا ڕینوێنیت بکا، ئیدی نابێ بە داواکردنی کەشفوکەرامەت لەوان تاقێان کەیەوەو تاقی کردنەوەیان بەم چەشنە بەژارێکی زۆر تاڵو پیاووکوژ دەزانێ کە دەڵێ:

وەلی شەخسێکە عاریف باللە ما امکن بە زات بە سیفات ئاگا
بی کێشی بە سەنگ هەرسێ تەقوا دا بە تەرازوی شەرع موێی لانادا
هیمەت تەڵەب کە لە ڕوحانییان سەممی قاتڵە ئیمتحانییان

مەبەستی لەو سێ پاریزگاریە واتە تەقوا یەکەم خۆ پاراستنە لە شیرکوکوفر دوهەم خۆ پاراستنە لە هەمو چەشنەگوناەو تاوانێک، سێهەم خۆ پاراستنە لە هەر شتێ کە ئینسان

لە خودا دور بخاتەوە.

بیروڕای مەولەوی لە بارەی کەرامات و خاریق العادات

مەولەوی لە گەڵ ئەوە دا تاقی کردنەوەی ئەولیای بە کەشف و کەرامەت پێ خەراپە لە بەر ئەوە مەبەست لە وە شوین کەوتن و نزیک بونەوە لە پیاوانی خودا دەبێ هەر گەیشتن بە خودا ناسی بێ نە وەک دیتنی کەشف و کەرامات لەوان، بەڵام پێی وایە هەر وە کو موعجیزات بۆ پێغەمبەران حەققەو بە ئیسبات گەییوە کەرامەتیش بۆ ئەولیا هەیەو ڕاستەو کەرامەت بە کارێکی سەر سوڕ هێنەرو بە هۆو وەسیلەی عادی نە کراو دەڵێن کە خودا لە سەر دەستی ئەولیا ئاشکرای دەکا بە بێ ئەوەی خاوەن کەرامەتە کە واتە وەلی داوای پیغەمبەرایەتی بکا، کە دەڵێ:

موعجیزەی نەبی ئەر موحەققەقە　　لە لات کەرامەت ئەولیایچ حەقە

کەرامەت ئەمریس خاریقی عادەت　　زاهێر بی لەو، بێ دەعوای نبووەت

لێرەدا نامەوێ زور لە سەر ئەو باسە بڕۆم چونکە ماوە کەمەو کەسێ بیهەمێ بە سەر باس و چۆنیەتی و بەشە جوراوجورە کانی کەرامەت وەخاریق العادات ئاگادار بێ با بە وردی بڕوانێتە ئەو مەبەستە لە عەقیدەی مرضیەی مەولەوی دا کە بە تەواوی شی کردۆتەوە و کەڵکی لێ وەر دە گیرێ.

مەولەوی و تەریقەتە کانی

هەر وە کو گوتمان مەولەوی مریدی شێخی سیراج الدین پیری گەورەی تەریقەی نەقشی بووەو ئەویش بە گۆیرەی وە شوێن کەوتنی مورشیدە کەی و بە زانست و ئاگاداری خۆشیەوە تەریقەتی نەقشبەندی هەڵ بژاردووە، و بەو ڕێگەدا ڕۆیوە، بەڵام هەمو تەریقەتە ڕاستەقینە کانی تەسەووفی ئیسلامی پێ حەققەو بە بنچینەی شەرعیان دادەنێ کە دەڵێ:

طریقە القوم کل منها حق　　کل عینی شەرعن بل لوبیی موتلەق

مەبەستی ئەوەیە کە ئەنجام دانی یاساکانی شەریعەت بە جێ هێنانی ئەمری خـوداو خودا لە بیر بونە کە مەبەست لە ناوەرۆک‌و مانای عیرفانیش خودا ناسین‌و لە خودا دور نەکەوتنەوەیە هەر وەکـو خـودای گـەورە لە قـورئانی پـیرۆز دا لە سـورەی «طـه» دا فەرمویەتی: **(اقم الصلاة الذکری)** ژواتە: (نویژ بکە تا منت لە بیر بی).

ئەوەی بە پێویستی دەزانم بێلێم ئەوەیە کە خودا لێی خوش بو مەولەوی لەوەداکـە تەریقەتەکان بە حەق دەزانێ‌و پێی وایە دەکرێ لە هەمو ئەو ریگایانەوە بۆ لای خودا بچی کەڵکی لە مانای ئایەی پیروزی قورئان ٦٨ لە سورەی عەنکەبوت وەرگرتووە کە خـودای گـەورە فـەرمویەتی: **(والذین جاهدوا فینا لنهدینهم سُبُلَنا و ان الله لمع المحسنین)** واتە: ئەو کەسانەی کە لە رێگەی ئێمە دا خەبات دەکەن و تێدەکوشن بە ڕاستی ئێمەش ئەوان بۆ رێگاکانی خۆمان ڕێنوێنی دەکەین‌و خودا لەگەڵ چاکەکارانە).

دیارە خەبات دژی نەفس‌و هەواگـرینگ‌ترین ئـیش‌و کـاری ڕێـرەوانـی رێگـەی تەریقەت‌و عیرفانەو حەزڕەتی ڕەسول(ص) ئەم چەشنە خەباتەی بە جیهادی ئەکبەر نێو بردووە، جاکە وا بێ دەکرێ بڵێین چونکە لە هەمو تەریقەتەکانی تەسەووفی ئیسلامی دا زاڵ بون بە سەر نەفس و هەوا بە هۆی بە جێهێنانی یاساکانی شەریعەت‌و زیکڕو یادی خودا زیاتر لە هەمو شتێ بە شەرت گیراوە ئەو تەریقەتانەش لەو ریگایانەن کـە بـۆلای خودا دەچن.

لیرە دا بە پێش‌کەش کردنی پارچە هەڵبەستێک دوایـی بـە بـاسەکـەم دیـنم خـودا ڕەحمەتی خۆی بە سەرگیان‌و گۆڕی مەولەوی دا بڕێژێ:

مامۆستای شـەرع‌و شـارەزای عـیرفان　　جـێگەی شـانازی گـەلی مـوسوڵمان
سەر دەستەی هۆزی زاناو سـەربەستان　　هەڵکەوتو لە نـێو خـاکـی کـوردستان
ڕونـــاکـــی دڵـــی گـــەشەی گـــوڵانە　　نـــــەوای دەرونـــــی نـــەشەی دڵانـــە
خودا ناسی گەل خـاوەن بـیری ڕوون　　دوڕی خەزینەی کەم وێنەی گەردوون

له ڕێبازی حەق هێند فەیزی بەخشی جوانتر بەو نەخشا تەریقەی نەخشی
هۆنەری گەورە وە زۆر ناسک خەیاڵ دەبێ لێی فێر بی عیلمی قاڵو حاڵ
سەرنجێک بدە شیعرو وتاری دەیخاتە بەو چاو ڕیشتەی مرواری
پەپوڵەی سوتاو شەمی دڵداری دڵداری ڕێگەی ئەوینی باری
خێوی خێوەتو خێڵەکەی خاسان لە نالە باری تورەو هەراسان
شەو چرای کۆڕی گەرمی هۆنەران هەتوانو هێزی دەستی نوسەران
سەر لە بیرۆڕای سەرسەری مەدە ڕێگەی ئەو بگرە و قەت بەری مەدە
ڕەحمەت لەگیانی پاکی مەولەوی خودایە خوش بی لە ئێمەو لەوی

مزگانی، هاوارو خاکی

مؤمن یزدانبخش

ئەی دڵ مزگانی دێدار یارەن دەسڵی سەفاو سەیر گوڵو گوڵزارەن
ئارۆ بەزمی نەی سازو سەمتورەن دڵ پڕ نە شادێ پای مەینەت دورەن
ئارۆ دڵ وە یادٞ پیر مەسخانە پەڕو باڵ شانا بەرشی جە یانە
بە عەشق دێدار دیەی باڵای شەم پەروانە ئاسا ئاما نە تۆی جەم
تاکو نە جەمعی ئەدەب پەروەران مەس بۆ وە بۆنی عەتری دڵبەران
جە سای بوڵبوڵان باخی کوردستان جامێ مەی نۆشۆ جە پیاڵەی مەستان
ساتێ نە سایەی یاران نیشۆ شادٞ مەینەتی دنیا بەڵ بشۆش جە یادٞ
بەڵکو جە خەفەت ببۆش رەهایی چون مەعدوم نۆشۆ مەی ئاشنایی
وەشەن نە سایەی بەزمی نازاران نۆشای مەی نە جام دێدە خوماران
خەیلێ باسەفان بەزمی هامفەردان بۆی عەتری یاران شفان پەی دەردان
دەیسا با وە یادٞ پیر مەیخانە لچەی تەڕ کەرم مەی نە پەیمانە
وە یادٞی مەعدوم تەبیبی عاقڵ زانای وەش بەیان ئەدیبی نازڵ
و یادٞی چرای یانەی مەعریفەت تەی کەردەی ئەعماق بەحری شەرێعەت
ساتێ باوە یادٞ ئەو بەر گورێدە تەڕ کەرمێ گۆنا بە ئاوی دێدە
تاکۆ کۆ خەفەت جە دەرون ماڵۆ پای مەیبەت کۆتا چون من بناڵۆ
(مؤمن) نابەڵەدٞ نەزان جەزاوە وە شەوق دێدار ئامان جە پاوە

تابێ بەش نەوۆ جە بۆنی یاران
خاری بێ قیمەت جە رێژنەی واران

« هاوارو خاکی »

پـاڵنگی سـەر کـۆساره کـەم بـۆ یـاوه دەم هـاواره کـەم
هـاواره کـەی بـێدآره کـەم، ئـەی پـاسەبانی شـاره کـەم
ئەی شیری جەنگەڵو بێشەم، گـڵپەی ئـایری بـێ ئەندێشەم
نازی جـەبێخ کـێشان ریشـەم، ئـەی یـاوەرو سـالاره کـەم
ئەی بوڵبوڵی سەر شاخەکەم، بـۆ بـەرکەره بـای ئاخەکـەم
تـۆنی نـمونی بـاخەکـەم، ئـەی دڵـبەره نـازاره کـەم
ئەی داری گوڵ خونچێ کەره، دەردان دەواو دەرمان کەره
پـەی بـوڵبوڵی پـێغام بـەره، بـا مـات نـەوۆ دڵـداره کـەم
ئەی سەر رەوێڵی شاخەکەم، رۆشن کەری ئـۆجاخەکـەم
ئەی وەش کەری دەماخەکەم، هۆشت جەلام بۆیاره کـەم
ئـادەی عـەزیزو بـوخرەره، داخـی دەرونت بـمجەره
وێت پەی زەمان دیاری کەره، ئەی تـومگی رۆی وەهـا رەکـەم
ئەی رۆڵەکانم بەیدێ بەر، قەڵغانی هیممەت کەردێ سـەر
مـەردانـە پـابنیەیرێ وەر، یـارانـی هـیممەت دارەکـەم
من خاکه نان من خاکەنان، من خاکی کـوردی پـاکـەنان
رونـاکـەنان، بـێ بـاکـەنان، ئـەی مـیللەته بـێدآره کـەم
چـەتونەنان، چـەتونانەن، چـون دوکـەڵی لای تـونەنان
غورڕان چمان جەیحونەنان، ئـەی دژمـەنە غـەددارە کـەم
ئوخەیچێ دیمکۆچی خەفەت، دورکەوت جەلام ئەو بەدّ سفەت
جاگرت نەجاش پاکی و عیفەت، جە یومنی کۆڕی شارەکەم

یاران جەمەن، کۆچی خەمەن، شادێو وەشی مێمانمەن
دێدارشان دەرمانمەن، پشتو پەنای دیارەکەم
رۆی دێدەنی دێدارمەن، کۆڕی ئەدیبان یارمەن
یادەی جە شێری دارمەن، مەعدومی سەرقەتارەکەم
جۆشی وەشیو مێمانیەن، رۆی ئاودانی وێرانیەن
شاری سەقز نورانیەن، میزبانەکەی نازارەکەم
یا رەب نەڕێزو پەنجەتان، رۆشن بمانۆ سنجەتان
هەر با بمانۆ لەنجەتان، ئەی رێکو زانی کارەکەم
ئینەی بزانە ئەی وەتەن، تاکو نەفەس مەندەن نەتەن
(مؤمن) سەرش نە راگەتەن، ئەی بێشکەو گاوارەکەم

« تێ هەڵکێش لە سەر شیعری مرواری تاوگوزی »

پەی شکار خەم شادێ بی سەیاد بوڵبوڵ قەفەس نە دام کەرد ئازاد
خەفەت سەر شۆڕ بی، تەختش شیوەباد شادێ گەرد خەم چۆن نەدۆ وە باد
خەم چۆن وە یاگەی شادێ نەبۆ شاد
بۆی وەسڵ دڵبەر بای جەفام بەردەن ئەو یانەی دەرون سەفا ئاوەردەن
مزانی دێوار، یار، بێ گەردەن ئازیز وەکەرەم من تەڵەب کەردەن
من دەرد دوری تەوانام بەردەن
مەلی باڵ مێڕیای پای هەردی شاهۆ کە لاوەکۆنەش پەی تۆ مەناوۆ
خاکی گوزەگات بە چەم مەساوۆ دڵ چۆن وەش نەبۆ گیان چۆنەتاوۆ؟
لە یل ئینتزار بۆ مەجنون نەیاوۆ
وەشەن نەڕای دۆس جەرگودڵسۆتەی قرچەی برشتەش بەیۆ پەیاپەی
بگنی نە پای شەم پەروانە ئاسەی بێ ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی؟
های دەرویش! نەی چی! مەی چی! دف، مەی، نەی

ئـومێدەن ئـاهەنگ هـەر بـەو نـەوابـۆ پـای سـەردی ئـەو دڵ ئـازیز نـەدا بـۆ
بـۆی کـزی سـۆتەم ئـەو مـەشام دابـۆ بـەڵ بـاڵ بـێداخ تـاقەت ئـەو پـا بـۆ

بۆی تەئسیر بەزم بەدرەقەی رابۆ

بـە عـەشقی تـۆ وە ئـامام جـە ڕاوە چون دێوانـەی وێـڵ جـە شـاری پـاوە
تـــەپە تـــەپی دڵ هـــەر نـەبڕیاوە دەف ئـاسا بـە سـۆز نـاڵەو سـداوە

رو ئەو یاران‌و پشت ئەو دماوە

تا بووە هـەم بـەزم سـاقی‌و جـام مـەی خـەڵاسم کـەران جـەدامـی وەی وەی
باوەرام وە بەر نـەی دەریـای بـێ پـەی دەس گیرو نە سەرسەدای نەی پەی‌پەی

تا وە ئینتهای ئەو سەرسدای نەی

بـبۆم رەهـایی جـە لا فـاوو سـەیل ئـیتر کـافیەن بـەندێ چـاڵ وەیـل
بەڵ مەی نە جـامی ئـازیز کـەرو مـەیل چون پیاڵەی ساف دەرون جە مەی‌کەیل

بنمانۆ خاس خاس عەکس چیهری لەیل

"بسم‌الله الرحمن الرحیم"

قطعنامه

به نام آن که «علّم الانسان مالم یعلم» سپاس و ستایش خداوندی را سزاست که به ما توفیق خدمت در راه دین و دانش عطا فرموده و شور و شوق معلمی را چون چراغی تابناک در دلهایمان برافروخته است این عشق پاک و بی‌شائبه هم الهام‌بخشمان در گرامیداشت بزرگان دانش وعرفان، کاری که از دیرینه دوران در ایران اسلامی و از دیدگاه مردم دانش دوست این سرزمین پایگاهی ارجمند یافته است، به عنوان وظیفه اخلاقی و انسانی همواره مورد نظر بوده است. مردم مسلمان کرد نیز که از اقوام اصیل ایرانی در زبان و فرهنگش بعنوان پاکترین شاخه‌های فرهنگ و زبان ایران است در آسمان زندگی خود ستارگان درخشانی داشته است که نامشان همواره بر سر زبانهاست و یادشان در دلها، به دیگر سخن در سینه‌های مردم عارف مزارشان. یکی از این ستارگان تابناک شاعر خداجوی وارسته و عارف پرشور از دنیا گسسته سید، عبدالرحیم حسینی تایجوزی، متخلص به معدوم و مشهور به «مولوی کرد» است که به یاری پروردگارش محتوای در خور مولوی یافت. این تلاش مداوم و این محتوای ارزنده و پربار طی دو روز چند سخنرانی و چندین مقاله، خطابه و شعر زمینه‌های دانش فرهنگ و ادب، عرفان و کلام و بررسی تحقیق و پژوهش در قلمرو شناخت مولوی جلوه گر شد و فضایل پاک و بی‌شائبه و معنوی در بزرگداشت این روحانی بلندپایه و عارف گرانمایه بیافرید. اینک فشرده‌ای از نیات خیرخواهانه

شرکت‌کنندگان در کنگره و حضور یافته گان در این فضای روحانی:

۱: با استفاده از رهنمودهای اخیر مقام معظم رهبری در مبارزه با ابتذال و تهاجم فرهنگی غرب، بازگشت به ارزشهای فرهنگ خودی و طرح و شناخت استوانه‌های فرهنگ اسلامی بهترین طریق حفاظت از مرزهای فرهنگ این مرز و بوم و هویت اسلامی ماست لذا برپایی کنگره بزرگداشت مولوی کرد خصوصاً بعد از ستم‌های مضاعفی که در دوران سیاه ستم‌شاهی در منطقه رفته قدم مثبتی است که در جهت تبیین ارزشهای فرهنگ اسلامی کرد برداشته شد. امید است که مسئولین فرهنگی این نظام مقدس خصوصاً وزارت محترم فرهنگ و ارشاد اسلامی شوق علما، فضلا و اندیشمندان و محققان در معرفی شخصیتهای برجسته دیگر منطقه لاله‌خیز کردستان باشند.


۲: لازم است سخنرانی‌ها، مقالات، خطابه‌ها و نوشته‌های مربوط به این کنگره که نتیجه مطالعات، تحقیقات و زحمات شبانه‌روزی جمعی از استادان، دانشمندان، محققان و شیفتگان فرهنگ اسلامی و ایرانی است و هر یک از آنها به منزله ره‌آوردی ارزنده برای کنگره است در مجموعه جداگانه چاپ و منتشر شود و در دسترس علاقمندان . جویندگان این فرهنگ کهنسال قرار گیرد، لذا از مسئولین ذیربط انتظار کمک و اقدام جدی را در این پیونده‌های مردمی داریم.

۳: امید است که این کار ارزنده و این قدم مثبت به همین جا خاتمه نیافته و کنگره‌های دیگری برای بزرگداشت مقام و پایگاه شخصیتهای دینی، عرفانی، علمی و ادبی و تاریخی کرد و بررسی آثار و افکارشان در آینده چه در این شهر و چه در دیگر نقاط ایران اسلامی برپا گردد تا راه پژوهش در زبان و فرهنگ و تاریخ این اقوام برای محققان و پژوهشگران باز باشد و از این طریق پیشینه درخشان پیوستگی‌های دیرینه زبانهای کردی و فارسی بیش از پیش تبیین شود.

۴: از تمامی نهادها و شخصیتهای فرهنگی کردستان خواهانیم در جهت پربار

نمودن فرهنگ اسلامی منطقه قدم اساسی در چاپ آثار منتشر نشده بزرگان علم و ادب منطقه و معرفی شخصیتها و نشر مطبوعات در روزنامه‌ها به زبان کردی و همچنین معرفی و ترجمه و انتشار آثار بزرگان فرهنگی کرد به دیگر زبانها اقدام لازم معمول داشته و جان تشنه جویندگان علم و ادب را سیراب نمایند.

ستاد برگزاری کنگرهٔ بزرگداشت مولوی کرد



نمایشگاه آثار خوشنویسان معاصر ایران

بمناسبت کنگره بزرگداشت مولوی کرد سقز شهریور ۷۱